بیرەوەرییەکانی ئەحمەد بێکەس

کوردایەتی

١٩٣٠ - ٢٠٠٦

ئامادەکردن و پێداچوونەوە:
دارا ئەحمەد بێکەس

٢٠١٦

- ناوی کتێب: بیرەوەرییەکانی ئەحمەد بێکەس (کوردایەتی)
- ئامادەکردن و پێداچوونەوە: دارا ئەحمەد بێکەس
- نەخشەساز و بەرگسازی: عومەر حسێن
- سەرپەرشتی چاپ: کاروان مەسعود
- چاپی یەکەم: سلێمانی- چاپخانەی بینایی
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: (٧٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٧٥٧) ی سالی ٢٠١٦ ی پێدراوە.
- مافی چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بۆ دەزگای بەدرخان پارێزراوە.

بەدرخان

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان - ٢٠١٦

پێشکەشە

بە شۆڕشگێڕانی کورد

بیرەوەریيەکانی نەحمەد بێکەس

کوردایەتی

هاتنه دونیاو سەرەتایی ژیانم

ناوم ئەحمەد کوڕی حەمەد کوڕی فەقێ کوڕی مەلا محەمەدی هەرشەمی لە سالی ۱۹۳۰ لە گوندی (گردەڕەشەی) دەو زێی گەورە لە بنەماڵەیەکی جوتیار لە دایک بوومە، تەرمی باب و باپیرانم لە گوندی (هەرشەم)[1] نێژراون. لە سالی ۱۹۳٤ لە گوندی گردەڕەشە بۆ گوندی (بلاغ) گواستمانەوە، لە وێش باوکم هەر خەریکی فەلاحەتی و ئاژەڵداری بوو. لە سالی ۱۹۳۸ گوندی (بلاغ)مان بەجێ هێشت و مال و حاڵمان گواستەوە گوندی (تۆبزاوە) کە سەر بە ناحیەی (خەبات)ە و ئێستا بوەتە کۆمەڵگای تۆبزاوە. کە جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد لە سالی ۱۹۳۹ ئێمە هەر لە گوندی تۆبزاوە بووین و باوکم خەریکی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوو، بەڵام بەهۆی (ئافاتی زراعی) وەک نەخۆشیەکانی سن و کیسەڵە چەند ساڵێک نەتوانرا بەرهەمێکی ئەوتۆی کشتوکاڵی بەدەست بێت، هەروەها بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئاژەڵ بووە هۆی لەناوبردنی ئاژەڵێکی زۆر کە ئەوەش زیانێکی گەورەی بەو سامانە گەیاند کە سەرچاوەیەکی گرنگی ژیانی جوتیاران بوو ئەوکاتە.

هەروەها لەو ساڵانیشدا نەخۆشی (گرانەتا) پەیدابوو وە هیچ خێزانێک نەبوو کە یەک تا دوو منداڵی لێ نەمرێ، ئەو سەردەمە نەخۆشخانەو قوتابخانە تەنیا لە مەرکەزی (ناحیە و قەزاکاندا) هەبوو، وە خەڵکی زیاتر باوەڕیان بە دوعاو نوشتەو کشتەکی شێخ و مەلایان هەبوو، چوونە لای دکتۆر گرنگی پێ نەدەدرا. لە ساڵی ١٩٤١ لە گوندی (تۆبزاوە) گواستمانەوە بۆ (ناحیەی گوێر) لەوێش هەر خەریکی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووین. لەو ساڵانەدا گەرمەی شەڕی دووەمی جیهان بوو لەبەر کەوتنەوەی جەنگ وواڵات توشی گرانییەکی سەخت ببو.

لە ساڵی ١٩٤١ سەرۆک وەزیرانی عێراق (رشید عالي الگیلانی) لە دژی دەوڵەتی (بەریتانیای گەورە) وەستایەوە، ئەوانەی سەر بە ئینگلیزبوون وەک (وصي) و جەماعەتەکەی هەڵاتن و عێراقیان جێهێشت. لە بنکەی حەبانیەو شۆعەیبە لە بەسرە، شەڕ نزییکەی دوو مانگ بەردەوام بوو تا کۆتایی بە حوکمی (رشید عالي) هێنرا و وەصي و ئینگلیز گەڕانەوەو دەستەڵاتیان لە عێراق گرتەوە دەست. (رشید عالی)ش بە ڕێگای ئێران و تورکیا وە بەرەوە ئەڵمانیا هەڵات. دوای گەڕانەوەی وەصي بۆ سەر حوکم چەند ئەفسەرێکی سوپایی عێراقی کە سەر بە رشید عالي بوون دەستگیرکران، لەوانە چوار ئەفسەریان لێ لە سێدارە دران.

هەر لە دەست پێکردنی شەڕی دووەمی جیهانیەوە عێراق تووشی نەهامەتی و گرانییەکی زۆر سەخت هات، شەکرو چاو قوماش بوو بە کۆپۆن، (بطاقة التموینیة)یان پێ دەگوت، ، بەو شێوەیە هەموو ئازوقەو پێداویستیەکانی خەڵکی لە ڕێگای (بیتاقەی تەموینی)وە دابەش دەکرا، ڕۆژ بەڕۆژ باری گوزەرانی خەڵک بەرەو نەبوونی وخراپی دەچوو. لەو ڕۆژگارەدا بەرتیل وەرگرتن و بەپارە جێبەجێکردنی کاروباری خەڵکی (گەندەڵی) ببوە دیاردەیەکی زەق و ناشکرای ئەو سەردەمە، فەرمانبەرانی دەوڵەت بە بێ بەرتیل

وەرگرتن ئیشیان بۆ کەس نەدەکرد، وە زۆربەی بایەکانیش کە ئازوقەی خەڵکیان دابەش دەکرد خەریکی دزیکردنبون لە خەڵکەکە. لە بیرمە ڕۆژێکیان لای بایەک وەستابووم کابرا حاجی بوو، فەلاحێکی هەژار هاتەلای و بیتاقەکەی دایە دەست مام حاجی بۆ ئازوقە وەرگرتن، مام حاجی بە فەلاحەکەی گوت؛ لە بەر ئەوەی حاجیم و حەرام ناخۆم، خۆت پێم بڵێ چەند لە ئازوقەکەت ببڕم، وەئەگەر رازیش نیت فەرموو بڕۆ لای موديری ناحیە شکاتم لێ بکە، کابرای فەلاحیش گوتی؛ مام حاجی خۆت و ویژدانت، مام حاجیش وتی؛ باشە هەر نەفەری نیو پاکێتان لێ دەبڕم. زۆربەی کوێخا و ئاغای گوندەکانیش بیتاقەی تەموینی خەڵکی گوندەکانیان دەهێناو ئازوقەکانیان پێ وەردەگرت و کەمێکی زۆر کەمیان لێ دەدا خاوەن بیتاقەکان و زۆربەیان بۆ خۆیان دەبرد. ئەو سەردەمە ئیش و کار و کاسبی زۆر کەم بوو، وە نرخی خواردەمەنی بە بەراورد لە گەڵ داهاتی خەڵک گران بوو.[٧]

هەر لەو ساڵەدا بڕیارێک دەرچوو بۆ پێکهێنانی لێژنەیەک، بەمەبەستی خەملاندنی دەغڵ و دان بەفەریکێ، (یانی پێش ئەوەی پێبگات)، لێژنەکە لە موديری ناحیەو دوو فەلاح کە یەکێکیان موسڵمان و ئەوەی ترێش مەسیحی بوو پێکهاتبوو. کە دەچوونە سەر پارچە دەغلێک دەیان خەملاند کە چەند عەلبە گەنم یان جۆ دەکات پاش دروێنەوەی، ئەوان زیاتریان دەنووسی لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا لە داهاتەکە، بۆ نموونە ئەگەر پارچە دەغلێک پێنج عەلبەی بکردبایە ئەوان بە هەشت عەلبە بۆیان دەخەملاند، لەم هەشت عەلبەیە نیوەی بۆ حکومەت بوو نیوەکەی تریشی بۆ جوتیار بوو. بۆیە دەمان بینی لە کاتی دروێنەدا ئەو دەغڵەی بە هەشت عەلبە خملێندرا بوو شەش عەلبەی هێناوە، وەنیوەکەی کە چوار عەلبەیە بۆ حکومەت بوو وە دوو عەلبەش بۆ جوتیارەکە دەمایەوە، هەندێ جار دەبوا فەلاحەکە دەغڵ لە بازار بە نرخێکی زۆر گران بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەشی

خەملێندراوی حکومەت بدات[۴]. جوتیار پەنای دەبردە بەر فروشتنی هەر چی ئاژەڵ و مالی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەشە دەغڵەکەی حکومەت دابین بکات.

برسیەتی و نەداری بەرێژەیەکی زۆر زیادی کردبوو بەشێوەیەک ژیانی خەڵکی هەراسان کردبوو، زۆر کەس لەبەر نەبوونی و برسیەتی، منداڵی خۆیان دەفرۆشت بەو خێزانانەی کە منداڵیان نەدەبوو بۆ ئەوەی زیاتر بژین و منداڵەکەشیان لە برسیەتی ڕزگاری ببێ و نەمرێ. نرخی منداڵی ساوا ئەگەر کوڕ بوایە لە نێوان ۸-۱۰ دینار بوو، وە ڕێککەوتنێک لە نێوان کڕیارو فرۆشیارەکەدا دەکرا، بۆ ئەوەی کە منداڵەکە تەمەنی گەیشتە ۱۸ سال باوکی بتوانێ بیکرێتەوە، بۆیە ئەوە دەبووە کارەساتێک بۆ ئەو مێردمنداڵانەی کە بە ڕاستی بەسەرهاتی خۆیان دەزانی و دەگەڕانەوە مالی باوکیان. باری کۆمەڵایەتی زۆر خراپ بوو، دزی و ڕاوروتی و بەرتیل وەرگرتن سیمایەکی دیاری ئەو سەردەمە بوون، گەندەڵ بوونی دام و دەزگاکانی حکومەت ببوە هۆی پشێوی و ناڕەحەتی خەڵک، میللەت زۆر لە بەرپرسانی دەوڵەت بێزار بوون. لە ناحیەی گوێڕ مامۆستا مەلا اسماعیل، کە مامی مەلا مجیدی شێخ الله یە لە کاتی نوێژی هەینیدا ڕەخنەی لە کاربەدەستانی حکومەت دەگرت بەتایبەت لە مودیری ناحیە، وە بە هۆی سەرەکی نەهامەتی خەڵکی دەزانی. ڕۆژێکیان لە دوای ڕۆژی هەینی داوای لە نوێژکەران کرد کە ئیمزای مەزبەتەیک بکەن کە خۆی ئامادەی کردبوو دژ بە کردەوەکانی مودیری ناحیە و داوای گواستنەوەی کردبوو، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە ئامادەبوان ئیمزایان کرد، ئەوانیتر لە ترسان جورئەتی ئەوەیان نەکرد ئیمزای بکەن.

مەلا اسماعیل وێنەیەکی مەزبەتەکەی دایە قائمقامی مەخمور بەڵام هیچ وەڵامی نەبوو، دوای ئەوە بۆ موتەسەریفی هەولێری نارد بەڵام لەوێش هیچ وەڵام نەبوو، دواجار ڕویکردە بەغدا و وێنەیەکی

مەزبەتەکەی دایە وەزیری ناوخۆی عێراق، بەڵام هەر لێیان نەپێچایەوە، پاش گەڕانەوەی لە بەغدا مامۆستا اسماعیل تووشی نەخۆشی هاتوو کۆچی دوایی کرد.
گیروگرفتی خەملاندنی دەغڵ و دان ببوە هۆیەکی سەرەکی کە جووتیار تووشی نەداری و بێدەرامەتی ببێت و بکەوێتە ژێر قەرزێکی زۆر، سەرەرای فرۆشتنی مەڕ ومالاتیان بە نرخێکی زۆر هەرزان و بێ بەش بونیان لە سەرچاوەیەکی گرنگی ژیانی رۆژانەیان کە بریتی بوو لە ماست و پەنیر و کەرە.

هاتنم بۆ شاری هەولێر و جەژنی نەورۆز

لە ساڵی ١٩٤٤ باوکم کۆچی دوایکرد، بۆیە ناچار بووم ناحیەی گوێر بەجێ بێڵم و ڕوو لە شاری هەولێر بکەم بە مەبەستی دۆزینەوەی کاروکاسبێیک تا بتوانم خۆمانی پێ بژێینم، کە هاتمە شار چوومە ماڵی خاڵم ڕەحمان (عبدالرحمن عبدالله)ی حەلاق، باوکی هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان)، کە دەبووە خاڵی باوکم، ئێمەش پێمان دەگوت خاڵە، لە ماڵی ئەوان دەژیام، ڕۆژانە لەگەڵ وەستایانی بیناسازی کارم دەکرد بۆ بژێوی ژیان.
لە ساڵی ١٩٤٦ دەنگ و باس بڵاو بۆوە کەوا نەورۆز دەکرێ، منیش یەکەم جار بوو گوێم لە ووشەی نەورۆزبێت، باسیش لەوە دەکرا کە مامۆستا عەونی یوسف مۆڵەتی نەورۆز کردنەوەی لە حکومەت وەرگرتووە. پرسیارمان دەربارەی نەورۆز دەکرد ئاخۆ چیە و چۆنە؟ ڕۆشنبیرانیش بۆیان باس دەکردین کە نەورۆز جەژنێکی کۆنی میللەتی کوردە و دەبێ یادی بکرێتەوە، باوک و باپیرانی ئێمەش هەر ئەو یادە پیرۆزەیان کردۆتەوە. ئەو باسانەی نەورۆز ببوە مایەی خۆشحاڵیمان وەشتێکی نوێی بوو لە ژیانی

من، چونکە من پێش ئەو وەختە لە ناحیەی گوێر دانیشتبوم وەگوێ شارۆچکەیکی کوردستانیە، بەڵام چەند ماڵە عەرەبێک کە ژمارەیان ٧ ماڵێک دەبوو لە مەرکەزی ناحیەکە دەژیان.[٤] لە کاتی منداڵیمدا لە گوێ منداڵی کورد و عەرەب بەشەڕ دەهاتن لە سەر کوردایەتی و عەرەبایەتی، هەر لەو کاتێوە هەستم بە کوردایەتی خۆم دەکرد وە ڕۆژ بەڕۆژ ئەو هەستە لە ناخمدا پەرەیدەسەند.

دوای ئەوەی ڕۆشنبیرانی هەولێر مۆڵەتی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزیان وەرگرت، ئێمەش بەشداری ئەم یادەمان کرد، شوێنی ئاهەنگ کەوتبوە گۆڕەپانی نزیک ماڵی (محمود علاف)ی ئەوکات، کە ئێستا دەکاتە پێش (دائیرەی مەسرەف عەقاری) هەولێر کە لە نزیک چایخانەی بایزە. ئامادەبوانی یادی نەورۆز خۆی لە ٢٠٠٠ کەسێک دەدا کە بریتین بووە لە قوتابی و ڕۆشنبیرو فەرمانبەرو کوردپەروەرانی تر.

دوای ئامادەبوونی جەماوەر، ئاهەنگ بە بەخێرهێنانی ئامادەبوان وە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، پاشان تیپی سروود، پارچە سرودی نەورۆزیان پێشکەشکرد بە دەنگی عمر دزەیی و چەند منداڵێک، سروودەکە بەناوی:

بە خێر بێیتەوە نەورۆزو بەهار دواڕۆژمان ئەوێ بۆ گەورەو سەردار

هەروەها چەند وتارێک لە لایەن کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیر خوێندرایەوە وە چەند پێچە شاییەک بۆ ئامادەبوان پێشکەشکرا. ئەوانەی دەوری سەرەکیان هەبوو لەم یادکردنەوە کە من لەبیرم مابێ، ئەمانەبوون:

١- عونی یوسف ٢- حمید عثمان ٣- علی فتاح ٤- احمد فتاح ٥- احمد عثمان ٦- صالح حیدری ٧- جمال حیدری ٨- عاصم حیدری ٩- مامۆستا حیدرە فەندی مدرس ١٠- احمد حمدامین دزەیی ١١- عمر حمدامین دزەیی ١٢- جوهر حسین مەلا ١٣- ڕەقیب حسین

مەلا، هەروەها ژمارەیەکی تر کە بەداخەوە ناوەکانیانم لە بیر نییە. ئاهەنگی نەورۆز بە دروشمی بژی کورد، بژی کوردستان وە بەخۆشیەکی زۆرەوە کۆتایی هات. یادکردنەوەی نەورۆز بووە مایەی جۆشدانی کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی لە دل و دەروونی خەلکی شاری هەولێر.

نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧

لە ساڵی ١٩٤٧ دیسانەوە مامۆستای کوردایەتی عەونی یوسف توانی مۆلەتی یادکردنەوەی نەورۆز وەربگرێت بە رێگایی سعید قزاز کە کورد بوو و وەزیری ناوخۆیی عێراق بوو. هەر لە بەرانبەر شوێنی نەورۆزی ساڵی پێشو کە ئێستا مزگەوتی حاجی حسن بەزازی لەسەر دروستکراوە، ئاهەنگی نەورۆز کرایەوە. لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ جەماوەرێکی گەلێک زۆرتر ئامادەبون بە بەراورد لەگەڵ نەورۆزی ١٩٤٦، هەروەها سروودی نەورۆز گۆرانکاری بەسەردا هاتبوو وە بەم شێوەیە دەگوتراوە:

بەخێر بێتەوە نەورۆزو بەهار
دوا ڕۆژمان ئەوێ بۆ پاڵەو جوتیار

هۆکاری ئەم گۆرانکاریەش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵ بوون و بڵاوبوونەوەی بیری چەپ و مارکسیەت لە کوردستاندا. سروودەکە لە لایەن عمر دزەیی و بەهاوکاری چەند منداڵێک گوتراوە، بەهەمان شێوەی نەورۆزی ساڵی پار چەندین وتارو شیعر خوێندرانەوە، وە بە شایی و هەڵپەڕکێ کۆتایی بەیادکردنەوەکە هات.
هەر ئەو ساڵە و لە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بارزانیەکان و کوردپەروەرانی بەشدار بوو لە کۆمار، پەنایان هێنا

بۆ کوردستانی عێراق. کوردپەروەرانی شاری هەولێر هەڵوێستی جومێرانەیان نواند لە بە هاناچون و هاوکاری کردنی ئەم کوردانە لە دابین کردنی شوێنی حەوانەوەو کارو کاسبی بۆیان.
ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە بەشداری کۆماریان کردبوو، دوای ئەوەی تەسلیم بە عێراق بوونەوە، لە لایەن دادگای عێراقی حوکمی جۆراوجۆریان بەسەردا سەپێندرا، هەندێکیان بە ٢٠ ساڵ حوکمدران وە چوار ئەفسەریش(عیزەت عبدالعزیز، مستەفا خوشناو، خیرالله عبدالکریم، محمد محمود قودسی) بە لە سێدارەدان حوکم دران و لە ١٩ حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧ لە مەیدان، لە سایەی وەزارەتەکەی صالح جبر بڕیاری لە سێدارەدانیان جێبەجێ کرا. بارزانیەکانیش لە زێدی خۆیان دورکرانەوەو بەسەر دەشتی هەولێر دابەش کران و خەڵکی هەولێر زۆر یارمەتیان دان تا گەڕانەوەیان.

نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨

دیسان لە ساڵی ١٩٤٨ ڕۆشنبیران و کوردپەروەرانی شاری هەولێر مۆڵەتی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزیان وەرگرت، کە مامۆستا عەونی یوسف ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە وەرگرتنی مۆڵەتەکە، چونکە ئەم جارە بەهاندانی دوژمنانی کورد، زۆر لە کوردانی ساویلکە کە ئاگاداری میژووی میللەتەکەی خۆیان نەبوون، لە دژی یادکردنەوەی نەورۆزدا وەستانەوەو ئاگاداری حکومەتی عێراقیان کردەوە و وتیان نەورۆز جەژنی ئاگرپەرست و کافرانە نابێ یادی بکرێتەوە و مۆلەتی یادکردنەوەی پێ بدرێت. عەونی یوسف بۆ مۆڵەتەکە چووە بەغدا و چاوی کەوت بە سعید قزاز وەقەناعەتی پێهینا کە مۆڵەتیان بداتێ، پاشان سەردانی سەرۆک وەزیران نوری سعیدی کرد وەقەناعەتی بەویش هێنا و موافەقەتی تەواوی وەرگرت بۆ گێرانی ئاهەنگی نەورۆز.

ناحەزانی نەورۆز کە بیستیان موافەقەتی نەورۆز وەرگیراوە کەوتنە دژایەتی کردنی نەورۆز، بە تایبەتی هەندێک لە پیاوانی ئاینی، وە بەسەرۆکایەتی شێخ (محی الدین بەرزنجی). بەڵام کەسانێکی تر لە پیاوانی ئاینی لە دژی نەورۆز نەوەستانەوەو بەڵکو پشتگیریان لێکرد وەک شێخ (عبدالکریمی دارەخورما) کە لایەنگیری عەونی یوسفی بوو لە یادکردنەوەی ڕۆژی نەورۆز.

تاقمەکەی شێخ محی الدین لە مانای جەژنی نەتەوایەتی کورد نەگەیشتبوون، بۆیە سوربوون لەسەر ئەوەی کە نابێ یادی نەورۆز بکرێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە زانرا ئیتر کوردپەروەران ئەو یادە دەکەنەوە، شێخ محی الدین تورەبوو بڕیاریدا کە دەبێ خەڵکی هەولێر لە ڕۆژی هەینی دا مانبگرن و دوکانەکانیان نەکەنەوە لە دژی ئاهەنگی نەورۆز. لەسەر داوای شێخ لەو ڕۆژەدا شاری هەولێر لە ٩٠٪ دوکانەکانیان داخست و مانیان گرت، وەدەرویشەکانی شێخ بە حەیوحو سەڵەوات و دەف لێدان کەوتنە ناو شار بۆ دژایەتی کردنی گروپی ئامادەکاری یادی نەورۆز، وەئەگەر تووشی ڕۆشنبیرێکی ناسراویش ببانەوە ئەوە ئیهانەیان دەکرد، ئەو بەزمە تا ئێوارە بەردەوام بوو.

دوای چەند ڕۆژێک چەند مالێکی ڕۆشنبیران بەر ڕێژنەی تفەنگ دران، لەو مالانەش مالی مامۆستا عەونی یوسف، احمد حمدامین دزەیی، کورەکانی فتاح ئاغا، کوڕەکانی حسینی مەلا و زۆرانی تر. شێخ محی الدین زۆر شارەزای میژووی کورد و کوردستان نەبوو بەڵام وەک دەبیسترا گوایە مەلا (سالحی کۆزەپانکە) کە مامۆستایەکی ئاینی بەناوبانگ بوو هانی شێخی دابوو دژ بە نەورۆز.

کێشەی نەورۆز ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی و توندوتیژی دەڕوی زۆر لە پیاو ماقوڵان و خێرمەندانی شار، هەوڵیان لە گەڵ شێخ محیدین دا کە واز لەو مەسەلەیە بێنێ و تێکەڵی ئەم کێشەیە نەبێ،

بەڵام سوودی نەبوو. ئەوانەی دەوری خراپیان دژی کوردپەروەران هەبوو زۆربەیان سەرۆک پیشەورەکانی هەولێر بوون، وەک سەرۆکی پیشەی دارتاشان، ئاسنگەران، بەزازان و کورەچیەکان ئەوانە دژایەتی نەورۆزیان دەکرد. وای لێهات کێشەکە ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبو، ئەوەبوو شێخ ڕەقیبی سورچی هێزێکی چەکداری نارد بۆ پشتگیری شێخ محی الدین، پاش نوێژی عەسر پیاوانی شێخ ڕەقیب بۆ چاوترساندنی ڕۆشنبیران و خەڵکی شار مانۆڕێکی چەکدارانەیان لەناو شاری هەولێر سازدا و چەند جارێک لە ناو هەموو شار سورانەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر، هەباس مامەند ئاغای سەرکەپکان و سەید ئەحمد ی سەید تەها، هەر یەکەو هێزێکیان بۆ عەونی یوسف نارد، ئەوانیش بۆ ئێوارە مانۆڕێکی چەکدارانەیان لە ناو شاری هەولێردا ئەنجامدا بۆ ترساندنی ناحەزانیان. لەم ڕۆژانەدا هەولێر لە مەترسی شەڕێکی خوێنایدابوو، بەڵام باش بوو حکومەت کەوتە نێوان هەردوو لاو ڕێکەوتنێکی دروست کرد، کە ئازادیخوازانی کورد زۆر بە ئازادی یادی نەورۆز بکەنەوە لە گۆڕەپانی (طیران) نەک لە گۆڕەپانی ناو شار، بەم شێوەیە یادی نەورۆزی ئەم ساڵیش لە کاتی خۆیدا کرایەوە، بێ ئەوەی هیچ ناخۆشی و گرژیەکی لێ بکەوێتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٤ کاتێک هاتم بۆ هەولێر، شاری هەولێر زۆر بچووک بوو دەتوانم بڵێم بەقەدەر گەرەکێکی ئێستای شار بوو، وە پێکهاتبوو لە گەڕەکەکانی: قەلات، جولەکان، عارەبان، تەعجیل، خانەقا و گەڕەکی تەیراوە، کە نزیکەی ٥٠ خانوویەکی لێ دروست کرابوو. لە پێش بینایەی ڕەئیسی دادگا (مەحکەمە) دوو حەساری لە قور دروست کراوی لێ بوو کە ئێستا شوێنی بینایەی جلیل خەیاتە، حەسارەکان هی ماڵی احمد افندی بوون، شوێنی ئێستای مەحکەمەش سەوزایی و شینایی لێ دەچێندرا کە هی حاجی کەریمی باوکی خەتاب و مەولود بوو. ئەو کاتە ماتۆری ئاو نەبوو بە هێسترو دەولک ئاویان

نانی میللەت تەئمین بکرێ --- سالّح جەبر ئیعدام بکرێ
نانی میللەت تەئمین بکرێ --- بارزانیەکان عەفو بکرێن

چەند قاچاخ چییەکی توتن فرۆش دێنە گوندی بیوکە، رەمزی لە گەل یەکێک لە قاچاخ چیەکان رێکدەکەوێ کە بە پارە بیان گەینە لای سوار ئاغای بلباس لە بیتوێن، بەلام دوای فرۆشتنی توتنەکەیان و گەرانەوەیان لە هەولێر ئینجا دەیان بەن لە گەل خۆیان بۆ لای سوار ئاغا. پاش بەرێکەوتنی قاچاخ چی یەکان بـەرەو هەولێر یەکێک لە قاچاخ چییەکان خەبەر لە ئەمانەکان دەدا، پۆلیسێکی زۆری حکومەتی عێراقی گەمارۆیان دەدەن لە گوندی بیوکە و دەستگیریان
دەکەن، لە هەولێر حکومەت دەیاندات بە لیوای موسل بۆ لێکۆلینەوە، لە موسڵیشەوە رەوانـەی لای موخابەراتی بەریتانیا لە قاهیرە دەکرێن بەمەبەستی لێکۆلینەوە لە گەلیاندا.
هانی جوتیاران دەدرا کە قەرزی حکومەت نەدەنەوە، وە داوای عەفوکردنی قەرزەکانیان دەکرد. لە لایەک حکومەت هەڕەشەی لە جوتیارەکان دەکرد کە ئەگەر هاتوو قەرزەکانیان نەدەنەوە ئەوە دەیان گرن، لە لایەکی تر جەماوەر خۆپێشاندانی دەکرد و داوای لە جوتیارەکان دەکرد کە نابێ قەرزەکانیان بدەنەوە. مامۆستا عەونی یوسف رۆلێکی بەرچاو و دیاری لەسەرجەم چالاکیەکاندا هەبوو سەرکردایەتی دەکردن. ئەو چالاکیانە و پشتگیری جەماوەر بووە هۆی ئەوەی کە جوتیارەکان بڕیاربدەن کە گەنم نەدەن بە حکومەت.
لەو سەردەمەدا هەستی نیشتیمانی و کوردایەتی زۆر لە دوای زۆر پتر پەرەی دەسەند، کە بوە هۆی گیران و زیندانیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران. پۆلیسی هەولێر بەردەوام هەڕەشەی لە جوتیاران دەکرد بۆ دانی گەنم بە حکومەت ئەگینا، دەخرێنە زیندانەوە، بەلام جوتیارەکان سوربوون لەسەر نەدانی گەنم بە حکومەت، چینی

رۆشنبیریش بەردەوام بوون لە هاندان و پشتگیریکردنی جوتیاران، زۆر لە جوتیارەکان گەنمەکانیان نەدایە حکومەت و توشی گرتن و راونان هاتن، ئەوانەی گیران درانە دادگا و ڕەوانەی کەرکوک کران و هەر یەکی بە دوو ساڵ زیندانی حوکم کران، ئازاری زۆریان چێشت بەڵام سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنا.

خۆپیشاندانی ساڵی ١٩٤٨ لە هەولێر

ئەو خۆپیشاندانە لە بەهاری ١٩٤٨ لە لایەن حیزبی شوعییەوە دەست پێکرا، ئەوانەی رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە خۆپیشاندانەکە و سەرکردایەتیان دەکرد ئەو بەڕێزانە بوون:

حەمید عوسمان و ئەحمەدی برای، نافع یونس، جەوهەری حسین مەلا و رەقیبی برای، عەزیز محمد، عەلی فتاح، ئەحمد فتاح، جەمال حەیدەری، عاصم حەیدەری و صالح حەیدەری. ژمارەی خۆپیشاندەران چل پەنجا کەسێک دەبوون، لە بەردەمی بینایەی پارێزگای هەولێرەوە دەهاتن بەرەو بازاڕ دەچوون، بە هوتاف لێدان دەیانگوت: بمرێ ئیستعمار، بمرێ دەرەبەگ، بروخێ حکومەتی صالح جبر بژی حیزبی شوعیی، بژی چینی کرێکاران، مردن بۆ ئیستعمارو بە کرێگیراوان. ئاپۆرەی خۆپیشاندەران بەردەوام بوو لە ڕێپیوانەکەی بەرەوە ناو بازاڕ، تا گەیشتنە بەر دەرگای حەمامی حاجی قادر کە لە تەنیشت مزگەوتی حاجی قادرە و دەرگایەکی بچووکی بەرامبەر قەڵات بوو، نورالدین چاوەش کە ئینزباتی پۆلیس بوو خۆیی و ١٥ پۆلیس بە دۆنکیەکانیان[٦] پەلاماری خۆپیشاندەرانیان داو خۆپیشاندەرانیش لە بەر زەبرو زنگی پۆلیس بڵاوەیان لێکردو هەندێکیان بۆ ناو حەوشی حەمامەکە ڕایان کرد بۆ ئەوەی لە دەرگای پشتەوە دەرباز ببن، بەڵام نورالدین چاوەش توانی چەند نەفەرێک لە خۆپیشاندەران بگرێ و بیانباتە قشلە[٧]، وەبەم شێوەیەش خۆپیشاندانەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

بۆ ڕۆژی دوای پارتی، بەرابەرایەتی عەونی یوسف، خۆپیشاندانێکیان سازدا، کە نزیکەی ٦٠-٧٠ کەسێک بەشدار بوون، لە بەردەم پارێزگاوە بەرەو بازار دەهاتن کە گەیشتنە بەرامبەر دەرمانخانەی شیمال، نورالدین چاوەش کە چاوی بە عەونی یوسف کەوت لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکەیە نەی توانی خۆیان لێ بدات چونکە مامۆستا عەونی کەسایەتیەکی بەرزو گەورە بوو، ئەوە بوو پەیوەندی بە بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر کرد، ئەویش خۆیی و پەنجا پۆلیسێکی چەکدار هاتن و ڕوبەڕوی خۆپیشاندەران بوونەوە، عەونی یوسف کە دیتی پۆلیسەکان بەرەولای خۆپیشاندەران دەهاتن، بەرەو ڕووی بەرێوەبەری پۆلیس چوو کە جمیل بەگ کەرکوکی بوو. دوای گفتوگۆکردن، بەرێوەبەری پۆلیسی دڵنیاکردەوە کەوا خۆپیشاندانەکە ناشتیخوازانەیەو کارێکی یاساییە و میللەت مافی خۆیەتی خۆپیشاندان بکات و داواکاریەکانی خۆی بگەینێتە دەستەڵات داران. خۆپیشاندانەکە بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بەرەو ناو شار بە هوتاف لێدان کە بریتی بوو لە:

نانی میللەت تەئمین بکرێ --- سالح جەبر ئیعدام بکرێ
نانی میللەت تەئمین بکرێ --- بارزانیەکان عەفو بکرێن

تاکو جەماوەری خۆپیشاندەر گەیشتنە لای مزگەوتی خانەقا، لەوێ لە پێش مزگەوت وتارێکی حەماسی و چەندین پارچە هەڵبەست خوێندرایەوە، دوای وتار خوێندنەوەکە و لەسەر داوای عەونی یوسف کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات. وەک ئەوەی پێشووتر باسمان کرد، کە لە سەردەمی حوکمی صالح جبر بوو لە ساڵی ١٩٤٧ چوار ئەفسەرە کوردەکە لە سێدارەدران، میللەت داخی ئەو تاوانەی هەر لە دڵ مابوو، بۆیە لە هەموو خۆپیشاندانەکان داوای ئیعدام کردنی صالح جبر یان دەکرد، خۆپیشاندانەکە سەرکەوتنێکی

باشی بەخۆیەوە دیت.

گرانی و بێ دەرامەتی بەردەوامی هەبوو لە ساڵی ١٩٤٨ ، کۆمەڵێک خێرخوازی هەوڵیر هەڵسان بەکردنەوەی فرنێکی سەمون بە پشتگیری شێخ محی الدین بەرزنجی، سەمونخانەکە لە بەر قەرەبالغی لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی پۆلیس دابوو. سەمونیان بە ١٠ فلس دەدایە خەڵک[٨] هەرچەندە لە بەر زۆری خەڵکەکە سەمونەکە بەر هەموویان نەدەکەوت، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا کاریکی باش بوو. وە بە هۆی نەبوونی ئاردو پشتگیری نەکردنی حکومەت، فرنەکە تەنها نزیکەی یەک مانگ دەوامی کرد و دوای ئەوە داخرا. بە هۆی گرانی و برسیەتی، خۆپیشاندان و ناڕەزایی بەردەوام بوو لە دژی حکومەت. هەردوو حیزبی شوعی عێراقیی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم دۆخەیان قۆستەوەو بەردەوام هانی میللەتیان دەدا بۆ دژایەتی کردنی حکومەت.
دەرئەنجامەکەی ئەوەبوو حکومەت لە ساڵی ١٩٤٩ ، حوکمی عورفی ڕاگەیاند و کەوتە لێدانی خۆپیشاندەران لە هەموو عێراق، وەدەستی کرد بە ڕاوەدوونانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شوعیی وپارتی، وە حوکمی ئیعدامی لە مانگی شوباتدا بەسەر چەندین سەرکردەی حیزبی شوعیی جێ بە جێ کرا وەک، فهد و هاوڕێکانی، خەڵکێکی زۆریش بە چەندان ساڵ حوکم دران.

بوونم بەسەربازو چونم بۆ شەڕی فەلەستین

لە ٢١-٠٤-١٩٤٨ جل و بەرگی سەربازیمان لە فەوجی تەدریب لەبەر کرد، یەک شەو لە فەوج ماینەوەو بۆ بەیانی گواستراینەوە بۆ فەوجی یەکی لیوای چوار لە کەرکوک، لەوێش دوای ٢٠ ڕۆژ مەشقکردن ڕەوانەی بەغدا کراین بە شەمەندەفەر، کاتژمێر ٤

ئێوارە بەڕێکەوتین و ٧ بەیانی گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، ٣ ڕۆژ لە ئۆردوگای (وەشاش) لە بەغدا بۆ پشوودان ماینەوە ، دوای ئەوە بە ڕێگای شاری ڕوتبەوە بەرەوە عەممانی پایتەختی ئوردن کەوتینە ڕێگا ، وە لە عەممانیشەو بۆ فەڵەستین.

دوای گەیشتنمان بۆ ناو خاکی فەڵەستین، لە نزیک شاری (نابلس)[٩] بۆ پشوودان دابەزین و چادرمان هەڵداو دەستمان کرد بە سپێر لێدان[١٠] بۆ خۆپاراستن لە بۆردومانی فڕۆکەکانی جوولەکە، ئەو ڕۆژەمان بە بێ ترس و بە ئاسودەیی بەسەربرد. بۆ بەیانی فڕۆکەیەکی سەربازی جولەکەکان هێزەکەی ئێمەی بوردمان کرد، سێ تا چوار بۆمبی فڕێدا خوارەوە بە سەر ناوچەکەدا، بەڵام ئێمە هیچ زیانێکمان بەرنەکەوت و سەلامەت بووین، دوای ئەوە بیستمانەوە کە چەند سەر ئاژەڵێک کوژراوە لە ئەنجامی بوردمانەکە.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژی بوردمانەکە، بەرەو بەرەکانی شەڕ بەڕێکەوتین وە لە نزیک شارۆچکەی (جنین) دابەزین و لەسەر بەرزایەکانی ئەو ناوە سەنگەرمان دامەزراند، شوێنەکەی ئێمە گردێکی زۆر بەرزو سەخت بوو، دارتەڕوی زۆر بوو، وە ناوچەیەکی شاخاوی بوو دەیڕوانیە سەر گوندی (قباطیە). پاش ئەوەی بە وشکە بەرد سەنگەرێکی گەورەمان دروست کرد، ڕەبایەکی قایم و سەختمان بۆ فەسیلەکەمان دابین کرد و دوژمن نەیدەتوانی بەئاسانی داگیری بکات. دوای دروستکردنی ڕەبایەکە ئامر فەسیلەکەمان کە ناوی ملازم بهجت بوو وە خەڵکی بەغدا بوو، بەعەریف فەسیلەکەمانی گوت؛ ڕێگام پێ بدەن بۆ ئەوەی نیو سعاتێک بخەوم، ئەویش وتی: فەرموو بخەوە، عەریفەکەمان کورد بوو ناوی سعید نصرالله بوو، خەڵکی شارۆچکەی پێنجوێن بوو. پاش خەوتنی ئامیر فەسیلەکەمان بۆ ماوەی چارەکە سعاتێک گوێمان لە هاوارێک بوو گوتی فریام کەون شتێک پێی وەدام. عەریفەکەمان بەپەلە خۆی گەیاندە ملازم بهجت و لێی پرسی

ج رووی داوە ؟ ملازم بهجت هاواری کرد و وتی : نازانم شتێک
پێ ی وەدام! عەریفەکەمان دەستوبرد ئامر فەسیلی رووت کردوەو
شقارەتی لێ داو وتی: ناو لەشی پڕ بووە لە مارەزیوی ڕەشی
گەورە، دوای ئەوەی لەشی ملازمیان لە مارەزیو پاک کردەوە،
ملازم بە هۆش خۆی هاتەوە.

پێش ئەو ڕووداوە، ملازم بهجت، بە ئێمەی گوتبوو گەر هاتوو
یەکێک بە شەو جگەرە بکێشێ یان شقارتە لێ بدات ئەوە من
دەیکوژم، وەشەوان بە هیچ شێوەیەک نابێت ئاگر بکرێتەوە،
وە لەو کاتانەی کە عریفەکەمان شقارتەی لێدا بۆ دۆزینەوەی
مارەزیوەکان، سەربازێکی شارەزووریمان لەگەڵ بوو وتی:
سەیدی ئەی نەت وت ئاگر کردنەوە مەمنوعە و هەرکەسێک ئاگر
بکاتەوە دەیکوژم، چۆن قەبوڵ دەکەی عەریف سعید شقارتە لێ
بدات، ئامر فەسیل وتی (ولک الان وقت هذا الحكي، ئێستا کاتی ئەو
قسانەیە)، ئیتر دوای ئەوە مولازم جارێکی تر نە بەشەو نە بە ڕۆژ
لە ترسان نەدەخەوت، ئێمە زۆر بە ملازم پێکەنین چونکە هێشتا
هەر لەبەغدا بووین هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکردین و دەیوت
ئەوەی لە شەڕ بترسێ لە فەڵستین و ڕابکات ئەوە ئەمرم پێ کراوە
بیکوژم، فەسیلەکەی ئێمە زۆربەمان کورد بوین تەنها چوار تا پێنج
عەرەبمان لەگەڵ دابوو، وە لەو ڕۆژەوە ناوی گردەکەمان نا (تل
البهجت) یانی گردی بهجت، ئیتر دوای ئەوە وای لێ هات تەنانەت
عەرەباکانی فەڵەستینیش بە (تل البهجت) ناویان دەبرد.

ئەوە بوو شەومان لەسەر گردی بهجت بەسەر بردوو لە کاتژمێر
دەی بەیانی هاتینە خوارەوەو بۆ دەو جادە قیرتاوەکەی نێوان
شارەکانی جنین و نابلس. پاشان بەرەو شاری جنین بە ڕێ
کەوتین، بەرە بەری ڕۆژئاوا گەیشتینە ناو شار، دیمان دانیشتوانی
شار لە ترسی شەڕ و پێکداداندا شارەکەیان چۆڵ کردوە، ئێمەش
لە شوێنێک لەسەر شەقامی سەرەکی شار کە فولکەی پۆلیسی

هاتوچۆ بوو نانی ئێوارەمان خوارد، پاشان چوینە مزگەوتێکی نزیک شوێنەکەمان بۆ نوێژ کردن، کە چوینە ناو مزگەوتەکە دیمان پیاوێک کوژراوەو تەرمەکەی لە مزگەوت فڕێ دراوە. پاش نوێژ کردن لە مزگەوت هاتینە دەرەوە و دونیا تاریک داهاتبوو. فەوجەکەی ئێمە هێزی خۆی لە ناو شاری جنین دابەش کردبوو، فەسیلەکەی ئێمە بە هاوکاری خۆبەخشێکی فەڵەستینی کە چاوساغمان بوو چوینە خانوەکەی ئەوان کە چۆل کرابوو کە لە دوو ژوور پێکهاتبوو، ئەوەی لە لای خۆمان پێیان دەوت خانوی شەرقی، دیواری حەوشەکەیان لە وشکە بەرد دروست کرابوو وەک خانوی جوتیارانی ناوچە شاخاویەکانی لای خۆمان، ئیتر لەوێ ماینەوە و لولەی تفەنگەکانمان لە سەر لێواری دیواری حەوشەکە دانابوو بەرەوڕوی دوژمن، چاوەڕێی فەرمانی ئامیر فەسیل بوین کە دەست بەتەقە بکەین، هەرچەندە هیچ دوژمنێکیشمان لێ دیار نەبوو.

وە لە پاش دوو کاتژمێر چاودێریکردنی وەزعەکە هیچ شتێکمان نەدیت و نەبیست، بەڵام هەر هێندەمان زانی ئامیر فەسیل فەرمانی پێکردین کە تەقە لە ناو باخەکان بکەین، ئێمەش بێ ئەوەی هیچمان لێ دیاربێ لولەی تفەنگەکانمان لە ناو باخەکەی پێش خۆمان کردو وە لە هەموو لایەک دەستمان بەتەقە کردن کرد، وە نزیکەی نیوکاتژمێری خایاند بێ ئەوەی هیچ شتێک ببینین تا ئەو کاتەی ئامیر فەسیل فەرمانی تەقە وەستاندنی دا، دوای ئەوە هەستی خۆمان ڕاگرت بۆ ئەوەی گوێمان لە جولەیەک یان شتێک بێت بەڵام نە هیچمان بیست و نەهیچمان دیت. زۆری پێ نەچوو گوێمان لە ورشەی گولە تپێکی هاوەن بوو کە کەوتە ناوەراستی ئەو حەوشەی ئێمەی لێ بوو بەڵام خۆش بەختانە نەتەقیەوە ئەگەر بتەقیباوە ئەوە زیانێکی قورسی لێ دەداین.

بەکەوتنی گولە توپەکە زانیمان دوژمن لە کام لایە، وە دەستمان کرد بە تەقەکردن و بوردمان کردنی بە هاوەنی عوقدە ٢، وەتا دوای

بانگی بەیانیان وە دونیا بەتەواوی رووناک ببێوە بەردەوام بووین لە بردومان کردن. دوای ئەوە فرۆکەیەکی جولەکە هاتە سەرمان، وە بۆ ئەوەی شوێنەکەمان ئاشکرا نەبێت، ئامیر فەسیلەکە فەرمانی تەقە ڕاگرتنی دا، پاش ئەوەی فرۆکەکە ٤-٥ بۆمبی فرێدایە سەر قەڵای سەربازی سوپای عێراق، گەرایەوە بۆ ناو ئیسرائیل، ئێمەش هیچ زیانێکمان پێ نەکەوت. دواتر لە گەڵ ڕۆژهەڵاتدا فەرمانمان پێدرا کە حەوشەکە بەجێ بێلین و بچینە سەر شەقامەکانی جنین وە لە وێش لەگەڵ فەسیلەکانی تر یەکمان گرتەوە. دوای چاک و چۆنی بۆمان دەرکەوت کە هەموو سەربازەکان سەلامەتن، لە گەڕمەی تەقەکردن ئامیر سریە هەر نیو سعات جارێک داوای مەوقیفی لە ئامیر فەسیلەکان دەکرد. سەربازێک وتی فەرمانمان پێ کرا تەقە بکەین، بەڵام من هێچم لێ دیار نەبوو کە تەقەی لێ بکەم، ئەوە نەبێ کە گوێم لە باڕەباری گیسکێک دەبوو منیش بەردەوام تەقەم لەو شوێنە دەکرد، تاکو دنیا ڕووناک بۆوە، ئەو کاتە دیتم گیسکەکە بە باڕەبار بۆ لای من دێت و سڵاغ و سەلامەتە.

پاش یەکگرتنەوە، هەموو فەوجەکەمان سواری ئوتۆمبیل بووین و بەرەو شاری (طولکرم) بەڕێ کەوتین، بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، دواتر بەرەوە بەرەکانی شەر ڕۆیشتین و دەستمان بەسەنگەر لێدان کرد. لەبەر ئەوەی سریەکەی ئێمە لە پێشەوە بوو دەبوایە هەر شەوێک حەزیرەیەک بچوو بایە بەرەکانی پێشەوە بۆ خۆ لە کەمین نان، بۆ ئەوەی ڕێگا لە دوژمن بگرن و تەقەیان لێ بکەن ئەگەر هاتوو وێستیان هێرش بکەن، بەم شێوەیەش هێزەکانمان لە سەنگەرەکانی دواوە وشیار دەبنەوەو دەکەونە ئامادەسازی بۆ بەرگری کردن. دەبوایە سەربازانی ئەو حەزیرەیە شەو نەخەون و وریابن، قسەو بانگکردنی یەکتر قەدەغەبوو. کە شەو دادەهات، ئامر حەزیرە بۆ دڵنیا بوون کە سەربازەکانی نەخەوتون بە پلوکە بەرد ئاگاداری یەکتریان دەکردەوە، بۆ نموونە ئامر حەزیرە پلوکە

بەردێکی لەمن دەدا منیش بەپلوکە بەردێک وەلامم دەدایەوە، منیش پلوکە بەردێکم لە سەربازەکەی دەستە ڕاستی خۆم دەدا ئەویش بە پلوکە بەردێک وەلامی دەدامەوە بەمانای ئەوەی نەخەوتوم. پلوکە بەردێکیشم لە سەربازەکەی دەستە چەپیشم گرت، کە کورد بوو و خەڵکی هەڵەبجە بوو ناوی عومەر عەلی بوو بەڵام وەلامی نەدامەوە، دووبارەو سێ بارەم کردەوە بەڵام هیچ وەلامی نەبوو، وادیاربوو بەنج گرتبووی، بۆیە ئامر حەزیرەکەمان ناچار بوو بە هێواشی بانگی بکات بەڵام دیسان وەلامی نەبوو، ئیتر ئەوە بوو ئامر حەزیرەکە بەمەبەستی ترساندنی سەربازەکە تەقەیەکی کرد، سەربازەکەش بە چاوی خەوالوەوە لەخەو ڕاپەڕی و دەستی بەتەقە کردن کرد، کە چی تەقەکردن دەبوایە بەس لەکاتی پەلاماری دوژمندا بکرێت، ئامر حەزیرەکەش ناچار بوو بڵێ دوژمن هات ئێوەش تەقە بکەن، ئیتر لە هەموو لایەک بوو بە تەقە بۆ ماوەیەکی زۆر تەقەکردن بەردەوام بوو تا دونیا ڕووناک بۆوە، ئەو کاتە ئامر لیواو ئامر سریە هاتنە لامان، پرسیاریان دەربارەی تەقەکانی شەو لێ کردین بۆ ئەوەی بزانن چی بووەو چ ڕوویداوە، ئامر حەزیرەش کە ناوی (محمان شفاتی) بوو وەخەڵکی دۆرەی بەغدا بوو، وەلامی ئامر لیوای دایەوە و گوتی: گەورەم دوژمن هاتە سەرمان، بۆیە ئێمەش ناچار بووین تەقە بکەین.

ئامر فەسیلیش هەمان وەلامی ئامر لیوای دایەوە کە لەسەر قسەی ئامر حەزیرە گوایە دوژمن هاتۆتە سەریان بۆیە ئەمری تەقەکردنی داوە و تۆپە گەورەکانیش لە پشتەوە تۆپبارانی پێشەوەیان کردوە، بەم شێوەیە ئامر فەسیل گوناحەکەی خستە ئەستۆی خۆی. ئامر لیواو ئامر سریە چونە پێشەوە بۆ خەتی تەماس بۆ ئەوەی شۆینەوارێکی ئەو ڕووداوە بدۆزنەوە، بەڵام دوای گەران و سوڕان و بینینی هیچ شوێنەوارێکی هێرشی دوژمنیان نە دۆزیەوە، وە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە تەقەکان بەبێ هۆ کراوە، بۆیە بەگەڕانەوەی

لێژنەکە پرسیاریان لە ئێمەی سەربازیش کرد کەوا چیمان دیبوو لە کاتی تەقەکردنەکان ئێمەش وتمان تەنها لەسەر ئەمری ئامر حەزیرە تەقەمان کردیە بێ ئەوەی هیچ شتێک ببینین. ئیتر ئەوانیش راپۆرتێکیان لەسەر ئامر فەسیل نووسی و بۆ ئیدارەی فرقەیان گواستەوە.

دوای گواستنەوەی ئامیر فەسیل، عەریف سەعید ی جێگری سەرپەرشتی دەکردین تاهاتنی ئامر فەسیلێکی تر بە ناوی (رئیس حسن تحسین). ئەو ماوەیە کە لەپێشەوەی مەیدانی شەڕ بووین شەو بە پێلاوەوە لە ناو سەنگەردا دەخەوتین. دوای ماوەیەک گواستراینەوە بۆ پشتەوەی بەرەکانی شەڕ بۆ ئیسراحەت، کاتێک لەفافەکانمان لە قاچمان دەکردەوە پێستی قاچەکانمان بە لەفافەکان وەنوسابوو هەموی ببوە برین، ئیتر ئەو پانزە ڕۆژە کە لە پشتەوەی بەرەکانی شەڕ بووین برین پێچەکانی سەربازی بەبەردەوامی برینەکانی ئێمەیان بە مادەی (فۆرمەنگەنات) تیمار دەکرد.

پاش پشودانێکی باش و تیمارکردن و چاک بونەوەی قاچەکانمان دوبارە فەوجەکەمان گواستراینەوە بۆ دەوروبەری شارۆچکەی (جەنین). ڕۆژێکیان سریەکەی ئێمە لەگەڵ فەسیلێکی (سریەی ڕەشاش) چوینە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بەمەبەستی هێرش بردنە سەر گوندێک کە ناوی (مەیتەرە) بوو، بۆ ئەوەی لە دەست جولەکەکانی ڕزگار بکەین. مانگی ڕەمەزان بوو دوای نوێژی عەسر بە ئوتۆمبیل بەڕێکەوتین، لە سریەکەی ئێمە فەسیلی چوار و شەش بۆ هێرشکردن دەستنیشان کران، دوای ئەوەی لە ئوتومبیلەکان دابەزین هەر فەسیلی بۆ ئەو شوێنەی بۆی دیاریکرابو کەوتە ڕێگا. فەسیلی ئێمە کە فەسیلی ٥ بوو ئیحتیات بووین، لەگەڵ فەسیلی سریەی ڕەشاش کە پێک هاتبوو لە ٣ تۆپی هاوەنی عوقدە ٣. ئێمە لە پاش دوو فەسیلەکەی خۆمان دەڕۆیشتین تا لە دوژمن نزیک کەوتینەوە و لە دووری ٥٠٠ مەترێک سەنگەرمان دامەزراند،

شوێنەکەمان باش بوو هەمووی شاخ و باخ و درەخت بوو، وەدەوری باخەکان شورا کرابوو بۆ پاراستنی باخەکە، وە بەهۆی ئەم شورانەوە لە گولەی دوژمن پارێزراو بووین.

لە کاتی چوونە پێشەوەمان بۆ بەرەکانی شەڕ، هەوڵمان دەدا لە سەنگەرەکانی دوژمن نزیک ببینەوە. تۆپە سێ عوقدەکانمان زۆر بەتوندی سەنگەرەکانی دوژمنی بوردمان دەکرد. ئامر فەوج بە وەکالەت کە ئەحمەد کەمال قادر ناوێک بوو کوردی کەرکوک بوو بانگی ملازم مەهدی کرد، کە ملازم مەهدی بەرپرسی هێزی تۆپخانە بوو، پێی گوت: وەرە بۆ لام کە بەدووربین نێوانی ڕەبایەکانی دوژمن وەربگری. مولازم مەهدی چووە لای ئامر لیواو دووربینەکەی دایە مەهدی و گوتی: بە دووربین تەماشەی فلانە ڕەبیە بکە دۆشکەیەکی تیدایە ئێمەی هەراسان کردوە، ئەگەر بێتو ئەو دۆشکەیە لێ نەدرێت و لەناو نەبرێت مانای وایە دەمانخاتە مەترسیەوە. دوای ئەوەی ملازم مەهدی بە دووربین دووریەکانی وەرگرت گەرایەوە لای تۆپەکان و دوو تۆپی لەسەر یەک گرتە ڕەبایەکە و ئامانجی خۆی پێکا.

دیسان ئامر فەوج بانگی ملازم مەهدی کردەوە بۆ هەمان مەبەست، ئەویش چووە لای و دیسان مەسافەکەی وەرگرتەوەو گەڕایەوە لای تۆپەکانی و ڕووی وەرگێڕایە لای دوژمن بە مبەستی بوردمان کردنیان، بەڵام گولەیەکی دۆشکای جوولەکە هات و بەناو دەمی ملازم مەهدی کەوت وەشهیدی کرد، سەربازەکانی لەگەڵی بوون لاشەکەیان بە نەقالە گواستەوە بۆ دواوە. ئامر فەوجیش هەر هاواری دەکرد یالا مەهدی چیت کرد، تا ئەو کاتەی سەربازەکانی مەهدی پێیان گوت کە ملازم مەهدی شەهید بوو، ئیتر ئامر فەوج بێ دەنگ بوو. لەم هێرشەماندا بۆ سەر دوژمن چەند خۆبەخشێکی فەڵستینیمان لەگەڵدا بوو، یەک لە وانە زۆر منداڵ بوو تەمەنی هەر ١٢ ساڵێک دەبوو، زۆرمان پێ گوت بگەڕێوە تۆ منداڵی بۆ کۆێ

دەچیت، گوتی(اروح اقتل یهود واجیب بارودە) بەڵام زوو بەرکەوت و بریندار کراو بەبریندارێ گەڕایەوە. هەروەها یەکێکی تریانیش بریندار بوو بەڵام بریندەکەی سووک بوو.
لەگەرمەی شەڕ دابوین نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان هاتنە لای ئێمە و پێان گوتین بۆچی ئێوە هێرشتان کردۆتە سەر جولەکەکان، ئێوە لەگەڵ جولەکەکان لە حاڵەتی ئاگربەست دان و شەڕ وەستاوە، بگەڕێنەوە بۆ خەتی تەماس، بۆیە ئێمەش گەڕاینەوە دواوەوە و بەسواری ئوتمبێلەکان ڕۆیشتینەوە ئەو شوێنەی لێ ی هاتبوین. دوای نوێژی ڕۆژئاوا لە نێوان مەغریب و عیشادا لە گەڕانەوە دابووین فرۆکەیەکی جوولەکە هاتە سەرمان و چوار پێنج بۆمبای بەسەرماندا فرێدایە خوارەوە بەڵام هیچ زیانێکی گیانی و مالی لێ نەکەوتەوە.
ئێمە لەم هێرشەدا تەنها ملازم مەهدی کوژرا. جوولەکەکان چەکیان زۆر کەم بوو ئەوەی هەش بوو چەکی کۆن بوو. چەکەکانی ئێمەش هەر کۆن بوون، بریتی بوون لە تفەنگی ئینگلیزی ١١ خۆر لەگەڵ ئیستەرلینک و ڕەشاشی فیکەرس و ڕەشاشی برێن هاوەنی عوقدە ٢ و عوقدە ٣، وەچەند تۆپێکی گەورەی دوور هاوێژمان هەبوو بەڵام بەکار نەهات.

کۆتایی شەڕی جولەکەو گەڕانەوەمان بۆ عێراق

سوپای عێراقی لەبەر لۆمەی عەرەبەکان هاتبوونە فەڵەستین ئەگینا بۆ بەشداریکردن لە شەڕ نەهاتبون، چونکە بەپێی وەعدی بەلفۆر دەبوایە جولەکە ببێ بەدەوڵەت ڕ زوو ڕ درەنگ. حکومەتەکانی وڵاتانی عەرەبیش هەموویان سەر بە بەریتانیا بوون، وە بەریتانیاش نەک هەر پشتگیری لە جولەکەکان دەکرد بەڵکو کاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتیش دەکر. بۆیە لە ساڵی ١٩٤٨ کە هەر

شەڕ دەستی پێکردو فەڵستینیش دابەش کرا، وە لە سەر بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان دەوڵەت بۆ جولەکەکان دروست کرا. جولەکە بەپرۆسەی دابەشکردنی فەڵەستین رازی بوون، بەڵام عەرەب لە دژی وەستانەوە و دەستیان کرد بەناڕەزایی دەربڕین لە رێگای خۆپیشاندان و رێپێوان لە هەموو وڵات و شارو شارۆچکەکاندا، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، چونکە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا زۆربەیان پشتگیریان لە جولەکەکان دەکرد هەروەها دانیشیان بەدەوڵەتەکیان دانابو، هەروەها سۆڤیەتیەکانیش دانیان بە دەوڵەتی جولەکە دانابو. فەڵەستینی بەشی عەرەبیش دابەش کرایە سەر ئوردن و میسرو سوریا.

ئێمەی سوپای عێراقیش دوای ئەوەی شەڕ ڕاگیراو هودنەکرا، خۆمان کۆکردەوەو سەنگەرەکانمان تەسلیم بە سوپای ئوردن کرد، وە لە رێگای ئوردنەوە کەوتینە رێگا بەرەو عێراق، لەسەرەتا سواری لۆری فەڵستینیەکان بووین تاکو لە ناوچە شاخاویەکانی فەڵەستین دەرچووین، دوای ئەوە ئۆتومبێلی عەسکەری عێراقیمان بۆ هات و بە رێگای سنووری ئوردن عێراق گەراینەوە. کە گەیشتینەوە بەغدا، ئەوەبوو سێ شەو ماینەوە بۆ پشودان. دوای ئەوە لە کاتژمێر ٤ ی ئێوارە بەرەو کەرکوک بەڕێکەوتین ڕۆژی دوایی ٨ ی بەیانی گەیشتینە شوێنی دیاریکراو لە سەربازگەی فەوج لە کەرکوک. ساڵی ١٩٤٩ هەر هەمووی خەریکی مەشق و فەرەزیات بووین لە سەربازگەی کەرکوک. وە لە ١٩٥١/٨/١ خزمەتی سەربازیم تەواوکرد و لە سوپا دەرچووم.

تەواوکردنی ماوەی سەربازیم و گەڕانەوەم بۆ هەولێر

لە ١٩٥١/٨/١ خزمەتی سەربازیم تەواوکرد و لە سوپا دەرچووم و

گەڕامەوە هەولێر، دوای ماوەیەکی کورت لە حەسانەوە دوکانێکی سەرتاشیم کردەوە. لەمەوپێش باسم لەوە کرد کە لە سالانی چلەکان هەستی کوردایەتیم پەیداکردبوو وەبەکردنەوەی سەرتاشخانەکەم برادەرانی کوردپەوەرم لێ کۆبونەوەو، یەک لەو برادەرانەی کە لێم نزیک بۆوە ناوی (حسن قادر شەقلاوەی) بوو کە لەمەوپێش چاودێر بوو لە فەرمانگەی ئەشغالی هەولێر. بە هۆی ئەوەی لەو فەرمانگەیە دەرفەتی نەبوو کاری حیزبی بکات، وازی لەکارەکەی هێنابوو، لە فەرمانگەی پۆست (بەرید) بە فەرمانبەر دامەزرابوو خەریکی کاری حیزبایەتیش بوو. کاک قادر حەسەن زۆر بەگەرمی هاتووچۆی دوکانەکەی منی دەکرد و باسی سیاسەتی بۆ ئامادەبوان دەکرد، رۆژێکیان پێی گوتم: کاک ئەحمەد حەزدەکەم پیاسەیەک بکەین، ئەوەبوو بە پیاسە رۆیشتین بۆ لای ویستگەی شەمەندەفەر کە لە هەولێر پیان دەگوت (مەحەتە). قادر حەسەن گوتی، کاک ئەحمەد تۆ پەیوەندیت بەهیچ حزبێکەوە هەیە؟ منیش گوتم، نەخێر پەیوەندیم بە هیچ حزبێکەوە نیە. کاک قادر گوتی: هەتا پەیوەندیت بە حزبی شوعیشەوە نیە؟ گوتم، نەخێر. کاک قادری خوالێخۆشبو کە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە پەیوەندیم بە هیچ حزبێکەوە نیە، داوای لێکردم بچمە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

منیش بیستبوم کە حزبێکی کوردی هەیە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە کوردایەتی دەکات و ئەندام و لایەنگیرەکانی بۆ میللەتی کورد تێکۆشن، بەڵام زانیاریم نەبوو دەربارەی فیکرو ریبازی ئەو حزبە، بۆیە داوام لە کاک قادر کرد، کە پەیرەوپرۆگرام و بڵاوکراوەم بۆ بێنی بەمەبەستی خوێندنەوەو تێگەیشتن لە بیرو باوەڕو مەبەستی پارتی. قادر حەسەن گوتی: ئێستا پەیرەوپرۆگرامم دەست ناکەوێت، بەڵام بەزارەکی لە سیاسەتی پارتی و ئامانجەکانی ئاگادارت دەکەمەوە. دریژەی پێداو گوتی: «پارتی لە بەرژەوەندی چینی کرێکارو جوتیارو کاسبکارو خوێندەوارو رۆشنبیرانی

کوردستان تێدەکۆشێ» وەگوتی: هەر کاتێ پەیڕەوپڕۆگرامی پارتیشم دەست کەوێت ئەوە بۆتی دەهێنم، منیش بەخۆشییەوە پێشنیارەکەم قەبوڵ کرد و لە رێگای کاک قادر بەدۆستی پارتی وەرگیرام لە ١٩٥٣/٥/١٠ پەیوەندیم بەریزەکانی پارتییەوە کرد.

دوای ئەوەی پەیوەندیم بەریزەکانی پارتییەوە کرد، قسەم لە گەڵ زۆرێک لەو کەسانەی کەهات و چۆی دوکانەکەمیان دەکرد لە کرێکارو کاسبکارو قوتابیان کرد، وەتوانیم بەدۆست بۆ ریزەکانی پارتی رایانبکێشم.

بەمندالّی لە گوندی تۆبزاوەی ئەحمەد یەعقوبی لای مەلا عەلی کلاوڕەش لەبەر خۆێندن دانرام و قورئانم خوێند، ، بەلام مەلا عەلی مالەکەی باریکردو گواستیەوە گوندی کلاوڕەش، ئەوەبوو ئێمەش بەبێ مەلا ماینەوەو بەناچاری وازمان لە خۆێندن هێنا. کاتی خۆی لە کاتی خزمەتی سەربازیمدا لە ساڵی ١٩٤٨ هەوڵمدا تا ڕادەیەک فێری خوێندن و نووسین بووین، بەلام کە لە سەربازی تەواوبوم لە ساڵی ١٩٥١ دەستم بە خوێندن کرد لە قوتابخانەی ئێواران وە بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام بووم، دوای ئەوە گواسترامەوە بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی (اربیل اولی)، مامۆستاکانی دەرسیان پێ دەگوتین بریتی بوون لە مامۆستا عزالدین فەیزی، حەیدەر عوسمان ئاغا، حەکیمی قازی و مامۆستا جابر پیرداود. کە هەموویان مامۆستای زۆر کوردپەروەرو هاندەری چاک بوون بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە خوێندن هەروەها زۆریش خۆیان لە گەلمان ماندوودەکرد.

مامۆستا عزالدین فەیزی وانەی کوردی پێ دەگوتینەوە، هەرچەندە وانەی کوردی لە بەرنامەی خوێندندا نەبوو، وەمامۆستا لەسەر مەسئولیەتی خۆی کوردی پێ دەگوتینەوە، وەتەنها مەبەستیشی ئەوە بوو کە خەڵکی فێری خوێندن و نووسینی کوردی بکات. هەروەها مامۆستا حەکیمی قازی دەرسی عەرەبی پێ دەگوتینەوە،

مامۆستا جابر پیرداود بیرکاری دەوتـەوە، وەمامۆستا حەیدەر عوسمان ئاغا کۆمەلایەتی پێ دەگوتین و جار جارەش لە جیاتی مامۆستا عزالدین وانەی کوردی پێ دەگوتینەوە.
سـەرەرای وانـە گوتنەوەیان مامۆستایان هـەر کاتێ دەرفەتیان هەبوایە ئەوە وانەی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری و میژووی کوردو کوردستانیان پێ دەگوتینەوە، چونکە ئەو مامۆستا بەرێزانە تەنها هـەر مامۆستا نـەبوون بەڵکو رۆژنامـەنووس و کەسانی رۆشنبیریش بـوون، هـەر ئـەو سـەردەمـە رۆژنامـەی هەولێریان دەردەکرد و هەمیشە لاپەڕەکانیان بە گوتاری ئەدەبی و نیشتمانی دەڕازاندەوە. مامۆستا جابر پیرداود هونەرمەندێکی پەیکەر تاشی لێهاتوی بەناو بانگ بوو.

هاتنی شەمەندەفەر بۆ هەولێر

لە ساڵی ١٩٥٢ هێڵی شەمەندەفەر گەیشتە شاری هەولێر وە لە هەمان ساڵیشدا شەمەندەفەری گەیشتە هەولێر، وەبەدروستکردنی وێستگەی شەمەندەفەر چەندین خانوو بینایەی جوان لەو شوێنە دروستکران و سیمایەکی جوانی دا بە هەولێر. ئەم خانوانەش بۆ فەرمانبەرو کرێکارانی وێستگەکە دروست کرابوون، دیمەنی باخ و بینایەکانی وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر جوان بوو. زۆر لە دانیشتوانی هەولێر ئێواران دەهاتنە ناو باخەکانی وێستگەی شەمەندەفەر بۆ ئیسراحەت و کات بەسەربردن.
بـەڵام لە سەرەتای ساڵی حەفتاکان حکومەتی بەعس سکەکانی هێڵەکەی تێکدا، ئیتر هاتووچۆی شەمەندەفەر لە نێوان هەولێرو بەغدا نەما. هۆی ئەم تێکدانەش ئەوە بوو زۆر جار حکومەتی عێراقی شەمەندەفەری بۆ کاری سەربازی بەکاردەهێنا، وەک گواستنەوەی هێزی سوپای عێراق و هێزی چەکدارەکان بۆ هەولێر وە لەوێشەوە بۆ ناوچە شاخاویەکان و دۆڵەکانی کوردستان،

بەمەبەستی لێدانی هێزی پێشمەرگەو سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد. بۆیە پێشمەرگەش زۆرجاران بۆسەیان دادەنایەوە لە ڕێگای شەمەندەفەر لە نێوان بەغداو هەولێر و پەلاماریان دەداو دەیان سووتاند. هەر بۆیە وەک ئاماژەمان پێکرد حکومەت هێلەکانی ئاسنی تێکدا.

کۆچکردنی جولەکەکانی کوردستان

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە لە ساڵی ١٩٤٨ نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی دەرکرد، وەزۆرینەی وڵاتانی ڕۆژئاوا دانیان بە دەوڵتی ئیسرائیل دانا وەلە سەروی هەمویانەوە وڵاتانی زلهێزی وەک ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەت.

بەدامەزراندنی حکومەتی ئیسرائیل بانگەوازێک ئاراستەی هەموو جولەکەکانی دنیا بە گشتی وە جولەکەکانی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی کرا، بۆ ئەوەی کۆچ بۆ ئیسرائیل بکەن و لەوێ نیشتەجێ بن.

لە دەستپێکی بانگەوازەکەدا تەنها ئەو جوولەکانەی کە چالاک بوون و لە ڕێکخستنەکانی سیاسی و ئیشیان بە نهێنی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین دەکرد، هەلسان بەدانەوەی ڕەگەزنامە عێراقیەکانیان و داوای مافی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل کرد. حکومەتی عێراقی کەزانی جولەکەکان جنسیەی عێراقی دەدەنەوە بە حکومەت و دەچنە ئیسرائیل بڕیاریدا دەست بەسەر سەروەت و سامانیان دابگرێت و هەر چی هەیانە لە مال و مولک، وەهەر چەند دەوڵەمەندیش بن، تەنها مافی ئەوەی پێ دان کە (٥٠٠) دیناری عێراقی لەگەڵ خۆیان ببەن، ئەوەی لەو بڕە پارەیەش سەروەتی زیاتری هەبوایە ئەوە بە یاسا دەبوە مالی دەوڵەت. ئێستاش زۆر لە خانووی جولەکەکان ماون و فەرمانبەرانی حکومەت لە ناوی دانیشتون.

سەرەتا جوولەکە هەژارو کەم دەرامەتەکان دەستیان بە کۆچ کردن کرد بۆ فەلەستین وە ئەوانە سەر بە ڕێکخستنی سیاسی بوون. ئەوانەی دەوڵەمەند بوون سەرەتا نەڕۆیشتن بەڵام وردە وردە هەرهەموویان کۆچیان کردە ئیسرائیل، وە لە هەولێر تەنها مەحامی ناجی شاول مایەوە، ئەویش چووە بەغدا.

بزوتنەوەی جوتیارانی دەشتی هەولێر

کاتێک باسم لە نەورۆزەکانی سالانی ١٩٤٦،١٩٤٧،١٩٤٨ کرد ئاماژەم بەوەدا کە ئاهەنگەکان بە گوتنەوەی سرودی نەورۆز دەستی پێ دەکرد، وە لە لایەن (هۆمەر دزەیی) و چەند مندالێکی ترەو دەگوترایەوە، وەیەکی لە سرودەکانی نەورۆزی سالی ١٩٤٦ بەم شێوەیە دەگوترا:

بەخێر بێتەوە　　نەورۆزو بەهار
دوا ڕۆژمان ئەوێ　　لە گەورەو سەردار

بەڵام لە ژێر کارگەری بیروباوەڕی شوعیەت و مارکسیزم، کە ئەو کاتە زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵگادا، سرودی نەورۆزی سالی ١٩٤٧ بەم شێوەیە دەگوترایەوە:

بەخێر بێتەوە　　نەورۆزو بەهار
دوا ڕۆژمان ئەوێ　　لە پاڵەو جوتیار

هەروەها هوتاف و دروشمەکانی سالی ١٩٤٧ زیاتر ئەوەبون کە هاواریان دەکرد «بژی حزبی شوعیی وبژی چینی کرێکارو جوتیار» لە جیاتی دروشمەکانی سالی ١٩٤٦ کە بریتی بوو لە

«بژی کوردو کوردستان».
لەو سالانەدا کۆرە ئاغاکانی دزەییان زۆربەیان لەبەر خوێندن بوون و دەچونە قوتابخانە وە لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا بوون لە هەولێرو لە بەغدا. لە کاتی پشودان وگەڕانەوەیان بۆ گوندەکانیان بیرو باوەڕی چەپ و مارکسیەتیان لەناو جوتیارانی خۆیان لە دەشت دزەیی بڵاو دەکردەوەو هانیاندەدان لە دژی ئاغاکان کە کەس و کاری خۆیان بوون بوەستنەوە. دەیان گوت: ئاغا چەوسێنەرەو مالّی خەلک دەخواو بەقسەیان مەکەن وە لێیان قەبول مەکەن و لە دژیان راپەڕن. ئەم هاندانە بوە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی راپەڕینی جوتیارانی دەشتی دزەیی لە دژی خاوەن گوندەکان لە سالّی ١٩٥٣ .
سەرەتای راپەڕین لە گوندی قازیخانەوە دەستی پێ کرد وردە وردە هەموو گوندەکانی دەشتی دزەییاتی گرتەوە، جوتیارەکان سوێندیان بۆ یەکتر خوارد کە پشتی یەکتر بگرن وسەر بۆ ئاغاکانیان شۆڕ نەکەن. ئەگەر حکومەت پەلاماری ئەو راپەڕینەی نەدابایەو پێشی لێ نەگرتبایە ، ئەوە تەشەنەی دەکردو لەوانەیە هەموو گوندنیشەکانی عێراقیشی بگرتبایەوە. هێزەکانی حکومەت دەستیان کرد بە گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی راپەڕیو، لەوانە کۆرە جوتیاریکی خەلکی قازیخانە بە ناوی قادر ئیسماعیل و چەند کەسێکی تر کە دوورخرانەوە بۆ شارۆچکەی رانیە و دوای ئەوە گۆزارانەوە بۆ مەخمور لەوێ چەند پارچە زەویەکی میریان پێدان بۆ نیشتە جێبوون.

شڵەژانی ڕێکخستنەکانی پارتی لە هەولێر

مامۆستا عەونی یوسف لە سالّی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ وازی لە کاری حزبایەتی هێنا. بەوازهێنانی مامۆستا عەونی یوسف ڕێکخستنەکانی پارتی خراپ شڵەژان و زۆر لە ئەندام و دۆستانی پارتی لە هەولێر

وازیان لە حزب هێنا و بەگەل حزبی شوعیی عێراقی کەوتن ، وەکو جەرجیسی کەریمە گۆچ و جەمال سەوزەچی و حەیدەر ئەنوەر حەلاق و زۆرانی تر. کە پارتی توشی ئەو بارودۆخە خراپە بوو، زوو بە زوو جەلال تالەبانی خۆی گەیاندە هەولێرو سەر لە نوێ رێکخستنەکانی پارتی دروست کردەوەو ئیتر رۆژ بە رۆژ باری رێکخستن بەرەو باشی دەچوو.

ڕاستە مامۆستا عەونی یوسف وازی لە حزبایەتی هێنابوو، بەڵام وازی لە کوردایەتی نەهێنابوو، بەڵکو زیاتر خەریکی کوردایەتی بوو لەگەل کۆمەڵێک لە ئەندامانی دڵسۆزی وەکو: قادر حاجی کریم مەعروف کە ئەندامی ناوچەی هەولێر بوو، خوالێخۆشبو وەستا یاسین دارتاش کە بە (وەستا یاسینە قەڵەو) بەناو بانگ بوو، وە ئەندامی ناوچە بوو. ئەوانە خەڵکانێکی دڵسۆزو چالاکی ریزەکانی پارتی بوون. چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی هەولێر توشی راونان و گرتن و دوورخستنەوە بۆ خواروی عێراق دەبوون. لەوێ لە بەندیخانەکانی بەغدا و رومادی و نوگرە سەلمان بەندەکران و ئازارو ئەشکەنجە دەدران بە هۆی ئەوەی کە پارتین و کوردایەتی دەکەن.

ئەم برادەرە کوردپەروەرانەی لە سەرەوە ناوم هێناون ئەوانە دڵسۆزانی رێبازی کوردایەتی بوون لە شاری هەولێر، بە تایبەتی (وەستا یاسین دارتاش و قادر حاجی کەریم) کە حەقی وایە میللەتی کورد هەتا هەتایە یادیان بەرزو پیرۆز ڕابگرێت.

ئەوە میللەتی ئێمە لە دوای ڕاپەرینە شکۆدارەکەی ئازاری ١٩٩١ وە ماوەی چەند ساڵێکە نیمچە ئازادو سەربەخۆیە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا دەستەڵاتداران لە هەرێمی کوردستان تەنانەت نەیانتوانی خەبات و ماندووبوونی ئەو کەڵە پیاوانەیان بە میللەتکەی خۆشیان بناسێنن، شەقامێک باخچەیەک هۆڵێکیان بەناو بکەن. یادو یادەورتان هەر بەرزو پیرۆز بێت ئەی سەربازانی وونی دڵسۆزی رێگای

رزگاری کوردو کوردستان.

ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٤

هەر لەو ساڵەدا هەم دیسان مامۆستا عەونی یوسف لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە بەغدا مۆڵەتی سازکردنی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی وەرگرت. چەند ڕۆژێک بەر لە هاتنی جەژنی نەورۆز ئاگاداری ئەندام و لایەنگرانی پارتی کرایەوە کە پێویستە کاتژمێر ١٠ ی سەر لەبەیانی لای وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر ئامادەبن بۆ پێشوازی کردن لە شاندی کوردی کە لە بەغداوە دەهاتن بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی نەورۆز.

ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٩٥٤/٣/٢٠ هەموو ئەوانەی هەستی کوردایەتیان هەبوو، لە کاتژمێری ١١،٣٠ بەرەو وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر هاتن. شەمەندەفەر گەیشتە وێستگە، میوانەکان کە ژمارەیان لە ٣٠ تا ٤٠ کوردێکی فەیلی دەبوو بە سەرۆکایەتی حبیب محمد کریم و بە گوتنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب و سرودی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە دابەزین، ئیمەش بە دەهۆل و زورناوە پێشوازی میوانە ئازیزەکانمان کرد. هەروەها ئەم بەڕێزانەش ووتاریان خوێندەوەو بەخێرهاتنی وەفدەکەیان کرد، جەلال تاڵەبانی بەناوی جەماوەری شاری هەولێر، مامۆستا عەونی یوسف بەناوی نیقابەی پاریزەران، عبدالله ئیسماعیل ناسراو بە (مەلا ماتۆر) بەناوی جوتیارانی هەولێر، ئەحمەد عەلی مەحمود کاکەخان بەناوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

لەهەموو لایەک ئامادەبوان خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی بۆ میوانەکانیان کە لە بەغداوە هاتبوون بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی شاری هەولێر. ڕیوڕەسمی پێشوازیەکە بەدروشمی بژی کورد، بژی کوردستان کۆتایی پێهات. وە داوا لەجەماوەر کرا کە بەیانی کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ لە شوێنی

ئاهەنگ ئامادەبن[11]. شاندی میوانیش بەرەو شوێنی حەوانەوەی خۆیان بەرێکەوتن.

لە ڕۆژی ٣/٢١ مامۆستای کوردپەروەر بەناوی خۆی بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە، لەبەیننامەکەدا پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لەجەماوەری شاری هەولێر کردو هانی دەدان بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی پیرۆزی جەژنی نەوەرۆزە.

ئێوارە لە هەمان کۆڕەپان و لە کاتی دیاریکراودا جەماوەرێکی زۆر کۆبونەوە بۆ پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز. ئەو کەسانەی کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ریوڕەسمەکە، ئەم بەڕێزانەبوون: جەلال تاڵەبانی،عەونی یوسف، جەلیل هوشیار و سەعدی دزەیی و زۆرانی تر کەبەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە. دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێوەبەری ئاهەنگەکە بەخێرهاتنی ئامادەبوان کرا، بەرنامەی ئاهەنگەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دوای ئەوە چەندین ووتار خوێندرانەوە، ووتاری جەماوەر لە لایەن جەلال تاڵەبانی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرا، دوای ئەوە چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ لە لایەن تیپی هونەری تایبەت بەم ئاهەنگە پێشکەش کرا، هەروەها وتارێک لە لایەن سەعدی حەمەدئەمین دزەیی بە کوردی پێشکەش کرا، وە لەلایەن حەبیب محمد کەریم کە بەناوی شاندی بەغدا وە بە عەرەبی ووتاری پیرۆزبایی و سوپاس گوزاری پێشکەش کرا. هونەرمەندی خوالێخۆشبو «تایەر تەوفیق» بە گوتنی گورانیەک بەشداری کرد، کە لە شیعری شاعیر عەونی کۆیی بوو» وتم ئەی کچ لە گشتی شارستانی یان دەشتی» هەروەها چەندین گۆرانی لەلایەن هونەرمەندی حەیران بێژ «ڕەسول گەردی» پێشکەش کرا، لەگەڵ چەند پارچە موسیقایەک لە لایەن مامۆستا جەلیل هوشیارەوە.

مامۆستا عەونی یوسف و دەستەیەک لە ئەندامانی پارتی

سەرپەرشتی ئاهەنگەکەیان دەکرد، وە لە کاتژمێر شەشی ئێوارەدا کۆتایی بە ئاهەنگەکە هات.
میوانەکانی شاری بەغداش لە گوندی دوگرتکان لە لایەن خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەمەدئەمین دزەیی بانگهێشت کرابوون بۆ خوانێکی ئێوارە، وە شەو لەوێ مانەوە. بەیانی گەڕانەوە هەولێر، دوای ئەوە بەرەو بەغدا بەرێکەوتن. بەم شێوەیە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٤ بەبێ گیروگرفت بەڕێوەچوو.

نۆبۆزسیۆن و ململانێی دەسەڵات
لە ساڵانی ١٩٥٥- ١٩٥٦

لەو ساڵانەدا موعارەزەیەکی توندی حکومەتە یەک لە داویەکاکنی دەوڵەتی عێراقی دەستی پێکردبوو. ڕەخنەی توندیان دەگرت، ناڕەزایی و بێزاریان لە دژ دام و دەزگاکاکنی حکومەت دەردەبڕی وە بە بەردەوامی نووسینی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژانە داوای دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانیان دەکرد، داوای هەڵبژاردنێکی ئازادانەیان دەکرد، بۆ ئەوەی گەل بتوانێ نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی هەڵبژێرێ. نوێنەرانی موعارەزە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە گەڵ ڕۆژنامەکانی موعارەزە ڕۆڵێکی گرنگ یان دەگێڕا لە هاندانی جەماوەر بۆ داواکردنی مافەکانیان.
ئەو نوێنەرانەی کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە هاندانی خەڵک لەو سەردەمەدا، ئەوانە بوون: محمەد حەدیدی و محمەد سدیق شنشل نوێنەرانی شاری موسڵ، عبدالجبار جومرد نوێنەری بەغدا، هەروەها مەسعود محمەد نوێنەری شاری کۆیە. ئەم نوێنەرانەو چەندین نوێنەری تریش بەبەرداوامی لە موناقەشەو ڕەخنەگرتن دابون لە حکومەت و سەرۆکەکەی. ئەوە بوو حکومەتی ئەوسای

عێراق ناچار بوو ئیستقاله بدات و خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵ بە مەرسومێکی مەلەکی داوای لە (ئەرشەد العومەری) کرد بۆ پێکهێنانی وەزارەتێکی کاتی بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.
داوی ئەوەی وەزارەتی نوێ بەسەرۆکایەتی ئەرشەد عومەری پێکهاتوو لەلایەن مەلیک فەیسەڵەوە پەسندکرا، وەزارەت لە ساڵی ١٩٥٤ بڕیاریدا هەڵبژاردنێکی ئازادانە و دوور لەدەست تێوەردان بکرێت، وە کاتی هەڵبژاردنی دیاری کرد. ئەوە بوو هەر حزبە و کەوتە خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن، لە دیاری کردنی نوێنەرانیان بە مەبەستی پالاوتنیان و بڵاوکردنەوە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆیان. ئێمەی پارتی ئیسماعیل یەعقوبی مان لە هەولێر و سابیر عەزیز مان لە مەخمور دەستنیشان کرد بۆ خۆ پاڵاوتن لە هەڵبژاردندا، ئەوە بوو ئەو دوو کەسە ئەوراقی خۆیان بە ناوی بێلایەن پێشکەش کرد. هەروەها عەونی یوسف لە قەزای مەخمور بە ناوی بێلایەن خۆی پالاوت.
نوێنەرانی ئیتحادی دەستوری و حزبی ئومەی ئیشتراکی ساڵح جەبر لە هەموو مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن خۆیان پاڵاوت و ئامادەباشیان بۆ دەکرد و دەستیان کرد بە پروپاگاندە لە ناو کۆمەڵانی خەڵک بەمەبەستی وەدەستهێنانی سۆزیان و دەنگ پێدانیان لە ڕۆژی هەڵبژاردن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ترسێکی زۆریان لا دروست بوو کە نوێنەراکانیان دەرناچن، بە تایبەتی دەیان بیستەوە کە زۆرینەی خەڵکی هەولێر پشتگیری لە نوێنەرانی موعارەزە (کە پیان دەگوتن بەرەی گەل) دەکرد. بەتایبەتی لەسەر داوای پارتی هەندێ لە کادرانی جوتیارانی پارتی وەک مەلا عەوڵا (مەلا ماتۆر) و ساڵح شێرە و شەهید کەریم عارەبی دیبەگەیی لە دەشتی دزەیی بەگشتی و قەزای مەخمور بەتایبەتی دەسوڕڕانەوەو چینی جوتیارانیان ئاگادار دەکردەوە کە دەنگ بە سابیر ئاغای پیرەعارەبان بدەن چونکە سەر بە پارتییە، وەدەنگ مەدەن بە عەونی یوسف چونکە

سەر بە سەعید قەزازە. ئەم دیمایانە لەدژی خوالێخۆشبو عەونی یوسف دەکرا تەنها لەبەر ئەوەی وازی لە حزبایەتی هێنا بوو.
بەگشتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی پالێوراونی پارتی دابوون و لە دژی پالێوراوە حکومیەکان دابوون، هەر بۆیە پیاوانی حکومەت پشتگیریان لە پالێوراوکانیان خۆیان دەکردو فشارێکی زۆریان خستە بووە سەر بەرەکەی تر، وە داوایان لێ دەکردن کە خۆیان لە هەڵبژاردن بکێشنەوەو مەیدان بۆ نوێنەرانی حکومەت چۆل بکەن. بەڵام نوێنەرانی بەرهەڵستکار سوربون لەسەر نەکێشانەوەی خۆپالاوتنیان.
معاونی پۆلیس سالح خۆشناو و مفەوەز سەید جەلال، یەکە بە یەکە پالێواراونی موعارەزەیان ئاگادار دەکردەوە کە ئەوراقیان بکێشنەوە، بەڵام ئەوان ئەو داوایەیان رەتدەکردەوە، لە ئەنجامدا بو بە شەڕ لە نێوان سابیر ئاغاو معاونی پۆلیس سالح خۆشناو کە بۆە هۆی گرتنی سابیر ئاغاو زیندانی کردنی.
بۆیان گێڕامەوە، کە ڕۆژێکیان هەموو پالێوراوانی مەخەمور لەگەڵ دانیشتوانی لە گۆڕەپانێکدا کۆدەبنەوەو هەرکەسە باسی بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی دەکات، مەعروف حاجی پیرداود ئاغا کە پالێوراوی حزبی ئوممەی ئیشتراکی بوو گوتبوی: ئەگەر دەنگم بدەنی و سەربکەوم ئەوە کارەباتان بۆ دێنم، سابیر ئاغا ی مونافیسی لێی دێتە وەڵام و دەڵی: خانوەکانی مەخمور هەمووی لە پووش دروست کرایە، کارەبا شۆرتێک بکات ئیتر ئەوە هەمووی دەسوتێت. بەو مانایەی تۆ دەتەوێ مەخمور بسوتێنی نەک ئاوەدانی بکەیتەوە، تۆ ئەگەر ڕاست دەکەی مەخمور بێ ئاوە ئاویان بۆ دابین بکە[١٢]. هەر چەندە سابیر ئاغا ئەو قسەی بۆ پێکەنین کردبوو بەڵام ڕاستیش بوو، خانوەکانی مەخمور لە قوڕو دارو پوش دروست کرابوو.

ئەوەبوو لە هەموو پارێزگای هەولێر پالێوراوانی سەر بە حکومەتیان دەرچواند، هەموویان لە حزبی ئیتحادی دەستوری دەرچوون تەنها لە مەخمور مەعروف حاجی پیرداودیان لە حزبی ئوممەی ئیشتراکی بوو، ئەگینا ئەوانی تیر هەموویان لە جەماعەتی نوری سەعید بوون. وەپاش هەفتەیەک مەعروف حاجی پیرداودیان لاداو خدری ئەحمەدی پاشایان لە جێگای دانا کە لە حزبی ئیتحادی دەستوری بوو. بەم شێوەیە هەڵبژاردن لە هەولێر لە بەرژەوەندی ئیتحادی دەستوری کۆتایی هات، تەنها لە کۆیە نەبێت لەسەرەتادا نائیبی ئیتحادی دەستوریان دەرچواند کە مەلا حەوێز بوو، بەڵام دانیشتوانی شاری کۆیە زانیان کە ساختە لە دەنگەکانیان کراوە، بۆیە ئەنجامەکەیان قەبوڵ نەکردو دەستیانکرد بە خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی، وە لە ئەنجامدا پەلاماری لێژنەی هەڵبژاردنیان داو سندوقەکانی دنگدانیان شکاندو، داوایان لە حاکم کرد سەر لە نوێ هەڵبژاردنێکی عادیلانەو دوور لە ساختە بکرێتەوە. ئەوەبوو سەر لەنوێ هەڵبژاردن کرایەوە، ئەمجارەیان نائیبی گەل مەسعود محەمەد جەلیزادە دەنگی پێویستی هێناو دەرچوو، دانیشتوانی شاری کۆیە ش بە ئاواتی خۆیان گەیشتن.

دوای ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق بە گشتی و لە ناوچەکانی کۆیە و مەخمور بەتایبەتی تەواوبوو، حکومەت هەڵسا بەگرتنی سابیر ئاغا و کادیری جوتیارانی دەشتی هەولێر وەک مەلا عەولا، سالح شێرە و کەریم عارەب، وە خرانە ژووری بەندیخانە و بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ گیران، تاکو قائمقام بڕیاری دادگایی کردنی دان. لەڕۆژی دادگایی کردنەکە مامۆستا عەونی یوسف وەک پارێزەری کادیرەکان ئامادەبوو بەمەبستی دیفاع کردن لێیان و هەوڵی ئازادکردنیان. دوای لێکۆڵینەوەو بیستنی شاهیدەکان، کە هەموویان لەدژی گیراوەکان شاهیدیان داو، گوتیان: مەلا عەولاو برادەرەکانی لە دێهاتەکانی دەشتی دزەیی دەسوڕانەوەو

جوتیارانیان هاندەدا کە دەنگ بە سابیر ئاغا بدەن، وەدەنگ بە عەونی یوسف نەدەن چونکە عەونی بەفەرمانی سەعید قەزاز خۆی پالاوتیە.
دادگا بڕیاریدا هەر یەکەو بە کەفالەتی ٢٠٠ دینار ئازاد بکرێ بەمەرجێک جارێکی تر دژی حکومەت نەوەستنەوە، بەڵام هیچ لە گیراوەکان ئ. بڕە پارەی بۆ دابین نەدەکرا، بۆیە مامۆستا عەونی یوسف .. پارەی کەفالەتەکەی بۆدان، تا ئەو کاتەی بڕیاری دادگای بۆ تەمیز کردنەوەو دادگایەکە بردەوەو پارەکەی لە حکومەت وەرگرتەوە. بەو شێوەیە مامۆستا عەونی یوسف رێبازی کوردایەتی خۆیی دووپات کردەوە بۆ هەموان.
لە ساڵی ١٩٥٥، ناوچەی پارتی لە هەولێر توشی کێشەو گرفت بوو، بۆیە مەکتەبی سیاسی، جەلال تاڵەبانیان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو نارد بۆ هەولێر بەمەبەستی
چارەسەرکردنی کێشەکان، مام جەلال ئەو کاتە خوێندکاری کۆلێجی ماف بوو لە زانکۆی بەغدا. بە گەیشتنی مام جەلال چەند کۆبونەوەیەک لە گەڵ ئەندامانی پێشوی ناوچە کرا، شوێنی کۆبونەوەکان باخێکی شارەوانی هەولێر بوو کە دەکەوتە بەرامبەر مزگەوتی شێخ ئەبوبەکر.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا لێژنەیەکی ناوچەی نوێ پێکهات لەم ناوانەی خوارەوە:

* مەلا عەبدوللا ئیسماعیل
* ساڵح شێرە
* ئەحمەد بێکەس
* عەریف محمد ئیسماعیل عەوێنەیی
* شاخەوان نامیق

لێپرسراوی ناوچە
بەرپرسی جوتیاران
بەرپرسی کاسبکاران
بەرپرسی فەوجی سەربازی هەولێر
بەرپرسی قوتابیان

ئەو سەردەمە هەولێر شارێکی بچووک بوو، بەپێی زانیاریەکانی ئەو کات ژمارەی دانیشتوانەکەی ٥٠ هەزار کەسێک دەبوو، یەک ناوچە و پێنج لێژنەی پیشەیی هەبوو. پاش دامەزراندنەوەی لێژنەی ناوچە، خانوێکی دووژووریمان کە لە خشتی قوڕ دروست کرابوو دەکەوتە گەڕەکی تەیراوە و نزیک مزگەوتی شێخ مەلا رەشید بەکرێ گرت. مالّی مەلا عەولامان هێنا ناو ئەو خانوەو کردمانە مالّی حیزب، دەستمان بە کارە حیزبیەکانی خۆمان کردەوەو زۆر بە باشی و بە ڕێک و پێکی کارەکان بەڕێوە دەچوو.

بەستنی پەیمانی بەغدا

لە سالّی ١٩٥٥، پەیمانێک لە نێوان دەوڵەتانی عێراق، تورکیا، ئێران، پاکستان و بەریتانیا مۆرکرا. وەیەکەم کۆنگرەی لە هاوینە هەواری سەلاحەالدین لە هەولێر، لە هوتێل سەلاحەالدین بەسترا، پەیامنەکەیان ناو نا پەیمانی بەغدا. ئەم پەیمانە لە دژی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و بزوتنەوەی ئازادی خوازانی گەلانی ناوچەکە بوو، وەبەتایبەتیش دژی بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد بوو. ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش زۆر بە توندی پشتگیری لەو پەیمانە دەکرد، هەر لە ژێر کاریگەری سیاسەتی ئەو پەیمانەدابوو حکومەتی عێراق بڕیاری وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە شوعیەکانی عێراق دەرکرد. بەپێی بڕیارەکە هەر عێراقیەکی شوعیی، ئەگەر بەرائەت لە حزبی شوعیی نەدات و وازنەهێنێت، ئەوە ڕەگەزنامەی عێراقی لی دەسەندرێتەوە دوور دەخرێتەوە بۆ دەرەوەی عێراق. وەکو من دەمبیستەوە، دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی ئەو سەردەمە کە پێیان دەگوتن (بولیس الشعبة الخاصة) چەندین ئەندامی حزبی شوعیی عێراقیان بانگ دەکردو داوای بەرائەتیان لێدەکردن. یەک لەوانە فاتح ڕەسوڵ کۆیی بوو، کە

داوایان لێکرد بەرائەت بدا بەڵام بەرائەتی نەدا، لەبەر ئەوە زیندانیان کرد بەمەبەستی دوورخستنەوە لە عێراق. سەرەڕای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆری فاتح ڕەسوڵ لە بەندیخانەی هەولێر، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو بۆ حکومەت، چونکە هیچ بەرائەتێکی نەداو، بەهیچ شێوەیەکیش گوێی نەدەدا بە هەڕەشەکانی حکومەتی نوری سەعید. دوای چەند مانگێک لە گرتنی، حکومەت بێ ئومێد بوو لە بەرائەت دانی، بۆیە ئازادیان کرد.

ئەوەی من ئاگادارم، بڕیاری لێسەندنەوەی جنسیەی عێراقی تەنها بەسەر دوو کەس جێبەجێ کرا، ئەوانەش پارێزەر «کامل قزانجی» و پارێزەر «توفیق منیریان» بوو، هەردووکیان ئەندامی (انصار السلام العالمي) بوون، کە شوعیەکانی تێدا بالادەست بوو. پاش ئەوەی هەردوو ناوبراو دەگرن و دەیانخەنە زیندان، ڕەگەزنامەکانیان لێ وەردەگرنەوەو لەگەڵ پۆلیس ڕەوانەی سنووری تورکیایان دەکەن. وەک لە کامل قزنجی م بیست لە کاتی شاهێدیدانی لە دادگای گەل لە سەر بهجت عظيمي (بەڕێوەبەری گشتی ئەمن) گوتی: لە کاتی خۆی لەسەر فەرمانی سعید قزاز و عبدالجبار فهمي کە متصرفي (پارێزگاری) بەغدا بوو، زیندانیانی بەعقوبە و کوت و کرێکارانی بەندەری بصرة گوڵە بارانکران، هەروەها ئێمەش بەفەرمانی ئەوان بۆ تورکیا دوورخراینەوە و ئاوارەکراین.

کامل قەزانجي گوتی: ئێمەیان لەگەڵ پۆلیس بەبەندکراوی ڕەوانەی تورکیا کرد، لەسەر سنوور ئێمەیان دایە دەست پۆلیسی تورکیا. هەر یەک لە ئێمە مستێک خۆڵمان لە خاکی عێراق هەڵگرت و خستمانە گیرفانمان و خواحافیزیمان لە پۆلیسە عێراقیەکان کرد و یەکترمان ماچ کرد. پۆلیسەکان دەستیان بەگریان کرد و زۆر خەفەت باربوون. هەروەها گوتی: لە تورکیا ئێمەیان خستە زیندانەوە، پاش ماوەیەکی زۆر یاداشتێکمان دا بەمافی مرۆڤ، کە تێیدا داوامان لێ کردن یان ئەوەتە ئازادمان بکەن یان ڕێگامان بدەن بۆ هەر شوێنێک

کە خۆمان دەمانەوێ بچین. بەڵام هێشتا وەڵاممان نەدرابۆوە کە شۆڕشی ١٤ تەممووزی بەسەرداهات. لە لایەن زعیم رکن عبدالکریم قاسم بڕیاری لێبوردنمان بۆ دەرچوو، ئەوەبوو گەڕاینەوە بۆ عێراق و زۆر بەخۆشی یەوە لەلایەن گەلی عێراقەوە پێشوازیمان لێکرا.

گرتنی چەند زابت سەفێک
لە ڤەوجی تەدریبی هەولێر ١٩٥٤

لە ساڵی ١٩٥٤ ڕۆژێکیان ئیستخباراتی سوپای ڤەوجی تەدریبی هەولێر، کاتێک سەربازەکان لە گۆڕەپانی مەشقکردن دەبن، هەڵدەستی بە پشکنینی پێخەفەکانی سەربازان لە هۆڵی خەوتنیان، وە لە ئەنجامدا یەک دانە لە ڕۆژنامەی ڕزگاری، کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ناو گیرفانی قەمسەڵەی نائب عەریف قادر حەمەد مەحمود ناسراو بە (قادر شۆڕش) دەدۆزنەوە. بەدۆزینەوەی ڕۆژنامەکە، چەند کەسێک لە ئەندامانی پارتی دەگیرێن بەم ناوانە:

* ن.ع قادر حەمەد مەحمود ناسراو بە (قادر شۆڕش)
* ن.ع عەبدوڵڕەحمان سلێمان
* ن.ع عەبدوڵڵا ئەحمەد
* جندی اول محەمەد مەجید

لە کاتی گرتنی ئەو برادەرانە، مقدم عبدالباقی کاظم ئامر ڤەوجیان بوو، زۆر هەوڵی دەدا لەگەڵ ئیستخبارات بۆ ئازادکردنیان بەڵام هیچی بۆ نەکرا، وەتاکو لە هەولێر بوون زۆر خزمەتی دەکردن. ئێمەش لە ناوچەی هەولێر کە هەواڵی گرتنی برادەرەکانمان بیست، دەسبەجێ کەوتینە هەوڵدان بۆ ئازادکردنیان، بە تایبەتی مەلا عەولا کە نامەیەکی بۆ مام جەلال نووسی کە ئەو کاتە لە بەغدا خوێندکاربو، ئەوەبوو حزب منیان تەکلیف کرد بۆ گەیاندنی

نامەکە و ئاگادارکردنەوەی مام جەلال لە وەزعی شاری هەولێر. کە رۆیشتم لە سەرداوای خۆی دایکی قادر شۆڕش م لەگەل خۆم برد. نامەیەکیشمان لە نائب زابتی تەجنیدی هەولێر نوری عبدالکریم وەرگرت بۆ جێگری عەریف (ن.ع) «عبدالرحمن حاجی عەولا» لە بەغدا. کە گەیشتینە بەغدا لە پێشدا چوویینە مەعەسکەر وەشاش ن.ع عبدالرحمن مان دۆزیەوەو داوامان لێکرد مالی کەریم شێرەمان نیشان بدات. دایکی قادر شۆڕش لەسەر داوای خۆیی لە مالی کەریم شێرە مایەوە. منیش دوای ئەوەی راسپاردەیەکی سالح شێرەم دا بەمالی کەریم شێرە بەرێکەوتم بۆ هوتێل (شمال الکبیر) کە شوێنی حەوانەوەی مام جەلال بوو. دوای ئەوەی پرسیارم لە خاوەن هوتێلەکە کرد مام جەلالم دۆزیەوە، نووسراوی ناوچەم پێداو باسێکی وەزعی سیاسی شاری هەولێر و گرتنی زابت سەفەکانیشم بۆ کرد.

دوای ئەوەی مام جەلال نووسراوەکەی خوێندەوە دەستبەجێ سێ نامەی نووسی، یەکێک بۆ رائد فتاح میران، نامەیەکیش بۆ مقدەمێکی عەسکەری کە ناوەکەم لەیاد نەماوە، نامەی سێیەمیش بۆ جەوهەر هیرانی بوو کە لە کەرکوک بوو، وەداوای لێکردبوو نامەکان بەدەستی خۆیی بگەینێتە هەردوو زابتەکە و هەروەها ئاگاداری بکاتەوە لە باری زابت سەفە گیراوەکان، مام جەلال لە نامەکانیدا داوای لە زابتەکان کردبوو کە هەول بدەن بۆ ئازادکردنی زابت سەفەکان، هەرسێ نامەم لە مام جەلال وەرگرت و بۆ بەیانی لە گەل دایکی قادر شۆڕش بە شەمەندەفەر گەڕاینەوە بۆ هەولێر. کەریم شێرە ئێمەی گەیاندە وێستگەی شەمەندەفەر، لە ناو فارگۆنەکان شوێنی دانیشتن بەزەحمەت دەست دەکەوت، بەڵام کەریم شێرە توانی شوێنمان بۆ پەیدابکات و هەروەها پارەی شەمەندەفەرکەشی بۆ داین.

کە گەیشتینە کەرکوک من دابەزیم بۆ گەیاندنی نامەکان، دایکی قادر

شۆڕش گەڕایەوە بۆ هەولێر. لە کەرکوک مالّی جەوهەر خدر هیرانیم دۆزیەوەو بەزارەکی ئاگادارم کردەوە لە نامەکان و ڕێنمایەکانی مام جەلالم پێ ڕاگەیاند. ئیتر خواحافیزیم لە کاک جەوهەر کردو بۆ ڕۆژی دوایی بە ریگای شەمەندەفەر گەڕامەوە بۆ هەولێر.

نامەیەکیشم بۆ برادەرانی هەولێر هێنا بوو، دامە دەستی مەلا عەولا. بۆ بەیانی مەلا عەولا چوو بۆ لای پارێزەر زید احمد عثمان، داوای لێکرد کە بیێتە پارێزەریان بۆ دیفاع کردن لە زابت سەفە بەندکراوەکان، چونکە پارێزەر زید برادەری ئامر لیوا (انیس وزیر) بوو. مەلا عەولا گوتی: پارێزەر زید بەخۆش حالّیەوە بەڵێنی دا کە بەهەموو توانای هەولّی بەردانیان بدات.

ڕۆژی دوایی مەلا عەولا گوتی: بابچینە لای قاسمی مەلا فەندی، مالّی قاسم بەرامبەر شوێنی پارێزگای کۆنی هەولێر بوو کە ئێستا ئاسایشی هەولێری لێیە. کاک قاسم لەگەڵ لەدەرگا دان و پرسیاکردنمان لە خەو هەڵساو هاتە دەرەوە، کە چاوی بە مەلا عەولا کەوت گوتی: فەرموون مامۆستا فەرموون، ئێمەش چووینە ژوورەوە، دوای بەخێرهێنان و قاوە خواردنەوە، مەلا عەولا داوای نامەیەکی لێکرد بۆ (قاسم القیس) کە سەرۆکی سوپا بوو لە کەرکوک بەمەبەستی هاوکاری کردنی برادەرانمان لە کاتی دادگایی کردنیان، نامەکەی نووسی و دایە ئێمەو ئێمەش زۆر سوپاسمان کردو خواحافیزیمان لێکرد.

نامەکەمان دایە دایکی قادر شۆڕش، ئەویش گەیاندیە دەستی (قاسم القیس) دوایی خوێندنەوە نامەکە بەڵێنی پێدابوو کە یارمەتیان بدات، بەڵام یارمەتی دانەکە چی وانەبوو وەحوکمی دادگاش بەم شیوەیە بوو، ن.ع قادر حەمەد مەحمود ناسراو بە (قادر شۆڕش) بە ١٠ ساڵ حوکم درا، ن.ع عبدالله ئەحمەد بە ٧ ساڵ، ن.ع عبدالرحمن سلیمان وجندی اول محمد مجید بەبێ تاوان دەرچوون و ئازادکران.

دوای حوکمدانی ئەو برادەرانە لە بەندیخانەی کەرکوک گواسترانەوە بۆ بەندیخانەی بەعقوبە. لەبەندیخانە ن.ع عبدالله ئەحمەد بوو بە شوعیی و قادر شۆڕش وەک پارتی مایەوە، تاکو بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووز بەلێبوردنێکی گشتی لەلایەن عبدالکریم قاسم وە ئازادکران و گەڕانەوە هەولێر.

شیعرەکانی جەوهەر غەمگین و مام حەسەنی ئاشەوان

جەوهەر بەکر ناسراو بە (جەوهەر غەمگین) دەستی نووسین و شیعر دانانی هەبوو. سالی ١٩٥٥ جەوهەر چەند شیعرو چیرۆکیکی نووسیی بوو، ڕۆژێکیان کاک جەوهەر لە دوکانەکەم هاتە لام ، کاک سابیرئاغای دزەیشیم لابوو. نووسینەکانی دا بە سابیر ئاغا بۆ خوێندنەوە، دوای خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی سابیر ئاغا پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە کاک جەوهەر کرد، پێی گوت بۆ چاپیان ناکەیت! جەوهەر یش گوتی: پارەی چاپم نیە، سابیر ئاغاش پێی گوت: من لەسەر ئەرکی خۆم بۆتیان لە چاپ دەدەم، جەوهەریش بە سوپاسەوە نووسینەکانی دایەدەست.

سابیر ئاغا نووسینەکان دەباتە مەخمور کە لەوێ لە پاش خوێندنەوەی لە چاپیان بدات. لە مەخمور دەیانداتە مام حەسەنی ئاشەوان بۆ ئەوەی لە ئاشەکەی سابیر ئاغا بیان شارێتەوە، تا ئەو کاتەی لە چاپیان دەدات، چونکە ئاشەکە جێی گومان نەبوو. (دەگوترێ قسە کەوتە زارێک کەوتە شارێک)، دیارە مام حەسەن زۆر باسی دەستنووسەکەی لەملاو لەولا کردبوو، بۆیە هەوالکە دەگاتەوە پۆلیسی مەخمور گوایە مام حەسەنی ئاشەوان نووسراوی قەدەغەکراوی لە ناو ئاشەکەی شاردۆتەوە. پۆلیس ئاشەکە دەپشکنن و نووسراوەکان دەدۆزنەوەو سابیر ئاغاش دەگرن، لە کاتی لێکۆڵینەوە لە سابیر ئاغا، لێی دەپرسن خاوەنی ئەم دەستنووسە

کێیە! ئەوێش دەڵی هی خۆمن، بەڵام زۆر لە شیعرو چیرۆکەکان ناوی جەوهەرغەمگینی لەسەر دەبێت، بۆیە جەوهەریش دەگرن.
دوای چەند مانگێک لە لێکۆڵینەوە، هەردووکیان دەدەن بەدادگا. جەوهەر لەسەر نووسینەکەی ٦ مانگ حوکم دەدرێ، بەڵام لەسەر یەک لە شیعرەکانی کە زۆر هێرش دەباتە سەر سعید قزاز ٩ مانگ حوکم دەدرێ، وە سابیر ئاغا ش بێ تاوان دەردەچێ. جەوهەر سالێک چاودێری ئاسایشی دەخرێتە سەرو ماوەیەک دوور دەخرێتەوە بۆ شوعێبە لە بەسرا تا دوای ماوەیەک ئەوکاتە دەگەڕێتەوە هەولێر.
لە کاتی گیرانی جەوهەر و سابیر ئاغا ناوی شاخەوان نامیق یش لە نووسینەکانی جەوهەر هاتبوو، پۆلیسی شعبە خاصة فەرمانی پشکنینی مالّی شاخەوان یان دەرکرد، لەبەر ئەوەی زۆر برادەری من بوو و هاتوچۆی دوکانەکەی منی دەکرد، بۆیە پۆلیس هاتنە لای من و پرسیاری شاخەوان و ماڵەکەیان لێم کرد. منیش ووتم نە مالّیان پێ دەزانم و نە ئاگاداریّ شاخەوانیشم. بۆیە منیان بردە شعبە خاصة، لەوێ مفەوەزێکی پۆلیس بە ناوی حسین ثابت ناسراو بە (حسین رەشەبا) نووسراوێکی بۆ حاکمی لێکۆڵینەوە نووسی و ڕەزامەندی پشکنینی مالّی من و شاخەوانی وەرگرت، لە پێشدا چوین بۆ ماڵەکەی من لە گەڕەکی تەیراوە، دوای پشکنین هیچیان نەدۆزیەوە، منیان خستە ناو ئوتۆمبیلی پۆلیس و رووبان کردە گەڕەکی تەعجیل وجولەکان و عارەبان لەم گەڕەکانە دەگەڕان و دەسوڕانەوەو پرسیای مالّی شاخەوانیان دەکرد. پاش ٣ کاتژمێر گەڕان بە دوای مالّی شاخەوان دا گەیشتنە کۆلانێک لە گەڕەکی عارەبان، وە بەهۆی پێگوتنی منداڵێک مالّی شاخەوانیان دۆزیەوەو لەبەر دەرگاکەیان وەستاین، لە بەرامبەر دەرگای مالّی شاخەوان، چەند ژنێک دانیشتبوون، مفەوەزەکە پرسیاری لە ژنەکان کرد و گووتی: خوشکان ئێرە مالّی شاخەوان نامیقە، یەکێ لە ژنەکان گووتی: بەڵی هەوە، بۆچی ئەو کاکەی لە گەڵتانە ئەی شەو لە

مالّی ئەوان ناخەوێ! مفەوەز حسین بە چاوێکی تورِەو و قینەوە تەماشەیەکی کردم و گووتی: کلیلەکانمان ئەدەیتێ یان دەرگاکە بشکێنین، ناچار بووم کلیلەکانیان بدەمێ.

ژنەکە ڕاستی کرد، کاتێک مالّی شاخەوان چوون بۆ بەغدا کلیلەکانیان لای من دانا، گووتیان ئێمە دەچینە بەغدا بەڵکو ئاگاداری مالّەکەمان بیت و ئەگەر بتوانی شەو لەوێ بخەویت تا دەگەڕێینەوە. دوای ئەوەی دەرگاکانیان کردەوە، بە حسین ثابت ی مفەوەزی ئەمن و یوسف جعدان ی مفەوەزی پۆلیس مالّەکەیان ژوور بە ژوور پشکنی، بەڵام هیچی مەنوعاتێکیان دەست نەکەوت، هەرچەندە مالّەکە کتێبێکی ئێجگار زۆریان هەبوو. ژووریکیان کلیل درابوو کلیلەکەش لای من نەبوو، مفەوەز یوسف وێستی دەرگاکە بشکێنی، بەڵام حسین ثابت ڕێگای پێ نەدا.

دوای کۆتایی هێنان بە پشکنین، مەحزەرێکیان نووسی و کە هیچ کتێب و نووسراوێکی قەدەغەکراویان نەدۆزیتەوە، وەهەردوو مفەوەزو موختار ئیمزایان کرد. مفەوەزی ئەمن حسین ثابت گووتی: کاک ئەحمەد تۆ وەکیلی خاوەن مالّی، وەرەگیرفانمان بگەڕێ، نەبادا خاوەن مالّ بێتەوە و بڵێ زێڕ یان پارەم دزراوە، گوتم: من ئاگاداری هەموو شتێکم پێویست ناکات. بەر لە ڕۆیشتنیان، حسین ثابت گوتی: کاک ئەحمەد مادام کلیلەکانت لابوو، بۆچی لە بەیانیەکەیەوە ئەمان سوڕینیتەوە ئەوەندە ئەزیەتت داین! گوتم: ببورە ئەفەندی، کلیلەکان ئەمانەت بوون لای من، بەخیانەتم دەزانی مالّەکەتان تەسلیم بکەم. دوای خواحافیزی ئەوان ڕۆیشتن و منیش گەڕامەوە بۆ دوکانەکەم. کە مالّی شاخەوان لە بەغدا گەڕانەوە، حسین ثابت چووە لای باوکی شاخەوان و داوایی لێبوردنی لێکرد، کە ئەوان لەمالّ نەبونەو مالّەکەیان پشکنیە. منیش چوومە لایان و شاخەوان و باوکیم لە ڕووداوەکە ئاگادارکردەوە. هەرچەندە پێش پشکنینی مالّی شاخەوان، هۆبەی تایبەت لە پۆلیسی هەولێر فەرمانی گرتنی شاخەوانی

دەرکردبوو وە شاخەوانیان دەست نەکەوتبوو دەستگیری بکەن، بەڵام دوای پشکنینی ماڵەکەیان و نەدۆزینەوەی هیچ مەنوعاتێک، ئیتر شعبەی خاصة وازیان لە شاخەوان هێنا و تەنانەت بانگیشیان نەکرد. حسین ثابت ڕاستە مفەوەز ئەمن بوو بەڵام پیاوێکی باش و زیرەک و سیاسی بوو.

بڵاو بوونەوەی بیری نەتەوایەتی

ساڵی ١٩٥٦ پاش بڕیاری خۆماڵی کردنی نۆکەندی سویس لە لایەن سەرۆکی میسر جمال عبدالناصر و هێرشە سێ قۆڵیەکەی بەریتانیا و فەرەنساو ئیسرائیل بۆ سەر میسرو مقاوەمەت کردنی گەلی میسر تەکانێکی گەورەی بە تەشنەکردنی بیری قەومی عەرەبی دا. ئێزگەی دەنگی عەرەب (صوت العرب) لە قاهیرە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی عەرەبی، ئەو ئێزگەیە، هەردەم خەریکی هاندانی گەلانی عەرەب بوو دژبە بەریتانیاو ئیسرائیل و ئیمپریالیزم و هاندانی گەلی عێراقیشی دەدا دژ بە دەسەلاتدارنی عێراق کە لەسەر ئینگلیزەکان ئەژماردەکران.

ئێواران ئیمەی ئەندام و دۆستانی پارتی دەچوینە چایخانەی مەلا عەولا گویمان لە دەنگ و باس و تەعلیقەکانی (احمد سعید) دەگرت، کە هانی گەلانی عێراقی دەدا دژ بە کاربەدەست و حکومەتی عێراقی. کاتێک عبدالناصر خۆماڵی کردنی سویسی ڕاگەیاند هەموو هێزە سیاسیەکان بەرهەڵستی عێراقی بروسکەی پیرۆزباییان بۆ لێداو پشتگیریان لێکرد. ئیمەی پارتیش ١٦٠٠ ئیمزامان کۆکردەوە بۆ پشتگیری، وە مەکتەبی سیاسی لەگەڵ مەلا عەولا بۆ سەفارەتی کۆماری میسری نارد لە بەغدا.

پشتگیری کردنی میسرو ناڕەزایی دەربڕین دژ بە حکومەتی عیراق زۆرێک لە شارەکانی عێراقی گرتەوە، وەک شارەکانی

بەغداو موسڵ. لە هەولێریش حزبی شوعیی عێراقیی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان وبستیان خۆپیشاندانێک ئەنجامبدەن، بۆ ئەم مەبەستە هانی خەڵکیاندا بۆ بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکە. ئێمەی ئەندامانی پارتی هیچ رێنمایەکمان بۆ نەهاتبوو کە ڕۆڵی ئێمە چی دەبێت. ناوچە داوای رێنمایی کرد لە لقی ٢ سەبارەت بە بەشداریکردن یان نەکردن، لقیش وەڵامی داینەوە کە لە ئێستادا هیچ جۆرە زانیاریەکیان نیە، ئەوانیش وەکو ئێمە زانیاریان پێ گەیشتوە کە حزبی شوعیی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەو چالاکیە هەڵدەستن، هەر کەسێکیش بەشداری بکات لەسەر مەسئولیەتی خۆێی دەبێت.

لێژنە مەحەلی حزبی شوعیی عێراقی هەولێر، شوێن و کاتی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکەیان لە ناو جەماوەر بەم شێوەی خوارەوە بڵاو کردەوە:

خۆپیشاندانی شوعیەکان لە لای دەرگای ڕۆژهەلاتی قەڵات لە بەرامبەر حەمامی کۆنی (عەلیا ئاغا) دەست پێدەکات، خۆپیشاندانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش[١٣] لە شوێنی هاشم چەلەبی کە ئێستا شوێنی مەتعەم تاجریانە، دەست پێ دەکات.

ئێمە زۆرێک لە ئەندامان لای خۆمانەوە بریاری بەشداریکردنمان دابوو، شەوی پێش خۆپیشاندانەکەش چەند برادەرێکمان لە رێکخستنەکانی قەسابەکانی هەولێر لە گەڵ (یونس جرجیس قەساب) کە ئەندامێکی دڵسۆزی پارتی و بەرپرسی قەسابەکان بوو هاتنە لام و ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکە، منیش پێم گوتن: بەیانی کاتژمێر ٩ لە شوێنی دیاریکراودا ئامادەبن، وە لە نزیک پارێزگا تێکەڵ بە خۆپیشاندەران بن. قەسابەکان لێژنەیەک بوون لە رێکخراوی کاسبکارانی هەولێر کە من سەرپەرشتیم دەکردن و پەیوەندیان بە منەوە هەبوو.

بەیانی ڕۆژی خۆپیشاندانەکە کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی پۆلیسێکی

شعبە خاصة (ئەمن) کە ناوی حمید بوو لە گەڵ چەند پۆلیسێکی تر هاتن بۆ دوکانەکەم و گوتی: کاک ئەحمەد فەرموو تا مەرکەزی پۆلیس بچین و ئیشمان پێتانە. من و حوسێنی برامیان بردە لای سید جلال سید غریب کە مأمور مەرکەزی پۆلیسی بەلدە بوو، ئەویش ئێمەی بردە لای معاونی بەلدە کە ناوی خەیری بوو، ئەویش بەدەوری خۆیی ئێمە بردە لای بەڕێوەبەری پۆلیس هەولێر کە ناوی عبدالرحمن و خەڵکی هەولیر بوو. بەڕێوەبەری پۆلیس زۆر لەسەر خۆ بەمنی گوت: تۆ بۆ دانانیشی! گوتم چیم کردوە! بە تۆندی گوتی: تۆ هەولێرت تێکداوە، هێشتا ئەڵیی چیم کردوە. چیە ئەو موزاهەرەو موزاهەرەت دەست داوەتێ، بۆچی ڕەحەت دانانیشی، ئەم فەوزایە چیە دەست داوەتێ! واللە لە هەولێر هەر موزاهەرەیەک بکرێت ئەوە تۆ بەرپرسیاری وە تۆش دەگرم. منیش پێم گوت: من هیچ بەرپرسیار نیم، باشە ئەگەر من ئێرەم تێکداوە ئەی شارەکانی تر کێ تێکیداوە! گوتی: شارەکانی تریش چەند کەسانێکی وەکوو تۆ تێکیان داوە. گوتی: پێم بڵێ ئەو شەو ئەو قەسابانە کێ بوون هاتنە لات! گوتم: شەو کەس نەهاتۆتە لام، ئیوەیان بە درۆ ئاگادار کردۆتەوە. بەڕیوەبەری پۆلیس لەسەرخۆ گوتی: کوڕم ئاگاداری خۆت بە، ئێمە پیاومان لای ئێوە هەیە، وەدەزانین ئەمانە کێ بوون کە ئەو شەو هاتنە لات، بڕۆ ئەم جارە ئیزنت دەدەین، بەڵام جارێکی تر هیچ جولانەوەیەک بکەی دەتگرین.

سابیر ئاغای دزەیش لای بەڕێوەبەر دانیشتبوو، وادیار بوو بۆ هەمان مەبەست بانگ کرابوو. کە گەیشتمەوە دوکانەکەم زۆر لە برادەران و درواسێکانم هاتنە لام، وادیاربوو سازکردنی خۆپیشاندانەکە سەری نەگرتبوو، منیش کە ئەوەم زانی زۆرم پێم ناخۆش بوو، چونکە خەڵکەکە وایان دەزانی کە من دەوری سەرەکیم هەبووە لە خۆپیشاندانەکە، وە بانگ کردنم لە لایەن پۆلیسەوە بۆتە هۆی پووچەڵکردنەوەی خۆپیشاندانەکە. هەرچەندە منیش وەکو سەدان

کەس لە دانیشتوانی هەولێر دەمانویست بەشداربین، بەڵام ئێمە بەرپرس نەبووین لە کردن و نەکردنی خۆپیشاندانەکە ئەوە ئەرکی یەکێتی قوتابیان و حزبی شوعیی عێراقی بوو.

هەندی بڕاردەر هاتنەلام و باسی چۆنیەتی نەکردنی خۆپیشاندانەکەیان دەکرد، منیش باسێکی بانگکردنەکەی پۆلیس ودیداری بەرێوەبەرەکەی پۆلیسم بۆ دەکردن، لە پڕ توفیق ئاغای کۆیی کە چاودێری پڕۆژەی ئیدارەی مەحەلی بوو لێمان وەڕوور کەوت و گوتی: بەشەرەفم من ئێتر باوەڕم بەخەڵکی هەولێر نەما، چەند ڕۆژە دەڵێن خۆپیشاندان دەکەین کە چی نەوێران و نەیان توانی جێ بەجێی بکەن.

ئێمە زۆر گومانمان لە توفیق ئاغا دەکرد کە پەیوەندی بە شعبەی خاصەی هەولێرەوە هەبێت. زۆر جاران لەلایەن هەندێ خەڵک ئاگادار دەکراینەوە کە وریای توفیق بین، هەروەها زۆر جار توفیق ئاغا پرسیاری پڕ لە گوماناوی لێ دەکردین، بەڵام ئێمە قەت ڕاستیەکانمان پێ نەدەگوت وەهیچ نهێنیەکمان لای نەدەدرکاند.

هەر لە هەمان هەفتەی دوای سەرنەگرتنی خۆپیشاندانەکەی هەولێر پاریزەرانی شاری موسڵ بۆ پشتیوانی پاریزەرانی ولاتی میسر بڕیاریاندا مانبگرن. دەسەڵات لە هەولێر زۆر لە پیاوانی خۆی سەر بە شعبە خاصة ڕەوانەی موسڵ کردن بۆ سیخوڕی لەسەر خەڵکەکە، یەکێک لەوانەی چووە موسڵ توفیق ئاغا بوو، لەکاتی ڕۆیشتنی هاتە لام و گوتی: کاکە ئەحمەد دەچم بۆ موسڵ هیچ ئیشێکت نیە! گوتم: خێرە دەچیە موسڵ! گوتی: خوشکەزایەکەم لەوی سەربازە ئەمەوێ بیکەمە (موعین)، گوتم: نەخێر.

دوای دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلول وەکو بیستم لە ساڵی ١٩٦٢ لە کۆیە توفیق ئاغا لە لایەن هێزی پێشمەرگە دەگیرێت و دوای ماوەیەکی زۆر لە زیندانە ئەوجا ئازادی دەکەن.

لە کارو خەباتی حزبایەتی و کوردایەتی بەردەوام بووم، شعبة

خاصة ئیزبارەیەکی (فایل) بۆ کردبوومەوە وەک هەر گومانلێکراوێک ، وە هەر معاونێکی (ئەفسەر) شعبة خاصة دەگوازرایەوە هەولێر لێکۆلینەوەی لە فایلی گومان لێکراوەکان دەکرد و داوای خاوەن فایلەکەی دەکرد خاوەن فایلەکەش دەچووە لایان، وەدوای چەندین پرسیار داوای لێدەکردن کە ئیشیان بۆ بکات. ئەگەر خاوەن فایلەکە نکۆلی بکردایە ئەوە داوایان لێدەکرد پاکانە بنووسی[١٤]. یەکێک لە بانگکراوەکان من بووم، چەند جارێکیش لە لایەن شعبة خاصة بانگ کرام بۆ بەرائەت دان، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بەرائەتم نەدا، هەر چەندە من پارتی بووم و بەرائەت دان لە حزبی شوعیی بوو، چونکە رێنمایی سەکردایەتی پارتی بۆ ئەندامانی خۆی ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەک نابێت بەرائەت بدەن، هەر ئەندامێکیش بەرائەتی بدابا ئەوە شەش مانگ لە ریزەکانی حزب دوورەدەخرایەوە، دوای ئەو شەش مانگە لێژنەی مەرکەزی حزب چاوی بە بڕیارەکەی دادەخشاندەوە، ئەو کاتە بڕیارایان لە چارەنووسی دەدا لە ریزەکانی حزب.

پاکانەکردن (بەرائەت) ئەزمونێکی نوێ بوو بۆ ئەندامانی پارتی، تاقیکردنەوەیەکیش بوو لە ڕادەی دڵسۆزی و شۆڕشگیری ئەندامەکان، بۆیە سەرکردایەتی پارتی ئەو بڕیارەی دەرکردبوو. ئەوەی بەڕائەتیش بدابا ئەوە ئەو بەڕائەت دەبوە لەکەیەکی ڕەش لە خەباتی سیاسی ئەو کەسە. بۆیە هەموو حزبە شۆڕشگێڕە عێراقیەکان پاکانە کردنیان قەدەغە کردبوو.

بە هۆی هەڵوێستی پاکانە نەکردنم، ئیتر پۆلیسی هۆبەی تایبەت زیاتر چاودێری خستە سەرم و ڕۆژانە بەوردی چاودێری هەموو جوڵانەوەیەکیان دەکردم، بەردەوام بە فایلەکەم دادەچوونەوە. ڕۆژێکیان ئەفسەرێکی هۆبەی تایبەت کە ناوی (منعم) و خەڵکی موسڵ بوو، دیراسەی فایلەکەم دەکات و دەڵێ ئەم فایلە هی کێیە، یەک لە پۆلیسەکانیش دەڵێ ئەوە هی فلانە کەسە، شێخ محمود ناوێک

که پیاوێکی ئاین پەروەرو خەڵکی تەلەعفەرە و برادەری شێخ تاهیر نەقشبەندی خزممان دەبێ لەوێ دەبێت، دەڵێ : ئەو ئەحمەدە شوعیی نیە، بەڵام هەندێ خەڵکی گومان لێکراو هاتووچۆی دوکانەکەی دەکەن، معاون (منعم) یش دەڵێ باشە مادام تۆ دەی ناسی پێ ی بڵێ با ئیشمان لەگەڵ بکات، شێخ مەحمودیش دەڵێ باشە. ئەوە بوو شێخ مەحمود هاتەلام و زۆر بەشەرمەوە مەسەلەکەی بۆ گێڕامەوەو گوتی: من لەسەر داوای (منعم)دا هاتومەتە لات، وتم: یاشێخ من حەز ناکەم تۆ ئەو داوایە نەک تەنها لەمن نەکەیت بەڵکو لە هیچ کەسێکی بکەیت چونکە بۆ خۆت جوان نیە داوا لە خەڵک بکەیت ببێتە جاسوس و ملی خەڵک بشکێنن، شێخ مەحمود بە شەرمەوە گوتی: من تەنها قاسیدم و ڕاسپێردراوم.

ئەوە بوو پۆلیسی تایبەت زۆر بە زەقی چاودێری دەکردم وای لێهات خەڵک نەدەوێرا بێنە دوکانەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ بازاڕی دوکانەکەم بەرەو خراپی دەڕۆیی، وام لێهات

بیر لەوە بکەمەوە دواکنەکەم بفرۆشم و بچمە کەرکوک، پاشان بیرم کەوتەوە کە برادەرێکم هەیە ناوی مەلا ئەحمەد محمودە ناسراوە بە (مەلا ئەحمەد فرنچی) و لە کۆمپانیای بەندەوی دەربەندیخان ئیش دەکات، گوتم با چاوەڕێکەم تا دەگەڕێتەو بزانم ئەو دەڵێ چی. کاتێک مەلا ئەحمەد گەڕایەوە هەولێر، چوومە لای و پرسیارم لێی کرد، ئەگەر ئیش و کار لای وان دەستکەوێت! وتی: ئەگەر تۆ بتەوێ ئیش بکەی ئەوە ئیش هەیە، بەڵام سەبر بگرە تاکو ئەو جارە دەچم و دەگەڕێمەوە.

بەرەو دەربەندیخان

ساڵی ١٩٥٧ کە مەلا ئەحمەدی برادەرم هاتەوە هەولێر، هاتەلام و وتی: خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی بچینە دەربەدیخان. دونیا هاوین بوو، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ کاتژمێر نزیک ٤،٣٠ بوو چوینە

وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر. لەوێ تووشی عەریفی پۆلیسی تایبەت اسماعیل یاسین بووین، دوای چاک و چۆنی وتی: ها کاکە ئەحمەد بۆ کوێ دەچی، منیش بێ ئەوەی بیری لێبکەمەوە وتم: دەچمە دەربەندیخان بۆ ئیشکردن، خواحافیزی کردو ڕۆیشت. ئێمەش بلیتمان بڕی و سەرکەوتین بەرەو کەرکوک، لە وێشەوە بۆ جەلەولا، شەو گەیشتینە جێگا و هیچ هوتێلێک لە جەلەولا نەبوو، بەناچاری لە چایخانەیەک دابەزین و خواردنی ئێوارەشمان لە وێ خوارد شەویش هەر لەوێ لەسەر تەختە دارەکانی چایخانە خەوتین، بەیانی هەڵساین لەخەو و چێشتمان خواردو بە پاسێکی کۆن کە نەفەری بە ٧٥٠ فلس بوو بەرەو دەربەندیخان کەوتینە ڕێگا، ڕێگاکە زۆر خراپ بوو، قیرتاو نەکرابوو هەمووی قۆرت و کۆسپ بوو، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە دەربەندیخان، لەوێ هوتێلی لێ نەبوو، لە فرنەکەی مەلا ئەحمەد دابەزین و میوانی ئەو بووین. دوای چەند ڕۆژێک توانیم دوکانێکی سەرتاشی دابنێم، ئیشەکەم زۆر باش بوو، هەستم دەکرد کە سەرکەوتوو بووم لە هەنگاوەکەم بۆیە هەستم بە جۆرێک لە خۆشحاڵی دەکرد، ڕۆژانە ٢-٣ دینار دەستکەوتم بوو. ئەو کات ڕۆژێ ٣ دینار بۆ من پارەیەکی باش بوو.

ڕۆژێکیان کابرایەکی ئەفەندی باڵابەرز هاتە بەردەمی دوکانەکەم و گوتی: ناوت چیە! ناوی خۆم پێ وت، وتی: نووسراوێک لە شعبەی خاصەی هەولێر هاتووە بۆ پۆلیسی دەربەندیخان کە دەڵێت؛ ئەحمەد حەمەد فەقێ لە هەولێر هاتۆتە دەربەندیخان و شوعییەو چاودێری بکەن، ئێنجا ئاگاداری خۆت بە، منیش زۆر سوپاسم کرد. کابرای ئەمەی پێوتم، ناوی (حەمە دەمە) و خەڵکی سلێمانی بوو، لە کۆمپانیای دەربەندیخان کارمەند بوو.

هەرچەندە نووسراوی پۆلیسی هۆبەی تایبەت لە سەری نووسرابو نەهێنی، بەڵام کاکە حەمە زەرفەکەی کردبۆوە. چەند ڕۆژێکی

بەسەر ئەو ئاگادارکردنەوەیەدا تێپەڕیبوو کە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسی دەربەندیخان، سێ پۆلیسی تێدا بوو، هاتنە بەردەمی دوکانەکەم و پرسیاریان لە ناوم کرد، کە ناوەکەم پێ گوتن، گوتیان: بێ زەحمەت لە گەڵمان وەرە تا مەخفەری پۆلیس مەئمور مەرکەز داوات دەکات. منیش بەبێ پرسیار کردن لەگەڵیان ڕۆیشتم چونکە دەمزانی مەسەلەکە چیە. کە گەیشتینە مەخفەرەکە علی عباس کە مەئمور مەرکەز بوو چەند پرسیارێکی لێکردم سەبارەت بە ناوم و لە کوێ هاتیمەو بۆچی و چی دەکەم، منیش بەپێ ی پێویست وەڵامم دایەوەو کە بۆ کاسبیش هاتومەتە دەربەندیخان، گوتی بۆ لە هەولێر ئیش نەبوو، یان تۆ بۆ تێکدانی ئێرە هاتووی! منیش گوتم نەخێر من بۆ تێکدان نەهاتومەتە ئێرە، من بۆ ئیشکردن هاتوم، وە هەر کاتێکیش سەرپێچی یاسام کرد دەتوانن ئیجرائاتی یاسایم لەگەڵ بکەن، وتی ئێرە هەولێر نیە هەرشتێکت لێ ببینم ئەتخەینە ناو زێی سیروان. گوتم باشە کەی شتێکی نایاساییت لەمن دیت ئەو کاتە چی دەکەن بیکەن. وتی: تۆ لەگەڵ کێ هاتوی بۆ دەربەندیخان، منیش مەلا ئەحمەد بۆ باسکردبوم کە برادەراتی هەیە لەگەڵ علی عباسە بۆیە وتم: لەگەڵ مەلا ئەحمەد، گوتی کام مەلا ئەحمەد! وتم فرێچی. وتی های های تۆو مەلا ئەحمەد کوجا مەرحەبا، تۆ شوعیی، مەلا ئەحمەد کوڕی باش. وتم: منیش باشم و شوعیی نیم و لەسەرمی فەرزمەکە.

لەم قسانە دابووین خاڵۆ حوسین عزیز گەیشتە لای علی عباس و وتی: ئەفەندی ئەم کاک ئەحمەدەتان بۆ گرتووە! وتی: شوعیە بۆیە گرتومانە. خاڵە حوسین وتی: بەخوا من شوعیی بم ئەم کاک ئەحمەدە شوعیی نیە، وەتاکو لێرەبێ ئەوە من کەفالەتی دەکەم. ئەوەبوو لەسەر داوای خاڵۆ حوسین وازیان لێهێنام و گەڕامە دوکانەوە. خاڵۆ حوسین یەکێ بوولە پێاوە ماقوڵانی دەربەندیخان، خاوەنی چێشتخانەیەکی گەورە بوو، مەئمورانی دەوڵەت ڕێزیان

لێدەگرت. ڕاستە ڕێگام پێدرا کە بچمەوە دوکانەکەم بەڵام بەمەرجێ هەموو ڕۆژێ جارێک بچمە مەرکزی پۆلیس و خۆمیان نیشان بدەم تا ئەو کاتەی معاونی مەرکەزەکە دەگەڕێتەوە. دوکانەکەی من کەوتبووە ڕۆژئاوای دەربەندیخان وە مەرکەزی پۆلیس کەوتبووە ڕۆژهەڵات، نزیکەی کاتژمێرێک و نیوم پێویست بوو ڕۆژانە بۆ ئەو هاتووچۆیە، سەرەڕای ئەوەی هەندێ ڕۆژ ڕێگا دەگیرا بە هۆی کاری فرەوانکردنی ڕێگاکە و تەقاندنەوەی شاخەکان بە دینامیت، بۆیە ڕێگاکە دەگیراو پتر لە کاتژمێرێکیان پێویست بوو تا خاوێنی بکەنەوەو ڕێگاکە بکەنەوە. ئەوە حاڵم بوو تاکو معاون پۆلیس جمال شێخ عبدالحمید ئەتروشی گەڕایەوەو ناردی بەدوام، کە چوومە لای زۆر ڕێزی لێگرتم، دوای بەخێرهاتن، وتی: بۆ چی هاتویتە ئێرە! منیش وتم: بە مەبەستی ئیشکردن هاتوم، گوتی: بەخێر بێی، وە هەموو عێراقیەک لە هەر شوێنێک لە سەرتاسەری عێراق مافی خۆیەتی ئیش بکات، وەتۆش مافی خۆتە هەر شوێنێک بۆ ئیشکردن هەڵبژێری، بەڵام ئاگاداری خۆت بە ئیشەکانت لە چوارچیوە یاسا دەرنەچێت، وە ئەگەر ڕێگات کەوتە سلێمانی ئەوە سێ وێنەمان بۆ بێنە بۆ ئەوەی فایلێکت بۆ بکەینەوە.

دوای ئەوەی وێنەکانم بۆیان برد، شێخ جمال پێی وتم: چیتر پێویست ناکات ڕۆژانە بێ ی بۆ مەرکەزی پۆلیس. بەڵام خرامە ژێر چاودێری پۆلیس.

دروستکردنی ڕێکخستنی پارتی لە دەربەندیخان

پاش ئەوەی نیشتەجێ بوم و دەستم بەکارکرد، دۆستایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتیم لەگەڵ هەندێک خەڵکی دەربەندیخان دروستکرد، بیرم لە حزبایەتی کردەوەو کەوتمە پرسیار کردن لە ناسیاوەکانم ئەگەر بوونی ڕێکخستنێکی پارتی هەبێت لە

دەربەندیخان، بەڵام بۆم دەرکەوت تەنها رێکخستنی حزبی شوعیی بوونی هەیە. بۆیە لەو کاتانەی کە بێ ئیش دەبووم سەردانی ئەو دوکان و شوێنانەم دەکرد کە باسی سیاسەت و خەباتی تێدادەکرا. لە ئەنجامدا کەسێکم ناسی بەناوی «عبدالقادری مەلا سەعید کانیساردی» مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرو خاوەن هەستێکی باشی کوردانە بوو، دوکانێکی عەتاری هەبوو، زۆر لە خەڵکانی سیاسی لای ئەو دادەنیشتن. دوای ئەوەی کە جۆرێک لە دڵنیاییم لا دروست بوو کە پێاوێکە جێگایی بڕواو متمانەیە، پرسیارم لێ کرد ئەگەر پارتی رێکخستنی هەبێت یان نا لە دەربەندیخان! گوتی: پارتی هیچ جۆرە رێکخستنێکی نیە لە دەربەندیخان. دوای ئەوە بەردەوام بوو گوتی: ئەگەر رێکخستنێکی پارتی هەبێت لێرە ئەوە کەسانێکی زۆر هەیە پەیوەندی پێوە دەکات، چونکە خەڵکێکی زۆر وازی لە رێکخستنەکانی حزبی شوعیی هێناوەو دەیانەوێ لەگەڵ پارتی ئیش بکەن، وە یەکێک لەوانە خۆمم کە دەمەوەی بچمە ریزەکانی پارتی. هەروەها کاک عبدالقادر ئیشارەتی بەناوی «عمر محمد زیوەی(زازا)» کە خەڵکی بادینانە، «کەریمی وەستا مەحمودی حەمامچی» کە خاوەن حەمامی دەربەندیخانە دا، وە وتی: ئەوانە هەردوکیان پارتین. دوای ئەو زانیاریانە پەیوەندیم بە هەدوو برادەرەوە کردو باسێکی تێرو تەسەلی پارتایەتیم لەگەڵدا کردن. وەپێم ڕاگەیاندن کە پارتی رێکخستنی دامەزراندوە لە دەربەندیخان و داوام لێکردن پەیوەندی بکەن. ئەوەبوو یەکەم شانەی رێکخستنی پارتیم دروستکرد کە خۆم سەرپەرشتیم دەکردن، وە لەو برادەرانە: عبدالقادر مەلا سعید، عمر محمد زازا و کریم وەستا محمود حەمامچی.

لەگەڵ عبدالقادر مەلا سعید چووین بۆ لای هەندێ لەو ئەندامانەی کە وازیان لە حزبی شوعیی هێنابوو دەیانویست پەیوەندی بە ریزەکانی پارتیەوە بکەن. لە پێشدا قسەمان لەگەڵ «حەمە فەرەج ژاڵە ناوی» و»علی قادر ژاڵە ناوی» و «سالح پاڵەوانی شمشێر

کۆل» کرد، ئەو برادەرانە داوای پەیڕەو پڕۆگرامی پارتییان لێکردم، ئەوەش ئەو کاتە زۆر بەزەحمەت دەست دەکەوت، بۆیە هاتنی ئەو برادەرانە ڕاگیرا تا ئەو کاتەی پەیڕەو پڕۆگرامیان بۆ پەیدادەکەین، تەنها سالح پالەوان نەبێ بوو بە ئەندامی پارتی و چاوەڕێی پەیڕەو پڕۆگرامی نەکرد.

دوای دروستکردنی ئەو ڕێکخستنە سەرەتایە، دەستمان کرد بەگەڕان بەدوای پەیداکردنی دۆست و لایەنگیر بۆ پارتی، زۆر لەو ئەندام و دۆستانەی کە پەیوەندیان پچڕابوو بە پارتی پەیوەندیان پێمان کردەوە لەوانە، «شێخ جونەیدی دارتاش زیوەیی» «عمر حسن» و «سابیر محمد گاسوار». پاش ئەوەی کاری ڕێکخستنمان لە ناو دەربەندیخان دروستکرد، لەگەڵ عبدالقادر مەلا سعید دەستمان کرد بە گەڕان بە ناو دێهاتەکانی هۆرێن و شێخان، قەسران، شمشێر کۆل و ژالەناو، توانیمان دۆست و لایەنگرێکی زۆر بۆ پارتی پەیدا بکەین. دوای چەند ڕۆژێکی تر لەگەڵ کاک «ئەنوەر نورالدین» جەولەیەکی ترمان بۆ ناوچەی هۆرێن و شێخان کرد و توانیمان چەند دۆست و لایەنگرێکیتر بۆ پارتی زیاد بەکەین، لەوانە «مەلا ڕەئوف حاجی عوبێد شەمیرانی» و «حەمە شەمێرانی».

دوای دوو مانگ لە دامەزراندنی لێژنەیەکی ڕێک وپێکی ڕێکخستن و بەردەوام بوون لە کارکردندا، ئابوونەی دوو مانگی ئەندامانم کۆ کردۆوەو ناردم بۆ لقی دووی هەولێر. لقی هەولێر ئاگاداریان کردمەوە کە پەیوەندی بە لقی چواری پارتیەوە بکەم لە سلێمانی، چونکە دەربەندیخان لە سنووری سلێمانیە وەبەرپرسی لقی سلیمانیش ئەو کاتە «نوری ئەحمەد تەها» بوو.

پاش ئەو ڕێنمایە، ڕۆژێکیان بە تەنها خۆم چووم بۆ سلێمانی و نوری ئەحمەد تەهام دۆزیەوەو سەبارەت بە چۆنیەتی دروست کردنی ڕێکخستن و چالاکەیەکانی پارتی و کۆکردنەوەی دۆست و لایەنگیران لە دەوری حزب بۆ کاک نوری باس کرد، هەروەها

گلەیشم لێکرد کە چۆن شوێنێکی گرنگی وەک دەربەندیخان کە هەزاران کرێکاری لێ ئیش دەکەن، وە لە هەموو جۆرە نەتەوەو ئاینێکی تێدایە (کورد، عەرەب، ئاشوری، تورکمان، ئەرمەن، وە بیانیەکی زۆری ئەمریکی، ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی) پشت گوێ خراوە و بایەخی لەلایەن حزبەوە پێ نەدراوە، کاک نوری گوناهەکەی خستە ئەستۆی لێژنەی ناوچەی هەڵەبجە، لەبەر ئەوەی دەربەندیخان لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە هەڵەبجەیە، بۆیە ئەوان کەم تەرخەمن لەوبارەیەوە.

باسی ئەوەمان کرد کە ئێمە لە گەڵ ئەو کۆمەڵە برادەرانەی کە وازیان لە حزبی شوعیی هێنابوو یەکترمان بینوو داوامان لێ کردن کە بێنە ریزی پارتیەوە، لەو ماوەیە چەند جارێکی تریش لە گەڵیان دانیشتین و گفتوگۆی زۆرمان کرد سەبارەت بە سیاسەت و ئامانجی پارتی، بەڵام ئەوان سوربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ پەیرەوپڕۆگرامی پارتی بخوێننەوە ئەو کاتە بڕیار دەدەن. ئەوە بوو شۆڕشی ١٤ تەممووزی بەسەر داهات و ڕەوشەکە بە تەواوی گۆڕاو سەرەتا حزبی شوعیی ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو، ئەو برادەرانەش وایان زانی کە حزبی شوعیی دەستەڵاتی گرتۆتە دەست و بۆیە هەموویان چونەوە ریزی حزبی شوعیی وە پەشیمان بوونەوە لە هاتنە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان.

شۆڕشی ١٤ی تەممووز

بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووز لە ١٩٥٨ ڕووداوێکی گەورە بوو لە عێراق و ناوچەکەدا، وەرچەرخانێک بوو لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی عێراق و کوردستان دا. بۆمن شتێکی کتوپڕ بوو چاوەڕوانم نەدەکرد وابەو ئاسانیەو خێرایە، وە بەو قەبارەیە ڕەوشەکە بگۆڕێت. شۆڕشی ١٤ی تەممووز خۆشیەکی ئیجگار گەورەی خستە دڵ و دەروونی زۆربەی دانیشتوانی وڵات،

چونکە زۆربەی خەڵکی عێراق نەیاری حوکمی پاشایەتی بوون و لایەنگری سیستمی کۆماری بوون، بۆیە سەرەتا خەڵکەکە واهەستیی دەکرد، کە ئەوە ئازادی یەکجارەکی و کۆتاییە. بە تایبەتی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن[١٥] کە لە دژایەتیەکی سەختی حوکمەتی پاشایەتیدا بوون. گەلی کوردیش وەکو زۆربەی گەلانی عێراق شادو بەختەوەر بوو بەم گۆڕانکاریە مەزنە، سەرکردایەتی سیاسی کورد کە داواکاریە سیاسیەکانی لە ئۆتۆنۆمی چڕ کردبۆوە وای بۆ دەچوو کەتەنها بە دروستکردنی سیستێمی کۆماری لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت.

من ڕۆژی ١٤ی تەممووز لە ماڵەوە بووم و ئاگاداری هیچ شتێک نەبووم، بەیانیەکەی کاتژمێر ٧ بەریکەوتم بۆ سەر کارەکەم، لە ڕێگا توشی حەمە فەرج بووم کە بۆ لای من دەهات بۆ ماڵەوە، کە گەیشتە لام بە ڕوێکی زۆر خۆشەوە پیرۆز بایی لێکردم، منیش کە بێ ئاگابووم، گوتم چیم پیرۆزبێت و چی ڕیداوە! گوتی ئەی نەت زانیوە لە بەغدا شۆڕش دژی ڕژێمی پاشایەتی کراوە، من حەپەسام بە بیستنی ئەم هەواڵە، چونکە بە خەیاڵمدا نەدەهات وابە ئاسانی گوێ بیستی ئەوە بم کە لە بەغدا ئینقلاب بووە. لەو ڕۆژانە لە لوبنان هەواڵی شەڕو پێکدادانمان دەبیست، لە نێوان هێزەکانی کمیل شمعون و کمال جنبلاط. حکومەتی نوری سعید داوا لە زەعیم عبدالکریم قاسم دەکات خۆی و لیواکەی بە ڕێگای ئوردن بچن بۆ لوبنان بە مەبەستی پشتگیری و هاوکاری کردنی کمیل شمعون.

عبدالکریم قاسم خۆی کە سەرۆکی کۆمەڵی (ئەفسەرە ئازادەکان بوو) ئەم ڕێپشتنەی بۆ لوبنان بەدەرفەت دەزانێ و لەگەڵ ئەفسەران کۆدەبێتەوەو بڕیاری ئینقلاب دەدەن. هەر هێزەو ئەرکێکی پێ دەسپێرن و شوێنێکی گرنگی بۆ دیاری دەکەن، وەهەر لە جەلەولا دەست دەکەن بەگرتنی ئەو ئەفسەرانەی کە لەگەڵیان نین و سەر بە حکومەتی نوری سعیدن، وەک قائد فرقە «غازی داغستانی». هێزێک بەسەرکردایەتی عبدالسلام عارف بۆ سەر قەصری رحاب

(القصر الملكي)، وەهێزێک بەسەرکردایەتی «شێخ نوری عەبابەیلی» بۆ سەر وەزارەتی دیفاع.
شێخ نوری، لە ڕادیوی بەغدا چاوپێکەتنیان لەگەڵ کرد سەبارەت بە چۆنیەتی گرتنی وەزارەتی دیفاع، گوتی: چوینە ناو وەزارەتی دیفاع ، جەماعەتی ناو وزارەت هێشتا لە خەو هەڵنەسابوون، هەموویانمان کۆکردەوە و پێمان گوتن لە عێراق شۆڕش بەڕپابووەو ئێمەش پیاوانی شۆڕشین. گوتی: دیاربوو زۆربەیان ئەو هەواڵیان پێ خۆشبوو ودەستیان کرد بە چەپڵەکوتان و هتاف لێدان، وە لایەنگیری خۆیان بۆ شۆڕش دەربڕێ و دڵخۆشی خۆیان نیشاندا.
پاش ئەوەی خەبەری شۆڕشم وەرگرت، چوومە بازار بۆ لای دوکانەکەم، بینیم بە هەزارەها خەڵک هاتونەتە سەر شەقام و کۆڵانەکانی دەربەندیخان وەزەردەخەنەیان بەسەر ڕووەوە زۆر بەئاشکرا دیاربوو. وەدەستە دەستە کۆدەبونەوەو ئیمزای پشتگیریان بۆ عبدالکریم قاسم و شۆڕشەکەی کۆدەکردەوە. ئەوانەی ڕادیوشیان هەبوو ڕادیۆکەیان لە بەردەرگا لەسەر میزێک دانابوو خەڵکی لە دەوریان کۆببونەوەو بۆ گوێگرتن لە دوا هەواڵەکانی شۆڕش. ڕادیۆی بەغداش بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی یەک بەدوای یەک بڵاودەکردەوەو مژدەی شۆڕشیان بەکۆمەڵانی خەڵک ڕادەگەیاند، لەگەڵ پەخشکردنی سرودی نیشتمانی .
پاش بەڕپابونی شۆڕش و سەرکەوتنی، زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە سەر بەدەزگا سیخوڕیەکانی ڕژێمی پاشایەتی بوون و سیخوڕیان لەسەر خەڵکەکە دەکرد، وەک کەسانێکی ئینتهازی کەوتنە تەملوق و ماستاوکردن بۆ بەرپرسەکانی حزبی شوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان.
خەڵکی عێراق سەرەتا وایان دەزانی کە عبدالکریم قاسم لە شوعیەکانە، بۆیە جەماوەرەکی زۆر ڕووی لە حزبی شوعی عێراقی کردو چوونە ریزی ئەو حزبە. بەڵام دوای ڕووداوەکەی شاری کەرکوک

لە ساڵی ١٩٥٩ کە بووە هۆی کۆڕانی ٢١ هاوواڵاتی، ڕۆژنکیان عبدالکریم قاسم سەردانی کەرکوکی کردوو لە مەراسیمی کردنەوەی کڵیسایەکی مەسیحیەکاندا و لە کاتی پێشکەش کردنی گوتارێکدا هێرشی زۆری کردە سەر شوعیەکان و بە (فەوزەوی) ناوی بردن، ئیتر لەو ڕۆژەیەوە جەماوەر لە حزبی شوعی دەکشانەوە، بەتایبەت داوی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوپای میللی (مقاومة شعبیة) کە بەسەرکردایەتی «احمد صالح عبدی» بوو.

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە لەلایەن احمد صالح عبدیەوە لە ڕادیوی بەغدا بڵاوکرایەوە، کە خەڵکەکە گوێ یان لە بڕیارەکە بوو بە گشتی زۆر دڵخۆش بوون. من بەچاوی خۆم کۆڕیکی تورکمان دیت کە جلی سوپای میللی لەبەر بوو کاسکێتەکەی لەسەر کردەوەو فرێیدایە سەر ئەرزو بەپێڵاوەکانی بەسەری کەوت، وادیار بوو لەکاتی خۆی لەترسان پەیوەندی بە سوپای میللیەوە کردبوو.

سوپای میللی گوشارو فشارێکی زۆری خست بووە سەر دانیشتوانی کوردستان و خەڵکی لێیان دەترسا، هەر بۆیە ئەوانەی شوعیی نەبوون بۆ پاراستنی خۆیان لە ترسی شەڕ پێفرۆشتن ڕۆژنامەی ئیتحادی شەعبیان دەق دەکردو دەیان خستە گیرفانی دواوەی پانتۆلەکانیان تاکو وای بەخەڵک نیشان بدەن کە ئەوان شوعیینە.

بە نەمانی سوپای میللی ڕەوشی حزبی شوعی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو، وە ئەو خەڵکە هەڵپەرستەی کە لە دەوریان کۆ ببونەوە بەرە بەرە لێیان دوورەکەوتنەوە بەتایبەتی کە ترسی ئەوەیان لا دروست بوو کە عبدالکریم قاسم نیازی هەیە لێیان بدات.

زۆری پێنەچوو عبدالکریم قاسم و داروودەستەکەی دەستیان کرد بە لێدانی کادیران و ئەندامانی حزبی شوعیی، بۆیە حزبی شوعیی کەوتە ڕەوشێکی خراپ و بەندیخانەکای عێراق پڕ بوون لە کادیرو ئەندامان و دۆستانی حزب شوعیی عێراقی، وە بەتایبەت بەندیخانەی (نوگرە سەلمان). ئەم ڕەوشەی حزبی شوعیی بەردەوام

بوو بە دریژایی حوکمی عبدالکریم قاسم تاکودەتایی ١٤ ڕەمەزانی ١٩٦٣ کە حزبی بەعس حوکمیان گرتە دەست، دەستیان کرد بە لە سێدارەدان و کوشتنی ئەو شوعیانەی کە لە زیندانەکانی عبدالکریم قاسمدا بوون.

هەوالی دەست بەسەر داگرتنی قەسری رحاب

لە شەوی ١٤ تەممووزی ١٩٥٨ کە شۆڕش بەرپابوو، هێزێکی سوپا بەسەرکردایەتی عبدالسلام عارف دەوری قەسری رحاب دەدەن. تەها بامەرنی کە فەرماندەی هێزی پاسەوانەکانی کۆشکی مەلیکە ویستی بەرگری لە کۆشک بکات و شەڕ بکات لە گەڵ هێزی بەرانبەر، بەڵام مەلیکی عێراق و جێگرەوەکەی کە عبدالاله بوو ڕێگا بەشەڕ نادەن و دەڵێن ئێمە دەچینە دەرەوەی عێراق با خەڵکی لە نێوچەوانی ئێمەدا نەکوژرێن. مەلیک و حاشیەکەی خۆیان بەدەستەوە دەدەن و ئیتر دەست بەسەر قەسردا دەگیرێت، ژمارەی گیراوەکان هەشت کەس دەبن، لە ناویاندا مەلیک فەیسەلی دووەم و وەصی خاڵی دەبن. پاش خۆ بەدەست دانەوەیان وە هێشتا هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵ نەکرابوو، ملازم (یونس سبع) ناوێک تفەنگێکی غەدارە لە دەستی نایب عەریفیک وەردەگرێ و هەموویان دەداتە بەر دەستریژی گولە و دەیان کوژێ. عبدالسلام عارف لە ملازمەکە دەپرسێ بۆ ئەمانەت کوشت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: نەباتە شۆڕشمان سەر نەگرێ و پاشان ئەوانە هەمدیسان بێنەوە سەر تەختی دەسەڵاتی وەک ئەوەی لە شۆڕشی مایسی ١٩٤١ ڕوویدا، کاتێک مەلیک و بنەماڵەکەی گەڕانەوەو حوکمیان گرتەوە دەست و چەند کەسێکیشیان لە سەرکردەی شۆڕشەکە سزای کوشتنیان بەسەردا سەپاندن.

جەماوەری عێراق بە کوژرانی مەلیک فەیسەل ی دووەم زۆر دڵتەنگ

بوون چونکە حەزیان بەکوشتنی نەدەکرد وەرقیان زیاتر لە نوری سعید و داروودەستەکەی بوو، بەڵام «نوری سعید» ڕۆژی یەکەمی شۆڕش نەکەوتە بەردەست، وەخۆی لە مالّی «محمود استربادی» شاردبۆوە، ڕۆژی دووەم نوری سعید دەیویست جێگاکەی بگۆڕێت لە ترسی ئاشکرابووندا، بۆ ئەو مەبەستە عەباو پێچەیەکی ژنانە لە خۆی دەدات و دێتە دەرەوە بەرەو شوێنی مەبەست. لە ڕێگا، جەماوەر گومانی لێدەکەن و ئاشکرای دەکەن، ئیتر خەڵکی هاوار دەکەن کە ئەوە نوری سعیدە، هەزاران کەس دەکەوێتە دوایی و دەیگرن و لەت و پەتی دەکەن بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک و دادگایی کردنێک.

ئاژاوەو پشوێی زۆربەی شارەکانی عێراق بە گشتی و شاری بەغدای بەتایبەتی لە ڕۆژی ١٤ تەممووز گرتبۆوە، سەربازێک بۆی گێڕامەوە و وتی: (ڕۆژی ١٤ تەممووز لە پێش وەزارەتی دیفاع ڕاوەستابووم وەبە هەزاران خەڵکی تریشی وەستابوون تەماشای ڕەوشەکەمان دەکرد. دیمان ئۆتۆمبیلێکی سەربازی جۆری زیل هاتە بەردەم وەزارەتی دیفاع، چەند سەربازێکی تێدابوو لەگەڵ کابرایەکی ئینگلیز، خەڵکانی بەردەمی وەزارەتی دیفاع کە چاویان بە کابرای ئینگلیز کەوت یەکسەر هەموویان پەلاماری زیلە سەربازیەکەیان دا، هەرچەندە سەربازەکان هاواریان کرد لا..لا وەئینگلیزەکەش هاواری دەکرد نۆ..نۆ بەڵام بێ سوود بوو، عەرەبێک لە ناو خەڵکەکە بەخەنجەرەوە پەلاماری زیلەکەی داو کابرای ئینگلیزی دایە بەرخەنجەرو کوشتی).

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەممووز سوپای عێراق هێزی خۆی بۆ هەموو شوێنە ستراتیژیەکانی عێراق نارد، یەکێ لەو شوێنانە دەربەندیخان بوو. ئەوەبوو فەسیلێک سەرباز بەسەرکردەی نقیب محمد ناوێک هاتنە دەربەندیخان بۆ پاڕێزگاری کردن لە پڕۆژەکەی دەربەندیخان. ئەو کاتە دانیشتوانی دەربەندیخان هەموویان لە

خوارەوە دادەنیشتن لە قەراغ ئاوەکە. لە سەرەوەش تەنها مەرکەزی پۆلیسی لێ بوو، وە مەڵبەندی ناحیەش کەوتبوە سەر جادەی گشتی نێوان سلێمانی و هەولێر، جگە لە دوو بەنگەڵەی کرێکارانی کۆمپانیا هەروەها گوندی (سەلیم پیرەک)ش کە سی ماڵێک دەبوون و خانوەکان لە قوڕ دروست کرابوون لە نزیک تونێلەکە بوون. وە گەڕەکی خوارەوە کە
لە نزیک لێواری زێی سیروان دروست کرابوو و بەشێوەیەکی کاتی هەر هەمووی ماڵە زگورتیەکانی لێ بوو. نزیکەی ٣٠٠ ماڵێک کە خێزانداربوون لە دەوری خانوی زگورتیەکان دروست کرابو لەگەڵ چەند چێشتخانەو چایخانەو دوکانی تر، باشترین چێشتخانەش هی خاڵۆ حسین عزیز بوو کە دەکاتە باوکی مامۆستا عبدالواحید. هەروەها بیست ماڵێکی ئەمریکی لێ بوو ئەوانیش لە خوارەوە بوون و خانوەکانیان باش بوون و لە سەر شێوە ڕۆژئاوا دروست کرابوون. چەندین پسپۆرە ئەوروپی و ئەمریکیانەی لە پڕۆژەی دەربەندیخان کاریان دەکرد.

گەڕانەوە بۆ سەر باسی شۆڕشی ١٤ تەممووز

پاش دەست بەسەر داگرتنی قەسری مەلیک و وەزارەتە گرنگەکانی حکومەتی پاشایەتی، بە چەند کاتژمێرێک دەست بەسەر هەموو عێراق داگیراو سوپا کۆنترۆڵی هەموو شارەکانی کرد تەنها شاری دیوانیە نەبێت کە فەرماندەی تیپی ٣ عمر علي لە دیوانیة یاخیبوو. نوری سعید داوای لە «عمر علی» کردبوو کە خۆی و هێزەکانی بەرەو بەغدا بێن بۆ ئەوەی پایتەخت لەدەست ئینقلاب چییەکان ڕزگار بکەن، بەڵام ئەفسەرە ئازادەکانی شۆڕش لە دیوانیە پەلاماری عمرعلي و هێزەکەی دەدەن و دەیان گرن و بە بەندکراوی ڕادەستی بەغدایان دەکەن، لەوێش دەدرێن بە دادگای گەل لە گەڕەکی «کرادە».

فەرماندەی تیپی ٣ عمر علي به سزای زیندانی هەتاهەتایی حوکم دەدرێت، ئەفسەرەکانی تریش به سزای چەند ساڵێک بەندی حوکم دەدرێن، بەڵام دوای ماوەیەک بەر لێبوردن گشتی کەوتن و ئازاد کران. تەنها چەند ئەفسەرێک نەبێت کە ئەوانیش به تاوانی بەشداری کردن له پیلانەکەی عبدالوهاب شواف سزادرابوون. ئەوەبوو لەگەڵ بهجت عطية و عبدالجبار فهمي و سعيد قزاز و عبدالجبار ايوب له سێدارەدران له گۆڕەپانی (ام الطبول) له ساڵی ١٩٥٩ که ئێستا شوێنەکەی مزگەوتی ام الطبولیان لێ بنیاد ناوە.

هەر یەک له بهجت عطية و عبدالجبار فهمي و سعيد قزاز و عبدالجبار ايوب به کوشتنی بەندیەکانی بعقوبه و کوت و کرێکارانی بەندەری بصرة تاوانبار کران. لەسەرەتادا معاون عبدالجبار ایوب وەک شاهێدێک بانگرابووە دادگا بۆ شایەدی دان لەسەر بهجت عطية، بەڵام له کاتی شایەدی دان لەسەر بهجت عطية شایەدیەکان عبدالجبار ایوب یشی گرتەوە. سەرۆکی دادگای گەل که (فاضل عباس مهداوی) بوو بڕیاری گرتنی عبدالجبار ایوب ی دەرکردو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراو حوکمی له سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

به پێی ئیفادەی سعید قزاز لەکاتی دادگایی کردنی و لەوەڵامی داواکاری گشتیدا که «ماجد مصطفى» بوو، دەڵێ: جێگای داخه که داواکاری گشتی دەڵێ سعید قزاز ڕایکردبوو، من ڕام نەکردبوو له ماڵەکەی خۆم دانیشتبوم، بەیانی که شۆڕشی ١٤ تەممووز ڕوویدا، من خۆم تەلەفۆنم بۆ عبدالکریم قاسم کردو پێم وت: من له ماڵەوەم ئەگەر پێویستیتان بەمن هەبێت. سعید قزاز کورد بوو خەڵکی شاری سلێمانی بوو له بنەماڵەی قەزازەکان بوو، چەندی بڵێ ی کابرایەکی ئازاو چاو نەترس بوو، زۆرێک له گوناحبارانی حکومەتی سەردەمی پاشایەتی که بانگ دەکران بۆ دادگایی کردن لەبەردەم سەرۆکی دادگا فاضل مهداوي تا ڕادەیەک دەشڵەژان و دەترسان، بەڵام سەعید قەزاز که بانگ کرا بۆ بەردەمی دادوەر

زۆر ئازایانە و بێ ترس چووە پێشەوەو هەموو تۆمەتەکانیشی ڕەتدەکردەوە. زۆر جار لەگەڵ سەرۆکی دادگا ڕووبەڕوو دەبوەو لییان دەبوە مشتومریکی توند، وەدەیتوانی بەسەر دادگا زاڵ بێتن. بەڵام لە کاتی دادگایکردنەکاندا سەدان کەس لە ئەندامانی حزبی شوعیی عێراقی لە هۆڵی دادگادا ئامادەدەبوون و لە کاتی پێویست دەستیان بە هوتاف لێدان و شیعر خوێندنەوە دەکرد بۆ پشتگیری کردن لە سەرۆکی دادگا ، وەدژ بەو کەسانەی کە دادگای دەکران. کاتێک مەهداوی حوکمی مەرگی بۆ سەعید قەزازی دەرکرد، سەعید قەزاز بڕیارەکەی زۆر بە ئاسایی وەرگرت و بەهیچ شێوەیەک کاری نەکردە سەر مەعنەویاتی و نەشڵەژا. وەبۆیان گێڕامەوە لە کاتی جێ بەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانیشی زۆر ئازایانە چووبوە ژێر قەنارەو دەستی بۆ ئامادەبوان درێژ کردبوو، ووتی : کاتێک سەردەکەومە سەر بۆ بەر پەتی سێدارە زۆر کەس لە ژێر پێما دەبینم کە شایستە ژیان نین.

دوایی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەممووز، حکومەتی عەبدوالکەریم قاسم زۆر هەنگاوی باشی هاویشت و بڕیاری گرنگی دەرکرد بۆ خەڵکی عێراق، وەک دانانی مادەی ٣ لە دەستووری کاتی عێراق کە دەڵێ، کوردو عەرەب هاوبەشن لە وڵاتی عێراق بەڵام ئەم هاوبەشیە قابیلی دابەش بوون نیە، ئەم بڕیارەی حکومەتی ١٤ تەممووز سۆزی گەلی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، هەروەها هێزو گوڕێکی باشیشی دا بەبزوتنەوەی کوردایەتی و جەماوەرێکی گەورەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆکردەوە. وەهەنگاوێکی تری گرنگی حکومەت ئەوە بوو بڕیاری دەرچوونی عێراق لە پەیمانی بەغدا.[١٧] هەروەها دەرچوونی یاسای ژمارە ١١٧ سەبارەت بە چالاککردنی کشتوکاڵ و زیادکردنی مووچەی مووچەخۆرە هەژارەکان وەک مووچەی (کەناسەکان) کە لەشەش دینارەوە کرایە ١٣ دینار، کە ئەوانە بەشێکی هەژارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگای عێراقی بوون.

هەروەها عەبدوالکەریم قاسم ناوە ناوە منحەی پارەی دابەش دەکردە سەر فەرمانبەرو موچەخۆرانی دەوڵەت. بەرزکردنەوەی موچەی کەناسەکان دڵخۆشیەکی زۆری خستبوە دڵ و دەروونی ئەو خەڵکە هەژارە، کە چەندین قسەی خۆش و نوکتەی لە گەڵ خۆیدا هێنا ناو خەڵک. ئەو سەردەمە هەر خۆپیشاندانێک سازکرابا بۆ پشتگیری لە حکومەتی عەبدوالکەریم قاسم، ئەوە دروشمی کەناسەکان بەم شێوەیە بوو:

زەعیم ئیمە کەناسین.... سێزدە دینار دەناسین

شۆڕشی ١٤ تەممووز ئازادی سیاسی

لەسەرەتای شۆڕش و هاتنە کایەوەی حکومەتی عەبدوالکەریم قاسم، پانتایەکی فرەوانی ئازادی سیاسی بۆ هەموو ئەو هێزو حزبە سیاسیانەی کە پشتگیریان لە شۆڕش و وەخەباتیان لەدژی سیستمی پاشایەتی کردبوو دەستەبەرکرا. بۆیە هەر حزبەو دەست بەکار بوو بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزەکانی بە کۆکردنەوەی جەماوەر لەدەوری خۆیداو ڕێکخستنیان.

ئەو سەردەمە حزبی شوعیی عێراقی خاوەنی گەورەترین جەماوەر بوو لە عێراق، دەتوانین بڵێین کە نزیکەی ٦٠٪ خەڵکی عێراقیان لە گەڵدا بوو. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزبی شوعیی پێش شۆڕشی ١٤ تەممووز هێزێکی زۆر چالاک بوو وە خاوەن ڕاگەیاندنێکی بەهێزیش بوو، هەروەها لە سەرەتایی شۆڕشی ١٤ تەممووز خەڵکی عێراق واتێگەیشتبون کە عەبدوالکەریم قاسم شوعییە. هەر کەسێکیش خۆی لە حزبێکی تر کاری نەکردبا وای دەزانی تەنها حزبی شوعیی لە گۆڕەپانەکەیە.

ئەو سەردەمە حزبە نەتەوەیەکانی کوردو عەرەبیش خەباتی خۆیان بەستبوەوە بە خەباتی حزبی شوعیی عێراقی. هەموو وتارو نوسینی لاپەڕەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەی حزبە عێراقیەکان، مەدح و پێهەڵدان

بوو بە دنیای سۆسیالیزم و دژایەتی کردن بوو بە ئیمپریالیزم و رۆژئاوا. هەروەها بیری مارکسی و لینینی رەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەبوو بەسەر ئەدەبیات و بەرنامەی هەموو حزبەکان. هەر بۆیە خەڵکانی زەحمەتکێش لە کوردستان ببونە هـەوادارو سۆفی و دەرویشی تەریقەت گەرمی سۆفییەت بەبێ قەیدو شەرت.

هەر وەکوو وتم، جەماوەری زەحمەتکێش لە دەوری شۆڕشی ١٤ تەممووز کۆببونەوەو پشتگیری تەواویان دەکرد. وە لە کاتی پیلانەکەی عەبدوالوهاب شەوافدا لە شاری موسڵ، کە من ئەوکاتە لە شارۆچکەی دەربەندیخان بووم. شوعیەکان دەورێکی باڵایان بینی لە پوچەڵکردنەوەی پیلانەکەی شەواف و دیفاع کردن لە شۆڕشی ١٤ی تەممووز. هەر بەهۆی ئەو هەڵوێستەوە، زۆربەی جەماوەری کوردستان سۆزیان بۆ حزبی شوعیی هەبوو.

وەزعی پارتیمان لە ڕووی جەماوەری و رێکخستندا باش نەبوو، حزبی شوعیی گۆڕەپانەکەی قۆرخ کردبوو. بۆ نموونە لە ناحیەی (چنارە)ی نزیک دەربەندیخان ئێمە تەنها ٧ لایەنگیرمان هەبوو ئەوانەی تر هەر هەمووی لایەنگیری حزبی شوعیی بوو. بەرپرسی پارتی لە چنارە مەلای ناحیەکە بوو کە بەداخەوە ناوەکەیم لە یاد نەماوە، ڕۆژێکیان هاتە بارەگای پارتی لە دەربەندیخان، وەزۆر بێتاقەت بوو، گلەیی زۆری دەکرد لە برادەرانی حزبی شوعیی کە شەڕیان پێ دەفرۆشن و ئازاریان دەدەن، منیش وتم مامۆستا تۆ پیاوێکی ئایینی بە توانایی، کۆمەڵگای ئێمەش موسڵمانن، باشە ناتوانی هەم پێگەی ئاینیت و هەم بەرێگای ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەر بتوانی قەناعەت بەو خەڵکە بێنیت و بیانکەیە لایەنگیر پارتیمان؟ مەلا وتی، هەی هۆ هەی هۆ، چما هەزار ئایەت و حەدیسیان بۆ بێنی کاریان تێ دەکات. پێاوێکی شەل بەرپرسی شوعیەکان لە چنارە، هەزارە ئایەت و حەدیسیان بۆ بهێنیەوە، کە ئەو پیاوە وتی: مارکس و لینین وایان گوت، ئیتر هەموو ئایەت و حەدیسەکانم لەلای ئەوان بەتاڵ دەبنەوە.

پیلانگێڕیەکەی عەبدوالوەهاب شەواف

بڕیاربوو لە عێراق و لە شاری موسڵ ڕێکخراوی (منظمة انصار السلام) کۆنگرەیەکی ئاشتیخوازان لە ٦/٣/١٩٥٩ ببەسترێ، وەبە بەشداری وەفدی ئازادیخوازانی سەرجەم شارەکانی عێراق، ئەو کاتە حزبی شوعیی عێراقی دەستێکی بالای هەبوو لەناو ڕێکخراوە ئاشتیخوازەکانی عێراق. لەکاتێکدا حزبی شوعیی خەریکی ئامادەکاری بوو بۆ کۆنگرەو دابین کردنی پێویستیەکان بۆ سەرخستنی کۆنگرە. دوای ئەوەی وەفدی میوانانی ئاشتی خوازان گەیشتنە موسڵ، ڕێپێوانێکی گەورەیان سازدا لەناو شاری موسڵ بەلام هێزە شوفینیەکان پەلاماریان دابون و تەقەیان لێ کردبون لەئەنجامدا پشوبەکی گەورە دروست دەبێت لە شاری موسڵ. ئەفسەرێک بە پلەی عەقیدو بەناوی عەبدوالوەهاب شەواف کە ئامر مەوقعی سەربازگەی موسڵ بوو وە لە عەرەبە نەتەوە پەرستەکان بوو لایەنگیری سیاسەتی عەبدوالسلام عارف بوو، ئەم پشێوێە بەدەرفەت دەزانێ و لە ٨ی ئازای ١٩٥٩ کودەتایەکی سەربازی لە شاری موسڵ ئەنجامدەداو کۆنترۆڵی شارەکە دەکات، پاشان پەلاماری بارەگای هەموو ئەو حزب و ڕێکخراوانە دەدات کە پشتگیریان لە عەبدوالکەریم قاسم دەکرد، لەوانەش حزبی شوعیی و پارتی بوون، وەچەندین خەڵکیان کوشت و زۆریشیان لە بەندیخانەکان زیندانی کرد. ئەم پیلانگێڕیە فەوجی سەربازگەی شارۆچکەی (ئاکرێ) شی گرتەوە.

زەعیم عەبدوالکەریم قاسم بانگەوازێکی ئاراستەی گەلی عێراق و کورد کرد، وتی: ئەوەی خۆی بە نیشتمانپەروەر دەزانێ و کۆماری عێراق بە کۆماری کوردو عەرەب دەزانێ پێویستە لە چیاکان بێتە خوارەوەو ڕووبکاتە شاری موسڵ و لەدەست بەکرێگیراوان ڕزگار بکات. لەبەرئەوەی حکومەتەکانی یەک لە دوای یەکی عێراق بە

بەردەوامی میللەتی کوردو مافەکانیان پشت گوێ خستبو وەهیچ رۆڵێکیان پێ نەدابو لە سەر نەخشەی سیاسی عێراق، بۆیە هەر کاتێک کە عەبدوالکەریم قاسم بانگەوازی ئەوەی دەرکرد کە گوایە کۆماری کوردو عەرەب لە مەترسی دایە، کوردانی دانیشتوی دێهات و شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری موسڵ، بەبێ بونی هیچ بەرنامەیەک و پلانێک، دەستیان دایە چەک بۆ رزگارکردنی کۆماری کوردو عەرەب و پەلاماری شاری موسڵ یان دا. توانیان لە چەند کاتژمێرێکدا لەگەڵ ئەندامانی حزبی شوعیی عێراقی شاری موسڵ رزگار بکەن و بروسکەی پیرۆزبایی سەرکەوتنشیان بدەن بە عەبدوالکەریم قاسم. بەهەمان شێوەش خەڵکی ئاکرێ پەلاماری فەوجی سەربازگەی شاری ئاکرێ یا داو فەوجەکەیان لەدەست یاخیبووەکان رزگارکرد. هەموو ئەو ئەفسەرانەی لە فەوجی ئاکرێ دابون لە پیلانگێڕیەکە بەشداربوون، بۆیە دوای ئازادکردنی فەوجەکە هیچ ئەفسەرێک نەبوو ببێتە جێگرەوەی ئامیر فەوج تا ئەوکاتەی ئامیر فەوجێکی نوێ دیاری دەکرێ. هەر بۆیە عەبدوالکەریم قاسم بە بروسکە ئاگاداری فەوجی کردەوە کە کۆنترین زابت سەف جێگای ئامر فەوج بگرێتەوە تاکو ئامر فەوجیان بۆ دێ.

پاش ئەوەی کۆنترۆڵی شاری موسڵ لە لایەن حزبی شوعیی و کوردەکان تەواو بوو، ئەندامانی حزبی شوعیی کەوتنە گرتنی شوفێنیەکان وەتوانیان ژمارەیەکی زۆر لە تاونباران بگرن و بیان دەنە دادگایەکی ناوخۆ کە بۆخۆیان پێکیان هێنابوو وە لە میدیا عەرەبیەکان بەناوی دادگای قەساب دەیان ناساند، گوایە یەکی لە سەرکردە شوعیەکانی موسڵ ناوی عبدالرحمن قەساب بوو. دەنگوباسمان دەبیستەوە کە گوایە خەڵکێکی زۆر حوکمی ئیعدام دراون لە موسڵ وەلە هەندێ شوێن تەرمی کوژراوەکان بە عەمودەکانی کارەبا هەڵدەواسرا. لەو سەردەم ئێزگەی (سەوت العەرەب) لە قاهیرە هەوالی کوشتنی شوفێنیەکانی موسڵی

بڵاوەکردەوەو زیندەڕۆی زۆریشی تێدا دەکرد، من بۆخۆم گوێبستی ئەو ئێزگە بووم کە گوتی، لە موسڵ ١٤ هەزار کەس کوژارەوە. بەڵام ئێزگەی بەغدا ئەم هەواڵانەی بەدرۆ دەخستەوەو. بەڵام لەدوای ئینقلابی بەعسییەکان لە ٨ی شیباتی ١٩٦٣ نەتەوەپەرست و بەعسییەکان یادی پیلانگێڕیەکەی شەواف یان لە موسڵ کردەوە، یەکێ لە بەشداربوانی ئەم پیلانگێڕیە موقدەم رۆکن (یوسف کەشمولە) بوو، کە وتارێکی خوێندەوەو باسی لەوە کرد کە ئەوان ٤٧ کەسیان لێ کوژراوە، ئەوەش ڕاستیەکە بوو.

پاش دامرکاندنەوەی پیلانگێڕیەکەی عەبدوالوەهاب شەواف و تاقمەکەی، حکومەتی عەبدوالکەریم قاسم توانی تەواوی دەسەڵاتی خۆی بەسەر شاری موسڵ دا بسەپێنی، ئەوەشیان بەهیمەتی حزبی شوعیی و پارتی جێبەجێ کرا. ئیتر دوای ئەو ڕووداوە جەماوەری شوعیی بەتەواوی زیادی کرد، ئەوەی لەترسان بە گەڵیان کەوت و ئەوەی سەرسام بوو بە ئازایەتی و خۆبەختکردنیان. بەم شێوەیە حزبی شوعیی بوو بە حزبێکی سەرەکی لە عێراق و ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە پەرەسەندن دا بوون و بەهێزتر دەبوون. وەهەر کاتێک بیویستایە دەیتوانی تەنانەت عەبدوالکەریم قاسم یش لە دەسەڵات لابدات، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە پاسەوانەکانی قاسم شوعیی بوون، هەروەها چەندین ئەفسەری پایەبەرزی عێراقی وەک قائید فرقەی ٣ داود الجەنابی، یان ئەندام یان دۆستی حزبی شوعیی بوون. بەڵام لەبەر ئەوەی عەبدوالکەریم قاسم ڕێگای حزبەکانی دابوو بە ئازادی ئیش بکەن، هەروەها دۆستی دەوڵەتانی سوسیالیست بوو وەپەیوەندی باشی لەگەڵ یەکێتی سوفییەت دا هەبوو، بۆیە هەم شوعییەکان نەیان دەویست کارێکی وابکەن کە پیوەندی نێوان قاسم و سوفییەت خراپ ببێت، هەم وادەردەکەوت کە سوفییەتیەکانیش ئامۆژگاری شوعییەکانی عێراقیان کردبێت کە پشتگیری لە حکومەتی قاسم بکەن.

نەتەوەپەرستانی عەرەب بە گشتی و بەعسیەکان بەتایبەتی بەتەواوەتی کەوتبونەتە دژایەتی کردنی عەبدوالکەریم قاسم وەهەوڵی لەناوبردنیان دەدا، وە کۆنترۆلکردنی عێراق لەلایەن شوعییەکانەوە بە دەستی قاسم یان دەزانی. بۆیە لە ٧ی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ هەوڵی کوشتنی قاسم درا لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە و تێپەڕبوونی بە شەقامی ڕەشید لە بەغدا. قاسم تەنها شوفێرەکەی و پاسەوانێکی تایبەتی خۆی لەگەڵدابوو بە ناوی (قاسم الجەنابی). لە ئەنجامی ئەم هەوڵە قاسم بریندار بوو هەروەها پاسەوانە تایبەتیەکەشی بریندار بوو و شوفێرەکەشی کوژرا، لە لایەن هێرش بەرانی بەعسیشەوە (عەبدوالوەهاب غەریری) کوژرا کە بوە هۆی ئاشکرابونی لایەنی پیلان گێڕو گرتنی هەندێکیان و هەڵاتنی ئەوانی تر وەک عەبدوالکەریم شێخلی و سەدام حوسەین. ئەوانەی گیران درانە دادگا و حوکمی زیندانیان بۆ دەرچوو وەهیچ کەس حوکمی ئیعدامی بۆ دەرنەچوو، وەدوای ماوەیەک کەم لە بەندیخانە قاسم وتی، (عفا الله عما سلف) وەلێبوردنی گشتی بۆ دەرکردن و ئازاد کران.

دوای هەوڵی کوشتنی قاسم و هەڵوێستی شوعیەکان کە دژ بە ئینقلاب چییەکان بوو، حزبی شوعیی لە جاران بەهێزتربوو وەکەوتە لێدانی بەعسیەکان. هەروەها دژایەتی حزبە نەتەوەیەکان و شێخ و مەلاو ئاغای دەکرد، بەتایبەت جوتیاران دەوریان هەبوو لەو دژایەتی کردنە. بزوتنەوەیەک زۆربەی جوتیارانی دێهاتەکانی گرتبۆوە، کە بە چەپڵە لێدان ئاغاکانیان لە دێهاتەکان دەردەپەڕاند، بۆیە ئاغاکان بەناچاری گوندەکانی خۆیان چۆڵ دەکردو باریان دەکردە شارەکان.

حزبی شوعیی کەوتبونە ئیستفزاز کردنی هەر هەموو ئەو لایەن و کەسانەی کە شوعیی نەبوون. بۆیە ئەو عەرەبانەی کە بیری نەتەوەی عەرەبیان هەبوو خۆیان لە پارتی نزیک دەکردەوە، وە پارتیش

ئەم نزیکبونەوەی قەبوڵ بوو چونکە شوعییەکان پارتیەکانیشیان ئیستیفزاز دەکرد، هەر چەندە ئەو نزیکبونەوە لە دڵەوە ومەبدەئیانە نەبوو، چونکە ئیمە وەک پارتی بەعسییەکانمان خۆش نەدەویست، بەڵام وەکو وتم، جار جارە دۆستایەتیەکەی ئەوانمان قبوڵ دەکرد بۆ ماوەیەکی کاتیی. بەتایبەت کە قاسم پاکسازی لە دەزگاکانی دەوڵەت نەکردبوو زۆربەیان لە دەزگای ئەمن و ئیستخبارات کاریان دەکرد بۆیە بە حوکمی پۆستە گرنگەکانیان دژایەتی حزبە نیشتمان پەروەرکانیان دەکردو دەکەوتنە دژایەتی کردنی پارتی و شوعیش. هەرچەندە بەپلەی سەرەکی دژایەتی حکومەتی قاسم یان دەکرد. وەحزبی شوعیش خۆی بە پشتیوانی قاسم دەزانی و بەرگریان لێدەکرد، وە قاسم یان بە سەرکردەیەکی نیشتمان پەروەری دژ بە داگیرکەر دادەنا. بەڵام هەڵوێستی قاسم بەرامبەر بە شوعیەکان باش نەبوو، چ لە وتارەکانی دوای چەند مانگێک لە پیلانگێڕیەکی شەواف و هەرایەکی کەرکوک کە بە گێرەشوێن تاوانباری کردن وە چ بە نەدانی مۆڵەتی حزبی بە شوعیەکان لە کاتی دەرچونی یاسای حزب و کۆمەڵەکان لە ١ی کانونی دووەمی ١٩٦٠ . دوای نەدانی مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا بە حزبی شوعیی قاسم کەوتە لێدانی شوعییەکان و ژمارەیەکی زۆری لە کادیرو ئەندامەکانی گرت و زیندانی کردن وەک ئەوانەی لە گرتووخانەی نوگرە سەلمان زیندانی کران. زۆربەی ئەو کادیرانە لە زیندان مانەوە تا ئینقلابەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و گرتنە حوکمی عێراق لە لایەن بەعسیەکانەوە، ئیتر ئەوانیش زۆربەی لە شوعیەکانی ئیعدام کرد کە کاتی خۆی قاسم زیندانی کردبوون.

وەک ئەوەی باسم کرد کە ئیمەی پارتی نزیک بونەوەیەکمان لە گەڵ عەرەبە نەتەوەیەکان هەبوو، بەڵام دوای لێدانی شوعییەکان لە لایەن قاسم وە، ئیتر عەرەبە نەتەوەیەکان لێمان هەڵگەڕانەوە و دەستیان کرد بە ململانێ لە گەڵمان، من خۆم دووچاری ئەم حاڵەتە

بوومەوە لەگەڵیان لە دەربەندیخان.
ئەو عەرەبانەی لە پڕۆژەی دەربەندیخان ئیشیان دەکرد زۆربەیان خەڵکی تکریت و سامەرا وشەرقات بوون، نەتەوەپەرست بوون، هەر وەک باسم کرد، دژایەتی ئێمەی پارتیان دەکرد. وای لێهات پڕۆژەکیان بوو بەشڕ لە نێوانی ژمارەیەک کرێکاری پارتی و هەندێ لە کرێکارە عەرەبە نەتەوەپەرستەکان. ئەوەبوو (ئەمین لەیلان و حوسێن غولام و نەجمەالدین شێخ و چەند برادەرێکی تر لێدانیکی خراپیان لە نەتەوەپەرستەکان دابوو لە ئەنجامدا هەندێ لە بەرپرسەکانیان رایانکردبو بۆ بەغداو لەوێ شکایەتیان لە کرێکارەکانی ئێمە کرد. وەزۆریش لە کرێکارەکانی تکریت و سامەرا گەڕانەوە شارەکانی خۆیان و ئیشەکانیان بەجێ هێشت.
پاش ماوەیەک لێژنەیەکی لیکۆڵینەوە لە ئەمنی عامەی بەغدا هاتە دەربەندیخان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە شەڕو پێکدادانەکە. لێژنەکە لە پێشدا چوونە لای بەرێوەبەری ناحیە کە پیاوێکی عەرەب بوو، وە لایەنگیری لە کرێکارەکانی لای خۆیان کردبوو. دوای ئەوە لێژنەکە چووبونە لای مفەوەزی ئەمن کە عوسمان مەلای ناوبوو خەڵکی سلێمانی بوو، ئەویش لایەنگیری لە کرێکارە کوردەکان کردبوو ئەوانی تری خەتابار کردبوو.
پاش تەواو بونی لێکۆڵینەوەکە لێژنەکە گەڕایەوە بەغدا، لە ئەنجامدا ئەمنی گشتی بەغدا فەرمانی گرتنی چەند کرێکاریکی کوردی دەرکرد وەک (ئیسماعیل عارف، کە بەرپرسی پێشوی ناوچەی دەربەندیخان بوو، جەمال خەفاف، ئەمین لەیلان و نەجمەالدین شێخ سالح کە ئەندامی رێکخراوی دەربەندیخان بوو). ئەوەبوو ئیسماعیل عارف وجەمال خەفاف دەستگیرکران لە لایەن پۆلیسی دەربەندیخانەوە، وە ئەمین لەیلان و نەجمەالدین شێخ سالح، رایان کردوو خۆیان نەدا یە دەست پۆلیس، وە هەر بەنهێنی مانەوە لە ناوچەی دەربەندیخان تاکو ڕاپەڕینی خێڵەکانی کوردستان لە

دەربەندیخان و چوونە ریزی ڕاپەڕیوەکان.
پۆلیسی دەربەندیخان ئیسماعیل عارف و جەمال خەفاف ی ڕەوانەی بەغدا کرد، لە بەغدا ئیسماعیل عارف لەدەست پۆلیس رایکردوو خۆی گەیاندەوە دەربەندیخان و شەو لە لای ئێمە مایەوە، پاشان ڕەوانە سلێمانیمان کرد. جەمال خەفاف کەوتە بەندیخانە و دوای ئەوە نازانم چی بەسەرهات.

ئالۆزبوونی دۆخی پرۆژەی دەربەندیخان لە ساڵی ١٩٦١

کرێکارێکی زۆر لە بەنداوی دەربەندیخان کاریان دەکرد کە زیاتر لە پێنج هەزار کرێکار دەبوو. پێکهاتەی کرێکارەکان، عەرەب وکوردو ئاسوری و تورکمان بوو، جگە لە سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە کە پسپۆڕانی ئەمریکی و فەرەنسی بوون. کارە باشەکان هەمووی لە دەست عەرەب و ئاشوریەکان دابوو، کارە بێ کەلکەکانیش درابووە کرێکارە کوردەکان.
ڕۆژێکیان لەسەر داوای کۆمپانیا، بەرپرسێکی کرێکاری عەرەب، شەش کرێکاری کوردی لەکار دەرکرد، سەرەڕای هەوڵی زۆری ئەو کرێکارانە بۆ مانەوەیان لە کارەکانیان بەڵام هیچ سوودی نەبوو. گوایە کۆمپانیا پێویستی بە خزمەتی ئەو کرێکارانە نەبووە بۆیە دەریان کردونە. وەدەرکردنی ئەو کرێکارانە، کوردانی کۆمپانیا زۆر ناڕەحەت کرد.
یەکێک لە کرێکارەکان ناوی محەمەدی ئیمامی بوو، خەڵکی ناوچەی شەمێران بوو، دوای بێ ئومێد بوون لە گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی، لەگەڵ هاوڕێیەکی گەڕایەوە بەرەو گوندەکەی لە ناوچەی شەمێران. حەمەی ئیمامیش کۆنە تفەنگیکی هەبوو خستیە مللی و بەری کەوت. لە ڕێگا تووشی کۆمەڵێک گەنجی عەرەب دەبێ کە ژمارەکەیان هەشت کەس دەبێت لەسەرڕێگاو لەژێر

داریک دانیشتونەو خەریکی مەی خواردنەوە دەبن، لەوە دەچێ مەستیش بوینە. یەکێک لە عەرەبەکان دەڵێت! (کاکە شنهو های البندقیة) بەواتای کاکە ئەو تفەنگە چیە! حەمەش دەڵێ (های بندقیة مال ملا مستەفا)، کابرای عەرەب دەڵێت! ولک شنهو ملا مستەفا، ئەکو حکومە، جیب البندقیة! عەرەبەکان لە حەمە دەچنە پێش و حەمەش لولەی تفەنگەکەیان تێدەکاو دەڵێ خۆتان بدەن بەدەستەوە! ئەوانیش لەبەر ئەوەی بێ چەک دەبن، خۆیان بەدەستەوە دەدەن. حەمەش بەبرادەرەکەی دەڵێ قۆل بەستیان کە! ئەویش خەریکی قۆل بەستنیان دەبێت، حەمەش لێیان دەچێتە پێشەوە زۆر نزیک دەبێتەوەو ئاگاداری خۆی نابێت، لە ناکاو یەکێ لە عەرەبەکان پەلامار حەمە دەدات و حەمەش خۆی و تفنگەکەی دەکەون، ئیتر عەرەبەکانی تر پەلاماری حەمە وبرادەرەکەی دەدەن، ئەوانیش لە ئەنجامدا رادەکەن. عەرەبەکان نایەنەوێ کارەکە لەوە گەورەتر بێت، ئیتر بەچەکردنی حەمە وازدێنن و ناکەونە شوێنیان و تەقەیان لێ ناکەن، تفەنگەکەش دەهێنە دەربەندیخان و تەسلیمی پۆلیسی دەکەن.

عەرەبەکان لە دەربەندیخان باسی ئازایەتی خۆیان دەکرد و لە هەموو شوێنێک خۆیان پێ هەڵدەکێشا و دەیان گوت ئێمە بەبێ چەک دوو کوردمان لە شاخەکان چەک کردوە. ئەم قسانە زۆر کاردەکاتە سەر حەمەی ئیمامی، بۆیە هەر چۆنێک بێت حەمە کۆنە تفەنگێکی تر پەیدا دەکاو دێتەوە سۆراغی ئەو شوێنەی کە تفەنگەکەیان لێ سەندبوو. وە بەدوای کەسەکان دادەگەڕێت کە چەکیان کردبوو بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لێیان بکاتەوە. لە ئەنجامدا تووشی سێ عەرەب دەبێت کە لەهەمان شوێنی رووداوەکە دانیشتونە و خەریکی مەی خواردنەوەن. ئەو سێ کەسە ئاگایان لەو رووداوە نەبووەو هیچ پەیوەندیەکیشیان بەکەسەکانەوە نەبووە. بەڵام حەمە ئەوە نازانێت و دەکەوێتە تەقە لێیان و یەکێکیان لێ دەکوژێ و ئەوانی تریش

بریندار دەکات.
بەروودانی ئەم کارەساتە ٨٠٪ کرێکارانی عەرەبی دەربەندیخان، لە ترسی ژیانی خۆیان کارەکانیان بەجێ هێشت و چوونەوە شوێنەکانی خۆیان. حەمەش رای کردە ناوچەی شەمێران و بوو بە ئەشقیاو یاخی بوو تا ڕاپەڕینی دەربەندیخان، کە شەڕ دەستی پێکرد حەمەش هاتە ریزی ڕاپەڕیوەکان و بەشدرای لە شەڕی دەربەندیخان کرد تا هەرەس هێنانی ڕاپەڕینەکە. دوای ئەوەی شۆڕش لەناوچەی دەربەندیخان دەستی پێکرد حەمەی ئیمامی پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕش کردو بوو بە پێشمەرگە. حەمە بوو بە پێشمەرگەیەکی ڕێک و پێک و بەشداری شۆڕشی کردو تا بووە سەرپەلێکی ئازاو مولتەزیم تا ئەو ڕۆژەی شەهید بوو.
ئێمە پارتی لە دەربەندیخان بەرواوی کوشتن و بریندار کردنی عەرەبەکان دلگران بووین، چونکە خەڵکانێکی بێ گوناح بوون و کرێکاری هەژار بوون، وە حەمەش بەهەڵە تەقیانی لێ کردبو، وای زانیبو ئەوانەن کە چەکیان کردبوو سوکایەتیان پێ کردبو. بەم ڕووداوە متمانە لە نێوان عەرەبە قەومیەکان و پارتی نەما. وە بارودۆخی دەربەندیخان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو، بەتایبەت دوای گرتنی ئیسماعیل عارف و جەمال خەفاف. ئێمەش زۆر ئاگاداری خۆمان بوین، نەوەک بمان گرن.

هاوارو هوتاف لێدان دژی پارتی لە دەربەندیخان

ڕۆژێک لە دوکانەکەم خەریکی ئیش کردن بووم، برادەرێکمان هەبوو ناوی (کەریمی وەستا مەحمود) بوو، ناسراو بوو بە کەریمی حەمامچی و خەڵکی شاری هەڵەبجە بوو. کەریم بۆ لام هات و دیار بوو زۆر پەشۆکاو بوو لە توڕەیی هەموو لەشی دەلەرزی، ڕووی کردە من و وتی: ئایا ئەزانی شوعیەکان گۆرانیەکیان تۆمارکردوە

لە گۆرانیەکە کەسێک ناوە ناوە هاوار دەکاو دەڵێ بڕوخێن و بمرن پارتیەکانی دەربەندیخان! وتم: چۆن وایەو لە کوێ! وتی: لە چایخانە عەلی (چایخانەی عەلی شوعیەکانی لێ دادەنیشتن و ناسرابوو بە چایخانەی کرێکاران). بە بیستنی ئەو ئاگاداریە کەریم و دوو برادەری ترم لە گەڵ خۆم بردو چووینە چایخانەی ناوبراو. لەوێ دانیشتین و چایەیەکە چوار چای بۆ هێناین. کاتێک ڕانیشتین کاسێتەکە تەواو بوو، بەڵام کرێکارە شوعیەکان لە مەبەستی هاتنی ئێمە تێگەیشتن، بۆیە یەکێکیان وتی: ئا ئەم گۆرانیەمان بۆ لێدەرەوە! چایەچیەکەش کاسێتەکەی لێدایەوەو ئێمەش کە گوێمان لێ بوو، تێگەیشتین دەڵێ چێ، هەڵساین و پارەی چایەکانمان داو چایخانەکەمان جێ هێشت.

کە دەرچوین، لەگەڵ برادەرەکان بڕیارمان دا شکایەت بکەین. بەڵام لای کێ شکایەت بکەین! چونکە ئەوەندەی بیرمان لێ ی دەکردەوە کاربەدەستەکانی دەربەندیخان، ێ بەدرۆ ێ بەڕاست هەموویان خۆیان بە دۆست و لایەنگرو دەروێشی شوعیەکان دەزانی. ئەوانە ئێمەیان بەبەردەوامی ئیستفزاز دەکرد وە هەوڵیان دەدا کە هەستمان بریندار بکەن. بۆیە بڕوام نەبوو کەسێک هەبێت کە شکایەتمان کرد ئیتر لێپێچینەوە بکات. تەنها کەسێک نەبێت کە بڕوام هەبوو بتوانی یارمەتیمان بدات، ئەویش خاڵە قاسمی ڕەئیس عورفای پۆلیس بوو لە دەربەندیخان.

خاڵە قاسم ئامر مەخفەری پۆلیسی خواروی دەربەندیخان بوو، ڕقیشی لە شوعیەکان بوو، وە دەیزانی من شوعیی نیم و پارتیم، بۆیە منی خۆش دەویست و هەموو جارێکیش کە دەیدیتم زۆر بە گەرمی چاک و چۆنی لێ دەکردم، وە هەموو جارێکیش دەیگوت خۆزگە جارێک تۆ ئیشێکت بەمن دەکەوێ بۆ ئەوەی زۆر خزمتت بکەم. بۆیە منیش بڕیارم دا بچینە لای خاڵۆ قاسم بۆ ئەوەی چارەسەرێکمان بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەم کێشەیە. لەگەڵ ئەو برادەرانەی

لەگەڵم دابوون چوین بۆلای خاڵە قاسم لە بنکەی خواروووی پۆلیس لەدەم زێی دەربەندیخان. کە لەبنکەی پۆلیس نزیک کەوتینەوە و خاڵە قاسم کاتێک ئێمەی لە دوورەوە بینی خۆی و پۆلیسیکی یەک خەت بە ناوی ئیبراهیم ئینزبات هاتنە پێشوازیمان و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی لێکردین و وتی: کاک ئەحمەد خێرە تەشریفتان هێناوە بۆ ئێرە! منیش وتم: خاڵە قاسم تۆ هەموو جارێک دەتگوت، خۆزگە جارێک کارێکت بەمن بکەوتبایە تاکو خزمەتان بکەم. خاڵە قاسم وتی: فەرموو هەرکارێکتان هەیە من لەخزمەتان دام. منیش باسی کاسێتەکە و هوتافەکانمان بۆ گێرایەوە کە بەمەبەستی ئیستفزاز کردنی ئەندام و دۆستانی پارتیە کە ئەمەش مەترسی لێکەوتنەوەی ئاژاوەو شەڕی هەیە لە دەربەندیخان لە نێوان شوعیی و پارتی. وەداوام کرد کە پۆلیس دەست بەسەر کاسێت و موسەجیلەکە بگرێت بۆ ڕێگرتن لە ئاژاوەچییەکان.

خاڵە قاسم ئەم کارەی زۆر بەلاوە زەحمەت بوو، بۆیە ڕاشکاوانە وتی: ئەم کارە قورسەو بە ئێمە ناکرێت. کە خاڵە قاسم وای گوت، وتم باشە، ئەگەر ئەم ئیشە بە ئێوە ناکرێت، بەڵام داوات لێ دەکەم کە پۆلیسی یەک خەت ئیبراهیم ئینزباتم لە گەڵ بنێری بۆ ئەوەی خۆم دەست بەسەر کاسێتەکە دابگرم. خاڵە قاسم وتی: ئیبراهیم دەتوانێ ئەم کارە بکات! وتم، بەڵێ ئیبراهیم برادەری خۆمانە وە هەرچی لێداوا بکەین ئەنجامی دەدات. خاڵە قاسم فەرمانی بە ئیبراهیم کرد کە لەگەڵم بێت و داواکانم جێ بەجێ بکات.

کاک ئیبراهیم وتی: فەرموو کاک ئەحمەد، وتم باشە لەگەڵم وەرە چەند کاسێتێک و موسەجیلەیەک هە دەستی بەسەر دابگرە، وتی: بەسەرچاو فەرموو بابڕۆین. کە گەیشتینە چایخانەکە، نزیکەی ٣٠ کڕێکارێکی سەر بە حزبی شوعێی لێ دانیشتبوو. بە ئیبراهمم گوت و ئاماژەشم بۆ کاسێتەکان کرد کە ئەمانەیە، ئیبراهیم یش دەستی بە سەر هەموو کاسێتەکان و موسجیلەیەکە داگرت و هاتینە دەرەوە،

مالّیان ئاوابێ کەسێک لە کرێکارەکان دەنگیان نەکرد.
ئەوە بوو بەڵگەکانمان گەیاندە بنکەی پۆلیس، دوای ئەوە چوومە چایخانەی خالّۆ حوسین عەزیز باوکی مامۆستا عەبدوالواحید و لەوێ دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساند و چاوەڕێ ی بارودۆخەکەم دەکرد تابزانم چی رووەدا. ئەوەبوو دوای چل پەنجا دەقیقەیەک برادەرێکمان بەپەلە هاتە لام و کە دیاربوو پەشۆکاوبوو، پێ ی وتم: ئەوە لێرەی، هەستە خۆت ڕزگار بکە! وتم: بۆ چی روویداوە! وتی: هەر ئێستا سەدان کەس لە حزبی شوعیی کۆبونەتەوەو بەرەو ئێرە دێن بە هوتافات لە دژی تۆ، بتگرن زۆر ئەزیەتت دەدەن. دوای کەمێکی تر برادەرێکی تریش هاتە لام و ئەویش بە هەمان شێوە ئاگاداری کردمەوە. لێم پرسی، ئایا لە بەرپرسانی حزبی شوعیی و کارمەندانی حکومەت کێ یان لەگەڵ دایە! وتی: مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی و نەقیب محەمەدی ئامیر مەوقعی دەربەندیخان و معاون خەیری ئەفسەری پۆلیس. وتم: مادام مەلا ئەحمەدیان لەگەڵ دایە دەچمە لایان. هەرچەندە برادەران لەگەڵ ئەوە نەبوون کە بچمە لایان، بەڵام من گوێم لە برادەرانی خۆمان نەگرت و بەرەو پیشوازی خۆپیشاندەران چووم. کە گەیشتمە لایان خۆپیشاندەران نزیکەی ١٥٠ کەسێک دەبوون مەلا ئەحمەدو دوو ئەفسەرەکە لە پێشەوە بوون، منیش سڵاوم لێکردن، تەنها مەلا ئەحمەد سەلامی لێ وەرگرتمەوە، کاتێکیش تەوقەم لەگەڵ کرد تەنها مەلا ئەحمەد تەوقەی ئاسایی لە گەڵ کردم، ئەوانەی تر زۆر بەساردی تەوقەیان کرد.
نەقیب موحەمەد زۆر بەتورەییەوە وتی: ئەوە چیێە، بۆ ئەم ئاژاوەیەت ناوەتەوە! بۆ دەستت بەسەر ئەم موسجیلەیە داگرتوە. منیش وتم: ئاژاوەم دروست نەکردوە، بەپێچەوانەوە من بەرم لە ئاژاوە دروستبوون گرتوە، هەر بۆیەش بەرێگایی پۆلیسەوە دەستم بەسەر کاسێت و موسەجیلەکە داگرتوەو تەسلیم بە بنکەی پۆلیسم کردوە

بە مەبەستی لێکۆڵینەوە. مەلا ئەحمەد وتی: هیچ شتێکی وا ڕووی نەداوە، ئێمە دوو حزبی سیاسین لە نێوان خۆمان دا پێک دێین. معاون خەیری کە خۆی لەسەرەوە وانیشان دەدا کە لەگەڵ شوعییەکانە بەڵام لە ژێرەوە لە دژیان بوو، وتی: تۆ ئەگەر دەعوا تۆمار نەکەی، مانای وایە بۆ ئازاوە ئەمەت کردوە. ئەوە بوو چایەچیەکە و هەروەها ئەو کەسەی لەناو کاسێتەکە هوتافەکانی دژی پارتی لێدەدا، لە گەڵ منداا بردمانیان بۆ بنکەی پۆلیس بۆ لای مفەوەزی لێکۆڵینەوە کە ناوی خەسرۆ بوو. مفەوەز خەسرۆ داوای لەوانی تر کرد کە بچنە دەروەی ژورەکەی تەنها من مامەوەو ئیفادەکەی لێ وەرگرتم، دواتر ئیفادەی ئەوانی تریش وەرگرت هەروەها ئیفادەی شایەتەکانیش. هەموو ئیفادەکان کران بە نوسراوێکی فەرمی ڕەوانەی لای حاکمی هەڵەبجە کراین. کە لە دەربەندیخان دەرچوین دوای نوێژی عەسر بوو، من و هەر سێ شایتەکان (کەریمی وەستا مەحمود، عزەت جەمیل ئامێدی و موحەمەد سلێمان) بەرەو هەڵەبجە کەوتینە ڕێگا. ئێوارە کاتی ڕۆژ ئاوابون گەیشتینە هەڵبجە لامان دایە بارەگای پارتی چوینە ژوورەوەو دوای سڵاو کردن، پرسیاری ئەحمەد نەقیب م کرد کە لێپرسراوی هەڵەبجە بوو، بەڵام کاک ئەحمەد لەوێ نەبوو. لاوێکی خوێن گەرم هەڵسایە سەرپێ و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین و دڵخۆشی خۆیانی نیشاندا بەهاتنمان، هەروەها زۆریشی بە بەژن و بالای بارزانی داهەڵدا، لەبەر ئەوەی کاک عزەت ئامێدی مان لەگەڵ دا بوو کە جل و بەرگی کوردی بادینی لەبەردابوو کە لەهی بارزانیەکان دەچوو، وەکاکی لاو واتێگەیشت کە ئەو کورە بادینیە بارزانیە. دوای ئەوەی بەخێرهاتنی کردین، هەر تەماشای کورە بادینیەکە دەکردو چاوەڕێ دەکرد ئەویش وەڵامی بداتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی من بەڕپرس بووم، کاک عزەت ئامێدی هیچ وەلامی نەدایەوە. بۆیە منیش سوپاس گوزاری خۆمانم بۆ لێژنەی ناوچەی هەڵەبجە دەربڕی بۆ ئەو پێشوازیە گەرمە.

زۆری نەبرد کاک ئەحمەد نەقیب گەڕایەوەو منیش لە ڕووداوەکەی دەربەندیخان ئاگادارم کردەوە. دوای بەخێرهێنان، کاک ئەحمەد دانەیەک لە ڕۆژنامەی (ئیتحاد الشعب)ی دایە دەستم و وتی: ئەمە سوودی دەبێت بۆ ئەو کێشەیەی ئێوە، وتی لە کاتی پیلانگێڕیەکەی شەواف و دوای کۆتایی پێهێنانی، جەمال حەیدەری کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شوعیی بوو سەردانی شاری موسڵ ی کردوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕۆڵی گەلی کوردو پارتی بە گرنگ باسکرد لە تێکشکانی پیلانگێریەکەی شەواف، وەشەهید جەمال حەیدەری زۆر بە باشە باسی پارتی کردبوو.

ئیمەش ڕۆژی دواتر لە کاتی دەوام چوویینە دادگای هەڵەبجە و چاوەڕێمان کرد تاکو بانگمان بکەن. زۆری نەبرد بانگیان کردین وە لەپێشدا بانگی منیان کرد بۆ لێکۆڵینەوە. منیش لەبەردەمی دادوەر باسێکی دوورو درێژی خەبات و ڕۆڵی پارتیم کرد، وە لە کۆتاییدا ڕۆژنامەکەی (ئیتحاد الشعب) و باسی وتارەکەی جەمال حەیدەری م پێشکەش بەدادوەر کرد وەک بەڵگەنامەیەک بۆ دڵسۆزی پارتی بۆ شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ.

کە ئیفادەکەم تەواو بوو وتم: فەرموو دادوەری بەڕێز ئەمە ڕۆژنامەکەیە بیخوێنەوە بزانە جەمال حەیدەری چۆن باسی پارتی دەکات، وتی: بیدە مفەوەزی لێکۆڵینەوە بۆ ڕۆژی دادگایەکە، منیش ڕۆژنامەکەم دایە دەست مفەوەزەکە. دوای من ئیفادەی برادەران کاک کەریم و عزەت یش وەرگیرا، کە نۆرەی موحەمەد سلێمان هات بۆ ئیفادە وەرگرتن، حەمە کەوتە دیفاع کردن لە عومەر ناوێک، وە وتی: لەبەر ئەوەی عومەر کابرایەکی بێکارە، وە بۆ ئەوەی ئیشێکی بۆ بدۆزنەوە ئەو کارەی کردوە. کاتێک حەمە، دیفاعی لە عومەر کرد، دادوەر زۆر توڕە بوو لە حەمە، وتی: تۆ چۆن دیفاع لەوانە دەکەی، هەی ترسنۆک، خۆ تۆ محامی ئەوان نیت، ئەم کردەوەیە حەلەقەیەکە لە حەلقەی پیلانگێڕیەکی شەواف، ئەبێ بدرێنە دادگای

گەل. کە دادوەر ئەم قسەیەی کرد عەلی چایەچی زۆر ترساو دەستی کرد بە هێرش کردنە سەر برادەرەکەی و وتی: عومەر منیشت کردە هاوڕێ ی شەواف و بە خائن لە قەڵەم بدرێم.
کاتێک لێکۆڵینەوە تەواو بوو وێستمان بچینە دەرەوە، بەڵام ناو هۆڵی دادگا زۆر قەرەباڵغ بوو تەنانەت خەڵک هاتبونە ناو ژووری دادوەرییش بۆ سەیر کردنی دادگاییەکەو زانینی ئەنجامەکەی. زۆربەی ئامادە بوان ئەندام و دۆستی حزبی شوعیی بوون، بۆیە بە دووڵەیەکی زۆرەوە نەوەک پەلامارمان بدەن، ڕێگامان کردەوەو بەناویاندا بۆ دەرەوەی هۆڵەکە تێپەڕ بووین.
دوای هاتنە دەرەوەمان لە دادگا پیاسەیەکی ناو شاری هەڵەبجەمان کرد، وە چاومان کەوت بەبرادەرێکی خۆمان، ئەویش زۆر بە دیتنی ئێمە دڵخۆش بوو داوەتی خواردنی سەروپێی کردین، وە زۆر خزمەتی کردین. ئێمەش زۆر سوپاسمان کرد. بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، تاوەک سوپاس گوزاریەک وە بۆ مێژوو ناوەکەی تۆمار بکەم.
دوای کۆتایی هاتن بەلێکۆڵینەوە دادوەر بڕیاری دا بە زیندانی کردنی عومەرو عەلی و ئێمەش گەڕاینەوە دەربەندیخان. پاش چوار ڕۆژی جەژنی قوربان خزمەکانی عەلی چایچی چووبونە لقی ٤ لە سلێمانی و نووسراوێکیان بۆ ئێمە هێنابوو. نووسراوەکەی لق داوای لە ئێمە کردبوو کە نووسراوێک بۆ دادوەری هەڵەبجە بکەین و وەک حزب داوای لێبکەین کە عەلی چایچی ئازاد بکات، ئێمەش داواکەی لقی ٤ مان جێ بەجێکرد و عەلی چایچیش ئازادکرا. عومەر یش کە هوتافەکانی لێدابوو ٢١ ڕۆژ زیندانی کراو دوای ئەوە ئازادکرا. کە گەرایەوە دەربەندیخانیش، هاتە لام و داوای لێبوردنی لە من و لە حزب کرد، وە وای نیشاندا کە بە هەڵەدا چووبوو خراپ لە پارتی گەیشتبو، وە ئێمەش لێمانبورد و بەم شێوەیە کۆتایی بەم کێشەیە هات.

لاوێکی دەشتی دزەیی

لە ساڵی ١٩٥٨ چەند مانگێک پێش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ ڕۆژێکیان لاوێکی گەنم ڕەنگی باڵا بەرزی ڕێک وپێک، کە ڕانکوچۆغەیەکی سپی، کڕی زاخۆیی لەبەردابوو هاتە دوکانەکەم بۆ سەرتاشین. پاش سەرتاشین کەمێک لامان دانیشت و چەند برادەرێکی پارتی و شوعیش لام دانیشتبون و باسی سیاسەتمان دەکرد. ئەم برادەرەش بە تامەزرۆە گوێ لە قسەکان ڕاگرتبوو، دوای ئەوە ئەویش کەوتە قسە کردن، وە لە قسەکانی دیار بوو کە پیاوێکی بە ئاگاو تێگەیشتوە و توانی سەرنجی ئامادەبوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. دوای ئەوە چەند جارێکی تر هاتوچۆی منی دەکرد، وە دوای چەند مانگێک دۆستایەتیەکەمان لە نێواندا دروست بوو، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەسڵ و فەسڵی بزانم. ڕۆژێکیان بە پیاسە چووینە دەم زێ ی سیروان بۆ مەلەوانی کردن. تەنها من و ئەو بووین، پرسیارم لە ناوی تەواوی وە خەڵکی کوێ یە کرد. لەوەڵامدا وتی: ناوم عەبدوڵڵا ئەحمەدە و خەڵکی هەولێرم. لە کاتی خۆی لە مانگی ڕەحمانی ئاغای کارم دەکرد، بەڵام کە کۆماری کوردستان دامەزرا لە مەهاباد بە ڕێگای خانەقین بە هاوکاری ڕەشید باجەلان چوومە کوردستانی ئەودیو بۆ بەشداری کردن لە کۆماری کوردستان، کاتێک حزبی دیموکراتیش دامەزرا پەیوەندیم پێوەکردن، بەڵام پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، خۆم لە مەهاباد حەشاردا و نەگەڕامەوە کوردستانی عێراق و لەگەڵ بارزانیش نەچوومە سۆڤیەت و بەڵکو بەنهێنی لە گوندەکانی دەوروبەری مەهاباد مامەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو تووشی نەخۆشی گرانەتا بووم، دوو مانگ لە مانگی خێرەومەندێک کەوتم، پاشان لەلایەن حکومەتی ئێران دەستگیرکرام. دوو مانگ لە زیندانەکانی ئێران مامەوە دوای ئەوە ئازاد کرام. بە ئازاد بوونم سەر لەنوێ پەیوەندیم بە حزبی دیموکرات کردەوەو

خەریکی خەباتی سیاسی نەبێنی بووم، تاکوو ماوەی چەند مانگێک پێش ئێستا وازم لە سیاسەت هێناو گەڕامەوە کوردستانی عێراق.
ئێستاش بەهۆی کانەبی عەزیزی پاشای دزەیی لێرە لە دەربەندیخان لە کۆمپانیا بە چاودێر دامەزراوم. کە قسەکانی تەواو کرد لێم پرسی: ئەگەر داوات لێ بکەین ئامادەی لە گەڵ پارتی دیموکراتی عێراق ئیش بکەی! وتی: بەڵێ ئامادەم. وتم: باشە بەڵام بوون بەئەندام لە پارتی مەرج هەیە، یەکێکیان ئەوەیە دەبێ ئەو کەسە ڕابردوی پاک بێت ئەوەی تریشیان دەبێ سەرکردایەتی پارتی پەسندی بکات، وتی زۆر باشە. وتم : باشە تۆ لە بەرپرسانی حزبی دیموکرات و پارتی کێ دەناسی! وتی: لە دیموکرات غەنی بلوریان دەناسم وە لە پارتیش نوری ئەحمەد تەها دەناسم. ئەو کات نوری ئەحمەد تەها بەرپرسی لقی ٤ی سلێمانی بوو خۆشم ڕاستەو خۆ پەیوەندیم بە کاک نوری یەوە هەبوو، بەڵام غەنی بلوریان ئەو سەردەمە لەگەڵ چەند تیکۆشەریکی حزبی دیموکرات لە ئێران لە زیندانبوون وە حوکمی ئیعدام درابوون و چاوەڕێ جێ بەجێ کردنیان دەکرد، ئەوەبوو غەنی بلوریان ٢٢ ساڵ لە زیندانی شاە مایەوە تاکو شۆڕشی گەلانی ئێرانی بەسەرداهات وئازادکرا لە ساڵی ١٩٧٩.
بۆ ساغ کردنەوەی کەسایەتی ئەحمەد عەبدوڵڵا چوومە سلێمانی بۆ لای خوا لێخۆشبوو نوری ئەحمەد تەها و پرسیارم لە بارەی ناوبراو لێکرد، کاک نوری وتی: ڕاست دەکات من ئەو کات دەمناسی و کوری باش بوو، بەڵام نازانم ئێستا چۆنە. یانزە ساڵە من ئەوم نەدیوە، وە بەسەدان کەس ئەو کات باش بوون بەڵام ئێستا خراپ بووینە، وە بەسەدانیش ئەو کاتە خراپ بوون ئێستا باشن. کاک نوری وتی: ڕاوەستە با لە بردەرانی دیموکرات پرسیار بکەم ئەوان لەمن باشتر دەیناسن وا با بزانم دەڵێن چی، ئەو کاتە ئاگادارت دەکەمەوە. ئەو سەردەمە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی دیموکرات لە دیوی کوردستانی عێراق وەبەتایبەتیش لە شاری سلێمانی بوون وەک

پەنابەر. دوای ماوەیەک چاوەڕوانی کاک نوری ئاگاداری کردینەوە کە وازی لێ بێنین و خۆی لێ دوورخەنەوە. بۆیە ئێمەش بابەتەکەمان داخست و خۆمان لێ دوورخستەوە. دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ عەبدوللا ئەحمەد ناسراو بە (مامە) دەربەندیخانی جێ هێشت و گەڕایەوە هەولێر. دوای چەند مانگێک یەکێک لە ئەندامانی دیموکرات کە پەناخواز بوو لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد، ئێمەش بەمەبەستی سەرەخۆشیکردن لە حزبی دیموکرات وەفدێک بە ناوی پارتی لە دەربەندیخان چووینە شاری سلێمانی. ئەحمەد تۆفیق ناسراو بە (عەبدوللا ئیسحاقی) سەرپەرشتی پرسەکەی دەکرد. پاش فاتیحە خوێندن و سەرەخۆشی ئەحمەد تۆفیق هات لەلای من دانیشت، دوای چاک و چۆنی لە یەکتری پرسیاری وەزعی خۆمانی لێکردم لە دەربەندیخان منیش بەپێ ی پێویست وەڵامم دایەوە. دوای ئەوە من پرسیارم لە کاک ئەحمەد کردو وتم: ئێوە عەبدوللا ئەحمەد ناسراو بەمامە دەناسن! وتی؛ تۆ چۆن ئەو کەسە دەناسی! منیش باسم بۆ کرد. لە وەڵامدا وتی: خۆتانی لێ دوورخەنەوەو جێگای متمانە نیە، هەروەها کەوتە زەم کردنی. هەروەها عەبدوللا ئەحمەد یش زۆر لە دژی عەبدوللا تۆفیق دەدوا. بە ئاشکرا دیار بوو کە ئەو دوو کەسە دژی یەکتر بوون ئەوەش بێ هۆ نەبوو شتێک لە نێوانیاندا هەبوو.

پاش چەند ڕۆژێک لە بەژداری کردنمان لە پرسەکەی حزبی دیموکرات، عەبدوللا تۆفیق و هاوریەکی کوردی سوریا بەناوی عەزیز هاتنە دەربەندیخان و میوانی من بوون و شەو لە ماڵەکەی من مانەوە. بەیانی داوایان لێکردم دەفتەر نفوسیکیان بۆ پەیدا بکەم تا پێ بچنە بەغدا، منیش دەفتەر نفوسەکەی خۆم دایە ئەحمەد تۆفیق تا پێ چووە بەغداو گەڕایەوەو دەفتەر نفوسەکەشی بۆ هێنامەوەو دەربەندیخان و گەڕانەوە سلێمانی.

هات و چۆی زۆری ئەحمەد تۆفیق بۆ بەغدا مەکتەبی سیاسی پارتی

خستبوە گومانەوە، بۆیە پارتی بڵاوکراوەیەکی نهێنی ناوخۆی بۆ ڕێکخستنەکان نارد. لە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو کە عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە لە عێراق بە عەبدوڵڵا تۆفیق ناسراوە بەبێ ئاگاداری پارتیمان و سەربەخۆی هاتووچۆی ئەمنی عامەی بەغدا دەکات، وە چەندین جار لەلایەن پارتیمانەوە ئاگادار کرایتەوە کە نابێ بەبێ ئاگاداری حزب هاتووچۆی ئەمنی عامەی بەغدا بکات، بەڵام ئاگادارکردنەوەکە بێ سوود بوو وە لە هاتوچۆکەیدا بەردەوام بوو، بۆیە داوا لە ئەندام و دۆستانی پارتی دەکەین کە هەموو پەیوەندیەک لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دا بپچڕن.

دوایی ئەو بڕیارەی مەکتەبی سیاسی ئەحمەد تۆفیق یش کەوتە دژایەتی کردنی مەکتەبی سیاسی بەگشتی و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەتایبەتی، وە خۆشی خزاندە پاڵ مەلا مستەفای بارزانی بەمەبەستی ئەم دژایەتی کردنە، وە مەلا مستەفاش هانی دەدا بۆ دژایەتی کردنی مەکتەبی سیاسی. بەڵام ئەو دۆستایەتیەی لەگەڵ مەلا مستەفا زۆری نەخایاندو کەوتە ژێر فشارو دژایەتی کردن و دوور خستنەوە لە لایەن مەلا مستەفاوەو لە ئەنجامدا ئەحمەد تۆفیق پەنای بردە بەر حکومەتی بەغداو دوای ماوەیەک حزبی بەعس کوشتیان. ڕۆژێکیان گوێم لە بەرنامەی کاروانی شەهیدانی ڕادیۆی دیموکرات دەگرت، بەرنامەکە تایبەت بوو بە شەهیدان سلێمانی موعینی و عەبدوڵڵا ئیسحاقی، لە بەرنامەکەش باس لەوەکرا کە عەبدوڵڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق لە ئەمنی عامەی بەغدا شەهید کراوە.

سەرەتایی ناڕۆزیی دۆخی کوردستان

ڕۆژ بە ڕۆژ گرژی زیاتر دەکەوتە نێوان کوردو حکومەتی عەبدوالکەریم قاسم، وەزعی دەربەندیخانیش تا دەهات گرژتر

دەبوو، دوژمنانی عەبدوالکەریم قاسم بەبەردەوامی هانی گەلانی عێراقیان دەدا بۆ ڕاپەڕین دژی حکومەتی قاسم، بەتایبەت وڵاتانی دراوسێکانی عێراق لەوانەش ئێران ڕۆڵێکی ترسناکی دەبینی بە ڕێگای ئەو کەسانەی کە لە کاتی ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق پەنایان بردبووە بەر ئێران، وە لەوێ ببون بە هێزێکی ڕێکخراوو پەلاماری دێهاتەکانی کوردستانی عێراقیان دەدا لە دیوی کوردستانی ئێرانەوە. مالی جوتیارانیان تالان دەکردو ئازاریان دەدان. هەروەها ئێرانیەکان بەڕێگای پیاوەکانیانەوە هانی سەرۆک خێڵەکانیان دەدا کە لە دژی حکومەتی قاسم ڕاپەڕن. وە لە سەر سنوور پەلاماری ئەو شوعییانەیان دەدا کە لە دژی ئاغاکانیان ڕاپەڕیون، بەو ڕێگایەوە توانیان پەیوەندی باش لەگەڵ ئاغاکانی ئەو ناوچانە دروست بکەن بەمەبەستی دژایەتی کردنی قاسم.

بەم شێوەیە بەرهەڵستانی قاسم ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە زیاد بوون دابوون. ئەوەبوو ئاغاکانی پشدەرو بتوێن وەفدێکیان پێک هێناو چوونە بەغدا بۆ لای عەبدوالکەریم قاسم و چاوپێکەتنیان لەگەڵدا کرد، وەداوای جێ بەجێ کردنی مادەی ٣ی دەستوری کاتی عێراقیان لێکرد. ڕۆژنامەی دەنگی کورد کە خاوەنەکەی عومەر جەلال حەویزی بوو وە بەزمانی عەرەبی و کوردی لە بەغدا دەردەچوو بە وتارێکی دوورو درێژ پێشوازی لە وەفدەکە و بەخێرهاتنی دەکردن، وە بەبالای وەفدەکەی هەڵدەداو بەناوی وەفدی کوردستان دەیناساندن. بۆ بەیانی سەرکردایەتی پارتی بەوتارێک لە ڕۆژنامەی خەبات وەڵامی ڕۆژنامەکەی دایەوەو وەهەڕەشەی لە وەفدەکەش کردو وتی: هیچ هێزو کەسێک لەپارتی زیاتر نوێنەرایەتی کورد ناکات و پێشرەوی کوردیش پارتیە.

ئەو وتارە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر وەفدەکە کە پێکهاتبوو لە چەند ئاغایەک، وە لەچوونە لای عەبدوالکەریم قاسم پەشیمانیان نیشاندا وەهەر بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی بارەگای پارتیان کرد لە

بەغداو ئەو پەشیمانیەیان نیشانداو داوای لێبوردنیان لە مەکتەبی سیاسی پارتی کرد. بەڵام لە ڕاستیدا ئاغاکان لە چالاکی خۆیان نەکەوتن و هەر خەریکی جموجۆڵ بوون.

پاش هەموارکردنەوەی یاسای چارەسەری کشتوکاڵ، خێڵەکانی ئاکۆ، پشدەر، بتوێن و جافایەتی بەخۆیان و چەکەکانیانەوە هاتنە سەر ڕێگای سەرەکی دۆڵی خەلەکان و چەند بازگەیەکیان دانا، وە هەر ئۆتومبێلێک ئەهات ئەیان پشکنی. حکومەتی قاسم بەم کردەوەیەی عەشایر زۆر ناڕەحەت بوو، داوای لەسەرکردایەتی پارتی کرد کە داوا لەم چەکدارانە بکات کە لە سەر جادەکان بکشێنەوە. سەرکردایەتی پارتیش داوای لە خێڵەکان کرد کە چەکدارەکانیان بکشێننەوە بەڵام بەداخەوە چەکدارەکان گوێیان بەداواکەی پارتی نەدا. ئەم جوڵانەوەیە تا دەهات زیاتر تەشەنەی دەکرد تا وای لێهات دێگەڵەو دەربەندێبازیان و دەربەندیخان ی گرتەوە.

ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو کە ژمارەیەک لە ئەندام و دۆستانی پارتی کە هەندێکیان ئەندامی دێرینش بوون لە ریزەکانی پارتی، وەبەبێ ئاگاداری پارتی دەچوونە لای ئاغای دێیەکانی خۆیان و وازیان لە پارتی دەهێنا. کاتێک پێت بگوتایە نابێ بێ ڕەزامەندی پارتی بڕۆی، دەیگوت ئاغا ئاغایە و حزب چیە. وەهەر ئەم کەسانە بوون، چەند مانگێک پێش ئێستا ئاغاکانی خۆیان لە دێهاتەکان بە چەپڵە دەردەکرد تەنانەت ئەگەر ئەو ئاغایە هیچ گوناهێکیشی نەبوایە، ئەمڕۆش چەک بۆ ئاغا هەڵدەگرێ بێ ئەوەی بزانی بۆچیە. کە ڕاپەڕین لە سلێمانی دەستی پێکردو پەرەی سەند، لە پارێزگای موسڵ یش قەومیەکانی عەرەب کە هەر خۆیان بە دوژمنی عەبدوالکەریم قاسم دەزانی ڕقی زۆریان لە کوردو شوعیەکان بوو، هانی عەشیرەتەکانی زێباری و ڕێکان و مزوری یان دەدا لە دژی عەشیرەتی بارزان. بەرێوەبەری پۆلیسی موسڵ (ئیسماعیل عەباوی) بەهەموو جۆرێک هاوکاری عەشیرەتەکانی دەکرد بۆ

لیدانی بارزانیەکان.
ئیمەی پارتیش لەسەر داوای سەرکردایەتی خۆمان ئیمزامان کۆکردەوەو داوامان لە عەبدولکەریم قاسم کرد کە سنوریک بۆ ئیسماعیل عەباوی دابنێت و چیتر هانی دوژمنانی بارزان نەدات و هاوکاریان نەکات. کاتێک بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی مام جەلال دەبینێ، لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، بە مام جەلال دەڵێ نابێ برادەرانتان ئیمزا کۆبکەنەوە دژی عەشیرەتەکانی زێبارو مزوری و ڕێکانی، ئێوە حەقتان چیە بەسەر بارزان وەقسەی ناشرینیش دەڵێتە مەلا مستەفا و بارزانیەکان و هێرش دەکاتە سەریان. وەک برادەران بۆیان گێڕامەوە مام جەلال زۆر بەتوندی وەڵامی بەڕێوەبەری پۆلیس دەداتەوەو بەرگری لە عەشیرەتی بارزان دەکات.

داڵانی کادری حزب
لەگەڵ چەکدارەکانی سەر چیای زمناکۆ

لەسەر داوای لقی چواری سلێمانی پارتی، لێژنەی ناوچەی دەربەندیخان بڕیاری دا سێ کەس تەرخان بکات بۆ هاتوچۆکردنی ناو چەکدارەکانی چیای زمناکۆ بە ئامانجی ئاراستەکردنیان بە بیروباوەڕی نیشتمانی و کوردایەتی. سێ کەسەکەش ئەمانەبوون:
١- ئەمین سەید عەبدوڵڵا ناسراو بە ئەمینی وێنەگر ٢- مەلا سەعید ناسراو بە عەریف سەعید ٣- ئەحمەد بێکەس.
عەریف سەعید، کادیرێکی چالاک و لێوەشاوەی ناوچەی جوتیارانی شارەزور بوو، وە لەناو جەماوەر خۆشەویست بوو. عەریف سەعید بەهۆی نەبوونی چەک، بێ چەک بوو، وەلەبەر تێنوەتی بەبەردەوامی مەتارەیەک ئاوی لەمل دابوو. لەبەر ئەوەی چەکدارەکان ناوی عەریف سەعید یان نەدەزانی بانگیان دەکرد هۆ کاکی مەتارە لە مل. ئەو ماوەی کە کاک سەعید لەناو چەکدارەکان دەسوڕایەوە توانی

سۆزیکی زۆری چەکدارەکان بەلای حزب رابکێشێ. لەم کاتەشدا سەرکردەکانی حزب لە ناو دێهاتەکانی شارەزوور دەسوڕانەوە بۆ هاندانی خەڵک بۆ ڕاپەڕین دژی حکومەتەکەی قاسم لەو سەرکردانە، مام جەلال و عومەر مستەفا ناسراو بە عومەر دەبابە. لە ئەنجامدا خەڵکێکی زۆر پەیوەندیان بە چەکدارەکانی چیای زمناکۆ وە دەکرد. نۆرەی من بوو کە لە گەڵ چەکدارەکان بم لە چیای زمناکۆ، سەردانی شێخ ئەحمەدی سۆڵەم کرد، پاش چاک و چۆنی، شێخ وتی: کاک ئەحمەد ئێمە تاکەی لێرە چاوەڕێ بین! منیش وتم؛ تاکو هێزەکانی حکومەتی عێراقی بەرەو ئێرە دێن. شێخ وتی: بەڵکو حکومەت هەر نەیەت، منیش وتم: حکومەت نەیەت باشتر، ئێمەش وادانیشتوین. شێخ وتی: بەخوا تاکو دوو مانگی تر وابێت، هەوا ساردەبێت و کەسمان لەگەڵ نامینێ. منیش وتم: جا ئەوەی دەیەوێ بروات باشترە هەر لە ئێستاوە بڕوات. ئێمە خەریکی قسە کردن بوین لەگەڵ شێخدا، وەدەیویست ئێمە دەست پێشخەری شەڕ بکەین، منیش دەمگوت ئێمە دەست پێشخەری ناکەین و دەبێ حکومەت بیکات، لەو کاتەدا شێخ مەحمود ناوێک کە خەڵکی دەوروبەری هەڵەبجە بوو، خۆی و ٣٠ چەکدارێک گەیشتنە لای ئێمە و سڵاوی کردو ڕووی کردە شێخ ئەحمەد و وتی: یاشێخ ئێمە لە کوێ بنکە بکەینەوە! شێخ ئەحمەد یش بەدەست ئیشارەتی بۆمن کردو وتی: بە کاک ئەحمەد بڵێ ئەو نوێنەری حزبە. شێخ مەحمود یش وتی: کاک ئەحمەد ئێمە لە کوێ بنکە بکەینەوە! منیش وتم ئەمە هەمووی چیایە، لە کوێ بنکە دەکەیەوە بیکەوە. شێخ مەحمود ئاخێکی هەڵکێشاو وتی: ئاخ پارتی ئاخ، وتم یاشێخ ئەم ئاخەت لە چی بوو! شێخ وتی: ئەگەر پارتی نەبێت من بنکە لێرە دکەمەوە، وتم: ئەی لە کێ دەیکەیتەوە، وتی: ئەچم لە جەبەل حەمرین ئەیکەمەوە، لێ دەگەڕێم جارێکی تر سوپای عێراق پێ بنێتە خاکی کوردستان، منیش وتم، تۆ جارێ لێرە بیکەوە خوا کەریمە بۆ جەبەل حەمرین.

مانگرتنی شەشی ئەیلولی ١٩٦١

ڕۆژ بەڕۆژ بارو دۆخی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، جەماوەری ڕاپەڕیو لە شاخەکانی کوردستان لە زیادبوون دابوو. بڕیارێک لە لقی ٤ی پارتی بۆ لێژنەی ناوچەی دەربەندیخان هات و داوایان لێکردین کە مان بگرین لە دەربەندیخان. ئێمەش دوای وەرگرتنی بڕیارەکە کەوتینە هەوڵی جێبەجێکردنی بەهەر شێوەیەک بێت. ئاگاداری مانگرتنمان گەیاندە هەموو دوکاندارو کاسبکارو کرێکاران و جەماوەری دەربەندیخان کە لە ٦ی ئەیلول دا لە هەموو کوردستان دا دەکرێت، وە پێویستە کەس دوکان نەکاتەوەو کرێکارانیش نەچنە سەر کارەکانیان. لەلایکی تر حزبی شوعیی لە دەربەندیخان بە پێچەوانەی ئێمە ئاگاداری لایەنگرانی خۆی دەکردەوە کە نابێ بەشداری لە مانگرتندا بکەن.

لە سەرو بەندی خۆ ئامادە کردن بۆ مانگرتن، دەنگوباسێکمان پێ گەیشت کە لیوایەکی سەربازی لە جەلەولاوە دێت و دەیەوێت بچێتە سلێمانی، بۆ بەدوا داچونی هەواڵەکە دوو برادەرمان ڕەوانەی جەلەولا کرد بە هاوکاری برادەرێک کە شوفێری تاکسی بوو بە ناوی عەبدوڵڵا جوتیار. ئەم برادەرانە بەبەردەوامی زانیاریان بۆ دەناردین بەڕێگای تەلەفۆن بە شێوەی شفرە وەبەسوود وەرگرتن لە برادەرانی خۆمان کە لە بەدالەی تەلەفۆنات ئیشیان دەکرد.

ئێمە خۆمان بەباشی ئامادەکردبوو بۆ ڕۆژی مانگرتنەکە، تەنانەت خۆمان بۆ ئەگەری شەڕ ئامادە کردبو ئەگەر پێویست بکات، بۆ ئەم ئەگەرە ٥٠ دارخوتەرمە (تێلا)مان لای دارتاشێک بەڕادان دابو. هەر وەها لە ڕووی شەری دەرونیش کاری خۆمان کردبو، بۆ نموونە من خۆم چوومە ناو چەکدارە ڕاپەڕیوەکان لە شاخ و ٥٠ چەکدارم لە گەڵ خۆم هێنا بە چوار پیکاب و جێبێک بۆ ناو دەربەندیخان عەسرانێکی درەنگ، وە بەچەکەوە خۆپیشاندانمان کرد لە ناو شار، بۆ ترساندنی ئەوانەی دژی مانگرتن بوون. عوسمانی مەلا، مفەوەزی

ئەمن بوو، خۆی و چەند پۆلیسێک لەسەر جادە وەستابون و تەماشەی ئیمەیان دەکرد. وە لەبەر ئەوەی زۆربەیان کوردی باش بوون، بۆیە هیچ هەڵوێستیکی خراپیان دژ بە ئیمە نیشان نەدا. پاش ڕێپیوانە چەکدارییەکە، چەکدارەکان گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان و ئیمەش ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوتین و لە ناو شاری دەربەندیخان دەسوڕاینەوەو چەند شوێنێکی ستراتیژیشمان کۆنترۆڵ کردبو.

سەر لە بەیانی کاتژمێر ٦ چوینە مەیدانی کرێکاران، ئەو شوێنەی کە کرێکاری لێ کۆدەبۆوەو ئۆتومبێلەکانی کۆمپانیاش دەهاتن و کرێکارانیان بۆ سەرکار دەبردە. ئیمە ژمارەمان زۆر بوو، وە هەر یەکە لە ئیمەدا دارێکمان بەدەستەوە بوو بۆ شەڕ، هەروەها بە نهێنی هەندێ برادەرمان بە دەمانچە چەکداربون، هەر کرێکارێکیش بهاتایە مەیدانەکە بۆ کار، ئیمە دەمان گێرایەوە و نەمان دەهێشت بچێتە سەرکار. کرێکارانی سەر بە خۆشمان هەموویان لەگەڵ ئیمەدا ئامادەبوون نەوەک ببێتە شەڕ. هەروەها ژمارەیەک چەکدارمان لەسەر جادەی نێوان بەغداو سلێمانی جێگیرکردبو بۆ قەدەغەکردنی هاتووچۆ، وەتەنها ڕێگایان بە بیانیەکان دەدا بچنە سەرکارەکانیان. دوای ئەوەی ڕێگامان نەدا کرێکارەکان بچنە سەر کار، کە دەبوایە کاتژمێری ٧ی بەیانی دەستیان بەکار کردبا. ئیمەش لە دوای کاتژمێری ٨وە دوای ئەوەی دڵنیا بووین کە مانگرتن هەموو شارەکەی گرتۆتەوە، کۆتایمان بەکارەکانمان هێنا.

بەماوەیەکی کەم پێش ئەوەی کۆتایی بەکارەکانمان بهێنین، کرێکارانی حزبی شوعیی بە کۆمەڵ هاتن و ویستیان بچنە سەرکارەکانیان کە نزیکەی ٣٠ کرێکارێک دەبوون، بەڵام کاتێک چاویان بە ئیمە کەوت کە ژمارەمان لەوان زیاترەو کۆنترۆڵی شوێنەکەمان کردوە وەئامادەشین بۆ شەڕ، ئیتر وردە وردە کرێکارەکان خۆیان دەدزیەوە دەگەڕانەوە ماڵەکانیان. کوردێک کە ناوی جەلال کەریم ئەبو شەوارب بوو پێش کرێکارە شوعیەکان کەوتبوو، جەلال کوردێکی ئازاو چاو

نەترس بوو ئەندامی لێژنە مەحەلی حزبی شوعیی بوو. برادەرێکی ئێمە کە ئەندامی ناوچە بوو بە ناوی حوسێن غولام، بەرەو لای شوعیەکان چووەپێش، کە گەیشتە لای جەلال، سڵاوی لێکردو پێی وت، ها جەلال بۆ کوێ، جەلال وتی: بۆ سەر ئیش، حوسێن وتی: ئیمڕۆ لە هەموو کوردستان ئیش نیەو مانگرتنە، چۆن هاتون وا بگەڕێنەوە. جەلال بە حوسێنی وت: ئەی ئێمە کە حزبێکی سیاسی گەورەوگرانین چۆن ئاگادار نەکراینەوە! حسێن وتی: زۆر چاک ئاگادارن و دەشزانن هۆی مانگرتنەکە چیە. بەڵام ئێوە لەو ڕۆژەی زانیوتانە مانگرتن لە هەموو کوردستان دەکرێ، هەوڵ دەدەن پوچەڵی بکەنەوە، تکام وایە بگەڕێوە بێ ئەوەی خوێن بڕژێ. کە جەلال ئاورێکی پشتە خۆی دایەوە دیتی کە تەنها چوار کەسی لە گەڵ ماوە، وتی: برادەران حەق وانیە، بەڵام باوابێ و گەڕایەوە. بەم شێوەیە مانگرتن لە دەربەندیخان بەسەرکەوتویی کۆتیی هات. ئەم بەڕێزانەش ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە سەرکەوتنی مانگرتنەکە: حوسێن غولام کە بەراستی پاڵەوانی مانگرتنەکە بوو، پیرۆت بایز پشدەری، غەفور عەزیز، هاشم عزیز، سابیر موحەمەد گاسوار، سالح پاڵەوان، کەریم حەمامچی. هەروەها زۆرانی تریش لە کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەتەکان کە بەداخەوە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە بەداوای لێبردنەوە.

١١ی ئیلولی ١٩٦١ و چەخماخەی شەڕی دەربەندیخان

ڕەوشی ناوچەی دەربەندیخان تادەهات زیاتر ئاڵۆز دەبوو، جەماوەری دەڤەری شارەزورو دەربەندیخان و شەمیران ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەیوەندیان بە هێزی چەکداری شاخەکانەوە دەکرد. هەواڵی پشتگیری میللەتی کورد بۆ چەکدارە ڕاپەڕیوەکان، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە پارتی بە ڕێگای کادرەکانی خۆیەوە

توانی هێزە چەکدارە عەشایرەکان تا ڕادەیەکی باش کۆنترۆڵ بکات، ئەوە ببوە جێگای مەترسی بۆ حکومەتی قاسم، کە لە ئامادەباشی دابون بۆ پەلاماردانی کوردستان.

پارتی لە مەبەستی قاسم تێگەیشتبو، کە دەیەوێ پەلاماری کوردستان بدات، بۆیە هەوڵی دەدا کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش مەکتەبی سیاسی پارتی پێش مانگرتنەکە و بۆ ڕێگرتن لە شەڕ لە نێوان سوپای عێراق و چەکدارە کوردەکان، بیرخەرەوەیەکی دابە حکومەتی قاسم وداوای لێکرد کە لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشن و چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد بکەن، ئەوەش بەڕێگای داننان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتیەت بۆ عێراق. بەڵام حکومەتی قاسم وەڵامی پارتی نەدایەوە، چونکە زۆر لە خۆیی بایی ببو بە تایبەت کە قەومیەکانی عەرەب هانیان دەدا بەزەبری چەک، گردبونەوە چەکدارایەکەی کوردستان بڵاوە پێبکەن. حکومەت لیوایەکی سوپای عێراقی لە ١٠ی ئەیلول ١٩٦١ لە جەلەولاوە جولە پێکرد بەرەو کەلار و باوەنورو دەربەندیخان، هەر بە گەیشتنی لیواکەی سوپا بۆ کەلار هەموو شوێنە ستراتیژیەکانیان گرت و دەستیان بەسەر بارەگای پارتیش داگرت و زۆر لە ئەندام و لایەنگیرانیشیان گرتین.

برادەرانی حزب، ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە لیوایەکی سوپای عێراق بە فەرماندەیی عەقید ئیسماعیل عارف و سدیق مستەفا لەم ڕۆژانەدا دەگەنە دەربەندیخان، ئێمەش کەوتینە ئامادەکاری لە نێو ئەندام و دۆستەکانماندا. ئەوەبوو لە ڕۆژی ١١ی ئەیلول ١٩٦١دا هێزە سەربازیەکە گەیشتە دەربەندیخان. ئێمەی ئەندامانی پارتی هەموو یەکترمان ئاگادار کردەوەو شارمان بەجێهێشت و خۆمان گەیاندە ناو هێزە چەکدارەکانی عەشایری ڕاپەڕیو.

بەگەیشتنی سوپا بۆ دەربەندیخان، ئێمە دەستمان بەسەنگەر لێدان کردن لە دەوروبەری تونێلەکەی دەربەندیخان، لەهەمان کاتدا

خێزانێکی زۆر لە دانیشتوانی دەربەندیخان بەرەو سلێمانی کەوتنە ڕێگا لە ترسی شەڕ. ئێمە دەرگای تونێلی دیوی دەربەندیخانمان گرتبوو چەندین سەنگەرێشمان لێدابوو وە هێزی عەشایریشی لێ بوو. لەو کاتەدا ئۆتومبێلێکی لاندڕۆڤەر کە ڕائیدێک عەسکەری و ١٢ سەربازی تێدا بوو لە گەڵ معاون پۆلیسی دەربەندیخان کە کورد بوو بەرەو لای ئێمە هاتن. پاش سڵاو کردن وتیان، عزەت بەگمان دەوێت، عزەت بەگ هیچ چەکدارێ لەگەڵدا نەبوو تەنها کەسێکی بەگزادەی جاف بوو. ئەمینی وێنەگر وتی: عزەت بەگ لێرە نیە چیتان دەوێ! وتیان کێ بەرپرسی ئەم هێزە چەکدارەیە. ئەمین وتی: من خۆم بەرپرسی ئەم هێزەم فەرموون چیتان دەوێت! ڕائیدە عەسکەریەکە وتی، دەمەوێ ڕێگامان پێ بدەن ئەم هێزە سەربازیەمان بەم ڕێگایە بچێتە سلێمانی. ئەمین وتی، ڕێگا نادرێ تا داواکاریەکانی کورد جێ بەجێ نەکرێ. ڕائیدەکە وتی، داواکاریتان چیە! ئەمین وتی: داواکاری ئێمە لە مستەوای من و تۆ دانیە، بە بیرخەرەوەیەکی تایبەت دراوە بە عەبدوالکەریم قاسم. ڕائیدەکە وتی: ئەگەر ڕێگامان پێ نەدەن ئەم چیایەتان بە تۆپ بەسەردا دەروخێنم. ئەمین وتی:ئێمە دەزانین ئێوە حکومەتەن و تۆپ و تەیارەتان هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە لە تۆپ و تەیارەی بترسابایینە ڕێگامان پێ نەدەگرتن، ئەگەر ئێوە تۆپ و تەیرەتان هەیە ئێمەش بیرو باوەڕمان هەیە، لە هۆرین و شێخان تاکو قەرەداغ هەموو هێزی ئێمەیە، ڕێگاتان پێ نادەین تاکو داواکاری کورد جێ بە جێ نەکەن. لە کاتی ئەم گفتوگۆیەدا خیزانێکی زۆر لە بەردەمی تونێلەکە کۆببونەوە بە مەبەستی چونیان بۆ سلێمانی، ئەم خێزانانە کاتێک گوێیان لە قسەکانی ئەمین بوو هەموو دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان. لەوکاتەی خەڵکی خەریکی چەپڵە ڕێزان بوون زرێپۆشەکانی حکومەت هێرشیان کردە بەردەم تونێلەکە بۆ لای ئێمە بەمەبەستی گرتنی. خەڵک و چەکدارەکان لە بەر چەپڵە ئاگاداری هێرشی

زریپۆشەکان نەبوون. تەنها حاجیکی شارەزوری نەبێت کە لە بەرزایەکی سەر تونێلەکە وەستابوو، هاواری لە خەڵکەکە کرد کە واز لە چەپڵەن بێنن ئەوە زریپۆشەکان هێرشیان کرد (ژمارەیان ٥ بوو)، هەروەها جنیۆیکی داو وتی ...کەران باوکینە... بەسیەتی چەپڵە، من لە دەست جەپڵە رام کردوە، وە دەستی کرد بەتەقە کردن لە زریپۆشەکان و دایگرتن بە گولەی تفنگەکەی، ئینجا خەڵکەکە هوشیار بۆوە. لەوەدەچو حاجی لە لایەن جەماوەری فەلاحیوە زۆر ئەزیەت درابێ بۆیە چەکی دژی حکومەتی قاسم هەڵگرتبوو.

حاجی لە سەروی تونێلەکە خۆی لە سەنگەر نابوو چاوەڕێ فەرمانی تەقەکردن بوو. کە زریپۆشەکانیش هێرشیان هێنا، حاجی بەبێ فەرمان تەقەی لێکردن و زریپۆشەکانی ناچارکرد بەرەو پاش بگەڕێنەوە. شوفێرەکانی بەردەم تونێلەکە پێیان لە بەنزین ناو بەرەو سلێمانی دەرچوون. ئەو رائیدو سەربازانەی بۆ گفتوگۆ هاتبون، بەڕاکردن گەرانەوە لای هێزەکانی خۆیان. هەر کە گەیشتنەوە لای هێزەکانیان دەستیان کرد بەبۆردمان مان بە تۆپە قورسەکانیان، ئیتر خەڵکەکە بەیەکجاری شڵەژا. یەکەم تۆپ کە تەقینرا لە کاتژمێر ١٢,٣٠ نیوەڕۆ بوو لە ١١ ئەیلولی ١٩٦١ وە لە نزیک ئێمە تەقیەوە. ئیتر شەڕ دامەزراو سوپا بە دۆشکەو تۆپ توانی دەرگای تونێلەکە کۆنترۆڵ بکات. هەر سریەیەک لە سوپا کە هێرشی بۆمان دەهێنا بە شێوازی (ئاگرو بزوتنەوە) دەهات کە ئەمە شێوازیکی سەربازیە بۆ شەڕ بەعەرەبیەکەی پێ ی دەڵێن (نار و حرکة).

ئێمە ٣٥ کەس چەکداری خەڵکی شارەزورمان لە گەل بوو، بەرگریەکی ئازایانەیان دەکرد، بەتایبەت کۆیخا عەبدوللا ناوێک کە رەشاشێکی پۆرسەعیدی لابوو، خەڵکی سەید سادق بوو. ئێمە ٦ کەسمان بێ چەک بوون، بەڵام ئەوانەی چەکداربوون توانیان هێرشەکەی سوپا بوەستێنن وەنەهێڵن سوپایەکە پێشڕەوی بکات. پشتمان چیایەکی زۆر سەخت بوو کەس توانای سەرکەوتنی نەبوو،

لای دەستی ڕاستیشمان سریەکی عەسکەری داگیری کردبوو، بەردەرگای تونێلەکەش لەژێر ڕەحمەتی دۆشکەو توپ دابوو. توپ باران هەڕەسانی کردبوین، چەک و فیشەکمان کەمی کردبوو، هێزە چەکدارەکە زۆربەیان عەشایەر بوون، لە شەڕە ئیلتزامیان بە حزبەوە نەدەکرد، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کە پاشە کشە بکەین. هەندێ برادەر پێیان باش بوو بە ڕۆژ بە تونێلەکە پاشە کشە بکەین، بەڵام من و دوو برادەری تر ڕامان وابوو بە شەو پاشەکشە بکەین، ئیتر هەموو لایەک بۆچونەکەی ئێمەیان پەسند کرد.

دوای ئەوەی تاریک داهات، دەستمان کرد بە پاشە کشە بە تونێلەکە بەرەو سلێمانی. کە گەیشتینە دیوی لای سلێمانی چەند بلدۆزەرو گرێدەرێکمان لە ناو تونێلەکە شکاند بە مەبەستی ڕێگرتن و دواخستنی هاتنی تانک و زرێپۆشەکان هێزەکەی حکومەت بەرەو سلێمانی. هێزی چەکداری عەشایر زۆربەی بڵاوەی لێکرد و ئێمە تەنها ٨ کەس ماینەوە لە دیوی تونێلەکەی لای سلێمانی وەتەنها سێ کەسیشمان چەکدار بووین. ناوە ناوە تەقەمان بەناو تونێلەکە دادەکرد هەرچەندە تەقەکانی ئێمە نەدەگەیشتە دوژمن بەڵام بەس بۆ ئەوەی هێزە سەربازیەکەی حکومەت تێبگەن کە ئێمە بەردەوامین لە بەرگری و ڕێگا نادەین بچنە سلێمانی وە بترسێن، هەروەها وڕەی جەماوەری خۆشمان بەرز ڕابگرین بەوەی کە بەرگری بەردەوامە.

چەکەکانی ئێمە زۆربەی چەکی کۆن و سەردەمی عوسمانلیەکان بوو، وەک (تفەنگی جامبێزار، قەرەلی، ماهوزەر، واداشی روسی). ئەو هێزەی کە لە دەوروبەری دەرکی تونێلەکەی لای سلێمانی سەنگەری گرتبو لە دوژمن، کاتێک تەقەیان دەکرد گولەکان بری نەدەکردو نەدەگەیشتە ئامانجەکانی خۆی و کورتی دەهێنا، بە هۆی ئەوەی شوێنەکەی ئێمە کەوتبوە نێوان هەردوو هێزی دوژمن و هێزەکانی خۆمان لە بەردەرگای کونی تونێلەکە، بۆیە ئێمە زیاتر

لە تەقەکانی خۆمان دەترسایین نەک ئەوەی دوژمن، وەهەندێ جار تەقەی هێزەکانی خۆمان لای ئێمە لە زەوی دەدا.

ئێمە ئەو سەردەمە ناوی هەندێک چەکی وەکو، کلاشینکۆف، رەشاشی تکتاریۆف و قازیفەی ئارپی جی مان نەبیستبو. چەکەکانی سوپای عێراق زیاتر چەکە کۆنەکانی دەوڵەتی ئینگلیز بوو وەک رەشاشی برێن و فیکەرس و تفەنگی ئینگلیزی ١١ خۆرو تۆپی هاوەنی ٢ گرێ و٣ گرێ و تۆپی گەورە، وەهەندێ چەکی نوێش وەک سیمینۆف و کلاشنکوف و دۆشکەی پەیدا کردبوو. سوپای عێراق سەنگەری لە دیوی تونێلی لای دەربەندیخان دامەزراندو تونێلەکەی بە هێزی رەشاش و دۆشکە کۆنترۆڵ کرد، بەڵام نەیان دەتوانی پێشرەوی بکەن بەحوکمی شکاندنی بلدۆزەرو ئامێرەکان، هەروەها مانەوەی ئێمە و بەرگری کردنمان، هەرچەندە ژمارەمان تەنها ٨ کەس بوو، وە بۆ ماوەی سێ رۆژ توانیمان بەرگری بکەین، وە تەنها یەک برادەرمان لە بەر دەرگای تونێلەکە بە ناوی شێخ ئیبراهیم کەلاری بریندار بوو کە گولەیەکی بەر قاچی کەوتبوو، ئێمەش رەوانەی هەڵەبجەمان کرد بۆ چارەسەرکردن، هەرچەندە حکومەتی عێراقی لە هەڵەبجە دا بوو بەڵام بە نهێنی چارەسەری پزیشکیان بۆ دەکرد.

رۆژی دووەمی شەڕ بە سەرچیا کەوتم و سەیری شەرگەکەم کرد. شەڕەکە زۆر گەرم بوو، حکومەتی عێراق بە تۆپ و فڕۆکە بۆردومانی چیایی زمناکۆی دەکرد. وەرزەکە پایز بوو، چیای زمناکۆ هەمووی پوشو پەلاش بوو بە هۆی بۆردمانی تۆپ و فڕۆکە هەمووی دەسوتا و گڕی گرتبوو، بۆنی سوتان و دوکەڵی باروت لوت و گوێی خەڵکی پڕ کردبوو. پتر لە ١٥٠ چەکداری کورد لە کۆرانی جاف و تیرەکانی روغزابی و میکائیلی و خەڵکەی ناوچەی قەرەداغ بە سەرکردایەتی ئاغاکانیان وەک سەرحەد خەلیفە یونس و شێخ ئەحمەدی سۆلە و چەندانێکی تر ڕووبەرووی هێرشەکانی

سوپای عێراق وەستابونەوەو بەرگریان دەکرد. فڕۆکەکانی سوپای عێراق دوو دووە و چوار چوارە بە ئاسمانی شەرگەکە دەسوڕانەوەو بۆردومانی سەنگەڕاکانی سەر چیای زمناکۆیان دەکرد.

لە کاتی سەرکەوتنم بۆ سەر چیا بۆ لای چەکدارەکان، چەند چەکدارێکی حەمە ڕەشید خانم بینی تەرمی شەهیدێکی هاوڕیان دەگواستەوە خوارەوە. پرسیارم لێ کردن ئەوە چیە! وتیان ئەمە برادەری خۆمانە شەهید بووە و ئێمە جەماعەتی حەمە ڕەشیدخانین. تەرمەکیان دانا، تەماشەیەکم کرد هیچ شوێنی بریندم نەبینی تەنها سنگی ئەزیەتی خواردبوو، شین هەڵگەڕابوو وەک ئەوەی شتێکی قورسی بەرکەوت بێت، شەهید خەڵکی ناوچەی شلێر بوو لە پینجوین، لە ١٢ ئیلول شەهید کراو یەکەم شەهیدی ڕاپەڕینی چەکدارانی دەربەندیخان بوو. قوربانیەکانی ڕاپەڕینی دەربەندیخان تەنها دوو شەهیدو دوو بریندار بوو. سوپای عێراقیش زیانەکانیان ٦ کوژراو ١١ بریندار بوو. شێخ موحەمەد ئەمین بەڕێوەبەری قوتابخانەی خورمال و جەماعەتەکەی شەڕێکی باشیان کرد، وە لە دوا ڕۆژی شەڕ لە بەرەی شەڕ کشانەوە. هەروەها سەرەتا ئەحمەد ئاغاو حەما ئاغای میکائیلی و سەرحەدی خەلیفە یونس بەرگرێکی باشیان کرد، بەڵام دوای ئەوە چەکدارەکانی ئەحمەدئاغا مانیان گرت و سەنگەرەکانیان جێ هێشت و چونە ژێر کەپرەکەی چایخانەی بیرڵێ و لەوێ دانیشتن. من و ئەمینی وێنەگر و جەبار بەرزنجی کە کادیری جوتیارانی ناوچەی سەید سادق بوو چوینە لایان و قسەمان بۆ کردن و هانمان دان کە بگەڕێنەوە بەرەی شەڕ، بەڵام بێ سوود بوو. بۆیە پێم گوتن برا بۆ شەڕ ناکەن! خۆ بە لای حکومەتەوە ئێستا شەڕ بکەن و شەڕ نەکەن وکو یەکە، چونکە حکومەت هەمووتانی بە غیابی حوکمی ئیعدام داوە، ئەی دوێنی گوێتان لە بەیانەکەی حاکمی سوپا (ئەحمەد سالح عەبدی) نەبوو کە دەڵێ هەر کەسێ تەقە لە سوپا بکات ئیعدام دەکرێت،

کەواتە ئێوە هەموتان بە غیابی حوکمی ئیعدام دراون شەڕ بکەن و شەڕ نەکەن، بۆیە پێویستە ئێوە شەڕی مان و نەمان بکەن. کە لە قسەکانم تەواو بووم ئەحمەد ئاغای میکائیلی لە شوێنی خۆی هەڵساوەو ڕوی کردە عەشیرەتەکەی و وتی: جەماعەت، من ئەچم بۆ شەڕی مان و نەمان، کێ دێ لە گەڵما با بێت ، هەرکامەشتان دەڕواتەوە با بڕواتەوە و لە عەشیرەتی من نیە، ئەمەی وت و بەرەو شوێنی شەڕ ڕۆیشت. جەماعەتەکەش بە ناچاری هەڵسان و دوای ئەحمەد ئاغا کەوتن. ئەحمەد ئاغا لە گەڵ شەڕکردن و بەرگری کردن بوو بەڵام جەماعەتەکەی بە گوێان نەدەکرد. ئەحمەد ئاغاو جەماعەتەکەی شەڕێکی قارەمانانەیان لە گەڵ دوژمندا کرد، وەتاکو هەموو عەشایرەکان بڵاوەیان لێ نەکرد ئەوان هەر بەرگریان کرد. هەرچەندە چەکدارانی کورد هێزێکی ڕێکخراوی سەربازی نەبوون، وەسەرکردایەتیەکیان نەبوو، بەڵام خۆرسک جەنگاوەری باش بوون و شەڕێکی چاکیان دەکرد لە چیایی زمناکۆ. چەکدارەکان بە ڕۆژ لە سەنگەرەکان بوون کە تاریک دادەهات لە چیاکان دەهاتنە خوارەوەو سەنگەرەکانیان جێدەهێشت لە خوارەوە دەحەسانەوەو دەخەوتن. هێزەکانی حکومەت بە ڕێگای پیاوەکانی خۆیەوە زانیاری پێ گەیشت کە چەکدارانی کورد بەشەو چیای زمناکۆ چۆڵ دەکەن و دەچنە گوندەکانی بناری زمناکۆ، بۆیە شەوێکیان هێرشیان کردە سەر چیاکەو داگیریان کرد. کە بەیانی چەکدارانی کورد دەگەڕێنەوە بۆ سەر چیا، لە لایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە دەدرێنە بەر دەستریژی گولە و ناهێلن سەرکەونەوە بەرەو سەنگەرەکانیان. چەکدارەکانی کورد دەگەڕێنە دواوەو بڵاوەی لێ دەکەن و هەندێکیان دەچنەوە دێهاتەکانی خۆیان و هەندێکی تریشیان سنووری کوردستانی ئێران دەبەزێنن و دەچنە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هۆکارەکانی ئاشبەتاڵی هێزی عەشایر:

١- جوڵانەوەکە ئامانجێکی نەتەوەی دیاری نەبوو، جگە لە داواکاری

ئاغاکان.
٢- نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسی لە ئاست ڕووداوەکان.
٣- نەبوونی سەرکردایەتی، تەنەها ئێمە کە چەند کادرێکی حزب بوین و لەناو چەکدارەکان دەسوڕاینەوەو ڕێنامیمان دەکردن، ئێمەمانانیش گەنج بووین و هیچ ئەزموونێکی سەربازی و سیاسی ئەوتۆمان نەبوو.
٤- نەبوونی هێزێکی چەکداری خاوەن دسپلین.
٥- پارتی وەک حزب هیچ بەرنامەیەکی ڕوونی نەبوو بۆ ئەم جۆلانەوەیە، بۆیە هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی نەهاتنە بەرەکانی شەڕەوە.
٦- نەبوونی پشتگیری لۆجیستی، تەنها لاوانی شاری هەڵەبجەو سلێمانی نەبێت کە بەکۆڵەپشت نانیان بۆ دەهێناین و یارمەتیان دەدایین.
ئێمە هەر لەبەر دەمی کونی تونێلەکە بەرگریمان دەکردو نەمان دەهێشت هێزی سەربازی پێشڕەوی بکات، کاتێک دوژمن سەر چیایی زمناکۆی لێگرتبوین و عەشایر بڵاوەی لێکردبو، ئێمە ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریە نەبووین. بەڵام لە دوا ڕۆژدا تەقەکان لە سەر ئێمە زۆر زیادی کردو هەستمان کرد کە تەقە هەمووی لەسەر ئێمەیە.
برادەرێکمان بەناوی «عەلی شەریف» کە خەڵکی شارەزوور بوو، پێی وتم: کاک ئەحمەد ئێمە سێ ڕۆژە نەخەوتوین وە فیشەکیشمان نەماوە، بەڵکو بچیە بارەگای ناوچە لە (بیرکێ) و هەندێک چەکدارمان بۆ بێنی و تابمان گۆڕن، چونکە زۆر هیلاکین، ئەگەر چەکداریش نەبوو هەندێ فیشەک و تەقەمەنیمان بۆ پەیدابکەن. منیش برادەرێکم بەناوی «غەریب موحەمەد» کە خەڵکی ڕاوندوز و دانیشتوی سلێمانی بوو، لەگەڵ خۆمدا بردو بەسەر جادە قیرتاوەکە و بەبێ ترس ڕۆیشتین، کاتێک چەند سەد مەترێک دوور کەوتینەوە، هەر

ئەوەندەمان زانی کەوتینە ناو کەمینێکی هێزەکانی عێراق و لە هەموو لایەک دەستریژی گولەیان لێکردین، ئێمە چەکمان لەگەڵ خۆماندا نەهێنا بوو، بۆیە بەناچاری و بەغاردان خۆمان گەیاندە ناو دۆڵێکی چڕو پڕی لە دار و بەسەلامەتی دەرچووین. خەڵکێکی زۆر لە ترسی هێزە سەربازیەکانی عێراقی خۆیان لەم دۆڵە حەشار دابوو. کاتێک گەیشتینە کەناری زێ، چەند فڕۆکەیک هاتنە سەر خەڵکی بێدفاعی ئەو ناوچەیە. دوو چەکداری «شێخ حەمەدئەمین» ی بەڕێوەبەری قوتابخانەی خورمال هاتنە سەر زێ و ئاویان برد، منیش بانگم کردن کە بە شێخ بڵێن هەواڵێک بنێری بۆ جەماعەتەکەی بەر دەرکی تونێلەکە و ئاگاداریان بکەنەوە تا پاشەکشە بکەن چونکە نازانن پشتیان لێ گیراوە.

بەڕێکەوتین، وە دوای ماوەیەک گەیشتینە دار قەزوانێک کە بەرێکی چاکی قەزوان گرتبو، ئێمەش لە برسان دەستمان کرد بە خواردنی فەریکە قەزوان و کەمێک پشومان دا. غەریب ی هاوڕێم توانای ڕێکردنی نەمابوو، بۆیە بەمنی وت، لەو هەورازە سەرکەوە پاش نیو سعات ڕۆیشتن دەگەیە گوندی (بیرکێ)، بەڵکو لەوێ وڵاغێکم بۆ دابین بکەی چونکە توانای ڕۆیشتنم نەماوە. منیش کەوتمە ڕێگا بەرەو گوندی بیرکێ لە ڕێگا توشی کابرایەک بووم کە سواری گوێ درێژێک ببو لە لای گوندەوە دەهاتە خوارەوە، پرسیارم لێ کرد، خاڵە چەکدار عەشایر ماون لە گوندا وتی بەڵێ ماون. منیش بەرەو گوند ڕێکەوتم و تا گەیشتم، کەسەیرم کرد گوند کەسی لێنەماوەو چۆڵ کراوە. بەڵام هەندێ ئۆتومبێلی کۆمپانیام بینی کە کاتی خۆی چەکدارانی کورد دەستیان بەسەر داگرتبو، منیش بەناو ئۆتومبیلەکاندا سورامەوەو تەماشام کردن، چاوم بەبرادەرێک کەوت کە ناوی «حەمە شەمێرانی» بوو خەریکی چاککردنەوەی یەکێ لە ئۆتومبێلەکان بوو، کە منی دیت یەکسەر هاتە لام و خۆی کرد بە باوەشماو یەکترمان ماچ کرد، وتی: کاک ئەحمەد ئەوە

تۆ ماویی، ئەی برادەرانی ترا وتم: تا من لەوێ بوم هەمویان مابون. وتم ئەی برادەرانی ناوچە لە کوێن! وتی، حوسێن، غەفور و هاشم لەسەر کانیاوی گوندێکی ئەو لای بیرکێ دانیشتون. حەمە وتی: ئێستا برادەران بزانن کە تۆ لە ژیاندا ماوی زۆر خۆشحال دەبن، بۆیەش لێرە ماونەتەوە تا هەواڵێکی ئێوە بزانن، ئینجا بەرەو سلێمانی بڕۆن. هەروەها حەمە باسێکی کشانەوەو بڵاوبونەوەی هێزی عەشایری بۆ کردم کە چۆن بووە، حەمە وتی: کاک ئەحمەد تۆ چی بڵی من لە گەڵتم، وتم باشە حەمە، جارێ برادەرێکمان لە رێگا ماوەتەوەو توانای ڕۆێشتنی نەماوە، با بچین هەندێ نان و ئاوی بۆ ببەین لەگەڵ وڵاغێک و بیهێنینەوە. وتی: باشە با جارێ برادەرانی ناوچە لە هاتنی تۆ ئاگادار بکەینەوە ئینجا دەڕۆین، وتم باشە. چوینە لای برادەران لە سەر کانیەکەی «میرەدێ» و باسی وەزعی برادەرانی بەردەرکی تونێلەکەم بۆ کردن، ئینجا وتم دەچین بەدوای ئەو برادەرەی کە لە رێگا ماوەتەوە، وتیان باشە ئێمە لێرە چاوەڕێتان دەکەین تا دەگەڕێنەوە. بەر لەوەی غەریب جێبهێڵم، وتی: کاک ئەحمەد گەر هاتی بەدوامەوە، لە رێگای گوندی (سیاوە) وە وەرە چونکە من ئەگەر توانم هەبێت بەرەو ئەوێ دەکەومە رێگا، بۆیە لەگەڵ حەمە شەمیرانی بەرەو سیاوە بەرێکەوتین، کە گەیشتین، گوند تەنها یەک ماڵی بەشدار بووی ڕاپەرینی لێ بوو وەکو خاوەن ماڵەکە بۆی باسکردین، ئەوانەی تر هەموویان سەر بە حزبی شوعیی بوون و ئالای سپیان لەسەر ماڵەکانیان هەڵدابوو تاکو فرۆکەکان بۆردومانیان نەکەن چونکە ئەوان دۆستی حکومەت بوون.

لەگەڵ خاوەن ماڵەکە چوینە ناو گوندەکەو پرسیاری هاتنی غەریب موحەمەد مان لە خەڵکەکە کرد، دیاربو زۆربەی خەڵکی گوندەکە دەیان ناسی چونکە غەریب لەوێ شوفێر بوو، بەڵام وادەرکەوت نەهاتبوو. وێستمان لە گەڵ حەمە برۆین بەدوایە، بەڵام خەڵکی

گوندەکە ڕێگایان پێ نەدابن و وتیان ئێوەش بەم شەوە بڕۆن بزردەبن، ئەو شەوە چاوەڕێ بکەن تابەیانی، غەریب خۆشی شارەزای ڕێگایە و لەوانەیە بگاتەوە ئێرە. ئیمەش ئەو شەوە لە ماڵی خانەخوێکەمان ماینەوە، ماڵەکە هیچ پێخەفەکیان نەبوو بۆ نوستن چونکە لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە گواستبیانەوە گوندێکی تر، تەنها رایەخێک نەبێت کە هەر سێکمان ئەو شەوە لەسەری خەوتین هەرچەندە سەرماش بوو بەڵام لەبەر ئەوەی چەندین شەوبو نەخەوتبوین تا بەیانی لە خەو هەڵنەساین، بەڵام نەمان وێرا لای خەڵک بڵێین لێرە دەمێنێینەوە نەوەک هەواڵی ئیمە بگاتەوە «زەعیم سدیق مستەفا» و بێن بمان گرن، هەروەک و وتم گوندەکە زۆربەیان شوعیی و دۆستی حکومەت بوون. زەعیم سدیق بەشەو مەفرەزەی دەنارد گوندەکان و بە ڕێگای خەڵکی خۆفرۆشەوە بەشوێن خەڵکی ڕاپەڕیودا دەگەڕا، خەڵکێکی زۆری گرتبوو کوشتبو، دەسەڵاتی تەواوی لە حکومەتی قاسم وەرگرتبو، بۆیە هەزاران کەس ئاوارەو دەربەدەر ببون.

بەیانی زوو لەخەو هەڵساین و چوینە ناو گوندو پرسیاری هەواڵی غەریب مان کرد، وتیان بەڵێ شەو گەیشت و بەیانی زوو نانی خواردو بەرەو مەرکەزی چنارە چوو، وە ئیمەش نەمان زانی ئێوە ئەم شەو لە گوند ماینەوە ئەگەر نا ئاگادارمان دەکردنەوە. ئیمەش لەگەڵ حەمە وێستمان بگەڕێنەوە لای بردەرانی ناوچە، بەڵام پێش ئەوەی بگەینەوە لایان ئەوان بە ئۆتومبێل بەرەو سلێمانی کەوتبونە ڕێ، بەم شێوەیە لەیەکتر دابڕاین. بڕیارماندا کە دەبێ هەواڵێکی برادەرانی بەر دەرکی تونێل بەمان و نەمان بزانین، بۆیە بڕیارماندا بچینەوە شەمیران. حەمە وتی: بۆ کێ دەڵێی لەگەڵت دامە.

من شارەزای ئەو ناوچەیە نەبوم، حەمە وتی: دەبێ بەناو تونی ریشەدا بڕۆین، وتم، چۆنت پێ باشە وادەکەین. نێوان گوندی سیاوەو گوندەکانی شەمیران شەش کاتژمێر بوو، ئیمەش دوای

شەش کاتژمێر ڕێگا کردن و ئەزیەتێکی زۆر گەیشتینە مالّی حاجی عوبەی باوکی مەلا ڕەووف. مالّی حاجی عوبەی مەڕو مالاتێکی زۆریان هەبوو لە گوندی کانیکەوە، دانیشتوی دەو زێی سیروانی ناوچەی شەمیران بوون، بەلام بۆ مەڕو مالات لەوەڕاندن هاتبونە ئەوبەرەی زێ، بەرامبەر بە شەمیران و لە وێ ڕەشمالیان هەلدابو. پاش ئەوەی گەیشتینە مالّی حاجی عوبەی و نانمان خوارد، دایکی مەلا ڕەووف وتی: لە کوی وە هاتون! وتمان لە دەربەندیخان، هەروا وتمان بەیانیش مەلا ڕەووف دێتەوە، چونکە مەلا ڕەووف یەکێ بوو لەوانەی لەبەر دەرکی تونێلەکە بەرگریان دەکرد، دایکی مەلا ڕەووف وتی هەو... مەلا ڕەووف لەدوێنێوە هاتۆتەوە. کەوای گوت ئێمە زۆر دڵخۆش بووین. دایکی مەلا ڕەووف وتی: واتان نەزانیبێ مەلا ڕەووف کوژراوە! وتمان نەخێر بەلام نەمان دەزانی کە مەلا ڕووف و برادەران چیان بەسەر هاتووە، چونکە دەمێکە ئاگامان لە یەکتر نەمابوو، بۆیەش هاتوینە لای ئێوە بەڵکو سۆراغیکیان لە ئێوە بزانین، سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتن، وتم ئەی کوا ئەوان لە کوێن. دایکی وتی: وا لە گوندی کانیکەوەی شەمێرانە. کەوای وت، حەمە شەمێرانی وتی: کاک ئەحمەد بچم بیهێنمە ئێرە، وتم برۆ بیهێنە. ئیتر حەمە سواری وڵاغێک بوو بەپەلە کەوتە ڕێ بۆ کانیکەوە. زۆری نەخایاند حەمە و مەلا ڕەووف بەیەکەوە گەیشتنەوە لامان. کە چاوم بە مەلا ڕەووف کەوت زۆر دڵشاد بووم و لە چۆنەیتی وەزعی برادەرانی بەر دەرگای تونێلەکەم پرسی و وتی: دوای ئەوەی ئێوە لای ئێمەتان بەجێ هێشت و نەگەڕانەوە، وە کاتێک هاتووچۆی جەماوەریش بۆ لای ئێمە نەما، وەهەروەها تۆپ باران و بۆمبای فڕۆکەکانی حکومەت بۆ سەر ئێمە نەماو کەوتە بەری شمیران و سەر شێخ حەمەدئەمین و جەماعەتەکەی، ئێمە هەستمان کرد کە وەزعێکی نائاسایی هاتۆتە پێش، بۆیە ئێمەش لە ترسی ئەوەی نەوەک بکەوینە دەستی دوژمن، بە تایبەت کە زانیمان پشتمان

گیراوە لە لایەن هێزەکانی دوژمنەوە بڕیارماندا پاشە کشە بکەین بەرەو لای جەماعەتەکەی شێخ حەمەدئەمین، ژمارەشمان شەش کەس بوو.

هەر چەندە من و غەریب کاتی خۆی کە لە سەر زێی سیروان توشی دوو چەکداری شێخ حەمەدئەمین بووین، داوامان لێکردن کە بە شێخ حەمەدئەمین بڵێن بەڵکو ئاگاداری چەکدارەکانی بەر دەرگای تونێلەکە بکات کە دوژمن پشتیانیان گرتوە، بەڵام بەداخەوە ئەو داوکاریەی ئێمەیان نەگایندبوە شێخ حەمەدئەمین. بەڵام خوێندنەوەی برادەرانی ئێمەی بەر دەرگای تونێلەکە بۆ وەزعەکە دروست بوو، بۆیە ڕزگاریان ببوو. شێخ حەمەدئەمین بە مەلا ڕەووف ی گوتبو ئەگەر کاک ئەحمەد تان بینی پێ ی بڵێن بێتە لای عەبابەیلی لەوێ یەکتر دەبینینەوە. بۆیە ئێمەش بڕیارماندا بەرەو هەڵەبجە بڕۆین.

پاش ئەوەی لە ژێر ڕەشماڵەکانی حاجی عوبە حەساینەوە لەگەل حەمە شەمیران و مەلا ڕەووف کەوتینە ڕێگا بەرەو هەڵەبجە، لە قوناغی یەکەمدا گەیشتینە گوندی کانیکەوە کە مالی حاجی عوبەی باوکی مەلا ڕەووف ی لێ بوو، ئیتر حەمە و مەلا ڕەووف خزمەتێکی زۆریان کردین و پاش چوار ڕۆژ بەرەو هەڵەبجە بەرێ کەوتین. بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ لاماندا گوندی (دونە). حەمە شەمیرانی کە کاتی خۆی سەربازی عێراق بووە، برادەرێکی خەڵکی ئەم گوندەی لە گەڵ بوو، کە گەیشتینە گوندەکە پرسیاری برادەرەکەی حەمەمان کرد، وتیان ئەو ئێستا موختاری گوندەکەیە. چوینە مالی موختاری برادەری حەمە و پێشوازی لێ کردین. زوو بەزوو بۆ خواردنی نیوەڕۆ چێشتی ساواریان بۆ خستینە سەر ئاگر. پێش ئەوەی خواردنەکە ئامادەبێت، کابرای خانەخوێ وتی: برا بۆچی واتان کردو بەگژ حکومەتدا چوون! ئەو کارەتان چ قازانجێکی هەبوو! مەلا ڕەووف وتی کاکە ئەمە فەرمانی پارتی بوو، وەدەبێ

بەرگریش لە خۆمان بکەین، موختار وتی جا پارتی چیە ئەم خەڵکە بەدوای کەوتووە! مەلا رەووف وای زانی کە کابرا شوعییە، وتی ئەی شوعیی باشە بەدوای بکەوین! موختار لەوەڵامدا وتی: خۆ من شوعیی نیم، مەلا رەووف وتی: ئەی ئیخوان موسلمین باشە! دیار بوو موختار لە جەماعەتی ئیخوان بوو، بۆیە بە ناو هێنانی ئیخوان موختار زۆر تورە بوو، وەبەبێ ئەوەی گوێ بداتە عورفی میواندارەتی کە لە ماڵەکەی ئەوین، موختار بەسەر مەلا رەووف دا هاواری کردو وتی: بێدەنگ بەو باسی ئیخوان موسلمین مەکە! ئیتر لەگەڵ مەلا رەووف زۆر خراپ لەیەک گیر بوون، خەریک بوو ببێتە شەڕو لێکدانیان، بەڵام من و حەمە کەوتینە نێوانیان و نەما هێشت مەسەلەکە لەوە زیاتر گەورە ببێت و ئارامان کردنەوە. بەهەر حاڵ ساوارەکەمان خواردو چایەکمان کردە سەرو خواحافیزیمان لە موختار کردوو بەرەو هەڵەبجە کەوتینە رێگا.

پاش ماوەیەک ڕۆێشتن، گەیشتینە گوندی (فریز)ی نزیک شارۆچکەی هەڵەبجە، لە نزیک گوندەکە توشی مێرد منداڵێک بووین کە لە هەڵەبجە دەگەڕایەوە، پاش ماندبوون کردن لە یەکتری، لێمان پرسی لە کوێ هاتی و دەچیە کوێ! وتی لە هەڵەبجە هاتومەتەوە بۆ گوندی فریز. دەنگو باسی هەڵەبجەمان لێ پرسی، مێردمنداڵەکە وتی، هەڵەبجە لەو پەڕی خۆشی دایە، وتمان عەشیرەتەکان لە هەڵەبجەدا ماون! وتی، نەخێر هیچ چەکدارێکی لێ نەماوە و هیچ عەشیرەتێکیشی لێ نیە، ئەوەی دەیبینی هەمووی چەکداری حکومەتە، وەدەور دەوری حکومەتە. ئەوە بۆ ئێمە هەواڵێکی ناخۆش بوو ، چونکە دەمانزانی نەمانی دیاردەی چەکداری لە هەڵەبجە بە مانای نەمانی پارتی بوو، وەهەڵەبجە لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارە عەشایرەکانی پارتی دا بوو. بە بیستنی ئەو هەواڵە لامان دایە ناو باخەکانی دەوروبەری هەڵەبجە، وە بەو ئاوەی لامان بوو دەست و چاوی خۆمان خاوێن کردەوەو جلەکانمان لە تۆز داوەشاند، وە ئەو نانەی لاشمان بوو شاردمانەوە.

هەوڵمان دا ڕەنگی چەکداریمان پێوە دیار نەبێت بۆ ئەوەی کە چوینە ناو شار کەس گومانمان لێ نەکات و نەمان ناسنەوەو بزانن ئێمە دژی حکومەتین. پاش ئەوە ڕۆیشتین تا گەیشتینە ناو هەڵەبجە لە پێشدا چوینە ناو باخی «میرەدێ»، بۆ ئەوەی چاومان بە ناسیاوێک بکەوێت و هەواڵی برادەرانی حزبی لێ بکەین و بزانین چارەنوسیان بەچی گەیشتوە. بەگەیشتنمان بۆ ناو باخی میرەدێ، حەمە شەمیران و مەلا ڕەووف چون لە شوێنێکی تری هەڵەبجە بگرێن، منیش لەگەڵ برادەرێ بەناوی «ئەنوەر نورەالدین» لە ناو باخەکە بەدوای ناسیاو برادەراندا دەگەڕاین، ئەوە بوو شاگردێکی حیکمەت نانەوام دۆزیەوە. حیکمەت برادەرێکی پارتی بوو وەپەیوەندی بەمنەوە هەبوو، لە دەربەندیخان نانەواخانەیەکی هەبوو بەڵام خۆی خەڵکی هەڵەبجە بوو ئەندامی پیشەیی پارتی بوو. بەڵام شاگردەکە هیچ هەواڵێکی حیکمەتی لانەبوو.

لە ناو باخەکە بەردەوام بووین لە گەڕان، دیمان شێخێک لە بەردەمی ماڵەکەی خۆی دانیشتوەو چەند مریدێک دەست لە سەر سنگ لە دەوری وەستاون. شێخ هەر تەماشای ئێمەی دەکرد وەکو ئەوەی هەستی کردبێ کە ئێمە ئاوارەبین. یەکێ لە مریدەکانی شێخ هاتە لامان و سڵاوی لێکردین، وتی شێخ دەفەرموێ با بێن بۆ لای ئێمە. هەرچەندە من شێخم دەناسی بەڵام شێخ منی نەدەناسی، بەڵام لە مریدەکەم پرسیار کرد شێخ کێ یە، وتی شێخ، ئەحمەدی کوڕی شێخ موحەمەدی کوڕی شێخ حسام الدین وەپێاوێکی باشەو بەشداری لە ڕاپەڕینەکەی دەربەندیخان کردوە. ئێمەش پێمان خۆش بوو شێخ ببینین کە دەمزانی جێگای متمانەیە بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاریمان بکات و بگەینە لای برادەرانی خۆمان لە ناوچەی پارتیی هەڵەبجە، لەو دەرفەتشمان باشتر دەست نەدەکەوت.

چوینە لای جەنابی شێخ و سڵاومان لێکرد، شێخ لەبەرمان هەڵسایەوەو زۆر ڕێزی لێناین و فەرمووی دانیشن، دوای

کەمیکی تر ئێمەی بردە ژوورێکی تایبەت ناو ماڵەکەی خۆی، فەرمووی چیتان دەوێ و کێتان دەوێ با یارمەتیتان بدەم! وتم، یاشێخ پێویستمان بەوەیە کە ئەندامێکی ناوچە ببینین، شێخ وتی، برادەرانی ناوچە کەسیان لێرە نەماون و چوونەتە شاخەکان، بەڵام کچێک ئەناسم لە ئافرەتان ئیش دەکات، ئەگەر ئەو بزانێ کەسێک لە برادەرانی ناوچە لە کوێن، وتمان زۆر باشە هەر کەسێک بێت بتوانی یارمەتیمان بدات. کچەکە هاتە لامان، کە پرسیاری ئەندامانی ناوچەمان لێکرد، وتی ئەندامان شاریان چۆڵ کردووەو چوونەتە شاخەکان، تەنها مامۆستا «حەمەدئەمین کاردۆخی» نەبێ، ئەگەر ئەویش لێرە مابێتەوە. کچەکە خواحافیزی کردوو دوای ماوەیەک لەگەڵ مامۆستا حەمەدئەمین گەڕایەوە لامان. دوای چاک و چۆنی، داوامان لێکرد ڕەوانەی لای برادەرانی ناوچەمان بکات لە دەرەوەی هەڵەبجە. شێخ ئەحمەد و مامۆستا حەمەدئەمین هەر یەکە پێناوکێان لە گەڵ ناردین و ئێمەیان گەیاندە گوندی عەبابەیلێ، لەوێ ئەوان گەڕانەوە ئێمەش سوپاسی خۆمان بۆ یاشێخ و مامۆستا دووپات کردەوە بۆ ئەو هاوکاریە.

کاتێک گەیشتینە عەبابەیلێ ئێمەیان دادەست برادەرانی عەبابەیلێ، ئەوانیش زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردین، زۆربەمان لەو برادەرانەی خۆمان دەناسی. لە باخەکانی عەبابەیلێ ماینەوەو بۆ شەویش لە گوندەکە دابەش بووین، دوو برادەری تریش هاتنە لای ئێمە کە خەڵکی دەربەندیخان و شەقڵاوە بوون. من و ئەنوەر نورەالدین شەو لە ماڵی شێخ حەمەدئەمین ی برای شێخ ئەنوەر مستەفا میوان بووین. برادەرانی ناوچەی هەڵەبجەش هەر لە عەبابەیلێ دەخەوتن. یەکێک لە بەرپرسەکانی هەڵەبجە ناوی «شێخ مەولانا» بوو خاڵی «تاریق شێخ نوری» بوو زۆر ڕێزی لە ئێمە دەگرت، دوای چەند ڕۆژێک تاریق شێخ نوری هاتە سەردانی خاڵی، تاریق لە هەولێر دادەنیشت وە بۆ سۆراغی خاڵی هاتبوو. ئەوکات

تاریق منداڵ بوو بەڵام زۆر زیرەک و رووخۆش بوو، من نەم دەناسی بەڵام ئەو منی دەناسی چونکە برادەری حوسێن و حەسەن ی براکانم بوو. وتی: لەوانەیە لەم ڕۆژانە بگەڕێمەوە هەوڵێر ئەگەر هەر شتێکت هەبێت بۆ لای برایەکانت، منیش سوپاسم کردوو نامەیەکم بۆ براکانم نووسی.

دوای چەند ڕۆژێک شێخ مەولانا ئەو ئەندامانەی ڕێکخستەوەو کە هێشتا ورەیان مابوو بەرز بوو، خۆی بووە بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجە وەئیشی بەسەر ئەندامەکان دابەش کرد. من و حوسێن غولامی وەک کادیر نارده بیارەو نووسراوێکی ناوچەی هەڵەبجەشی بۆ کردین بۆ «شێخ ناجی» بەرپرسی بیارە. بەرەو بیارە کەوتمە ڕێگا من چەند ڕۆژێک پێش حوسێن دەرچووم بەرەو بیارە کە کەوتۆتە ناوچەی هەورامان ی دلگیرو رازاوە، هەمووی چیاو دۆڵ و دارستان بوو، کوێستانێکی خۆش و بەپیت بوو، هەمووی میوەجات و دارگوێز بوو، گوێزی بیارە بەناوبانگە. بیارە پایتەختی تەریقەتی شێخانی نەقشەبەندی بوو، نزیکەی بیست کیلۆمەترێک لە هەڵەبجەوە دوور بوو.

شێخ ناجی بەرپرسی ڕێکخراوی بیارە بوو لە هەمان کاتیشدا بەرپرسی شارەوانی بوو، بەگەێشتنمان نامەکەم دادەستی، پاش ئەوەی نامەکەی خوێندەوە، وتی خەڵکی ئێرە هەموویان ورەیان بەرداوەو بڕوایان بەهیچ نەماوەو کەسیش ئامادە نیە ئێستا ئیشی حزبایەتی بکات، جارێ ماوەی چەند ڕۆژێک لە تەکیە بحەسێوە بزانین ڕەوشی ئێرە چی بەسەر دێت. منیش لە تەکیەی مالی شێخ عوسمان مامەوەو خواردن و خەوتنم لەوێ بوو. پێاوێکیان لەگەڵم دانا بوو هەر کارێکم هەبوایە بۆی جێ بەجێ دەکردم، هەروەها شێخ ڕەووف ی کوڕی شێخ عوسمان هەموو ڕۆژێک سەردانی دەکردم و پرسیاری دەکرد ئەگەر هەر ئیشێکم هەبێت. پاش چەند ڕۆژێک حوسێن غولامیش گەێشتە لام، ئەویش بەهەمان شێوەی

من لە تەکیە مایەوە. ماوەیەک لە تەکیە بووین لە جیاتی خەبات و کوردایەتی چەند ڕۆژێکمان بەم شێوەیە بردە سەر، جارجارەش بە نهێنی هاتووچۆی ناو باخەکانمان دەکرد. ئیتر وای لێ هات تاقەتمان نەما لە چاوەڕوانی، بۆیە بە شێخ ناجی مان وت: ئێمە چیتر ناتوانین بەم شێوەیە بمێنینەوە یان ئەوە دەبێ دەست بەکاری حزبایەتی بکەین یان ڕێگامان بدە بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی کە لێ ی هاتووین، شێخ ناجی هەمان قسەی پێشوی دووبارە کردەوە کە ئێستا کاتی ئەوە نیە داوا لە خەڵکەکە بکەین بۆ کاری حزبایەتی چونکە خەڵکی ورەی بەرداوە، ئێمەش وتمان یاشێخ ئێمە بۆ شۆڕبا خواردن و پاڵکەوتن نەهاتینە ئێرە بۆیە دەگەڕێنەوە. شێخ وتی باشە بەڵام لەسەر مەسئولیەتی خۆتان دەچنەوە من هیچ نوسراوێکتان پێ نادەم، ئێمەش قەبوڵمان کردو خواحافیزیمان لێکردو بەرەو عەبابەیلێ بەڕێ کەوتین.

گەڕانەوەمان بۆ عەبابەیلێ

کە گەیشتمەوە عەبابەیلێ، زانیم کەس لە برادەرانی ناوچە لەوێ نەماون و گەرانەتەوە هەڵەبجە و لەوێ بەنهێنی کاریان دەکرد. تەنها دوو برادەری دەربەندیخان نەبێ، ئەنوەر نورەالدین و سابیر موحەمەد گاسوار شمشێرکۆلی بەدوای من دا گەڕابونەوە عەبابەیلێ. بە ڕۆژ خۆیان لەناو باخەکانی گونددا حەشار دەداو بە شەویش لە ماڵی برادەران دەخەوتن. بەم شێوەیە لەگەڵ ئەنوەرو سابیر یەکترمان گرتەوەو چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە.
زۆرێک لە بەگزادەکانی جاف ئاوارەی دیویی کوردستانی ئێران ببون، ژمارەیەکیشیان لە چیاکانی کوردستان بە نهێنی مابوونەوەو لەگەڵ چەکدارەکانیان خۆیان حەشەاردابوو لە دوژمن خۆیان دەپاراست، ڕۆژیان لە دۆڵەکان بەسەردەبرد و شەویش لە دێهاتەکاندا دابەش

دەبوون. بەهەمان شێوەش کادرو ئەندامانی پێشکەوتوی پارتی لە گوندەکانی عەبابەیلێ و فریزو عەنەب و زۆر شوێنی تر، بە ڕۆژ لە چیاکاندا خۆیان حەشاردەداو بە شەویش دابەشی ناو دێهاتەکان دەبوون بۆ خواردن و خەوتن. ئەو سەردەمەش وەکو هەموو ڕۆژگارێک پیاوی خۆفرۆش، سیخوڕیان دەکرد بە سەر خەڵکە تێکۆشەرەکە و زانیاریان دەدا بە دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت لەبارەی شوێنی حەوانەوەو هاتووچۆیان. ڕۆژێکیان هێزێکی سوپای عێراق کە پێک هاتبوو لە فەسیلێک سەربازو سوارە، هاتنە سەر گوندی عەبابەیلێ بۆ پشکنین. ئەو کاتە «کانەبی عزیز دزەیی» قائمقامی هەڵەبجە بوو، هەرزوو ئیمەی ئاگادار کردەوەو هەواڵی هێزەکەی عێراقی بۆ ناردین، ئێمەش ئامادەکاریمان کردبوو گوندمان چۆڵ کردبوو، بەسەر چیاکان کەوتبووین دوور کەوتبوینەوە. نزیکەی کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی ژمارەیەک سەرباز کە ٥٠ کەسێک دەبوون هاتنە گوندەکە بەڵام لە پێشدا هەشت پۆلیسی سوارەیان نارد ناو گوندەکە، کە هێزەکانی سوپا هاتن و زۆر بەرێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکەکە کردو کەسیان ئازار نەدا. بەڵام چەند مێرد منداڵێکیان گرت دوای ئەوە ئەوانیشیان لە هەڵەبجە ئازاد کردو گەڕانەوە عەبابەیلێ.

دوای ئەم ڕووداوە ئێمە هەرسێکمان بەرەو ناوچەی دەربەندیخان و شەمیران کەوتینە ڕێگا، لە هەڵەبجە ڕەت بووین و شەومان بەسەر داهات وە نوێژی شێوان گەیشتینە گوندی (وونە)، دانیشتوانی گوندەکە زۆربەیان سەر بە ئیخوان موسلمین بوون، کاتێک هەستیان کرد ئێمە بە نزیک ئەواندا تێدەپەڕین، دەنگیان داین و وتیان زەلام ئێوە کێن! ئێمەش وەلاممان دانەوە، کە ڕێبوارین، بەڵام نەوەستاین، داوایان لێمان کرد بوەستین، بەڵام ئێمە زیاتر پێمان هەڵگرت. کە نەوەستاین یەک دوو تەقەیان بەسەرماندا کرد، لە ئێمەش تەنها سابیر چەکی هەبوو بە تەقەیەک وەڵامی دانەوە،

دوای ئەوە ئەوانیش داین گرتین بەتەقە، بەلام لەبەر ئەوەی تاریکە شەو بوو ناوچەکەش کەندو شیو بوو، ئێمە سەلامەت بووین و بە ئاسانی بۆی دەرچووین.

لە عەبابەیلێ وە بۆ شەمیران بە پیادە لە ٨ کاتژمێر پتر بوو، ئەو شەوە تا بەیانی هەر خەریکی ڕۆێشتن بووین، لە کاتی ڕۆژهەڵاتدا گەێشتینە دەو زێی سیروان. وەرزەکە سەرەتای زستان بوو مانگێی دە بوو، دونیا سارد بوو، بۆیە ئاگارمان کردەوەو خۆمان گەرم کردەوە، دوای کەمێک حەسانەوە، لە زێی سیروان پەڕینەوە ئەو بەر، ئاوەکە زۆر سارد بوو قوڵایەکەشی لە سنگمان بوو، ئاەو ساردەکە خەریک بوو زگمان ببڕێتەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت خۆمان گەیاندە ئەو بەری ئاوەکە، بۆ ناو گوندی «کانیکەوە».

ئێمە کە لە عەبابەیلێ بووین هەواڵێکمان پێ گەێشت کە شەڕو پێکدادانە لە ناوچەی دەربەندیخان، بۆیە کە گەێشتینە (کانیکەوە)، پرسیارمان لە دانیشتوانەکەی کرد، ئاخۆ هیچ شەڕو پێکدادانێک لەم ناوچەیە ڕوویدابێ، وتیان نەمان زانیوە، بۆیە تێگەێشتین کە ئەو هەواڵە تەنها پروپاگەندە بووە.

ئێمە هێشتا هەر لە هەڵەبجە بووین کاتێک «شێخ ئەحمەدی بارزان» بروسکەی پیرۆزبایی بۆ عەبدوالکەریم قاسم لێدا بە بۆنەی سەرکەوتن و لەباربردنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان. هەروەها خەڵکانێکی هەڵپەرستیش کە لە کاتی ڕاپەڕینەکە داوای دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەیان لە حزب دەکردو بەوە ڕازی نەبوون لە چیایی زمناکۆو بازیان بنکە و سەنگەر دابمەزرێنن و دەیانگوت دەبێ لە جەبەل حەمرین بنکە بکەێنەوە، بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەێن جارێکی تر سوپایی عێراق بێتە ناو کوردستان و دێهاتەکانمان بسوتێنێ، کەچی بروسکەی پیرۆزباییان بۆ حکومەتی عێراق لێ دەدا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە و هێرشیان دەکردە سەر خەڵکە ڕاپەڕیوەکە، وە داوایان لە عەبدوالکەریم قاسم دەکرد

کە چەکداریان بۆ دامەزرێنن بۆ لێدانیان. بەتایبەت سەرۆکی خێڵی هەمەوەند «مەحمود فەقێ موحەمەدی هەمەوەند» کە داوای لە عەبدوالکەریم قاسم دەکرد هێزی چەکداری بۆ دروست بکات بۆ لێدانی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە.

هەروەها «عومەر جەلال حەوێز» خاوەنی ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) کە بەزمانی عەرەبی و کوردی دەردەچوو، بەر لە ڕاپەڕینەکە داوای دامەزراندنی پێشمەرگە و بەرپاکردنی شۆڕشی دەکرد، کە چی پاشان داوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی دەکرد و بەدەستێکی پۆلایین لێیان بدرێت. لەلایەکی تریشەوە «شێخ ئەحمەدی بارزان» بروسکەی پیرۆزبایی بۆ قاسم لێدەدا. لە کاتێکدا ئەوە هەڵوێستی هەندێک لە کەسایەتیەکانی کورد بوو، ڕۆشنبیرانی عەرەبی، وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی (صوت الاحرار) ڕۆلێکی نیشتیمان پەروەرانەی نواند لەم ڕۆژگارەدا، هەرچەندە حکومەتی قاسم «دائیرەی ئەمن» داوایان لێکرد کە ئیدانەی ڕاپەڕینەکە بکات بەڵام نەچووە ژێر باری ئەم هەڕەشەو داوایە، کە بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە تا وەکو هەڵوێستێک بۆ نەوەکانی تومارى بکەم بەڵام دەزانم لە بەرەی پێشکەوتنخواز دابوو وەسەر بە حیزبی شوعیی عێراقی بوو، لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەی پێنج ساڵ حوکمی زیندانی درا. [18] هەروەها ڕۆژنامەی (الانسانیة) کە ڕۆشنبیرو شاعیر «کاظم السماوي» دەریدەکرد خاوەن هەڵوێستی نیشتمان پەروەرو مرۆڤانە بوو[19].

هەرچەندە خەڵکانێکیش لەگەڵ بەرپابوونی ڕاپەڕین نەبوون، بەڵام کاتێک ڕاپەڕین دروست بوو بەشداریان تێدا کردو خۆڕاگرانە لە چێیاکانی کوردستان مانەوە تا ئەو کاتەی ڕێکخستنەکانی حزب هاتنە ناویان و سەرکردایەتی هێزە ڕاپەڕیوەکەیان گرتە دەست. بۆ نموونە لە ناوچەی شارباژێرو ماوەتان، بەڕێز جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ئەندامانی پارتی هاتنە ناو هێزە چەکدارەکان و سەر لە

نوێ ڕێکخستن و هێزی چەکداری پێشمەرگەیان دروست کردەوە. هەروەها «حاجی سەلیم» و «حاجی عەزیزی» گوندی قامیشە ڕۆلێکی گرینگیان بینی لە دەڤەری ماوەتان بۆ درێژە پێدانی شۆڕشی ئەیلول لە کاتی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی دەربەندیخان و دەربەندی بازیان.

دوای کپکردنەوەی ڕاپەڕینەکە عەبدولکەریم قاسم بڕیاری لێبوردنی دەرکردو «شێخ ئەحمەدی بارزانییش» پیرۆزبایی لێکرد. خەڵکێکی زۆریش خۆیان تەسلیم بە حکومەت کردەوە. لە گوندی عەبابەیلێ چوار پیکاب چەکدار بە سەرۆکایەتی شێخ کەمالی عەبابەیلێ چوونە هەڵبجەو خۆیان بەدەستەوەدا، لەکاتی ڕۆیشتنیان ئێمە لە خواروی گوندی عەبابەیلێ ڕاوەستابووین، کاتێک گەیشتنە لای ئێمە ڕایان گرت و شێخ کەمال وتی، کاک ئەحمەد ئێوەش تەسلیم نابنەوە! وتم نەخێر ئێمە ئەندامی حزبین و حزب بڕیار دەدات چی دەکەین. وتی: کاکی خۆم حزبی چی، حزب نەماوە، ئەوە شێخ ئەحمەدی بارزانیش خۆی داوەتە دەست و بروسکەی لێداوە بۆ حکومەت. پێاوی باش بن وەرن بابچین تەسلیم ببینەوە، ئەگەرنا لە هیچ شوێنێک جێگاتان نابێتەوە. دوای ئەوەی قسەکانی هیچ سوودی نەبوو لەگەڵ ئێمە، خواحافیزیان کردوو چوون تەسلیم بوونەوە.

ئێمەش گەڕاینەوە ناوچەی شەمیران و پرسیارمان کرد ئەگەر هیچ شەڕێک لەم ناوچەیە ڕوویدابێت، وتیان لێرە هیچ شەڕێک ڕووینەداوە.

من و نورەالدین و مەلا ڕەووف و حەمە شەمیرانی و موحەمەدی ئیمام ماوەیەک لە شەمیران ماینەوەو لە دێهاتەکانیدا دەسوڕاینەوە. دوای چەند ڕۆژێک گەیشتمە قەناعەت کەدەبێ بگەڕێمەوە ناوچەی شارباژێر، چونکە وەک بیستمەوە زۆربەی ئەندام و کادیرانی حیزب چوونەتە ناوچەی شارباژێر. پێشنیارم کرد بۆ برادەران کە بچینە ناوچەی شارباژێر، کەسیان لەگەڵ ئەو ڕاییەی من نەبوون،

حەمەو مەلا رەووف و موحەمەدی ئیمامی وتیان ئێمە بە چەتەیی دەمێنێنەوەو بژێوی خۆمان پەیدا دەکەین. لە ناو ئەو برادەرانە ئەنوەر لە هەمویان تێگەیشتی تر بوو، بۆیە قسەم لەگەڵ کردوو پێم گوت تۆ پێناوێکی نیشتمان پەروەری و بۆ کوردایەتی دایتە ئەو شاخانە نەک وەک چەتەێک بمێنێتەوە، وە بەم زوانە حزب خۆی رێکدەخاتەوەو شۆڕش دەست پێدەکاتەوە.

دوای ئەم قسەکردنە و کەمێکیش خۆعاجزکردن ئەنوەر لە بریارەکەی پەشیمان بۆوەو بڕیاریدا لە گەڵ مندا بگەڕێتەوە ناوچەی شارباژێڕ. چەند ڕۆژێکی تریش بەمەبەستی حەسانەوە لە شەمێران ماینەوە. شەمێران ناوچەیەکی دلگیرو خۆش بەدارو درەخت بوو دەشتاییەکەی بە ئاوی کانیاو دەوڵەمەندە، وە بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بە ناوبانگە، بەتایبەت چاندنی توتن و گەنم و جۆو. جوتیارەکان ئاودانی توتن بە ئاوی زێ دەکەن لە جێاتی ئەوەی ئاوی کانیاوەکان بەکار بهێنن بۆیە توتنەکانیان وەکو ئەوەی دەشتی شارەزور خۆش نیە. پشتی شەمێران شاخێکی بەرزو بەدرەخت بوو، چەندین جۆگە ئاوی لێدەهاتە خوارەوە بۆ ناو دێهاتەکان و تێی دەکردەوە ناو زێی سیروان وە ١٤ گوندی لەخۆگرتبوو، تەنها یەک بنکەی پۆلیسی لێبوو، قوتابخانەو بنکەی تەندروستی لێنەبوو. نزیکەی هەشت کاتژمێر بەپێ لە ناوەندی قەزای هەڵەبجەوە دوور بوو، ڕێگای ئوتۆمبێلی بۆ نەدەچوو. بەر لەوەی بەنداوی دەربەندیخان دروست بکرێت دەبوایە خەڵکەکە لە زێ بپەڕیبانەوە بۆ چوونە هەڵەبجە ئەویش تەنها لە هاویناندا بواری پەڕینەوە هەبوو لە بەر تەوژمی ئاوی زێ لە وەرزەکانی تری ساڵدا. لە سەردەمی خۆیدا شەمێران پایتەختی مەلیکە شەمێران بووە، ئێستاش شوێنەواری کۆشک و تەلاری مەلیکە هەر ماوە، وە ئەو زێرابانەی کاتی خۆی دروستی کردوە بۆ هێنانی ئاو بۆ شەمێران لە چیاکانەوە هەرماون.

شەمێران کاتی خۆی سەر بە هەڵەبجە بووە بەڵام ئێستا سەر بە

دەربەندیخانە، چونکە نێوان شەمێران و دەربەندیخان هەر ١٠ کیلۆمەترێک دەبێت. دوای ئەوەی بەنداوی دەربەندیخان لە ساڵی ١٩٦١ دروست کرا باری ژیانی خەڵکەکە باشتر بووە. جوتیارە ئاژەڵدارەکان ماست بەرهەم دەێنن، بەڵام جۆری ماستەکەیان باش نیە چونکە شێوەی هێوێنکردنی ماستەکەیان باش نیە، هەروەها سەلیقەی خواردن دروست کردنیان باش نیە بە تایبەتی لێنانی برنج، وە گرنگی بە پاک و خاوێنی نادەن جگە لەو کەسانەی کە لە پرۆژەی بەنداوی دەربەندیخان کاریان کردبوو. هەرچەندی بڵێی میوان دۆستن، ئەو ماوەی لەوێ بوین زۆر ڕێزیان لێ دەگرتین و بەدڵێکی فرەوانەوە وەریان دەگرتین.

دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک لە شەمێران ماینەوەو حەساێنەوە، ڕۆژێکیان لە گەڵ ئەنوەر نورەالدین بڕیارماندا کە ڕۆژی پاشتر بکەوینە ڕێگا بەرەو شارباژێڕ. بەیانی زوو دوای ڕۆژهەڵات بەرێکەوتین، وە لەو شوێنەی کە ئاو بواری پەڕینەوەی دەدا لە زێی سیروان پەڕینەوە، هەرچەندە ئاوەکە زۆر سارد بوو و قوڵایەکەی دەگەیشتە سنگمان. من کەمێک مەلەم دەزانی، وەپێش ڕاپەرین کاتێک کە لە دەربەندیخان بووم زۆر جاران بە مەلە لە زێی سیروان دەپەڕیمەوە، بۆیە زۆر ترسم لە ئاوەکە نەبوو. بەڵام ئەنوەر دەیگوت من مەلە نازانم بۆیە من خەمی ئەنوەرم بوو، دەترسام شتێکی بەسەر بێت. بەهەر حاڵ بەسەلامەتی لە ئاوەکە پەڕینەوە، زۆرمان سەرما بوو چونکە ئاوەکە زۆر سارد بوو، ئاگرێکمان کردەوەو خۆمان گەرم کردەوە. پاش پشودانێک و گەرم بوونەوە بەرەو گوندی (بێسلمێن) بەرێکەوتین، کە دەکەوێتە دەشتی شارەزوور. دوو برادەری حزبیمان لە گوندەکە هەبوو، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە گوندەکە و پرسیارمان لە ژنێکی گوندەکە کرد ووتمان: ماڵی ئەحمەد بەگمان دەوێ! پێی وتین ئەحمەد بەگ لێرە نیە بەڵام مستەفا بەگی برای لێرەیە، ووتمان:

زۆر باشە، ژنەکە ئێمەی گەیاندە ماڵەکەیان.
مستەفا بەگ کە چاوی بەئێمە کەوت کە تەنها منی دەناسی زۆر بەگەرمیەوە بەرەوپیرمان هات و پێشوازی لێکردین، دەم و دەست مریشکێکی بۆ سەربڕین و لە گەڵ برنجا خواردمان. پاش خزمەت و ڕێزلێنانێکی زۆر خواحافیزیمان لێکردن و بەریکەوتین هەرچەندە مستەفا بەگ هەوڵیدا کە شەو لەلایان بمینێنەوە بۆ ئەوەی چاومان بە ئەحمەد بەگی براشی بکەوێت. بەڵام ئێمە سوربووین لەسەر ڕۆیشتن، سوپاس مان کردو بەرەو گوندی «موان» کەوتینە ڕێگا وە بۆ ئێوارە گەیشتینە شوێنی مەبەست.
کە گەیشتین پرسیاری ماڵی «عەریف سەعیدی قادر»مان کرد، بەڵام کاک سەعید لە ماڵ نەبوو، ئەویش وەک زۆربەی دانیشتوانی گوندەکە لە ڕاپەڕینی ١٩٦١ بەشداری کردبوو و بڕیاری دەستگیرکردنی لە لایەن میریەوە بۆ درابوو، بۆیە لەگەڵ چەندین کەسی تری گوندەکە چووبونە لای شارۆچکەی پێنجوێن بۆ ئەوەی نەکەونە دەست هێزەکانی حکومەت. شەو لە گوندی ماینەوە، بۆ بەیانی عەریف سەعید بە سەردان هاتەوە گوندەکەیان و یەکترمان بینی، دوای چاک و چۆنی پرسینی ئەحوال، بڕیارماندا بڕۆین، بەڵام کاک سەعید نەیهێشت بڕوێن و شەو لای ئەو ماینەوە.
بەیانی لە کاتی خواحافیزی، کاک سەعید ناوی برادەرێکی خۆی دا بەئێمە بە ناوی (مەحمود) کە یەکێک بووە لە بەشداربوانی ڕاپەڕینەکەی دەربەندیخان وەدانیشتوی گوندی (سەدو بیست)ە کە ئێمە بڕیارمان دابوو بچینە ئەوێ. گەیشتینە گوندەکەو شەو میوانی کاک «مەحمود» بووین کە جێگای بڕوای ئێمە بوو، بەتایبەت ئەو گونده تەنها دوو کاتژمێر بە پیادەڕۆیی لە سلێمانیەوە دووربوو، وەمەفرەزەکانی زەعیم سدیق مستەفا بەشەو پەلاماری گوندەکانی دەوروبەری سلێمانییان دەدا ئەگەر زانیاری ئەوەیان پێ بگەیشتبا کە چەکداری بەشدار بووی ڕاپەڕینی لێیە.

کاک «مەحمود» زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردین، وەباسی وەزعی خۆمان بۆ یەکتر کرد و ئێوارە دوای نان خواردن و حەسانەوە کاک مەحمود وتی: ئێمە هەموو لایەکمان لە حکومەت بڕیاری گرتنمان هەیە وە زەعیم سدیق بزانی ئێمەی چەکدار لەناو گوندین بەشەو بێت یان بە ڕۆژ مەفرەزەمان دەنێرێتە سەر بۆ گرتن و کوشتنمان، بۆیە ئێمە شەوانە لە گوند دەردەچین بەرەو ناو چیا، ئێوەش گەر دەتانەوێ دەتوانن لە گەڵ ئێمە وەرن یان ئەوەیە دەتان بەمە مالّی خزمێکی خۆم لەناو گوند، وەبەڕای ئێمە پێویست ناکات ئێوە لە گوند دەربچن، ئێمەش وتمان هەر چۆنێک بێت ئەمشەو لە گوند دەمینێنەوە وەبەیانی زوو دەردەچین و ئێرە بەجێ دەهێڵین. مەحمود، ئێمەی بردە مالّی خزمەکەی، خۆی و ئامۆزاکەشی ڕۆێشتن بەرەو چیا، هەرچەندە ئامۆزاکەی هیچی لەسەر نەبوو لە لایەن هێزەکانی میریەوە بەڵام وەک ئامۆزایەک بەردەوام لەگەڵ مەحمود بوو بۆ پاراستنی.

شەو، دوای ئەوەی لە مالّی خزمەکەی چایەکمان خواردەوە ئەویش ئێمەی گواستەوە مزگەوتی گوندەکە بۆ خەوتن، وە ئێمەی ڕادەستی مەلای گوندی کردو خۆی گەڕایەوە مالّەوە. مەلاش چایەکی بۆ لێنانین و دەستی بە قسەی خۆش کرد بۆمان، بەڵام ئێمە زۆر هیلاک بووین وە پتر لە ١٢ کاتژمێر بە ڕێوەبوین تا گەیشتینە ئەو گوندە، بۆیە داوامان لە مامۆستا کرد کە ڕێگامانبدا بخەوین، مامۆستاش ڕێگای داین و ئێمەش لە بەر هیلاکی و ماندوبوون هەر زوو خەوتین، بەڵام مەلا بۆ پاراستنی ئێمە و لە ترسی زەعیم سدیق نەخەوت و هەر سەرە کاتژمێرێک دەچووە سەر ڕێگاو تەماشای دەکرد و دڵنیا دەبوو کە وەزع ئارامە. منیش لەبەر هاتووچۆی مەلا خەوم لێ نەکەوت تاکو مەلا بانگدانان. دوای بانگدانی بەیانی مەلا چێشت و چای بۆ ئامادەکردین و ئێمەش خواردمان و خواحافیزیمان لێکرد. لە کاتی خواحافیزی مەلای گوندی پێی وتین، ئەم شەو لە

ترسا نەخوتوم، لەوە دەترسام نەوەک یەکێ لە دانیشتوانی گوند خەبەرتان لێبداو بێتە سەرمان و بتان گرن، بەڵام سوپاس بۆ خوا هیچ ڕووی نەدا. بەڕاستی مەلا پیاوێکی دڵسۆزو کوردپەروەر بوو. مامۆستا خەڵکی ناحیەی سوورداش بوو کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە.

زەعیم سدیق، ئەو سەردەمە ناوبانگێکی زۆر خراپی هەبوو وە دوژمنی کورد بوو، هەر کاتێک هەواڵی بوونی پێشمەرگەی لە گوندێک یان ماڵێک پێ گەیشتبایە یەکسەر مەفرەزەی دەناردە سەریان، بە پەیژە بەسەر دیوارو سەربانی ماڵان هەڵدەگەڕان و هەڵیان دەکوتایە سەریان. خەڵکێکی زۆریان بەم شێوەیە گرت و گولە بارانیان کردن. لە ٨ی حوزەیران ١٩٦٣ سوپای عێراق بە فەرماندەی زەعیم سدیق پەلاماری هەردوو شاخی گۆێژەو ئەزمری دا، پێشمەرگە لێیان هاتنە دەست و هێرشەکەیان تێکشکاند، بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ٩ی حوزەیران ١٩٦٣ زەعیم سدیق لە شاری سلێمانی خەڵکێکی زۆر دەگرێت و تاوانێکی دڕندانەیان دەرهەق ئەنجام دەدات و ٣٧ کەس لەوانە بە کۆمەڵ گولە باران دەکات و چاڵیان بۆ هەڵدەکەنی و هەموویان بە شۆفەڵ دەخاتە ژێر گل، هەروەها چەندین هاوڵاتی تر لە ناو شاری سلێمانی و دێهاتەکان شەهید دەکەن، لە هەمان ڕۆژداو لە شاری کۆیە بەفەرماندەی تەها شەکرچی چەندین هاوڵاتی گولەباران کران.

دوای کۆڕانی بەدرەدین عەلی موتەسەرفی سلێمانی ، زەعیم سدیق لە عێراق هەڵات و توشی نەخۆشی ئیفلیج بوو کەوتە سەر جێگا.

پاش خواحافیزی کردن لەمەلای گوندی بەرەو سلێمانی کەوتینە ڕێگا، دوای دوو کاتژمێر لە ڕۆێشتن گەیشتینە سلێمانی و ماڵی دایکی ئەمینی وێنەگرمان دۆزێیەوە. پرسیاری ئەمین مان لە دایکی کرد، گوتی: ئەمین چۆتەوە ئێران بۆ لای باوکی،[٢٠] وە ئێستا لە شاری سەقز دەژی. ژنێکی دراوسێیان هاتە ماڵیان و

کە ئێمە بینی واتیگەیشت کە ئەمین هاتۆتەوە، بە دایکی ئەمینی گوت: دیارە ئەمین گەڕاوەتەو، مەترسە ئینشاالله هیچ نابێت، دایکی ئەمین زۆر لە ژنەکە ترسا و گوتی: ئێستا هەموو گەرەک ئاگدار دەکاتەوەو ژنێکی زۆر دەم پەلە، بۆیە دەیویست ئێمە بە زووترین کات مالەکەی بەجێ بێلین، لە ترسی ئەوەی نەوەک بگیرێن. بۆیە ئێمەش نەماینەوە، من بە ئەنوەرم گوت: لە کاتی خۆی دەمانچەیەکم دایتە برادەرێک و بە ئیشم ناردوە بەلام لێک جیابوونەوە بەلکو بچمە مالیان و دەمانچەکەی لێ وەرگرمەوە. پاش ئەوەی چوومە مالیان و پرسیارم کرد گوتیان لێرە نێو سەفەری کردیە. منیش گەڕامەوە لای ئەنوەر، بەلام ئەنوەر شاری جێهێشتبوو، گوتبوی لە بناری گوێژە دوور لە جادەی سەرەکی چاوەڕێی دەکەم. منیش بۆ لای ئەو چووم، کە گەیشتمە شوێنەکە بانگی کردم و گوتی من لێرەم، کە چوومە لای گلییم لێ کردو گوتم: ئەوە شوێنە تۆ لێرە چاوەڕێم دەکەی! ئەنوەر هەلساو بە ڕێگای ژێر بناری گوێژە کەوتینە ڕێگا تا لە جادەی ئەزمر نزیک بووینەوە، سەیرمان کرد کە ئوتومبێلێکی فۆلکس واگن بەرەو ئەزمر دێت و لە ئێمە نزیک دەبنەوە وەهەر تەماشای ئێمەیان دەکرد، ئێمەش دەمان وێست لە ئێمە تێپەربن بەلام ئەوان هەتا دەهات گرانیان دەکردو لەسەرخۆ لێیان دەخوڕی، بۆ ئەوەی لێیان نزیک نەبینەوە ئێمە لە شوێنی خۆمان دانیشتین و چاوەڕیی تێپەربونی ئەوانم کرد، بەلام ئەوان گەڕانەوە بەرەو سەربازگەی سلێمانی. ئێمە تێگەیشتین کە ئەمە ئوتومبێلی ئیستیخباراتە. بۆیە بەپەلە بەرێ کەوتین تا لە جادەی ئەزمر پەڕینەوەو گەیشتینە ناو شاخ و بەرزاییەکان و لە شوێنی مەترسیدار ڕزگارمان بوو، زۆری پێنەچوو دیمان پیکاپێکی سەربازی ئەوەی پێان دەگوت (مسەلەحە) لە سەربازگەی سلێمانی بەرێکەوت و بەرەو لای ئەزمر هات، ئێمەش خۆمان دایە پەنا شاخ و بەردەکان و تەماشای ئەوانمان دەکرد. ڕۆژ لە ئاوابوندابوو تاکو

تاریک داهات لەو ناوە سوڕانەوەو لایتیان لە دەوروبەرەکە دەدا بۆ دۆزینەوەی ئێمە، کە تاریک داهات ئێمەش بەرەو گوندی کانی بەردینە کەوتینە ڕێگا، کە گەیشتینە گوندی ناوبراو دیمان ژن و پیاوێک لە ناو باخچە دەهاتنەوەو باڕێک هەنجیریان پێ بوو، بە ژنەکەم گوت: هەندێک هەنجیرمان پێ دەفرۆشن بۆ ئەوەی لە گەڵ نان بیخوین! چونکە زۆرمان برسیبوو، ئێمە خۆمان نانمان لابوو. ژنەکە سەبەتەی هەنجیری لە پێشمان داناو گوتی فەرمون چەندی دەخۆن بخۆن بەڵام باسی پارەش مەکەن. ئێمەش نان و هەنجیرێکی باشمان خواردو هێزمان هاتەوە بەرو، سوپاسیانمان کرد، وە پرسیاری ڕێگای گوندی قەیوانمان لێکردن، گوتیان کەمێکی تر بەو ڕێگایە دا بڕۆن دەگەنە ڕێگای گوندی قەیوان. کەوتینە ڕێگا بەرەو قەیوان بەڵام ڕێگامان بزرکرد، دوای کەمێک ڕۆێشتن گەیشتینە سەر ڕێچکۆلەیەکی باریکی مەڕو ئاژەڵ. پاش ماوەیەک ڕۆێشتن گوێمان لە وەڕینی سەگ بوو، وام زانی ئەوە گەیشتوینە ئاوای قەیوان، کە لێیان نزیک بووینەوە، دەنگیان داین و گوتیان ئێوە کێن! منیش وەڵامم دانەوەو گوتم: ڕێبوارین. وتیان ڕێبوار بەم وەختە! گوتم: ڕێگامان بزرکردوە، کەوام گوت، بێ دەنگ بوون. ئێمەش لێیان نزیک بووینەوە، کە دیمان زانیمان ئەوانە شوانی مەڕو ماڵاتن. پاش سڵاو کردن، وتیان ئێمە شوانکارەی گوندی قەیوانین. گوتیان فەرموون دانیشن، زۆر سوپاسمان کردن، وە پرسیاری ڕێگای قەیوانمان لێکردن. گوتیان کەمێکی تر بڕۆن دەگەنە سەر ڕێگای قەیوان، پاش سوپاس کردن بەردەوام بووین لە ڕۆێشتن، وە زۆری پێ نەچوو گەیشتینە سەر ڕێگاکە.

ڕێگای قەیوان فراوان وباش بوو، من یەکەم جارم بوو ئەم ڕێگایە ببینم، بەڵام ئەنوەر نورەالدین جارێکی تر بەشەو بەم ڕێگایەدا تێپەڕیبوو. وردە وردە بەسەر چیایی ئەزمر کەوتین تا گەیشتینە سەرەوە، کاتی خۆی لەسەر چیا چایخانەیەکی لێ بوو بەڵام لەبەر

شەڕ خاوەنەکی چۆڵی کردبوو و دایخستبو. ئێمەش هیلاک بووین بۆیە لە هەیوانی چایخانەکە دانیشتین، وەرزەکەی زۆر سارد بوو، ئاگرێکمان کردەوە تا خۆمان گەرم کەینەوە، زۆری پێ نەچوو بوو بە غەڵبە غەڵب، پێش ئەوە وێستمان بخەوین بەڵام لە سەرمان خەومان لێ نەکەوت. کە غەڵبە غەڵبەکەمان گوێ لێ بوو ئەنوەر گوتی: ئەوانە کاروانچی ترێ فرۆشی شارباژێرن دەچن بۆ سلێمانی بۆ ترێ فرۆشتن، ئەچم بزانم یەک دوو هێشو ترێیان لێ وەرناگرم. کە کاروانەکە گەیشتە لای ئێمە ئەنوەر پێشوازی و ماندوونەبونی لێکردن، بەرێککەوت یەک لە کاروانچیەکان برادەری ئەنوەر بوو، کاتی خۆی لە کۆمپانیای دەربەندیخان بەیەکەوە ئیشیان کردبوو، کە چاوی بە ئەنوەر کەوت گوتی: ئەوە تۆی کاک ئەنوەر، لێرە چی دەکەی! ئەنوەریش باسی وەزعی خۆمانی بۆ کرد و گوتی، ئەچین بەرەو گوندی کارێزەی شێخ مەحمود بۆ لای برادەرانمان. برادەرەکەی ترێ فرۆش سەر بە پارتی بوو، ئێمە بە دیتنی ئەو زۆر دڵخۆش بووین کە بە داخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە، گوتی: کاک ئەنوەر برادەران لە کارێزە نەماون وا بزانم چۆنەتە گوندی قامیشە. پاش وەرگرتنی دوو سێ هێشوە ترێ کاروانچیەکان بەرەو سلێمانی ڕۆێشتن.

ئێمەش بەرێ کەوتین بەرەو گوندی قەڵوان، وە نزیک بووینەوە لە بنکەی پۆلیسی مەوکیبە. ئەنوەر زۆر ماندوو بوو لاقەکانی خەریک بوون لە ڕۆێشتن بکەون و نەی دەتوانی هی چیتر ڕێ بکا. بەهەر حاڵێک بوو لە مەخفەری مەوکیبە دوور کەوتینەوەو دونیا بەرەو ڕووناکی دەهات و خەریک بوو ڕۆژ ببێتەوە، بەرەو بەرزایەکان سەرکەوتین و لە شوێنێکی چڕو پڕ لە دار ئیتر ئەنوەر لە پێ کەوت و لە شوێنێک دانیشت. بە منی گوت: لەم هەورازە سەرکەوە روبارێکی ئاوت لێ دەردەکەوێ لەو بەری ڕوبارەکە گوندێکی دەپانزە ماڵی هەیە و هەشت نۆ دار بەڕووی گەورەی لێیە، ئەوە

گوندی کاریزەیە، بەڵکو هەر چۆنێ بێ کە گەیشتیە گوند وڵاخێکم بۆ بەکرێ بگری بۆ ئەوەی بێن بم بەنەوە، من ناتوانم هیچی تر ڕێ بکەم و قاچەکانم زۆر ئازارم دەدەن.

منیش لە سەر قسەی ئەنوەر لە بەرزاییەکە سەرکەوتم و ڕووبارو گوندەکەم لێ دەرکەوت. چوومە لێواری ڕووبارەکەو لە ئاوەکە پەڕیمەوە، هەر چەندە زۆر سارد بوو خەریک بوو زگم ببڕێ لە ساردیان، بەڵام بەهەر حاڵ پەڕیمەوە. دیتم ژنێک لەسەرەوەی ڕووبارەکە مانگایەکی لابووو بۆ ئاودان هاتبوو، منیش چوومە لای و پێم گوت: خوشکە ئێرە گوندی کاریزەیە!

گوتی: نەخێر ئێرە گوندی (بەردەشینە)، گوندەکەی ئەوبەر گوندی کاریزەیە، کە ژنەکە وای گوت زۆر پێ دڵگران بووم چونکە ئاوەکە یەک جار سارد بوو بەڵام وادیار بوو ژنەکە ژنێکی ژیر بوو، یەک سەر گوتی بەس کاکە ئەوانەی بەدوایانادا دەگەڕێت و دەتەوێن لە کاریزە نەماون و دوێنی کاریزەیان بەجێهێشت. منیش گوتم: ئەزانی لە کێ دەگەڕێم! ژنەکە لە وەڵامدا گوتی: تۆ جەماعەتی حزبت ناوێ، من نازانم بۆ کوێ چوون بەڵام وەرە بتبەمە ماڵی مەسئول ئەو ئەزانێ بۆ کوێ ڕۆیشتن...ژنەکە لە دریژەی قسەکانی گوتی: چاک نەبوو من لێرە بووم ئەگینا سەگی ئاوایی دەیانخواردی، منیش گوتم : چۆن دەیان خواردم من دارم پێ یە! ژنەکە گوتی داری چی لە دەمانچەش ناگەڕێنەوەو سوار لەسەر زین دەهێنە خوارەوە.

ژنەکە منی گەیاندە ماڵی مەسئولی گوندەکەو پێی گوت ئەم برایە جەماعەتی حزبی دەوێ ئیتر ئەو گەڕایەوە. مەسئولی گوندەکە گوتی: فەرموو کاکە، گوتم دەمەوێ چاوم بە برادەرانی حزب بکەوێ. گوتی لە برادەرانی حزب کێ دەناسی! منیش ناوی چەند کەسانێکم هێنا، گوتی فەرموو دانیشە. لە سەرەتادا کابرا ڕووی خۆش نەبوو لە پێشوازیم، بەڵام من ئەوەندە ماندوو هیلاک بووم و چەند ڕۆژێکیش بەڕێگاوە بووین کە دانیشتم لە ماندوتییان بەبێ ویستی

خۆم گوتم: ئای بابە چەند ماندووم. کابرا کە دیتی زۆر ماندووم گوتی: وادیارە لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتووی زۆر هیلاک دیاری! گوتم ئەوە سێ ڕۆژە بە ڕێگاوەم، گوتی : لە کوێ وە هاتووی! گوتم لە هەورەمان بۆ شەمیران لەوێشەوە بۆ ئێرە. کە دانیشتم چایان هێنا، منیش خواردمەوە، دووبارە چایان بۆ هێنامەوە، گوتم: زۆرم برسیە جارێ نانێکم بدەنێ دوای چای دەخۆمەوە! کابرا پێ کەنی و گوتی لێرە عادەت وایە تا چوار پێنج چا نەخۆێنەوە نان نادەینە میوان. گوتی ئێوە خەڵکی کوێن! گوتم هەولێر، کەوام گوت نان و ماستێکی باشیان بۆ هێنام و خواردم.

دوای نان خواردن بە کابرام گوت: برادەرێکم لە گەڵ دایە لە ماندووتییان لەو بەری زێ لە نزیک مەخفەری مەوکیبە کەوتووە، ئەگەر ئەزێەت نەبێت زەلامێک و وڵاخێکم بۆ بنێرە تاکو بیهێنتە ئێرە وە چەندی پارە دەوێت بیدەرێ، خانەخوێەکە بە دوای موختاری گوندەکەی داناردو ئەویش هاتە لامان، پاش بەخێر هینانی موختار هەمان قسەشم بە موختار گوت. موختار گوتی بەسەر چاو، بەڵام ئەوانەی وڵاخیان هەیە هەموویان چونەتە چیا بۆ دارکردن وە کاتژمێر ١١ی بەیانی دەگەڕێنەوە، کە گەیشتن یەکێک دەنێرم برادەرەکەت بهێنێتەوە ئێرە.

کاتژمێر بوو بە نۆ دیم ئەنوەر وردە وردە بەرەوە ڕووبارەکە دێت من و کابرای خاوەن ماڵ بە دیتنی ئەنوەر دڵخۆش بووین. نانیان بۆ ئەنوەر هێناو خەریکی چا خواردنەوە بوو. دوور بەدوور دیار بوو لۆریەکی گەورەی بارهەڵگر لە سلێمانیەوە دەهات بەرەو ماوەت دەچوو، موختار گوتی پەلە بکەن بەڵکو لەگەڵ ئەم لۆریە ڕەوانتان بکەم، گوتمان هەڵمان دەگرێ، موختار گوتی ئەگەر ئێوە پەلە بکەن و پێ ڕابگەن هەڵتان دەگرێ بۆ نا. ناردیان گوێ درێژێکیان هێنا و ئەنوەرمان سوار کرد و کەوتینە ڕێگا بەرەو گوندی کونە ماسی، پاش ڕۆێشتنێکی کەم گەیشتینە سەرجادەی کونە ماسی. وادیار

بوو موختار دەترسا بێتە سەر جادە نەوەک پێاو خراپان ببینن و خەبەری لێ بدەن، بۆیە من بە موختارم گوت: ئەگەر ئێمە دەستی لێ بەرز کەینەوە بۆمان ڕانەگرێ! بەڵێ شوفێرەکە خۆشی بۆتان دەوەستێ. گوتمان کەواتە پێویست ناکات تۆ لەگەڵمان بێی، تۆ بگەڕێوەو سوپاست دەکەین. موختار زۆری پێ خۆش بوو و گەڕایەوە بەرەو گوندەکەی خۆی کە بەردەشین بوو.

لۆریەکە گەیشتە لای ئێمە وە بێ ئەوەی دەستی لێ ڕابگرین خۆی ڕاوەستا بۆمان و دیار بوو سندوقی بەتاڵی تێ ی بارکردبوو و ئەچووە گوندی قامیشە بۆ تێ کڕین و بردنی بۆ سلێمانی، تاجرەکە خەڵکی سلێمانی بوو خەرێکی تیجارەتی تێ بوو و بۆ بەغدای دەنارد. دوای سڵاو کردن گوتمان تا گوندی «دڕێ» بمان گەیێنن. گوتیان فەرموون سەرکەون، ئێمەش سەرکەوتین و لەسەر سندوقە تڕێیەکان دانیشتین. ئەنوەر گوتی کاک ئەحمەد ئەوە ئێمەین سواری ئوتومبێل بووین! گوتم کاکی خۆم ئەگەر نەمرین ئەوە بەسەدان جاری تریش سواری ئوتومبێل دەبین. ئوتومبێلەکە کەوتە ڕێ تا گەیشتینە دووڕیانی گوندی دڕێ و قامیشە لە وێ ڕایگرتو کابرای تاجیر گوتی ئینجا ئێمە ناچینە دڕێ و دەچینە گوندی قامیشە. گوتمان باشە حەقی ئێوە چەند دەکات! بەڵام پارەیان لێ وەرنەگرتین، ئێمەش دابەزین و بەپێ ڕۆیشتین بەرەو گوندی «دڕێ» بە نیو کاتژمێرێک گەیشتینە گوندەکە.

برادەرانێکی زۆری حزبمان لەو گوندە بوون لەوانە، حەمەی حاجی تاهیر، عەلی مام ڕەزاو عوسمان سەعید کە بەرپرس و ئەندامی لق بوون، کە چاویان بە ئێمە کەوت بەرەوپیرمانەوە هاتن و لە هەواڵی یەکترمان پرسیارکرد. دەربارەی شەڕەکەی دەربەندیخان باسێکمان کردو بەپێ ی زانیاریەکانیشمان وەڵامی پرسیارەکانمان دانەوە.

دوای مانەوەمان بە چەند ڕۆژێک جەلال تاڵەبانی گەیشتە لامان.

مام جەلال کۆبونەوەیەکی بە هەموو ئەندام و دۆستانی حزب کرد، دەربارەی وەزعەکەو هەڵوێستی پارتی کە تا ئەو کاتە بڕیاری شەڕیان نەدابوو قسەی کردو چەندین پرساریشی لە ئێمە کرد دەربارەی شەڕەکەی دەربەندیخان، وە داوای لەمن کرد ناوی ئەو کەسانەی بدەمێ کە ڕۆڵیان هەبووە لە شەڕەکەو ئازایەتیان نواندوە. منیش چەند ناوێکم دا بە مام جەلال لەوانەی کە لە بیرم ماوە، عەلی شەریف کە خەڵکی دەوروبەری سەید سادق بوو، کوێخا عەبدوڵڵا کە خەڵکی گوندێکی ناوچەی شارەزوور بوو کە بەداخەوە ناوی گوندەکەم لە بیر نەماوە، سەرحەدی خەلیفە یونس سەرۆک عەشیرەتی (روغزایی) بوو، حەمە ئاغاو ئەحمەد ئاغای میکائیلی لە گەڵ چەندین کوردپەروەری تر کە بە داوای لێبردنەوە ناوەکانیانم نایتەوە یاد. مام جەلال ناوەکانی لای خۆی یاداشت کردو بە نامە ناردیە دوایان و هەروەها نامەشی بۆ ئەو کەسانەی چووبونە کوردستانی ئێران خۆیان نەدابووە دەست حکومەتی عێراقی نووسی.

زۆرێک لەوانەی کە بەژدار بوون لە ڕاپەڕینەکەو لە شاخەکان ما بوونەوە بەرە بەرە دەهاتنە گوندی دڕێ کە حزب لێ بوو و مام جەلال یشی لێبوو. مام جەلالیش بەبەردەوامی قسەی بۆ دەکردن دەربارەی وەزعەکەو هەڵوێستی حزب کە تا ئەو کاتە بڕیاری شەڕیان نە دابوو دژی حکومەتەکەی عەبدوالکەریم قاسم، مام جەلال تەئکیدی لەوەی دەکردەوە کە بەم زوانە ڕووداوێکی گەورە لە کوردستان ڕووبەداو دەبێ هەموومان خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. بۆ مێژوو دەمەوێ ئیشارەت بە ڕۆڵی گرنگی کوێخا عەزیزو کوێخا سەلیم ی گوندی قامیشە بدەم کە ڕۆلێکی جوامێرانەیان هەبوو لەو ڕۆژگارەدا لە پشتگیری کردنی ئەندامانی حزب و مام جەلال.

ئەوە بوو مام جەلال سەر لە نوێ دەستی کرد بە داڕشتنەوەی ڕێکخستنەکانی حزب و هێزی چەکدار (پێشمەرگە) لە سەر بنەمای

ناوچەی جوگرافیی کوردستان. بەم شێوەیە لق و ناوچەکانی دامەزراندەوە.

ئەشکەوتی گوندی دڕێ

ئێمە ژمارەمان نۆ کەس بووین لە گەڵ مام جەلال ماینەوە، ئەشکەوتێکی گوندی «دڕێ»مان کردە بنکەی خۆمان کە کەوتبووە سەرووی گوند. ئێمە بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ لەم ئەشکەوتە ماینەوە، هیچ پێخەوێکمان نەبوو لە ئەشکەوتەکە، زەویمان ڕاخستبوو ئاسمانمان بەخۆدادەدا لە سەرمایی مانگی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١. وەرزەکە زۆر سارد بوو بەڵام ئێمە تەنها پووش و پەڵاشی ووشک کراوەمان ڕاخست بوو لە جێگای ڕایەخ و دۆشەک لە ناو ئەشکەوتەکە. کە باران دەباری ئاو دەهاتە ناو ئەشکەوتەکە وە لە ناوەڕستی ئەشکەوتەکە چاڵێکمان هەڵکەندبوو بۆ ئەوەی ئاوەکە لە وێ کۆ ببیتەوەو دوای ئەوە بە تەنەکە فرێمان دەدا دەرەوە. بە ئاگر کردنەوە خۆمان ڕاگرتبوو بەرامبەر بەسەرماکە. دوای چەند ڕۆژێک ٧ قاپوتمان بۆ هات لە لایەن ڕێکخستنی سلێمانیەوە، پێش ئەوە تەنها مام جەلال قاپوتی هەبوو ئەویش کۆن نۆرەی حەرەسێاتی بهاتبایە لەبەری دەکرد. مام جەلال قاپوتەکانی بەسەر ئێمەدا دابەش کردوو تەنها وریا قانع بەری نەکەوت، لە سەر پێشنیاری مام جەلال من قەمسڵەکەی خۆم دا یە وریا قانع.

ئێمە بۆ ڕاپەڕاندنی ژیانی ڕۆژانەی ناو ئەشکەوت، ئەرکەکانمان بە سەرخۆمان دابەش کردبوو، بە نۆرە حەرەسێاتمان دەگرت، مام جەلالیش وەک ئێمە کە نۆرەی دەهات حەرەسێاتی دەگرت، ئیشەکانی تریشمان بەم شێوەیە دابەش کردبوو، دوو کەس داری بۆ ئاگر کردنەوە دەهێنا، دوو کەس ئاویان دەهێنا یەکێک چای لێ دەنا منیش چام تێدەکردو پیاڵەکانم دەشوشت. ئێمە کەسمان نەمان دەزانی چێشت لێبنێین، بۆیە مام جەلال ئەرکی چێشت لێنان و تێکردنی خستە ئەستۆی خۆی.

کاتێ لە ئەشکەوتەکە بووین هیچ پارەو پولمان نەبوو، چونکە ڕێکخستنەکانمان تێکچووبوون، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ڕێکخستن دامەزرایەوەو لقی چوار سلێمانی (٦٠) دیناری بۆ ناردین بۆ مەسرەف، پارەکەش درایە دەست مام جەلال. هەروەها چەکمان نەبوو بۆیە مام جەلال داوای لە مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل ناسراو بە(مەلا ماتۆر) کرد کە چەند پارچە چەکێکمان بۆ بنێرێ کە بە کەڵکی شەر بێتن، ئەویش هەشت تفەنگی بۆ ناردین بەڵام تفەنگەکان کەلکی شەریان نەبوو، هەر هەشتی کۆنە جامبێزارو کەونە قەسەلی و داداشی روسی و ماهوزەر بوون.

چەند بیرەوەریەکی ڕۆژانی ئەشکەوتی دڕێ

بیرەوەری یەکەم

ڕۆژێکیان یەکێ لە ئاغاکانی میراودەلی هاتە سەردانی مام جەلال، دیتی مام جەلال ڕانک و چۆغەیەکی دڕاوی لە بەردایە، لە سەردانی دووەمی دا بۆ لای مام جەلال ڕانک و چۆغەیەکی نوێ ی بۆ هێنا بوو. کە میوانەکە ڕۆێشت مام جەلال گوتی برادەران کێ لە ئێوە ڕانک و چۆغەی دڕاوە با ئەم ڕانک و چۆغەیە لە بەر بکا، ئێمەی جەماعەتیش گوتمان، مام جەلال لە تۆ زیاتر کەس ڕانک و چۆغەی زۆر نەدڕاوە، بۆیە هەر خۆت لە بەری بکە، مام جەلال گوتی: برادەرینە ئەگەر ئێوە پێویستان بە شتێک بێت ئەوە کەس بۆتانی ناهێنی، بەڵام کە من مەسئولم بۆم دێت، وە ئەگەر من هە ئەو ڕانک و چۆغە دڕایەم لە بەردابێ ئەوە بەردەوام بۆم دێت تاکو هەموومان پۆشتە دەبینەوە. بەڵام ئێمە کەسمان قەبوڵمان نەکرد و ڕانک و چۆغە کۆنەکەی مام جەلال یشمان کە کەس نەیویست چونکە پڕ بوو لە ئەسپێ، ئەنوەر نورەالدین لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە سوتاندی.

بیرەوەری دووەم

ئەگەر بە هەڵە نەچووبم کاتی خۆی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ مەلا مستەفای بارزان لە سەر داوای حکومەتی سۆڤیەت سەردانی ئەو وڵاتەی کردوو پاش گەڕانەوەشی تفنگێکی ڕاوی بە دیاری بۆ مام جەلال هێنا بوو، مام جەلال ئەو تفەنگەی لابوو، ڕۆژێکیان یەکێ لە ئاغاکانی میراودەلی بەسەردان هاتە لای مام جەلال (وابزانم ناوی مەحمود ئاغا بوو) و چاوی بە تفەنگەکە کەوت، گوتی مام جەلال ئەوە ئەو تفەنگەیە کە مەلا مستەفا بەدیاری بۆتی هێنا بوو لە شورەوی، مام جەلال گوتی : بەڵێ، ئاغا دەستی دایە تفەنگەکەو گوتی: بەڕاستی جوانە. مام جەلال گوتی: پیرۆزت بێ. ئاغاش لە وەڵاما گوتی پیرۆزی خۆت بێ. مام جەلال بە زۆری تفنگەکەی بە شانی میوانەکە وەکردو گوتی پیرۆزت بێ. ئاغاش زۆر پێ ی دڵخۆش بوو.

ئێمە لە دڵەوە زۆرمان پێ ناخۆش بوو کە مام جەلال تفەنگەکەی دایە ئاغا، ڕەخنەی توندیشمان لە مام جەلال گرت، مام جەلال گوتی: ئێوە دان بەخۆتاندا بگرن بزانین چۆن سوودی لێ وەردەگرین. دوای چەند ڕۆژێک مام جەلال خەبەری بۆ مەحمود ئاغا نارد کە زۆر بێ چەکن، ئەگەر بکرێت تفەنگێکی بۆ بنێری ئەگەر تەنانەت بە خواستنەوەش بێت. مەحمود ئاغا دوو تفەنگی لە گەڵ پیاوێکی خۆی کە ناوی موحەمەد بوو بۆ مام جەلال نارد، تفەنگیکی برنۆ ئەوەی تریشی پەڕەشوت. مام جەلال کە تفەنگەکانی ئاغای وەرگرت زۆر پێ دڵخۆش بوو، گوتی: برادەرینە ئەمە تفەنگە نەک تفەنگی ڕاوکردن، من بەم تفەنگانە ڕاوی دوژمنی کوردی پێ دەکەم، بەتایبەت لەو کاتەدا مام جەلال خەریکی دامەزراندنی لە شکری شۆڕشگێڕی کوردستان بوو. بۆچونەکەی مام جەلال ڕاست بوو لە جێاتی تفەنگێکی ڕاو دوو تفەنگی شەڕکردنمان دەسکەوت.

بیرەوەری سییەم

لەگەڵ یاخیبونی چەکدارانەی عەشایری کوردستان لە ئەیلولی ١٩٦١، خەڵکێکی زۆری ناو شارەکانیش پەیوەندیان کردو هاتنە دەرەوە، هەندێک لەمانە هیچ پەیوەندیان بە کاری سیاسی و کوردایەتیەوە نەبوو، لەوانە ژمارەیەک لە چەقۆکێشەکانی شاری سولیمانی بوون، دوای ئەوەی عەشایر بڵاوەی لێکرد، ئەوانیش گەڕانەوە ناو شار بەڵام چەند کەسێکیان مانەوە لەگەڵ ئەندامانی پارتی،، یەکی لەوانە کە ناوەکەیم لە بیر نەماوە لەگەڵ ئێمە بوو. ڕۆژێکیان ژمارەیەک تفەنگمان بۆ هاتبوو، مام جەلالیش خەریکی دابەش کردنی بوو، ئەو برادەرە چەقۆکێشە گوتی: مام جەلال تفەنگێکم بدێ، مام جەلال گوتی: تفەنگ بۆ ئەندامانی حزبە، برادەرەکە گوتی: مام جەلال تۆ تفەنگێکم بدێ، (من دایکی سەد ئەندامی حزبت بۆ دە.....) ئیتر بوو بە پێکەنین، بەم شێوەیە هەندێ کەس هاتبوە ریزی شۆڕشەوە بەبێ ئەوەی بزانێ کە شۆڕش وحزب چیە.

سەرەتایی دامەزراندنی ڕادیوی دەنگی کوردستان

کاتی خۆی کە پۆلیسە کوردپەروەرەکانی هەولێر هاتنە ناوشوڕش، دەزگایەکی بێتەلی (لاسلکي) گەورەیان لە گەڵ خۆیاندا گەیاندبوە ناو شۆڕش. ئێمە هەر کە لە ئەشکەوتەکەی دڕێ بووین، مام جەلال و بورهان قانیع ئەم دەزگا بێتەلەیان کرد بە ئێستگەی ڕادیوو هەموو ڕۆژێ لە دوای نوێژێ عەسردا بەرنامەکانی لە ژێر ناوی (ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق) بڵاودەکردەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی. بورهان قانیع بەشە کوردیەکەی بەڕێوەدەبردو مام جەلالیش بەشە عەرەبیکە. دانیشتوانی ناوچەی ماوەتان زۆر بە ئێسگەکە دڵخۆش بوون، وە وەرەی خەڵکی ناوچەکەی بەتەواوی بەرزکردەوە، وە دەیان گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیمان لە

ڕۆشنبیرانی ناوچەکە بۆ دەهات.
بەرنامەکانی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق سەرەتا بە شیعری ئەی رەقیب دەست پێ دەرکردو هەروەها بە هەمان شیعر کۆتایی پێ دەهات. دەتوانی بە یەکەم ڕادیوی شۆڕشی ئەیلولی ئەژماری بکەیت کە لە تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١ دامەزرا. ڕادیۆکە نزیکە بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام بوو لە پەخشکردنی بەرنامەکانی، بەڵام کاتێک مام جەلال چوو بۆ کۆبونەوەی لێژنەی مەرکزی حزب لە گوندی (حەڤدەڵان) بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادیۆکە پەخشی بەرنامەکانی خۆی وەستاند تا کۆبنەوەکە تەواو بوو ئیعلانی شەڕیان کردو مام جەلال یش گەڕایەوە.
لێژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستگەیەکی باشتری پەیداکردو لە گوندی (گردەڕەشە) دایمەزراند لە نزیک گوندی (ژاژرە) و دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی خۆی کرد بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کە لە لایەن مەکتەبی سیاسیەوە ئامادە دەکرا.

دانیشتنی نوێنەری حزب لە گەڵ نوێنەری حکومەت

پاش ڕۆێشتنی مام جەلال بۆ گوندی حەڤدەڵان حکومەت داوایکرد نوێنەرێکی حزب بنێرن بۆ گفتوگۆکردن لە سەر وەزعی ناوچەی ماوەتان. لە لایەن حزبەوە مەلا ڕەسوڵ گۆرونی دەستنیشان کرا کە کاتی خۆشی جێگری یەکێتی جوتیارانی عێراق بوو بۆ ئەوەی لە گەڵ نوێنەری حکومەت کۆببێتەوە کە مودیری پۆلیسی سلێمانی بوو. ئەوەبوو لە گوندێکی نزیک ماوەتان کۆبونەوە ئەنجامدراو وتوویژێکی زۆریان کرد، بەڵام بەبێ ئەنجام کۆتایی هات و مەلا ڕەسوڵ گەڕایەوە بۆ گوندی دڕێ و بەڕێوەبەری پۆلیسیش گەڕایەوە سلێمانی.
قایمقامی قەزای چوارتا (سەلاح الدین مستەفا موفتی) داوای کرد

کۆبونەوەیەکی تر ئەنجام بدرێ لە گەڵ بەرپرسانی پێشمەرگە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوچەی ماوەت بە تایبەت مەسەلەی معاون پۆلیسی ماوەتان کە عەرەب بوو، وە حزب خۆی شوێنێک دیاری بکات بۆ کۆبونەوەکە. حزب داوایکرد کۆبونەوەکە لە چایخانەی گوندی درێ بکرێت وە قایمقامیش بە پێشنیارەکە ڕازی بوو. قایمقام داوایکرد هێزێکی چەکداری حزب بەرپرس بێت لە سەلامەتی هاتوچۆیی. بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی چەکداری حزب بەسەرکردایەتی «حاجی عەزیز قامیشە« ئەرکی هێنان و بردنەوەی قایمقامی لە ئەستۆی خۆی گرت.

قایمقام بە هاوڕێیەتی معاونێکی پۆلیسی کورد هات بۆ کۆبونەوەکە دوای گفتوگۆیکی زۆر ڕێککەوتن لە جیاتی معاونە عەرەبەکە معاونێکی پۆلیسی کورد بنێرن بۆ ماوەت، ئەوەبوو معاونی پۆلیس «جەلال پێنجوێنی» یان نارد بۆ ماوەت. لە کاتی جێ گۆرکێکردنی هەردوو معاون خەریک بوو شەرو ئاشوب دروست بێت بەڵام «حەمەی حاجی تایبەر» توانی پێش لە شەڕەکە بگرێت. معاون جەلال پێاوێکی بەتواناو سیاسی بوو وە هەموو هەفتەیک سەردانی کاربەدەستی چەکداری گوندی درێ ی دەکرد.

بۆژانەوەی ڕێکخستنی حزب لە ماوەتان

هەر وەک ئاماژەم پێکرد بە هاتنی مام جەلال بۆ گوندی «درێ»، سەر لە نوێ ڕێکخستنەکانی حزب و هێزی پێشمەرگەی دامەزراندەوە و هەر لێژنەیەکی ڕێکخستنیشی ڕەوانەی سنوری ناوچەی خۆی کرد، هەروەها چەند فەسیلێکی چەکداریشی دروست کردو ناویان نا (فصائل الانصار الوطنية) وە بەیننامەیەکیشیان بە زمانی عەرەبی دەرکرد کە ڕوونکردنەوەی دەدا دەربارەی بەرپابوون و هەرەس هێنانی ڕاپەڕین، هەروەها داوای لە میللەتی کورد دەکرد کە

یەکگرتوبن و خۆیان ئامادەبکەن بۆ ڕاپەڕنێکی تر.
حزب دەستی بە خەبات کردەوەو هانی هەموو خەڵکی کوردستانیان دەدا بۆ خەبات، لە دێهاتەکانی شارباژێڕ کەوتنە جەوڵەکردن و بانگەواز لە ناو خەڵکەکە بۆ شۆڕشێکی تر کە بەبەرنامەیکی ڕێک و پێک کە لە خزمەت و بەرژەوەندی چینی کرێکارو جوتیارو زەحمەتکێش دابێت. لە جەوڵەکانیاندا هەندێ چەکیان لە گەڵ خۆیان هێنا بوو لە گەڵ تۆپێکی هاوەنی دوو گرێ، وەنیشانی دانیشتوانی دێهاتەکانیان دەدا دەیانگوت ئەم چەکانەمان بۆ هاتوە بۆ بەرز کردنەوەی وڕەیان. لە ڕاستیدا ئەم چەکانە لە سەرەتای ڕاپەڕین پۆلیسەکانی هەولێر لە گەڵ خۆیاندا هێنابوێانە ناو شۆڕش.
لە درێژە دروستکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حزب، مام جەلال لێژنەی ناوچەی دەربەندیخانی بەو شێوەیە دامەزراندەوە:
- بەرپرسی ناوچە، ئیسماعیل عارف.
- ئەندامانی لێژنەی ناوچە، حوسێن غولام، ئەمین لەیلان، ئەحمەد بێکەس.
لە ڕاستیدا من حەزم نەدەکرد لە لێژنەی دەربەندیخان دەستبەکار ببمەوە، دەمویست بگەڕێمەوە بۆ هەولێر و لەوێ درێژە بە خەبات وکاری حزبایەتی بدەم، بە تایبەت خێزانەکەم و منداڵەکانم لە هەولێر بوون، بەڵام حوسێن غولام و ئەمین لەیلان گوتیان ئەگەر کاک ئەحمەد نەێت بۆ دەربەندیخان ئێمەش ناچین، بۆیە لە لایەن مام جەلالەوە بەسەرمدا فەرزکرا کە دەبێ هەر بچم.
بە مەبەستی دارشتنی بەرنامەی چۆنیەتی کارکردنی لێژنەکەمان، گۆبونەوەیەکمان لە گوندی دڕێ کرد، لە کاتی موناقەشەکردندا، نێوانی ئیسماعیل عارف و ئەمین لەیلان تێکچوو، وەبوو بە عادزیان و لێژنەکەشمان هەڵوەشایەوە. منیش بە دەرفەتم زانی و داوام لە مەکتەبی سیاسی کرد کە بم گوازنەوە بۆ لقی هەولێری حزب. لە کاتی چاوەڕێ کردنمدا بۆ دەرچوونی بڕیاری مەکتەبی سیاسی

بەمەبەستی گواستنەوەم، داوام لە لقی چواری سلێمانی کرد کە سەردانێکی شاری سلێمانی بکەم، ئەوانیش ڕەزامەند بوون. لە گەڵ «ئەنوەر کورەچی» کەیەکی لە پۆلیسە کوردپەروەرەکانی هەولێر بوو و پەیوەندی بە ڕاپەڕینەوە کردبوو تۆپێکی هاوەنی دوو گڕێی لە گەڵ خۆیدا هێنابوە ناو شۆڕش، چووین بۆ سلێمانی بەلکو لەوێ بنێرین مال و منداڵەکانمان بێنە لامان.

من لە کاتی خۆی لە دەربەندیخان برادەرێکم هەبوو ئەندامی حزبی شوعیی بوو، بەم دوایە لە خەتی سلێمانی کاریدەکردو شوفێری پیکاپێک بوو. کە لە سلێمانی هاتە ماوەتان لە چایخانەی دڕێ چاوم پێی کەوت و پرسیارم لێکرد ئەگەر بتوانێ هەتا ئەزمر بمبات. گوتی: تا ناوجەرگەی سلێمانی دەتانبەم، بەڵام ئەمڕۆ نا بەیانی کە هاتمەوە دەتان بەم. شوفێرەکە ناوی «حەمە تاتا» بوو، کەسێک جێگای متمانە و کوردێکی دڵسۆز بوو.

حەمە، کە بەیانی هاتەوە بۆ گوندی دڕێ، ئێوارەکەی لە کاتی گەڕانەوەی لە گەڵی سواربووین و بەرێکەوت بەرەو ئەزمەڕ، کە گەیشتینە ئەزمەڕ، گوتمان حەمە لێرە دادەبەزین، گوتی بەخوا تا نەتان گەینمە ناو سلێمانی دانابەزن، گوتی ترستان نەبێت ئوتۆمبێلی من تەفتیشی لە سەر نیە و سەربازەکان دۆستی منن و ئەوەندە دیاریم بۆ هێناون ئەگەر بزانن پێشمەرگەشم لەگەڵە دەنگ ناکەن، ئەگەرنا، زۆر زۆر، بەیانی نان و کەبابێکیان بۆ دەهێنم. بە کورتیەکەی هەر چەندە هەوڵماندا لەگەڵ حەمە کە دابەزین سوودی نەبوو، ئێمەش خۆمان تەسلیم بە قەزاو قەدەر کرد، هەروەها من زۆر باوەڕم بە حەمە هەبوو، ئەنوەریش بڕوایی تەواوی بەمن هەبوو.

کاتێک گەیشتینە سەیتەرەی قلیاسانی سوپا دنیا بە تەواوی تاریک داهاتبوو، حەمە لە سەیتەرەکە ڕایگرت و سڵاوی لێکردن، یەکێک لە سەربازەکان گوتی (ها حەمە شعندک)، حەمە گوتی (عندی متمردین

ائنین کلش سمین). یەکێک لە سەربازەکان گوتی (ولک لو عندک متمرد تجی بها الدرب، روح گ... روح). حەمە پێ ی لە بەنزین ناو لە سەیتەرەکە دەرچوین بەرەو سلێمانی. کە دەرچووین، گوتمان: حەمە خوابتگرێ بۆچی وات بەسەربازەکان گوت! حەمە گوتی: ئەی پێم نەگوتن هیچ نیەو مەترسن.

کە گەیشتینە سلێمانی چوینە مالّی «شێخ جەباری» کادری پێشوی ناحیەی سەید سادق، شەو لە مالّی ئەوان مایێنەوە. بۆ بەیانی چوینە مالّی «سەید نوری شێخ سالّحی بەرزنجی» و ناردمانە دوای «سەید خەلیلی شوفێر» کە برادەرمان بوو، داومان لێ کرد کە بچێتە هەولێر و خێزان و منداڵەکانمان بۆ بێنی. زۆری نەخایاند کاک سەید خلیل گەڕایەوەو خێزان و منداڵەکانی بۆ هێناین هەروەها برایەکی من و برایەکی ئەنوەر کورچی لە گەڵیان هاتبون. سەید خەلیل دوو ڕۆژ میوانداری کردین و ئەوەندەی هەوڵمدا پارەی مەسرەفی ڕێگای لێ وەرنەگرتینەوە. پاش چوار ڕۆژ خێزانەکانمان لە گەڵ برایەکانمان ڕەوانەی هەولێر کردەوەو ئێمەش گەڕاینەوە بۆ ماوەتان و بۆ گوندی دڕێ.

گەڕانەوەم بۆ سنووری هەولێر

پاش ماوەیەکی کورت فەرمانی گواستنەوەم دەرچوو لە لقی چواری سلێمانی وە بۆ لقی دووی هەولێر، وە لە کۆتایی مانگی مارتی ١٩٦٢ خواحافیزیم لە برادەرانی سلێمانی کردو کەوتمە ڕێگا بەرەو سلێمانی. بەسەر چیای قەیوان کەوتم و شۆڕ بوومەوە بۆ ئەودیو، لەسەر ڕێگا تووشی ئۆتومبێلێکی لاندڕۆڤەری نەفەرهەلگر بووم کە لە سلێمانیەوە بەرەو ماوەتان دەچوو کە گەیشتە لای من ڕایگرت و شوفێرەکە دابەزی و سلاّوی لێ کردم و یەکترمان ماچ کردوو، برادەری شوفێر بە سەر سوڕمانەوە لێ پرسیم: ئەوە چی دەکەی لێرە! ئەو برادەرە ناوی «سەید عەلی» بوو ئەندامی حزبی شوعیی

و لە دەربەندیخان کرێکار بوو. کاک سەید عەلی سوورەبوو لە سەر ئەوەی نەفەرەکان دابەزێنی تا دەمگەێنتە سلێمانی و دەگەڕێتەوە، بەڵام من زۆر سوپاسم کردوو قەبوڵم نەکرد نەفەرەکانی بەجێ بهێڵێت، بەڵام پرسیاری سەیتەری سلیمانیم لێ کرد چونکە زۆرم نەمابوو بگەمە سلێمانی، ئەویش وەسفەکەی بۆ کردم، منیش بەپێی وەسفەکەی ئەو بەرێکەوتم و دوای سەرکەوتن بە هەورازێک گەێشتمە سەیتەرە. من خەنجەرێک و پەیرەوپرۆگرامێک و نامیلکەیەکی کوردایەتیم لابوو. کە گەێشتمە سەیتەرەکە سڵاوم لە سەربازەکان کرد، دیتم خۆشبەختانە پاقڵاوە فرۆشێک لەوێ دانیشتوە منیش یەکسەر بۆڵای ئەو چووم و دەستم بە پاقڵاوە خواردن کرد، هەروەها هەر سەربازی پاقلاوەیەکیشم دانێ، سەرەتا وەریان نەدەگرت بەڵام زۆریم لێکردن وێستم زیاتر بخۆن بەڵام نەیانخوارد، من دوو پاقڵاوەم خواردوو پارەکەشم دا، دوای ئەوە خواحافیزیم لە سەربازەکان کرد و ئینزباتە عەرەبەکانیش گوتیان (هەلا کاکە هەلا).

پاش ماوەێەک گەێشتمە سلێمانی و چوومە هوتێلێک و شەو لەوێ نووستم بێ ئەوەی داوای هەوێەم لێبکەن. نامەیەکم هێنا بوو بۆ رێکخستنی ناو شار، بۆ بەیانی نامەکەم تەسلیم کرد، وە برادەرانی رێکخستن هاتن و منیان بردە لای برادەرێکی خۆیان و شەوێک لای ئەو مامەوە، بۆ بەیانی ئەویش منی بردە لای برادەرێکی حزبی کە سەر بەخۆی بوو، یەک دوو رۆژی لای ئەوانیش مامەوە، پاشان «رەفیق» ی برای شەهید «موحمەد قودسی» هات بۆ لام چەند وێنەێەکی گرتم بۆ ئەوەی ناسنامەیەکم بۆ دروست بکەن.

١١ رۆژ لە ماڵەکە مامەوە تا ناسنامەکەیان بۆ دروست کردم. کە ناسنامەکەم وەرگرت بە ئۆتومبێل لە سلێمانیەوە هاتمە کەرکوک لەوێش بۆ هەولێر. بەڕاستی خاوەن ماڵەکان لەو ماوەیەدا زۆریان خزمەت کردم، جێگای داخە کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە بۆ ئەوەی

ئەو جوامێریەیان بۆ نەوەکانیان بنووسمەوە.
کە گەیشتمەوە هەولێر چوومە ماڵەوە کە لە ماڵی وڵاش زوایەکەم بوون بە ناوی «وەستا کەریم چاوشین» و خێزانەکەی «فاتمەخان» کە خوشکی هاوسەرەکەمە، زۆریان خزمەت کردم و منیش زۆر مەمنونیان بووم. پاش حەسانەوەم بە چەند ڕۆژێک برایانی بەڕێزم «سەید مەجید» و «توفیق عومەر» کە ئەندامی کارگێڕی لقی ٢ی هەولێر بوون هاتنە لام و بەناوی لقی دووەوە بەخێر هاتنەوەیان لێکردم.

وەرگرتنی بەرپرسیارەتی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوە

لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٦٢ بەرپرسیارەتی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوەی پارتیان پێسپاردم. منیش پەیوەندیم بە هەندێ برادەرەوە کرد، کە ئاگاداری دۆخی ڕێکخستنی پارتی بوون لە شەقڵاوە، یەکی لەوانە وەستا «یاسین دارتاش» بوو، وەستا یاسین پێشنیاری کرد کە پەیوەندی بە «ئەحمەد بەگی» دارتاشەوە بکەین بۆ دروست کردنی ڕێکخستن، ناردمان بەدوای «ئەحمەد بەگی نەجار» و داوامان لێ کرد کە چەند برادەرێکمان بۆ دەست نیشان بکات بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵدا بکەم بۆ دروست کردنی لێژنەیەکی ڕێکخستن، هەروەها شوێنێکمان بۆ دەستنیشان بکات لە شەقڵاوە بۆ کۆبونەوە. ئەحمەد بەگ داوای دابینکردنی شوێنی کۆبونەوەی ڕەتکردەوەو گوتی: ئەوەی ڕاستی بێت هیچ شوێنیکی وا شک نابەم کە سەلامەت و گونجاو بێت بۆ کوبونەوە، چونکە ئەوەی کوردێکی باش و دڵسۆزە هەمووی چۆتە دەروەو پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە، ئەوەی ماوەتەوە یان بێ لایەن و یان دژی کوردایەتی دەستی داوەتە چەک و بۆتە جاش، بۆیە لە ئێستادا شوێنێک نیە لە شەقڵاوە کە بتوانین کۆبونەیەکی بە سەلامەتی لێ ئەنجام بدەین. منیش داوام لە «ئەحمەد بەگی نەجار» کرد کە خۆی لێژنەیەکی

ڕێکخراومان بۆ دامەزرێنێ و ناوەکنمان بۆ بێنێ وە ڕێنمایم کرد لە چۆنیەتی دروست کردنی لێژنەکە.
پاش گەڕانەوەی ئەحمەد بەگ بۆ شەقڵاوە بە چەند ڕۆژێک، لێژنەیەکی پێک هێناو گەڕایەوە لامان و ئاگاداری کردینەوە لە دروست کردنی لێژنەکە، هەروەها بڕێ پارەشی کە ٢٥٠٠ فلس بوو وەک ئابوونە کۆ کردبۆوە لە ئەندامەکان، وە بۆ هەر ئەندامێ ٥٠ تا ١٠٠ فلسی وەرگرتبوو چونکە زۆربەی خەڵکەکە هەژارو بێ دەرامەت بوون. دوای ئەوەی باسمان لە وەزعی ڕێکخستن کردو ڕێنمایی نوێمان بە ئەحمەد بەگ دا ئەو گەڕایەوە شەقڵاوەو دەستی کرد بە چالاکی نواندن، بەڵام زۆری نەخایاند ئەحمەد بەگ لە لایەن ئەمنی شەقڵاوەوە دەستگیر کرا وە بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندان هێشتیانەوە.
دوای گیرانی «ئەحمەد بەگ»، «وەستا یاسین» برادەرێکی تری بۆ دەستنیشان کردین بە ناوی «حەسەن موختار»، کاک حەسەن موختار بە خۆشێیەکی زۆرەوە تەکلیفەکەی ئێمەی قبوڵ کرد. وەدوای ڕێنمای کردنی لە لایەن ئێمەوە گەڕایەوە شەقڵاوەو کەوتە چالاکی نواندن و توانی لێژنەی ڕێکخراو چالاک بکاتەوەو تا ڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوبوو لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی. ئەوەندی لە بیرم مابێ لێژنەی ڕێکخراو لەم بەرێزانە پێکهاتبوو (حەسەن موختار، ئەحمەد هەرکی، شێخە وسو، قادر کارەبا و عەزیز خومار)، بەڵام زۆری پێنەچوو «عەزیز خومار و شێخە وسو» لەلایەن ئەمنی شەقڵاوەیەوە دەستگیر کران.
ئەو ماوەیەی کە لە هەولێر بووم و بە نهێنی سەرپەرشتی کارەکانی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوەم دەکرد، لە لایەن «حەسەن موختار»ەوە بە ڕاپۆرتێک ئاگادارکرامەوە، کە «عوسمان میران» یەکێ لە میرانی شەقڵاوە، دەیەوێت لە حزب و شۆڕشی کورد نزیک ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش داوای دیداری لەگەڵ بەرپرسێکی عەسکەری کردبوو.

لەگەڵ حەسەن موختار رێککەوتین، کە سەرەتا خوێ بچێتە لای عوسمان میران بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەستی داوایەکەی تێبگات. حەسەن موختار چووە لای عوسمان میران و قسەی لەگەڵ کرد. عوسمان میران بە حەسەن موختاری گوتبو: من کاتی خۆی لە دژی «مەحمود کاوانی» چەکی حکومەتم هەڵگرتبو نەک لە دژی میللەتی کورد، چونکە دوژمنم بوو، ئێستاش وەک بیستومە «مەحمود کاوانی» کوژراوە، بۆیە دەمەوێ چاوم بە بەرپرسێکی عەسکەری و حزبی بکەوێت، بۆ ئەوەی بۆیان روون بکەمەوە کە من دوژمنی میللەتی خۆم نیم و منیش کوردم.

لەلایەن «حەسەن موختارەوە« لە ناوەرۆکی گفتوگۆیەکە ئاگادار کرامەوە. منیش لقی دووم لێ ئاگادارکردەوە کە ئەو کاتە «عەلی عەبدوڵڵا» بەرپرسی لق بوو، «سەید مەجید بەرزنجی» و «تۆفیق عومەر» ناسراو بە (ئازاد) ئەندامانی کارگێڕی لق بوون. لقی ٢ ش داوای لە سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی خۆشناوەتی کرد، کە ئەو کاتە لە بێتواتە بوو. کە یەکێک دەستنیشان بکەن بۆ ئەم مەبەستە. سەکردایەتی هێزی پێشمەرگەش، «بەکر عەبدولکەریم حەوێزی»یان ڕاسپارد بۆ کارەکە کە ئەو کاتە بەرپرسی هێزی سەفین بوو. لەگەڵ «عوسمان میران» وارێککەوتن کە لە «دەربەندی گۆمەسپان» لە ڕۆژو کاتی دیاریکراودا یەکتربببینن.

بەڵام عوسمان میران لە شوێن و کاتی دیاریکراودا ئامادەنەبوو، بەڵکو لە جیاتی خۆی «ڕەشاغای» ئامۆزای ناردبوو. بەکر عەبدولکەریم وەک بەرپرسی پێشمەرگە، حەسەن موختاریش وەک نوێنەری حزب بەشداری کۆبونەوەکەیان کرد، شوێنی کۆبونەوەکەش لە جیاتی دەربەندی گۆمەسپان، گوازرایەوە بۆ بناری چیایی گۆمەسپان.

لە کۆبونەوەکە گلەیی و گازاندە و پاکانەکی زۆر کرا لە لایەن هەردوولاوە، دواتر بڕیاردرا کە لاپەڕەیکی نوێ هەڵدەنەوەو ئەوەی ڕابردوە لە بیربکرێت، لەمەودوا عوسمان میران دژایەتی شۆڕشی

کورد نەکات و خۆی دووربگرێت لە هەموو خراپەکارێیک، وەبەپێی تواناش یارمەتی هێزی پێشمەرگە بدات، سەرکردایەتی پێشمەرگەش بەچاوی دوژمن سەیری «عوسمان میران» ناکەن، وەهەر شتێکیش هاتە پێشەوە ئەوە یەکتری لێ ئاگادار بکەنەوە.

نوێنەری حزب «حەسەن موختار» بە ڕاپۆرتێک لە وردەکاری ڕێککەوتنەکەی ئاگادارکردینەوە، ئێمەش لقی ٢ مان بە ڕاپۆرتێک لێ ئاگادارکردەوە.

پاش ڕزگارکردنی ناحیەی هیران و چوونە دەرەوەم و کردنەوەی بارەگای ناوچەی شەقڵاوە و دوو مانگ دوای کودەتایی حزبی بەعس لە ١٩٦٣، جارێکی تر لە سەر داوای عوسمان میران، لە گەڵ «حەمەد ئاغای مێرگەسوور» (کە لە جیاتی بەکر عەبدولکەریم حەوێزی ببوە بەرپرسی هێزی پێشمەرگە لە هیران) و «کێخوا عەزیزی سماقوڵی» و من سەردانمان کرد لە ماڵەکەی خۆی لە شەقڵاوە. مەبەستی داواکەی عوسمان میران لەسەردانەکەی ئێمە کە هەر وەک خۆی باسی کرد، بۆ ئەوە ببو کە بزانێت ئێمە بڕوای پێ دەکەێن یان نا، هەروەها پابەند بوونی خۆی بە ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ بەکر عەبدولکەریم حەوێزی بۆ ئێمە دووپات کردەوە لە دۆستایەتی شۆڕشی کورد و یارمەتی دانی.

ڕزگارکردنی ناحیەی هیران

هێزی پێشمەرگە بەسەرکردایەتی موقەدەم «عەزیز ئاکرەیی» توانی ناحیەی هیران لەدەست هێزەکانی حکومەتی عێراق ڕزگار بکات. حکومەت هێزێکی پۆلیسی ئیحتیاتی لە دەوروبەری ناحیەی هیران جێگیر کردبوو بۆ پاراستنی مەرکەزی ناحیە. هێزی پێشمەرگە گەمارۆی پۆلیسەکان دەدەن، وەبەرپرسی پۆلیسەکان کە معاونێکی پۆلیس بوو، بە ناچاری دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ موقەدەم عزیزو

حاجی بیرۆخی، دەرئەنجام رێککەوتن کە هێزەکەی پۆلیس بە چەکەکانیانەوە بەرەو شەقلاوە پاشەکشە بکەن.

لە هەمان کاتدا «موقەدەم عزیز»، هێزێکی پێشمەرگە بەسەرکردایەتی «حاجی بیرۆخی» دەنێرێتە گوندی ئاقوبانی نێوان هیران و شەقلاوە، وە بۆسە لە پۆلیسەکان دەنێنەوە. کاتێک پۆلیسەکان دەکەونە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکان دەنگیان دەدەن و داوای خۆ بەدەستدانەوەیان لێ دەکەن، معاون پۆلیسەکەش دەڵێ، ئێمە لە گەڵ بەرپرسەکانی ئێوە رێککەوتین کە بەچەکەوە بگەڕێنەوە شەقلاوە، پێشمەرگەکانیش دەڵێن زۆر باشە، بەڵام ئێوە دەبێ چەکاکان تەسلیم ئێمە بکەن تا ئەو کاتەی ئێمە پرسیار لە سەروی خۆمان دەکەین، ئەگەر وابو ئەوە چەکەکانتان دەدەینەوەو دەتوانن بڕۆن. پۆلیسەکان بڕوا بە قسەکان دەکەن و چەکەکانیان دادەنێن و تەسلیم بە پێشمەرگەی دەکەن.

دوای چەککردنیان، پێشمەرگەکان داوا لە پۆلیسەکان دەکەن کە بڕۆن بەرەو شەقلاوە، پۆلیسەکانیش دەڵێن، ئەی چەکەکانمان! حاجی بیرۆخی پێیان دەڵێ: چەکەکانتان بونەتە مولکی شۆڕشی کوردستان. پۆلیسەکان بەناچاری ڕێگای شەقلاوە دەگرنە بەر .

وە بەگەیشتنیان، حکومەت ئاگادار دەکەنەوە لە بەسەرهاتی خۆیان، حکومەتیش دەکەوێتە لێکۆڵینەوە لە بەرپرسەکانیان، دوای لێکولینەوەیکی سادەوساکار چەند کەسێکیان دەستبەسر دەکەن بۆ چەند ڕۆژێک، دوای ئەوە ئازادیان دەکەن. بەو شێوەیە هەموو چەکەکانی دەست پۆلیسی هیران، کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە کوردستان، جگە لە دوو تۆپی هاوەن نەبێت، کە معاونی پۆلیس دابویە دەس دوو کەسایەتی ناوچەکە وە لەبەر قورسایی هاوەنەکان نەیان توانی بوو لە گەڵ خۆیاندا بیبەن.

دەنگوباسی بەرنامەی پەلاماردانی شاری سلێمانی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە

کاتێک لە ناوچەی سلێمانی بووم و پێش گەڕانەوەم بۆ هەولێر، دەنگوباسێکی زۆر هەبوو کە هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە دێهاتەکانی دەوروبەری سلێمانی کۆبۆنەتەوەو بڕیاردراوە پەلاماری سلێمانی بدرێ. تاکو من لە سلێمانی بووم هیچ شتێک ڕووی نەدا، بەڵام پاشان کە «عەولا ئاغای» پشدەرم دیتەوە لە ناحیەی هیران ساڵی ١٩٦٢ باسی بەرنامەی پەلاماردانی شاری سلێمانی بەم شێوەی خوارەوە بۆکردم:

گوتی، «مام جەلال» هێزێکی دوو سەد کەسەی لە خۆشناوەتیی هەولێر هێنا بۆ شارباژێر بە مەبەستی پەلاماردانی شاری سلێمانی و گرتنی فەوجە سەربازێکەی. هێزەکە بە سەرکردایەتی «حەمید کاوانی» بوو، بۆ ئەم مەبەستەش «مام جەلال» پەیوەندی کردبوو بە چەند ئەفسەرێکی کورد لە فەوجەکە، ئەفسەرە کوردەکان پێشنیاریان کردبو کە هێزێکی پێشمەرگە بچنە ناو ئوردوگای سەربازی سلێمانی و ئەفسەرەکان ئوردوگاکە تەسلیم بە هێزەکە دەکەن.

عەولا ئاغا گوتی: ئێمە ٨ کەس چوینە ناو شاری سلێمانی بۆ ئەو شوێنەی کە بۆمان دیاری کرابوو، وە لە شوێنی خۆمان ماینەوە تاکو ڕۆژمان بەسەر داهات و دونیا ڕووناک بۆوە بێ ئەوەی کەس پەیوەندیمان پێوەبکات، بۆیە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە تازە هیچ ناکرێت وەبەر لە وەی دوژمن پێمان بزانێت و گەمارۆمان بدات پێویستە پاشە کشە بکەین، ئەوەبوو بەرەو بەرزایەکانی دەوروبەری سلێمانی کشاینەوە، بۆ ئەو شوێنەی بۆمان دەستنیشان کرابوو. لە ڕێگادا توشی سەربازێکی بێ چەک بووین، کە پرسیارمان لێکرد، گوتی: سەربازم دەچمە ئوردوگا بۆ دەوام، ئێمەش سەربازەکەمان گرتوو لە گەڵ خۆماندا هێنامانە دەرەوەی شار نەوەک دوژمنمان

لێ ئاگادار بکاتەوە.
هەروەها «عەولا ئاغا» گوتی؛ شەست لۆری بارهەلگر ئامادەکرابوو بۆ ئەوەی دەستکەوتە سەربازیەکانی پێ بگوازینەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگە. شەست شوفێر لە خانوێک چاوەڕوانی بڕیاری حزبیان دەکرد، وە سوێچی ئۆتومبیلەکانیان لای بەرپرسی لقی دووی سلێمانی «نوری ئەحمەد تەها» بوو.
لە درێژەی قسەکانیدا عەولا ئاغا، گوتی: لە شوێنی دیاریکراو لە دەرەوەی شار لە دوای پاشەکشەکردنمان گەیشتینە مام جەلال و حەمید کاوانی، وە لەوانمان بیستەوە کە ئەفسەرە کوردەکان ئاشکرا ببون و حکومەتی عەبدولکەریم قاسم یش هەموویانی دەستگیرکردبوو و دوری خستبونەوە بۆ باشوری عێراق. بەم شێوەیە پلانەکە سەری نەگرت و نەتوانرا دەست بەسەر ئوردوگای سەربازی سلێمانی دابگیرێت.

دەرچوونم بۆ ناوچە ئازادکراوەکان

پاش ئازادکردنی ناحیەی هیران لە دەست هێزەکانی حکومەت، منیش بریارمدا بچمە ناوچە ئازادکراوەکان بۆ ئەوەی لە ناحیەی هیران و لە نزیکەوە کارەکانی ناوچەی شەقلاوە ڕاپەڕێنم. لقی دووی حزب نوسراوێکیان بۆ کردم، کە ئاراستەی بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی سەفین «بەکر عەبدولکەریم حەوێزی» کرابوو، هەروەها شەهید «عەبدولڕەزاق حاجی برایم» یان لەگەڵ ناردم.
لەگەڵ عەبدولڕەزاق بەیکەوە لەهەولێرەوە بە پێ بەرێکەوتین بەرەو گوندی بیستانەی سەر ڕێگای کۆیە، گەیشتینە گوندی چەمرگە، شەومان لەوێ بەسەربرد. بەیانیەکەی گویدرێژێکیان بۆ پەیداکردین و بەرەو گوندی گۆمەشین بەڕێ کەوتین، دوای نیوەڕۆ گەیشتین. ئەندامانی ناوچەی کۆیە، لە بەر مەترسی گرتن

و کوشتن گواستبویانەوە گوندی گۆمەشین، چاوم بە هەریەک، «بەکر عوسمان» و «خورشید شێرە» کەوت کە بەرپرس و ئەندامی ناوچە بوون، شەو لای ئەوان ماینەوە. بەیانی لە چیای هەورازە بەراز سەرکەوتین و لە مالّی «توفیق ئاغای کرۆژێ» میوان بووین. ڕۆژی پاشتر بەرەو هیران کەوتینە ڕێگاو بۆ ئێوارە گەیشتینە ناحیەی هیران و چاوم بە «بەکر ئاغای حەوێزی» کەوت و نامەکەی لقم پێدا، ئەویش زۆر بەخێرهاتنی کردین، وە باسی هاوئاهەنگی نێوان ڕێکخستنەکانی حزب و هێزی پێشمەرگەمان کرد.

تا ئەو کاتەی خانووی بەرێوەبەری ناحیە چۆڵ بوو و بارەگای ناوچەمان کردەوە، میوانی بارەگای «سەعید مەسیفی» بووین، کە ئەندامێکی پێشکەوتوی حزب بوو. لە بارەگای سەعید مەسیفی بەندیخانەیەک هەبوو بۆ ئەوانەی چەند ڕۆژێک دەستگیردەکران، دوای ئەوە یان ئازاد دەکران یان ڕەوانەی بەندیخانەی بێتواتە دەکران.

کاتی خۆی لە گەڵ «حەسەن موختار» و بـرادەران، لێژنەیەکی ناوچەی شەقڵاوەی کاتیمان پێکهێنابو، تا ئەو کاتەی هەڵبژاردن دەکرێت. لێژنە کاتیەکە بەم شێوە و لەم ئەندامانە پێکهاتبوو:

* حەسەن موختار، نوێنەری قەزای شەقڵاوە.
* سەعید قادر، نوینەری ناحیەی هیران.
* جەلال ڕەشید، نوێنەری شارۆچکەی هەریر.
* شەهید «ئەحمەد صالح هەرکی» بەرپرسی جوتیارانی ناوچەی شەقڵاوە.

دوای هاتنە دەرەوەم بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و کردنەوەی بارەگای ناوچەی شەقڵاوە لە هیران ، ئەرکەکانمان بەم شێوەیە دابەشکردەوە:

* ئەحمەد بێکەس، بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە.

* حەسەن موختار، بەرپرسی ڕێکخراوی شەقلاوە.
* جەلال ڕەشید، بەرپرسی ڕێکخراوی هەڕیر.
* سەعید قادر، بەرپرسی ڕێکخراوی هیران.
* شەهید «ئەحمەد هەرکی» بەرپرسی جوتیارانی شەقلاوە.

دوای دامەزراندنەوەو دابەشکردنی ئەرکەکان، کەوتینە چالاکی و توانیمان لە ماوەیەکی کورتدا ڕێکخستنەکانمان بە باشی لە سنووری دەسەلاتی ناوچەی شەقلاوەدا دروست بکەینەوەو گەشەی پێبدەین.
دوای ئازاد کردنی شارۆچکەی هیران و کردنەوەی بارەگای ناوچەی شەقلاوە، لە یەکەم کۆبونەوەدا هەر یەکە لە کاک «قادر مەولود» ناسراو بە (قادر کارەبا) و «عەزیز خومالی» کران بە ئەندامی ناوچە، دوای چەند مانگێک مامۆستا «جەمال قادر کۆیی» گواستراینەوە لای ئێمەو بوو بە ئەندامی ناوچەی شەقلاوە، لە کۆبونەوەکەدا دەستەی کارگێڕی ناوچەمان پێکهێنا لە سێ کەس، ئەحمەد بێکەس بەرپرسی دەستەی کارگێڕی، مامۆستا جەمال قادر کۆیی کارگێڕ، سەعید قادر کارگێڕ.
دوای ڕێکخستنەوەی ناوچەی شەقلاوە دەستمان بە کارو چالاکیەکان کردەوەو توانیمان ڕێکخستن لە شارۆچکەو گوندەکانی سنوری قەزای شەقلاوە دابمەزرێنین، بۆ نموونە بڕی پارەی ئابونەی ئەندامان کە لە یەکەم مانگدا ٢,٥ دینار بوو گەیشتە ١٢٠ دینار.

هاتنی مەلا مستەفای بارزان بۆ دەڤەری خۆشناوەتی

ساڵی ١٩٦٣ خوالێخۆشبو بارزانی سەردانی ناوچەی خۆشناوەتی کرد و سەر لە نوێ ڕێکخستنێکی سەربازی دامەزراندەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە:

* ناوچەی بێتواتە، بەسەرپەرشتی عەلی شەعبان، یاریدەدەر

ئەنوەر بەگی بێتواتە.
* ناوچەی شەقڵاوە، بەسەرپەرشتی مام تەها رەش، پەیوەندی راستەوخۆی بە مەلامستەفا هەبوو.
* دۆڵی ئالانە و دەوروبەری، بەسەرپەرشتی عومەر خدر ئاغای سورچی و شەهیدی نەمر مولازم عزیز مەجید ئەتروشی.
* ناوچەی خۆشناوەتی کە بارەگای سەرەکی لە هیران بوو، بەسەرپەرشتی مام حەمەد ئاغای مێرگەسووری، یاریدەدەریشی عەبدوڵڵا ئەحمەد پشدەری ناسراو بە عەولا ئاغای پشدەر.
دوای دەستبەکاربونی حەمەد ئاغا و عەولا ئاغا، عەقید بەکر عەبدولکەریم ناسراو بە (بەکر ئاغای حەوێزی) کە بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی سەفین بوو، ناحیەی هیرانی جێهێشت و گەڕایەوە گوندەکەی خۆی لە دەڤەری کۆێی، تاکو مەکتەبی سیاسی، کە ئەو کاتە لە گوندی ماوەتان بوو ناردیان بەدوای و کردیان بە بەرێوەبەری پەیمانگەی کادیرانی سەربازی.
هەروەها مەلا مستەفا لێژنەیەکی دامەزراند بەناوی (لێژنەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کۆمەلایەتی)، وە کێخوا «عەزیزی سماقولی» کردە بەرپرسی لێژنەکەو «ئیبراهیم بەگی بێلێنگی» بوو بە ئەندام کە(باوکی شەهیدی نەمر حەوێز ئیبراهیمە، لە کەمێنێکی سوپاو جاشەکانی حزبی بەعسدا لە گوندی کاموسەک لە شۆڕشی نوێی کوردستان شەهید کرا)، هەروەها مام عەلی بیرێژی (باوکی شەهید سدیق) بوو بەئەندامی لێژنەکە.

حەمەد ئاغای مێرگەسور

وەک ئاماژەم پێداوە لەسەرەوە، ساڵی ١٩٦٣ مەلا مستەفا، حەمەد ئاغای مێرگەسوور دەکات بە بەرپرسی هێزی پێشمەرگە لە خۆشناوەتی، وە عەبدوللە ئەحمەد ئاغای پشدەریش بە یاریدەدەری.

کاتێک هاتن بۆ هیران، من لەگەڵ چەند برادەرێک چوینە لایان بۆ بەخێرهێنانیان، من لەمەو پێش عەولا ئاغام دەناسی، ماوەیەک پێکەوە بوین لە ماوەتان، بەڵام یەکەم جار بوو حەمەد ئاغام دەناسی. مام حەمەد ئاغا سێ کوڕی لەگەڵدا بوو (حوسێن، سەعید و مەجید)، کەسانێکی بەتوانا بوون لە ڕووی سیاسی و عەسکەری، حوسێن بیروباوەڕێکی شوعیانەی هەبوو، مارکسیەکی کورد پەروەر بوو، هەردەم ئامادەبوو بە گیانی خۆی کوردستان بپارێزێت، ئەوەبوو لە شەڕێکی سەختدا بەرامبەر لیوایەک سەربازی عێراق، لە ناوچەی خەلیفان و ڕێگای بارزان گیانی خۆی بەختکردوو گەێشتە کاروانی نەمران. مەجید و سەعید بیروباوەڕیان لەگەڵ پارتی دابوو.

مام حەمەد ئاغا، پیاوێکی بەڕێزو ڕووخۆش و قسەخۆش و دڵساف بوو، ڕق و کینەی نەبوو، زۆر ڕێزی لەبەرامبەرەکەی دەگرت، بە گیان و نەریتی عەشایریانە ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد، زۆر جار کە هیرانی بەجێ دەهێشت، عەولا ئاغای برای لە جێگای خۆی دادەنا، هەرچەندە براکەی توانای شوێن گرتنەوەی ئەوی نەبوو.

هەندێ کەسی ناوچەکە کەوتبونە ملمانێ لەگەڵ حەمەد ئاغا، وەک کێخوا عەزیزی سماقولی و ڕەسول فەقێ، کە چەند کەسێکیان لە دەوری خۆیان کۆکردبۆوە وەک ئەحمەد زەخۆک و ئیبراهیم عەبدوللە، کاریان بۆ ئەوە دەکرد حەمەد ئاغا لابدەن و ئەوان خۆیان یەکیکیان بهێنە جێگای ئەو. ڕۆژێکیان لێژنەی ڕێکخراوی پێشمەرگەکانی سەفین کە بە (شالاو) ناسرابوو کە عەولا ئاغای پشدەر بەرپرسیان بوو، ڕاپۆرتێک بۆ مەکتەبی سیاسی دەنووسن، ئەو کات مەکتەبی سیاسی پێکهاتبوو لە (ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەبدوللە، عومەر دەبابە و نوری شاوێس) سەبارەت بەوەی کە حەمەد ئاغا توانای بەرپرسیارەتی پێشمەرگەی خۆشناوەتی نیە و داوای لابردنی دەکەن وەک فەرماندە، لە هەمان کاتدا پێشنیار دەکەن یەکێ لە کێخوا عەزیزی سماقولی و ڕەسول

فەقێ جێگای بگرێتەوە. مەکتەبی سیاسی ڕاپۆرتەکە دەپێچنەوەو دەیدەنە تەتەرێک کە بیداتە عەولا ئاغا، یان جێگرەکەی کە دکتۆر حەسەن بوو، یان ئەحمەد بێکەس. کاتێک تەتەرەکە دێتە هێران ئەو کەسانە نابینێتەوە، خۆشی نەخوێندەوار دەبێت، ئەیدات بە سولەیمانی لاسلکی، کە نامەکە دەکاتەوە و دەیخوێنێتەوە هەموو هێرشە بۆ سەر مام حەمەد ئاغا، وە سێ کەس بە ناوی نهێنی ئیمزایان کردووە، یەکسەر نامەکە دەداتە مام حەمەد ئاغا. دوای ئەوەی مەجیدی کوڕی نامەکەی بۆ دەخوێنێتەوە، نامەکە دەداتە من و دەڵێ فەرموو کاکە ئەحمەد بیخوێنەوە، دوای خوێندنەوەی نامەکە، زۆرم پێ ناخۆش بوو کە بەو شێوەیە لە دژی حەمەد ئاغا نووسرابو. حەمەد ئاغا وتی: کاکە ئەحمەد، ئەوانە کێن، وتم ئەوانە ناناسم، چونکە لە ڕێکخستنەکەی ئێمە نین و سەر بە ڕێکخستنی پێشمەرگەن (شالاو).

مام حەمەد ئاغا وای دەزانی ئێمە نامەکەمان نووسیوەو ڕاستیەکەی پێ ناڵێن، جەماعەتی ڕاپۆرتەکەش کە یەکێکیان ئەحمەد زەخۆک بوو، وایان دەزانی ئەوە منم، ڕاپۆرتەکەم دایتە مام حەمەد ئاغا. بەڵام دوای کە تەتەرەکەمان بانگکردوو پرسیارمان لێ کرد، هەموو شتێک ساغ بۆوە بۆ هەردوو لایەنیان. گلیەکی زۆرم لە کاک ئەحمەد زەخۆک کردو گوتم ئێوە کەوادیری حزبن چۆن بەم شێوەیە لالایانێ ئەکەن و دووبەرەکی دروست دەکەن.

لاوازی هوشیاری نەتەوایەتی و ململانێی بەرژەوەندی تایبەتی

ڕاستە «کێخوا عەزیز» پێاوێکی خوێندەوار نەبوو، بەڵام زیرەک و سەرڕاست بوو، هەر کێشەو گرفتێک هەبوایە بە باشی دەچوە

بنج و بنەوانی، لە کاتی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەشدا، مژێکی لە دار سبیلەی جگەرەکەی دەداو لێکدانەوەی بۆ کێشەکە دەکرد، وە لە زۆربەی حالەتەکاندا دەگەیشتە ئەنجام و کێشەکەی یەکلای دەکردەوە. کێخوا عەزیز بەردەوام پشتگیری لەوانە دەکرد کە دەیزانی غەدریان لێکراوە، واستەو خزمایەتی کاری لە بڕیارەکانی نەدەکرد. هەروەها پێاوێکی چاوتێرو ناندەر بوو، بەبەردەوامی لە هەموو سەردەمەکاندا مالّی ئەو دەرگای کراوەبووە بۆ میواندارى، بە تایبەت بۆ پێشمەرگە، کە بە کۆمەڵ نانیان لای ئەو دەخوارد، هەروەها پیاوێکی خۆشەویست بوو لای گوندنیشینەکانی ناوچەکە، بەڵام وەکو زۆربەی مرۆڤەکانی تر بەرژەوەندی خۆێ هەبوەو ململانێشی لە پێناودا کردوە.

سەرەتا نیوانی من و کێخوا عەزیز زۆر باش بوو. مام کێخوا هەوڵی دەدا ئێمە وەک رێکخستن پشتگیری لێ بکەین و راپۆرت لە دژی «حەمەد ئاغا» بنووسین، کە گوایە توانای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی نیە، منیش بە مام کێخوا عەزیزم دەگوت: ڕاستە مام حەمەد ئاغا، کەم و کورتی هەیە، بەڵام کەس لە ئێمەدا بێ کەم و کورت نیە، ئەو زۆر باش گونجاوە لە گەڵ عەشایری ناوچەکە، هەروەها مام حەمەد ئاغا پێاوێکی تێکۆشەرە، فەرماندە بووە لە بزوتنەوەی بارزانیەکان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دوای ئەوە ٢٠ سال لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە حوکمدراوە و چەندین سال لە زیندان بووە، بۆیە ئێمە نابێ خەبات و ماندبوونی مام حەمەد ئاغا لەبەر چاو نەگرین، وەدەبێ هەموو لایەکمان هاوکاری بین بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێت لە کارەکانی. هەروها ئەو لە لایەن مەلا مستەفاوە بە فەرماندە دانراوە، وە مەکتەبی سیاسیش دەستکاری بڕیارەکانی مەلا مستەفا ناکات لە دانانی فەرماندەی سەربازی.

مام کێخوا لە پشتگیری کردنی دژ بە مام حەمەد ئاغا لەمن بێ ئومێد بوو، بۆیە پەیوەندی نێوانمان وەک جاران نەماو ساردو سوڕیەکی

تێکەوت، بەڵام بەڵای منەوە شتێکی ئاسایی بوو، گرنگ ئەوەبوو ئێمە وەک بەرپرسی ڕێکخستنەکانی حزب نەبینە لایەنگری ململانێی شەخسی.

لەسەروبەندی هێرشەکانی بەعس بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان لە ساڵی ١٩٦٣، حەمەد ئاغا، بە منی گوت: کاک ئەحمەد، وەزعمان خراپە و ئەو ئاردەی هەمانە بەرەو تەواوبوون دەچێت، بەڵکو یەکێک ڕابسپێری، تاکو پارەی بدەینێ و گەنمان بۆ بکڕێت. منیش پێشنیاری کێخوا عەزیزم کرد. حەمەد ئاغای مێرگەسوور ٤٠٠ دیناری دا بە مام کێخوا بۆ کڕینی ٤٠ عەلبە گەنم و کردنی بە ئارد، ئەو کاتە عەلبەی گەنم بە ١٠ دینار بوو.

دوای دوو مانگ حەمەد ئاغا، خەبەری بۆ ناردم کە تا ئێستا، کێخوا عەزیز گەنمەکەی بۆ نەهێناون و خەریکە تووشی برسێتی دەبن، منیش بەپەلە خەبەرم بۆ مام کێخوا نارد وتم بە زووترین کات یان گەنم یان پارەکە بهێنێت. دوای دوو ڕۆژ ئاموزایەکی خۆی نارد بۆ لام و گوتی: مام کێخوا چاوی ماچ دەکردی، وتی بە کاک ئەحمەد بڵێ، من بەبانقەست گەنمەکە ناکڕم، بەڵکو پێشمەرگە برسی بێ و حەمەد ئاغا کێشەی بۆ دروست بێت و بەرەی سەفین بەجێ بهێڵێت. کەوای گوت، من زۆر تورەو بێ تاقەت بووم، گوتم: بە مامت بڵێ بە زووترین کات پارەکە بنێرێتەوە، ئەوەبوو دوای دوو ڕۆژ پارەکەی بۆ مام حەمەد ئاغا ناردەوە. من ئەو قسەی مام کێخوام بەهیچ شێوەیەک نە گەیاندەوە مام حەمەد ئاغا بۆ ئەوەی نێوانیان لە وەی هەیە خراپتر نەبێت.

کێشەی نێوان شێخ کەوکەس و شاکر بەگ

شێخ کەوکەس، سەرلق بوو، بارەگاکەی لە گوندی قەلاسنج بوو، شاکر بەگ لە سەری ڕەش سەرپەل بوو، سەر بە لقەکەی شێخ

کەوکەس بوو، وە لە عەشیرەتی گەردی بوو. هەندێ لە ئاغەواتی عەشیرەتی گەردی و دەشتی هەولێر بڕێک پارە، کە ١٨٠ دینار بوو، بۆ شاکر بەگ دەنێرن، وەک هاوکاری، لە گەڵ نامەیەکدا کە دەڵێن ئێمەش گەردینە و خزمی خۆتانین ئاگایەکت لێمان بێت.

شێخ کەوکەس بە مەسەلەی پارەکە دەزانێت، داوا دەکات کە پارەکە بدرێتە لق کە بەرپرسە لە پەلەکەی شاکر بەگیش، بۆ ئەوەی بەسەر هەموو پەلەکان دابەش بکرێت. شاکر بەگ لە وەڵامدا دەڵێت: ئەو پارەیە، گەردیەکانی خزمی خۆم بۆمنیان ناردوە کەس مافی بەسەرەوە نیە، هەر چەندە شێخ کەوکەس دەڵێ پارەکە بۆ لەشکر هاتووە بەڵام بێ ئەنجام بوو.

شێخ کەوکەس لای حەمەد ئاغا شکایەت دەکات، ئەویش داوا لە شاکر بەگ دەکات کە پارەکە بۆ لق بنێرێت، بەڵام شاکر بەگ پارەکە ناداتە کەس. حەمەد ئاغا کێشەکە دەگوازێتەوە لای «مەلا مستەفا» کە ئەو کاتە لە کۆیی بوو، وە بانگی شاکر بەگ دەکەن کە بێتە هیران و لەوێ بچێتە کۆیی. شاکر بەگ دێتە لای حەمەد ئاغا بە ئامادەبونی عەولا ئاغا و بەندە. حەمەد ئاغا، پێانی گوت: چەکەکانتان دانێن و بەبێ چەک بڕۆنە لای مەلا مستەفا، بەڵام شاکر بەگ و چەکدارەکانی سووربون لەسەر ئەوەی کە بەبێ چەک ناڕۆن، عەولا ئاغا فیشەک دەخاتە بەر تفەنگەکەی و رووبان لێ دەکات و دەڵێ: ئەگەر چەک دانەنێن ئەوە دەتان کوژین. من کەوتمە نێوانیان و داوام لە شاکر بەگ کرد وەک پێشمەرگەیک فەرمانی سەروی خۆی جێبەجێ بکات و نەبێتە هۆی خوێن ڕشتن، وتم چەکەکانتان دابنێن و بڕۆنە لای بارزانی، چونکە بڕیاری کۆتایی لای ئەوە. ئەوەبو شاکر بەگ و جەماعەتەکەی زۆر بەناڵی چەکەکانیان تەسلیم کردو بەرەو کۆیی بەرێکەوتن.

بە گەیشتنیان بۆ کۆیی «بارزانی»یان لە کێشەکەی نێوان خۆیان و شێخ کەوکەس ئاگادار کردەوە، ئەویش دەڵێ: ئێوە دەچنەوە شوێنی

خۆتان بۆ سەری ڕەش، وەدەبنە هێزێکی سەربەخۆو پەیوەندیتان ڕاستەوخۆ بەمنەوە دەبێت و من ئەناسن، نامەیەکیشان ئەداتێ بۆ حەمەد ئاغا بۆ ئەوەی چەکەکانیان بداتەوە، هەروەها بڕە پارەکەش بۆخۆیانە.

خوالێخۆشبو مەلا مستەفا، لە دانانی بەرپرسە سەربازیەکانی ناوچەی خۆشناوەتی، هیچ پرس و ڕاوێژێکی بە ڕێکخستنەکانی حزب نەدەکرد، وەبە بەردەوامی بەو کەسانەی کە خۆی بەرپرسیارەتی دەدانێ دەگوت: تۆ سەر بەمنی و پەیوەندی ڕاستەوخۆت لەگەل منداا دەبێت « کەواتە من دەناسی نەک حزب « ئەو هەنگاوانەی مەلا مستەفا دەریدەخات کە چ پەیوەندیەکی ئالۆزو و خراپ لە نیوان حزب و سەرۆکەکەیدا هەبووە، کە بە تەواوەتی لە کۆنفرانسی ماوەت دا تەقیەوە.

هاتنی مەلا ئەمین نێروەی بۆ سنوری هەولێرو کۆژرانی هارونی باوکی شێمە

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢، مەلا ئەمین نێروەی بە هاورێیەتی سەعید مەسیفی و هێزێکی پێشمەرگە هاتنە سنووری هەولێر، وە لە چالاکێیەکدا لە خانزاد پەلاماری سەنگەرەکانی حکومەتیاندا، کە دەکاتە بەری لای هەولێری بەستۆرەی نێوان هاوینەهەواری پیرمام و هەولێر، توانیان دەست بەسەر چەندین ڕەبایەدا بگرن.

دوای کۆدەتای حزبی بەعس لە شوباتی ١٩٦٣ ئەو هێزە دەستی بەجوڵانەوە کرد لە گوندەکانی مەلائۆمەر، شاوەیس و کۆرەکی کەورەو گەچکە. بە مەلا ئەمین ڕادەگەیەنن، پیاوێک بە ناوی عەبدوڵرەحمان ناسراو بە هارون، ژنێکی بارزانی بەمارەو تەلاقی مارە کردوە، وە مێردی ژنەکە کە بارزانی بوو کاتی خۆی لەگەل مەلا مستەفا چۆتە یەکێتی سۆڤیەت، دوای چەندین ساڵ ژنەکە

هیچ هەواڵی مێردەکەی نازانێ و وادەزانێ مێردەکەی مردووە، ئەو ماوەی شەرعی ئیسلامیش دیاریکردوە بۆ چاوەڕوانی بەسەرچووە، هەروەها ژنەکە دەربەدەرو بێ کەس بووە، هارون یش بەپێی شەرع و سونەت مارەی دەکات لای مامۆستایەکی ئایینی.

مەلا ئەمین سۆراغی هارون و ژنەکە دەکات و دەیان دۆزێتەوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکات لە گوندی کۆرەک. هەردووکیان دەڵێن: وامان زانیوە کە مێردەکەی مردووە، تا ئەو کاتەی ساڵی ١٩٥٩ کە مەلا مستەفا دەگەڕێتەوە ئەو پێاوەش دەگەڕێتەوە. دوای ئەوە مەلا ئەمین، هارون و ژنەکە لە گوندی کۆرەک دەکوژێ. خەڵکی گوندی ئەو کردەوەیان زۆر پێ ناخۆش دەبێت، ژمارەیەکیان دێنە ناحیەی هیران و لای مام حەمەد ئاغای مێرگەسوور، گلەیی لە مەلا ئەمین دەکەن، کە بەم شێوەیە دوو کەسی لە گوندەکەی ئەوان کوشتوە، بە تایبەت «عوسمان خورشید کۆرەکی» کە بەرپرسی پارتیە لە گوندی کۆرەک، بە مام حەمەد ئاغا دەڵێ: مەلا ئەمین بەیانی دەڕواتەوەو دوژمنایەتی بۆ ئێمەی خەڵکی گوند جێ دەهێڵێت، بە تایبەت بۆ ئێمەمانان کە ئەندامی حزبین. بۆچی ئەو ژن و پیاوەی نەدەنارد بۆ لای مەلا مستەفا یان مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی لای ئەوان مەحکەمە بکرێن! ئێستا خەڵکی، لەمنی دەزانن چونکە من بەرپرسی حزبیم لە گوند.

مام حەمەد ئاغا کردەوەکەی زۆر پێناخۆش دەبێت و دەڵێ: هەرچی دەڵێن وایە، بەڵام مەلا ئەمین لەژێر دەسەلاتی من دانیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەمەلا مستەفاوە هەیە، من ئەو وەزعە بەو ڕادەگەیەنم با ئەو موحاسەبەی بکات.

دوای کوشتنی هارون، کوڕە گەورەکەی کە ناوی شێخ موحەمەدە بە (شێمە) ناسراوبو پەنا ئەباتە لای مامەند ئاغا لە گوندی ئەشکەوت سەقا، ئەویش لەگەڵ خۆیی دەیباتە لای مەلا مستەفا کە ئەو کاتە لە شاری کۆیی دەبێت، چونکە ئەو شارە لە لایەن پێشمەرگەوە

ئازادکرابوو. مامەند ئاغا بەدرێژی باسی کوشتنی هارون ی باوکی شێمە دەکات، مەلا مستەفا ش، بە شێمە دەڵێت : چیت دەوێ بۆت بکەم، ئەویش دەڵێ بمکەن بە پێشمەرگە، مەلا مستەفاش نامەیک بۆ حەمەد ئاغا دەنووسێت، دەڵێ: وا شێخ موحەمەدی هارونم بۆ ناردی، کە بە ناحەق دایک و باوکیان کوشتوە، بیکەن بە پێشمەرگە و ئیشێکی وای بدەنێ بەڵکو برینەکەی ساڕێژ دەبێت، هەروەها مامەند ئاغاش نامەیەکی بە هەمان شێوە نووسیبو.

پاش ئەوەی مەجیدی کوڕی حەمەد ئاغا، نامەکەی بۆ باوکی خوێندەوە، مام حەمەد ئاغا نامەکەی دایە دەست من و منیش خوێندمەوە. مام حەمەد ئاغا وتی: کاک ئەحمەد تۆ ئەڵی چی! وتم بەرەئی من با جارێ چاوەڕێ بکەین. حەمەد ئاغا وتی ئەوە ئەمری مەلا مستەفایە دەبێ زوو جێ بەجێ بکرێت، وتم : ئارەزووی خۆتە، ج ئیشی دەدەیتی بیدێ، من تێکەڵ نابم. حەمەد ئاغا وتی: شێمە ج ئیشت دەوێ! شێمە وتی: بمکەنە کادیر پارەیەکی زۆرتان بۆ کۆ دەکەمەوە. لەسەر داوای شێمەی هارون، حەمەد ئاغای ڕەحمەتی نامەیەکی بۆ شێخ کەوکەسی سەید تەها نووسی کە سەرلق بوو لە گوندی قەڵاسنج و سەر بە حەمەد ئاغا بوو، داوای کردبو هەشت چەکداری بدەنێ و بینێرنە گوندەکانی دەشتی هەولێر بۆ ئەوەی پارەو یارمەتی بۆ شۆڕش کۆبکاتەوە، من ڕەخنەم لە مام حەمەد ئاغا گرت و پێم گوت: کادیر دانان ئەرک و دەسەڵاتی لقی دووە پەیوەندی بە بەرپرسی عەسکەریەوە نیە، مام حەمەد ئاغا وتی: ئەوە ئەمری مەلا مستەفایە من ناتوانم جێبەجێ نەکەم. منیش یەکسەر نامەیەکم بۆ شێخ کەوکەس نووسی و وتم: کادیر دانان دەسەڵاتی لقی دووە نەک هێزی پێشمەرگە، دەتوانن وەک مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بینێرنە خوارەوە نەک کادیر. ڕۆژی دوایی شێخ کەوکەس وەڵامی دامەوەو نووسیبوی کە بەداخەوە نامەکەت درەنگ گەیشت و شێمەی هارون ئێرەی جێهێشتوە، بەڵام

بەم زووانە دەگرێتەوەو چەکەکانی لێ وەردەگرینەوەو ئاگادارتان دەکەینەوە.

دوای چەند ڕۆژێک بەسەر ڕۆیشتنی شێمەی کادیر، خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکانی مەلائۆمەر، شاوەیس، شەرەبۆت و کۆرەک هاتنە لای مام حەمەد ئاغا و عەولا ئاغای پشدەرو بارەگای ناوچەی شەقڵاوە، هەروەها سەعید مەسیفی شیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، داوای کشانەوەی شێمەیان دەکردو دەیان گوت: کێ ئەندامێکی دڵسۆزی پارتی بێت، ئەوە شێمە بە زۆرداری ٢-٣ دیناری بە ناوی پیتاک بۆ پێشمەرگە لێ دەستێنێ. ئەوەبو حەمەد ئاغاو عەولا ئاغا ناردیان بەدوای و ئەویش گەڕایەوە بارەگای سەرکردایەتی پێشمەرگەی سەفین، چەکەکانیان لێ وەرگرتەوە. شێمە داوای کرد کە چەند ڕۆژێک مۆڵەتی بدەنێ بۆ ئەوەی بچێ چاوی بە خێزان و منداڵەکانی بکەوێ، حەمەد ئاغاش ٥ ڕۆژ مۆڵەتی دایێ. شێمە گەڕایەوە گوندەکەیان کە کۆرەکی گچکەبوو، دوای چەند ڕۆژێکیش لە جیاتی ئەوەی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکات پەیوەندی بە بایێز ئاغای گەردی دەکات کە سەر بە حکومەت بوو، وەدەبێتە چەکدار لە لای ئەو. دوای ئەوەش پەیوەندی بە قایمەقامی مەرکەزی هەولێروە دەکات، کە عەرەبێک بوو جێگای باوەڕی حکومەت بوو، ئەویش چەند چەکدارێکی وەک مەفرەزە بۆ دادەمەزرێنی و ڕاستەوخۆ دەبێتە سەر بە قایمەقام. پێشمەرگە مەفرەزەیەک دەنێرێتە سەریان بە سەرپەرشتی عەلی بارزانی بەڵام مەفرەزەکە شکست دێنێ و جاشەکانی شێمەی هارون، عەلی بارزانی شەهید دەکەن. ئیتر لەو ڕۆژەوە بنەماڵەی شێمەی هارون چەکی جاشایەتی یەک لە دوایەکی حکومەتەکانی عێراقیان لە شان بووە تاکوو ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١.

کودەتای حزبی بەعس لە ٨ شوباتی ١٩٦٣

ئەفسەرانی سەربازی سەر بە حزبی بەعس لە سوپای عێراقدا لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکیان دژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بەسەرکەوتوی ئەنجامداو دەسەلاتیان گرتە دەست. کورد کە لە ئەیلولی ١٩٦١وە لە شەڕدابوو لە گەل حکومەتی عەبدولکەریم قاسمدا، بە ئومێدەوە دەیڕوانیە هەر گۆڕانکاریەک لە بەغداوە. حزبی بەعسیش بەمەبەستی پتەوکردن و سەپاندنی دەسەلاتی خۆی لە هەموو عێراقدا، پێویستی بە هێورکردنەوەی دۆخەکە هەبوو لەگەل کوردا، بۆیە بڕیاریدا کە کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکات و دان بە مافەکانی کورد بنێت، بە ڕێگای دروستکردنی حکومەتێکی خۆجێی لە هەرێمی کوردستان و لەسەر شێوەی لامەرکەزی.
کاتێک حزبی بەعس کودەتایی کرد لە بەغدا، هێزی پێشمەرگەش بەدەرفەتیان زانی، بە سەرپەرشتی عومەر دەبابە، پەلاماری شاری کۆیی و دەوروبەری و شوێنە ستراتیجیەکانیان داو کۆنترۆڵیان کرد، لەوانە ڕێگای سەرەکی هەولێر- کۆیە.
بۆ ڕێککەوتن حکومەتی بەعس داوای لە سەرکردایەتی شۆڕش کرد کە شاندێک بنێریتە بەغدا بۆ گفتوگۆ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان. مەکتەبی سیاسی دەسبەجێ داوای لە لێژنەی مەرکەزی کرد کۆببێتەوە. سەرکردایەتی حزب لە کۆبونەوەکە بڕیاریدا کە کۆنگرەیەکی میللی ببەسترێت بۆ گەلاڵەکردنی پڕۆژەی لامەرکەزی. ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی ڕۆشنبیری و سیاسی کۆمەلایەتی بانگهێشتی کۆنگرە میللیەک کران، لە کۆنگرە شاندێک بە سەرۆکایەتی مام جەلال تاڵەبانی و سالح یوسفی هەلبژێردران بۆ مفاوەزات لەگەل بەغدا. شاندی کورد لە هوتێل تریکادیرو دابەزین. ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر لە هوتێلەکە کۆببونەوەو بەدەیان پرسیاریان لە سەرۆکایەتی شاندی کورد دەکرد.

شاندی کورد، لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ حزبی بەعس، کە بەهیچ شێوەیەک مافی کوردیان نەدەسەلماند، بۆیە شاندەکە بێ ئومێد بوو، وە مام جەلال بڕیاریدا بچێتە کۆماری میسر، بەڵکو داوا لە «جەمال عەبدولناسر» بکات، قسە لەگەڵ بەعسیەکان بکات بۆ داننان بە مافی کورد. پاش ڕۆیشتنی مام جەلال بە چەند ڕۆژێک حکومەتی بەغدا پەلاماری ئەندامانی شاندەکەی داو هەموویانی گرت و ئازارێکی زۆری دان بە تایبەت سەیدا سالح یوسفی. زۆرێک لە ئێستگەکانی ڕادیۆی دونیا باسی ئەشکەنجەو ئازاری شاندی کوردستانیان دەکرد. وە جەلال تالەبانیش بە پاسپۆرتێکی ساختە بە ڕێگای عێراق گەرایەوە کوردستان، گوایە وەک پیاوێکی ئاینیی مەسیحیی بۆ سەردانی مەسیحیەکانی عێراق هاتووە. هەر لەو ساڵەدا بوو، کوتارێک (قوماشێک)ی ژنانە بە ناوی ڕیشی مام جەلال کەوتە بازار، ئەو کوتارە تا چەند ساڵێک باو بوو لە لایەن ژنانەوە دەکرا بە جل و بەرگ.

حەرەس قەومیەکانی هەولێر

لەکاتی گفتوگۆی کورد لە بەغدا ساڵی ١٩٦٣ ، دەرفەتم هێناو بە نهێنی گەڕامەوە هەولێر، بەمەبەستی سەردانی خێزان ومندالەکانم، کە ماوەیکی باش بوو لێیان دوور بوم. هەر لەو ماوەیی کە لە هەولێر بووم هەواڵی شکستی گفتوگۆو پەلاماردانی شاندی کوردستانم پێگەیشت. ئەوەبوو حکومەتی بەعس بڕیاری شەرکردنەوەی لە گەڵ کورد دایەوەو بەشێوەیەک لە هەموو شارەکانی کوردستاندا هێزەکانی بەعس کە بە حەرەس قەومی ناسراوبوون، پەلاماری کورده دڵسۆزەکانیان دەداو زیندانیانی دەکرد. لە شاری هەولێر لە ڕۆژی یەکەمی پەلامارەکەدا، پتر لە ٨٠٠ کوردیان گرت و ئەشکەنجەیان دان.

ئەوانەی لە هەولێر خەڵکیان دەگرت و ئەشکەنجەیان دەدان، زۆر بێ ڕەوشتانە مامەڵەیان لە گەڵ خەڵکی شارەکەی خۆیان دەکرد. لەوانەی کە ناسراوبوون لە لایەن خەڵکەوە ئەو ناوانە بوون:

* هەمزە عوسمان، ناسراو بە هەمزە کەردزە، خۆی کورد بوو خەڵکی گوندی کەردز بوو، بەڵام دوژمنی کورد بوو تورکچێەتی دەکرد.
* لەتیف حاجی تۆفیق، ناسراو بە لەتیف تەسجیلات.
* عادل کارەبایی، ناسراو بوو بە عادل چارچاو.
* یاسین قەساب.

من ئەو ڕۆژە خۆم لە هەولێر حەشاردابوو، چاوەڕێم دەکرد دنیا تاریک دابێت، بۆ ئەوەی دەرفەتی دەرچوونم هەبێت. ئێوارە بەپێی شارەزایی خۆم، ڕێگام گرتەبەر بەرەو دەرەوەی شار. ئەو سەردەمە، باکووری شاری هەولێر، هەمووی دەغل ودان بوو، وەبەرزیەکەی بەقەدەر بەژنی زەلامێک دەبوو، منیش بۆ ئەوەی بە نهێنی دەرچم و کەس نەمبینی، بەناو سنووری دەغڵەکاندا دەڕۆیشتم. ڕێگام لێ بزربوو کاتژمێر ١١ی شەو گەیشتمە گۆڕستانی بێرکۆت. زۆرم تێنو بوو، گۆڕستانەکە بیرێکی ئاوی لێ بوو، دیتم دەولکێکی ئاویش، لەسەر بیرەکەیە بۆ ئاو دەرهێنان، زۆر دڵ خۆشبووم، کە دەولکم شۆڕ کردەوە، یەک دەولک ئاوی ساردم دەرهێنا، ئاوەکەم خواردەوەو پشوویکی کورتم دا، دوای ئەوە کەوتمە ڕێگا بەرەو گوندی مەلا ئۆمەر.

دوای ماوەیەکی زۆر لە ڕۆیشتن، دیسان زۆرم تێنو بۆوە، دونیا تاریک بوو، بەڵام هەستم بە تەڕایەک کرد، وامزانی ئاوە، کە دەمم بۆی برد، دەمم لە قور چەقی، دەرچوو نزمایی شوێنی تایەی ئوتومبێلە. هەڵسام و ڕۆیشتم تا گەیشتمە پەریزێک. زۆر هیلاک بووم، وێستم لەسەر گیشە جۆیەک بخەوم، کاتێ پاڵکەوتم، بوو بە غەڵبە غەڵبی کاروان چییان، هەڵسام و چوومە سەر ڕێگایان

بەمەبەستی پرسیارکرد لە رێگای گوندی قەرەموکیان و شێخانیان، کاروانچیەکان دەنگیان دام و وتیان: زەلام تۆ کێی! منیش وتم: رێبوارم رێگام بزرکردوەو دەمەوێ بچمە گوندی شێخان. وتیان تۆ بەهەڵە هاتوی ئەوە رێگای گوندی مەلائۆمەرە. بەپێی قسەی ئەوان کەوتمە رێگاو بۆ بەرەبەیانی گەیشتمە گوندی قەرەموکیان، بەڵام لام نەداو یەکسەر بۆ گوندی شێخان بەرێی کەوتم، کە گەیشتم، دیتم دانیشتوانەکەی گوندەکەیان لە ترسی تۆپبارانی حکومەت چۆڵکردوە. چوومە گوندی هەرشەم کە لە نزیک گوندی شێخانە، وە مالّی خوشکم لەگەڵ چەند مالە خزمێکی تر لەوێ بوون، بەگەیشتنم خزمەکان پێشوازیەکی گەرمیان لێکردم. گوندی هەرشەم مۆڵگەی چەکدارەکانی یەکی لە ئاغاکانی گەردی بوو، بەناوی حەسەن ئاغای گردەچاڵ، کە منیان بینی، هاتن پرسیاریان لێکردم، کە چ کارەم و بۆچی هاتومەتە ئەو گوندە، خزمەکان (ئەسعەدی رەحمان، سەید ئەحمەدی سەید کەریم و محمەدی زاوام) گوتیان: ئەوە خزمی خۆمانەو بە هاواری ئێمەوە هاتووە، چەکدارەکانیش داوای لێبوردنیان کرد.

ڕەوشی ناوچەکە زۆر ئاڵۆز بوو، بۆیە شەو لە هەرشەم نەمامەوە، لە گەڵ یەکی لە خزمەکانم چوومە گوندی سێوەکە و مالّی سەید ئیبراهیم. شەو لەوێ مامەوە، کاتژمێر نزیکەی دووی شەو بوو، هێزی پێشمەرگە پەلاماری رەبایەکانی هەورازی خانزادیان داو بوو بە تۆپباران، حکومەت لە هاوینەهەواری پیرمامەوە تۆپبارانی هەورازی خانزادی دەکرد هەندێ جار تۆپەکان کورتیان دەکردو دەیدا لە دەوروبەری گوندی سێوەکە. کوڕەکەی سەید ئیبراهیم دەترسا و دەیگوت: وابزانم تۆ ئێرە بەجێ بهێڵی باشە، نەوەک هێزی سوپا بۆ پشکنین بێن، منیش پێم گوت: خەمت نەبێ سوپا بەشەو دەرناچێت، وە تاکو دونیا ڕووناک نەبێتەوە سوپا جوڵە ناکات. منیش کاتژمێر چوار لێرە دەڕۆم، چونکە شارەزا نیم، ئەگەر

لەگەڵیشم دێیت تا گوندی گڕاو، تاکو هەر ئێستا بڕۆیین. کوڕەکەی سەید ئیبراهیم دەیگوت تکایە عادز مەبەو بم بورە، ئینشاللە هیچ نابێت. ناحەقیشی نەبوو چونکە سوپای عێراق زۆر دڕندە بوو بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان.

بەهەر حاڵ ئەو چەند کاتژمێرەمان بردەسەرو بوو بە بەیانی، وە داوام لە کوڕەکە کرد کە تاکو سەر ڕێگای گوندی گڕاو لەگەڵم بێت، ئەویش هەستاو لەگەڵم هات و ڕێگای پێ نیشاندام و دووبارە زۆر داوای لێبوردنی کردەوە، منیش سوپاسم کردو، بەرەو گوندی گڕاو بەڕێ کەوتم. دوای ماوەیەک ڕۆیشتن، لە ڕێگا تووشی پێشمەرگەکانی هێزی سەفین بووم کە لە چالاکیەکەی هەورازی خانزاد دەگەڕانەوە، دوای چاکو چۆنی، پرسیاری ساغ و سەلامەتیم لێکردن، گوتیان: تەنها یەک پێشمەرگەمان بریندارە، ئەویش سەلامەتە بەر دەستی کەوتوە.

بەهاورێی یەکتر تاکو گوندی گڕاو ڕۆیشتین، لە گڕاو چاوم بە چەند خوێندکارێکی زانکۆی بەغدا کەوت کە لە ترسی گرتنی حەرەس قەومیەکان هەڵاتبوون، وە «قەرەنی سمایل ئاغا» یارمەتی دابوون بۆ گەیشتن بە ناوچە شاخاویەکان.

لە ناو خوێندکارەکاندا دوو کەسیانم دەناسیەوە، ئەوانیش هەرناویانم بیستبوو، «کاکەمەم بۆتانی» و «عوسمان سەرسۆری عەوێنەی». بووین بە هاورێی ڕێگاو بەرەو گوندی قەڵاسنجی سەرو بەرێکەوتین، ئەو دوو برادەرە زۆریان پرسی بوو، قەڵاسنجیش گوندی باپیری عوسمان بوو، بۆیە عوسمان لایدا ناو گوند، بۆ ئەوەی چەند نانێک پەیدا بکات، بەڵام زۆر گەڕاو داوای نانی کرد، کەس نانی پێنەدا، بۆیە گوتی: وەرە گوندی باپیرت بێت و دوو نانت نەدەنێ! ژنێکی بەساڵاچوو گوێ لە قسەکەی عوسمان بوو، گوتی: تۆ کوڕی حەسەن ئاغای عەوێنەی! عوسمان گوتی: بەڵێ، ژەنەکە گوتی: هەی چاوم کوڕە بی، ڕاوەستە با نانت لۆ بینم، عوسمانیش

ڕاوەستا، ژنەکەش چوار نانی بۆ هێنا، عوسمانیش سوپاسی کرد. ئیتر ڕۆیشتین بەرەو ناحیەی هیران. دوای ئەوە خوێندکارەکان بەرەو قەلادزێ ڕۆیشتن بۆ ئەوەی بچنە لای مەکتەبی سیاسی لە ماوەتان.

گرتنی چەند کەسێکی سەر بەدەزگاکانی حکومەت

ئیبراهیمە ئەفەندی، تاکو ئینقلابەکی بەعس لە ١٩٦٣ مفەوەزێکی پۆلیس بوو لە هەولێر، دوای ئەوە ڕادەکات و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات. هێزێکی چەکداری سەربەخۆ لە دەشتی کۆیی دروست دەکات و دەست بە چالاکی دژ بە حکومەت دەکات. ئیبراهیمە ئەفەندی پیاوێکی عەسکەری پیشەیی بوو، بڕوای بە حزبایەتی نەبوو، بۆیە هەر زوو کەوتە ملمالێ لە گەڵ ڕێکخستنەکانی حزب. وە حزبیش بڕیار دەدات بیگرن، بەڵام ئەو پەنا دەباتە بەر موقەدەم عەزیز و دڵسۆزی خۆی بۆ دووپات دەکاتەوە، موقەدەم عەزیزیش ئەوە بەدەرفەتێکی باش دەزانی بۆ بەکارهێنانی لە ملمالێکردنی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی حزبدا. ئەو کاتە نێوان موقەدەم عەزیز لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخستن خراپ بوو. هەر بۆیە هێزێکی ٥٠ چەکداری بۆ دروست دەکات و بنکەیەکی لە دەربەندی گۆمەسپان بۆ دەکاتەوە. ئیبراهیمە ئەفەندی کادرێکی سەربازی بە توانا بوو، چالاکی سەربازی باشی ئەنجامدەدا. یەکێ لەو چالاکیانە گرتنی چەند کەسێکی سەر بەدەزگا سیخوریەکانی حکومەت بوو.

کاتی خۆی هێزەکەی ئیبراهیمە ئەفەندی، لە چالاکیەکدا دەستبەسەر چەند ئۆتۆمبێلکی سەربازیدا دادەگرێت. دوای ماوەیەک خۆی و پێشمەرگەکانی جلی سەربازی عێراقی دەپۆشن و خۆیان

وەک هێزێکی سەربازی عێراقی نیشان دەدەن، وەخۆی دەکاتە ئەفسەری هێزەکە بە پلەی رائید روکن و دەچنە دەشتی بەرانەتی و لە گوندەکان دەسورێنەو بەناوی گەڕان بەدوای پێشمەرگە و سەربازی ڕاکردوو. لە کاتی پرسیارکردن لە ناسنامەی پێاوەکان، هەندێ لەو کەسانەی کە سەر بە ئیستخبارات دەبن، لێی دەچنە پێشەوەو ناسنامەکانی خۆیان نیشان ئەدەن کە سەر بە ئیستخباراتی حکومەتن، بەعەرەبی دەڵێن (تفضل سيدي) فەرموو گەورەم، ئەویش پێیان دەڵێ زۆر باشە، ئێستا ئێوە سواربن بۆ ئیستخبارات، لەوێ لە ڕاستی و دروستی ناسنامەکانتان دەکەوێنەوە. ئەوانیش سواری ئۆتۆمبێلەکان دەبن و یەکسەر بۆ بارەگای هێزی پێشمەرگە لە هیران بۆلای موقەدەم عەزیز. لەوانەی کە گیران، عوسمان جەمیل ئاغای گەردی، عەبدۆک عوسمان جەمیل، هەباس ئاغای گەردی، ئەحمد هەباس ئاغای گەردی، سمکۆ هەباس ئاغای ئاشۆکان، هەباس کاکل ئاغا.

دوای دوو مانگ زیندانی کردن، بەڵێنیاندا کە واز لە حکومەت بهێنین و یارمەتی پێشمەرگە بدەن، بۆیە موقەدەم عەزیز ئازادی کردن. دوای ئازادکردنیان سەردانی موقەدەم عەزیز یان دەکردو یارمەتیشیان ئەدا، بەمەبەستی خۆپاراستن.

کاتی خۆی بەر لەوەی ئیبراهیمە فەندی بارەگای لە دەربەندی گۆمەسپان دابنێت، موقەدەم عزیز، پێشمەرگەیەکی بەناوی «مەلا عاسم مەلا یحیی» کردبوە بەرپرسی گومرگ لە دەربەند، کە حەفتە بە حەفتە دەسکەوتی گومرگی تەسلیم بە موقەدەم عەزیز دەکرد لە هیران. کە ئیبراهیمە ئەفەندی دەچێتە ئەو ناوچەیە، لە مەلا عاسم نزیک دەبێتەوەو پرسیاری لێ دەکات کە مانگانە دەسکەوتی گومرگ چەندە، ئەویش دەڵێ ئەوەندیە....، دەڵێ باشە، موقەدەم عەزیز مانگانە چەندت دەداتێ، ئەویش دەڵێت: پێنج دینار. بە مەلا عاسم دەڵێت: باشە بۆ خۆت ناگوازێەوە لای من! مانگانە ١٠

دینارت دەدەمێ، ئەویش دەڵێ: من سەر بە موقەدەم عەزیزم، چۆن دەکریت! ئیبراهیمە ئەفەندی دەڵێ: من بە ئەمری بارزانی بەرپرسی دەربەندی گۆمەسپانم، ڕێگا نادەم تۆ لێرە گومرگ کۆبکەیتەوە، هەرچۆنێک بوو مەلا عاسم ڕازی دەکات.

مەلا عاسم دوو حەفتە پارەی گومرگ نانێرێت بۆ موقەدەم عەزیز، ئەویش پێشمەرگەیک دەنێرێ بۆ ئەوەی بزانێ بۆچی پارەکە دواکەوتوە، مەلا مەعسوم پێش دەڵێ: من خۆم گواستۆتەوە لای ئیبراهیمە فەندی و پارەکەم داوەتە ئەو. موقەدەم عەزیز لەم قسەیە زۆر تورە دەبێت. مەفرەزەیەک دەنێرێ بۆ ئەوەی بیگرن و پارەکەش بهێنن. مەفرەزەکە ڕاسپاردەی موقەدەم عەزیز بە مەلا عاسم ڕادەگەیێنن، ئیبراهیمە ئەفەندی دێتە وەڵام و دەڵێ ئەو ئێستا هاتۆتە لای من و پارەی گومرگیش لای منە، ئێرە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی منە، موقەدەم عەزیز مافی ئەوەی نیە لێرە گومرگ وەربگرێت، ئێوەش بڕۆنەوە خۆم دێمە لای موقەدەم عەزیز.

بۆ بەیانی ئیبراهیمە ئەفەندی ١٥ چەکداری چاپوک لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێتە لای موقەدەم عەزیز لە هیران. قسە دەربارەی مەلا عاسم و گومرگ دەکەن بەڵام ناگەنە یەک، زۆری نەمابوو بە چەک لێک بدەن، بەڵام کێخوا عەزیزی سماقولی ناوبژیوانیان دەکات. ئیبراهیمە ئەفەندی دەگەڕێتەوە گۆمەسپان و دوای دوو ڕۆژ دەچێتە ناوچەی باڵەکایەتی بۆ لای مەلا مستەفا. هەروەها موقەدەم عەزیزیش بەیانیەکەی بەرێ دەکەوێت بۆ لای مەلا مستەفا. هەردوولا بارزانی لە کێشەی نیوانیان ئاگادار دەکەنەوە. نزیکەی مانگێک لە باڵەکایەتی دەمێنێنەوە. لە کۆتاییدا مەلا مستەفا بڕیار دەدات کە دەربەندی گۆمەسپان بە گومرگەوە لەژێر دەسەڵاتی ئیبراهیمە ئەفەندی دابێت و ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە مەلامستەفاوە دەبێت، موقەدەم عەزیزیش بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەی نیە فەرمان بە ئیبراهیمە ئەفەندیەو بکات. بەو شێوەیە کۆتای بەکێشەکە هات.

بۆ مێژوو

لە ساڵی ١٩٦٣ لە کاتێکدا حزبی بەعس و دارودەستەکەی، کە پێکهاتبوو لە چەکدارانی حەرەسی قەومی و سوپاو چەکدارە جاشەکانی کورد، لە هەموو لایەکەوەو بەهەموو توانایان هێرشیان دەهێنا بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان و سەر هێزی پێشمەرگە، لاوە دڵسۆزو خوێن گەرمەکانی کورد لە دەڤەری شەقڵاوە، هەریر و هیران بە باشترین شێوە ئەرکی کوردایەتی خۆیان لەو ڕۆژگارە دژوارەدا جێبەجێ دەکردو چالاکیان ئەنجام دەدا. لەو دڵسۆزانەی کە لەبیرم ماون و بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە ناوەکانیانەوە بکەم بۆ ئەوەی نەوەکانیان شانازیان پێوەبکەن ئەوانەن:

- لە شەقڵاوە : حەسەن موختار، عەزیز خومالی، حەسەن موحەمەد سەفار، موستەفای وێنەگر، ئەنوەر فەیزو، مستەفا ئەحمەد سەلیمە گردە و گولیزار خانی خوشکی. بە تایبەتی (عەزیز مستەفا) کە زۆربەی کۆبونەوەکان و ئابوونە کۆکردنەوە لە ماڵی ئەو دەکرا، هەروەها لە ماڵی مستەفای وێنەگریش، وەدوای ئەوەی ئابونەکانیان کۆ دەکردەوە دەیان گەیاندە هێزی پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکان.
- لە هەریر : جەلال ڕەشید، حەمەدی خەیات و عەلی هەریری و زۆرانیتر کە بەداخەوە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە.
- لە هیران : سەعید قادر، بورهان شێخ نوری، عوسمان مستەفا و محمەدی کاکی هیران.

ئەوانەو دەیان کەسانی تری دڵسۆز ببونە پشت و پەنای شۆڕشی کوردستان و خەمخۆری کوردایەتی، هیوادارم ڕۆژگارێک بێت کە کۆردستان بەتەواوەتی ئازاد بێت و حکومەتەکەشی بەلایەنی کەم پێ زانینی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەوانەی لە ژیاندا ماون، وە بۆ کەس و کاری ئەوانەش کە لە ژیاندا نەماون ڕابگەیێنێت.

گرتنی دوو فەقێ لە هیران بە گومانی سیخوڕی

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣، ئەندامی پێشکەوتوی حزب «عەلی ئۆمەری» هات بۆ لام و ووتی : کاک ئەحمەد، فەقێیەک لە چایخانەی خوارەوەی ناو باخچان دانیشتوە، من دەیناسم و خەڵکی گوندی «ئالانەیە« و باوکی چەکداری حکومەتە، گومانی لێ دەکەم کە بۆ سیخوڕی و کاری تێکدەرانە هاتبێتە ئێرە، مەفرەزەیەکم بدێ دەچم دەیگرم و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەین. منیش نامەیەکم بۆ دکتۆر «حەسەن بەرزنجی» نووسی کەچەند چەکدارێکی بداتێ، بۆ هێنانی گومان لێکراوەکە بە مەبەستی لێپرسینەوە. دوای ماوەیەکی کەم «عەلی ئۆمەری» کابرای فەقێی هێنا.

دوای چەند پرسیارێکی خێراو بێ ئەوەی ئەزیەت بدرێت، دانی بەوەی نا کە خۆی و برادەرێکی خەڵکی گوندی «کونەفلوسە«یە لەسەر ڕاسپاردەی ئامر فەوجی سەربازگەی سپیلک هاتون بۆ ئەوەی زانیاری لە سەر بەرپرسە سەربازیی و سیاسیەکانی بالیسان و خۆشناوەتی، بەتایبەتی دۆڵی هیران کۆبکەینەوە، هەروها ژمارەی پێشمەرگەو جۆری چەکەکانیان. وە لە بەرامبەر ئەنجامدانی ئەم کارە هەر یەکەی بڕێ پارەمان وەرگرتوە.

لێکۆڵەوەر ووتی: هەر یەکە چەندتان وەرگرتوە!

گومانلێکراوەکە ووتی: من ٨ دینار و برادەرەکەشم ١٠ دینار.

دەستبەجێ چەند پێشمەرگەیەکمان بۆ گوندی «کونەفلوسە» نارد بۆ دەستگیرکردنی تاوانباری دووەم. دوای ماوەیەک تاوانبارەکەیان هێنا، سەرەتا نکۆڵی لە هەموو تۆمەتەکان کرد، بەڵام دوای ئەوە دانی بە هەموو شتێک دانا. ئەوە بوو هەردووکیان دەستبەسەرکران بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە. لەو سەروبەندەدا بڕیاری گواستنەوەی حەمەد ئاغای مێرگەسوور و عەولا ئاغای پشدەر درا بۆ بەرەی سپیلک، کە سوپای عێراق بەسەرکردایەتی ئەفسەر

ئیبراهیم فەیسەل ئینساری پێشرەوی دەکرد بەرەو سپیلک، وە هێزی پێشمەرگە لە شەڕێکی سەختدابوو لەگەڵ هێزەکانی حکومەت، کە هەموو جۆرە چەکێکی قورسیان بەکار دەهێنا وەک فڕۆکە، تانک و توپ، پێشمەرگەش دژە چەکی نەبوو، بۆیە لە دوای بەرگریەکی قارەمانانەو زیانێکی گیانی و مادیی زۆری سوپای عێراق، پێشمەرگە پاشەکشەی کرد، وە سوپا توانی کۆنترۆڵی گەلی عەلی بەگ بکات.
بۆ جێگرتنەوەی ئەو دوو بەرپرسە سەربازیە، «موقەدەم عەزیز» وەک بەرپرسی هێزی سەفین دەستبەکاربوو. یەکی لەو کارانەی کە موقەدەم عەزیز ئەنجامیدا، ئازادکردنی ئەو دوو گومان لێکراوەبوو بوو، وە بەبێ ئەوەی هیچ ڕاوێژێک لە گەڵ ڕێکخستنی حزب بکات.

دانانی موقەدەم عەزیز وەک بەرپرسی هێزی سەفین

لە مانگی تەممووزی ١٩٦٣ کاتێک سوپای عێراق بەسەرکردایەتی ئەفسەر ئیبراهیم فەیسەل ئینساری هێرشی کردە سەر ناوچەی «گەلی عەلی بەگ» و شەڕێکی سەخت بەرپابوو لە نێوان هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەدا. هەر وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، هێزی پێشمەرگە بۆ سەرکردایەتی کردنی شەڕەکان، هەر یەک لە حەمەد ئاغا و عەولا ئاغای گواستەوە بۆ بەرەی سپیلک، لە جیاتی حەمەد ئاغاش، موقەدەم عەزیز یان هێنا بۆ هیران.
ئێمە لە لێژنەی ناوچەی شەقڵاوە که بارەگاکەمان لە هیران بوو، هەروەها بارەگای هێزی (سەفین)یش لە هیران بوو، بە بیستنی هاتنی «موقەدەم عەزیز» چوین بۆ پێشوازیکردنی لە دەروازەی هیران. وە یاوەریمان کرد بۆ بارەگای هێزو دوای کەمێک دانیشتن خواحافیزیمان لێکرد بۆ ئەوەی بحەسێتەوە.
ڕۆژی دوایی، من و برادەرێک چوین بۆ لای و گۆبونەوەیەکمان لەگەڵ

کرد، دەربارەی بەرەی سەفین و پەوشی خۆشناوەتی بەگشتی، وە ڕاپۆرتێکی ناوچەمان پێشکەش کرد. هەروەها ئاگادارمان کردەوە لە چەند ناوێک کە خەریکی دژایەتی کردنی یەکتر بوون و هەوڵیان دەدا تەکتوڵات و جیاوازی لە ناو هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنی حزب دروست بکەن، وەداوامان لێکرد کە بە هەموو قسیەک باوەر نەکات کە گوێبیستی دەبێت، وە ئەگەر هەر گرفتێک و ناتێگەیشتنێک هەبێت ئەوە ئێمەی لێژنەی ناوچە لێ ئاگاداربکاتەوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە چارەسەری بکەین. موقەدەم عەزیز گوتی: باشە وادەکەین. بەڵام دوای ماوەیەک ئەو ناوانەی کە ئێمە هۆشداریمان دەربارەیان پێدابو ، موقەدەم عەزیز ئەوانی لە خۆی نزیک دەکردەوە، وە کەوتە ململانی لەگەڵ ئەندامانی ناوچە، وەبەر لەهەموو شتێک ئەو دوو گومان لێکراوەی ئازادکرد کە لەسەرەوە باسمان کرد.

ڕۆژ بە ڕۆژ نێوانی ئەندامانی حزب و موقەدەم عەزیز پتر گرژی تێدەکەوت. ئەو سەردەمە، تادەهات ململانێی نێوان خەتی حزب کە مەکتەبی سیاسی سەرپەرشت دەکرد لەگەڵ خەتی چەکداری پێشمەرگە کە سەر بە مەلا مستەفا بوو زەقترو ئاشکراتر دەبوو. موقەدەم هەموو ئەو کەسانەی کە پابەندی پرنسیپ و بریاری حزب نەدەبوون، ئەوانەی لە خۆی نزیکتر دەکردەوە.

من دەمێک بوو ژن و منداڵەکانم نەدیبوو، بۆیە بەنهێنی و بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ گەڕامەوە هەولێر. دوای ئەوە بەشەو وە بەپیادە لە هەولێرەوە دەرچووم بەرەو هیران. لە ڕێگای گەڕانەوەمدا لامدا گوندی «زیارەت» و چوومە ماڵی «ئەسعەد نادر هەڤنی» کە لێپرسراوی گوند بوو. کاک ئەسعەد، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، وەداوای لە خێزانەکەی کرد کە خواردن ئامادەبکەن لەگەڵ گۆشتی مریشک. دوای چاک و چۆنی گوتی: کاک ئەحمەد لەکوێ دێی و بۆ کوێ دەچی.

گوتم: سەردانی ماڵەوەم کرد بۆ ٥ ڕۆژ، ئێستاش دەگەڕێمەوە

بەرەو هیران.
ئەسعەد گوتی: ئاگاداری وەزعی هیرانی!
گوتم: نەخێر، بۆ هیچ شتێک بووە!
گوتی : موقەدەم عەزیز هەموو برادەرانی حزبی گرتووە، وەئەمری گرتنی تۆشی دەرکردوە، بۆیە باشتر وایە لە ئێستادا نەچیەوە هیران، چونکە دەتگرن. کە ئەم قسەم بیست، گوتم : پێویست ناکات خواردن ئامادەبکەن، من دەڕۆم. کاک ئەسعەد زۆری هەوڵدا کە بمینێمەوەو نەچم بۆ هیران. بەڵام من هەڵسام و خواحافیزیم لێکردو بەرەو هیران کەوتمە ڕێگا.
کە گەیشتمە بارەگای حزب لە هیران، دیم برادەران ئازادکرابون، تەنها کاک قادر مەولود کارەبا نەبێت. دوای پرسیاکردنم سەبارەت بە وەزعەکە، بـرادەران گوتیان : مـوقەدەم عەزیز بە گوناحی ئەوەی گوایە برادەرانی حزب پارەیان لە یەکێک وەرگرتوە بە ناوی پارتی بۆیە ئەو کارەی کـردووە. بـرادەران گوتیان: بۆمان دەرکەوتوە کە کەسێک بەناوی «خەلیل» ئەو کارەی کردوە، کە هیچ بەرپرسیارتیەکی لە ناو حزبدا نیە و پارتی هیچ ئاگاداری ئەو کردەوەیە نیە.
من چوومە لای موقەدەم عەزیز و باسی گرتنی برادەرانم لەگەڵدا کردو هەروەها داوام لێکرد کە قادر مەولود ئازاد بکات، گوتم : دەبوایە تۆ «خەلیل» ناوەکە بگری و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەی تاکو بزانی کێ لە پشتی پارە وەرگرتنەکە دایە نەک ئەندامانی حزب بگری. هەروەها مەکتەبی سیاسیش بروسکەیان بۆ کرد بەڵام هیچ سوودی نەبوو. دوای ٢٠ ڕۆژ کاک قادر مەولودی ئازاد کرد.
ڕۆژێک بـرادەرانـی حـزب هاتن بۆ لام گوتیان: کـاک ئەحمەد، دیسان موقەدەم عەزیز برادەران بانگ دەکات و دەستخەتیان لێ وەردەگرێت، چیە هیچ ڕوویداوە! منیش یەکسەر چوومە لای و سڵاوم لێکرد، بەگەرمی و بەڕوویکی خۆشەوە پێشوازی لێکردم

و بەخێرهاتنی کردم، وەدوای چا خواردنەوە، پرسیم، ئایا هیچ رووێداوە دەستخەتی برادەران وەردەگری! کەوام پێ گوت، نامەیەکی دەرهێناو دەستی خستە سەر بەشێکی نامەکە، تەنها ڕستەیەکی بەمن نیشانداو گوتی: ئەو دەستخەتە دەناسی و دەزانی هی کێیە! منیش گوتم: نامەکەم بدێ بابیخوێنمەوە من بەرپرسی ناوچەی پارتیم، خۆ من دوژمن نیم، کەوام پێ گوت، نامەکەی دایە دەستم و منیش خوێندمەوە.

ئەوە لە نامەکەدا نووسرابو (بۆ هەموو ئەندام و دۆستانی پارتیمان لە بەرەی سەفین، لە لایەنێکی باوەڕ پێکراوەوە ئاگادارکراوین کە موقەدەم عەزیز بڕی ٧٠٠ دیناری بەڕێگای «عوسمان بەگی» شەقڵاوە لە حکومەتی عێراق وەرگرتوە لە بەرامبەر تەسلیم کردنی چیای سەفین بە حکومەت، بۆیە پێویستە وریا بن لەو خائینە) بەم شێوەیە کۆتایی بە نوسینەکە هاتبوو، وە هیچ ناوێکی لەسەر نەبوو.

گوتم : باشە ئەو نامەیەت چۆن بەدەست گەیشتوە!

گوتی : ئەمڕۆ بەیانی کاتێک «حەسەن فەهمی» خەزورم دەچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ کردن ئەو نامەیە لە ژێر تفەنگەکەیان دانابو.

گوتم: تۆ دەستخەتی هەموو برادەرانی ئێمەت وەرگرتوە دەستخەتی هیچ کامیکیان دەرچوو!

گوتی: نەخێر

گوتم : ئەی دەستخەتی برادەرنی خۆتان وەرگرتوە!

گوتی : بەڵێ

گوتم: دەستخەتی هەر هەمووانت وەرگرتوە!

گوتی: بەڵێ

گوتم: ئەی دەستخەتی عەریف عەزیزت وەرگرتوە!

گوتی: نەخێر

گوتم: ئەمە دەستخەتی عەریف عەزیزە

گوتی: چۆن دڵنیای کە ئەوە دەستخەتی ئەوە!

گوتم: عەریف عەزیز بەبەردەوامی نامە بۆ ئافرەتێک دەنووسێ لە رێکخراوی ئافرەتانی کوردستان و ناوی فلانە کەسە، وە نامەکان بە رێگای حزبەوە دەنێرێت، وە ئێمەش هەر نامەیەک بە رێگای حزبەوە بێت، دەیخوێنینەوە، بۆیە دڵنیام کە ئەمە دەستخەتی عەریف عەزیزە.
هەروەها کاتی خۆی کە عەریف عەزیز پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد، چەندین ڕاپۆرتمان بۆ هات لەسەر خۆی و کوڕەکەی، وە مەفرەزەیەک لە «کۆڵی»وە هاتن بۆ هیران و عەریف عەزیزیان گرت. بەڵام لەبەر نەبونی بەڵگەی پێویست لە کاتی لێکۆڵینەوەدا نەیان توانی هیچ تاوانێکی بدەنە پاڵ، بۆیە ئازادیان کرد.
موقەدەم عەزیز گوتی: من دەستخەتی وەردەگرم.
ئەوە بوو دوای ٤-٥ ڕۆژ عەریف عەزیز دەرکراو چوو بۆ لای مەقەرەکەی ئیبراهیمە ئەفەندی، لەوێ نامەیەکی بۆ من نووسی کە تێیدا هاتبوو «بەهۆی ئەوەی موقەدەم عەزیز دەیویست زۆرم لێ بکات کە لە دژی ئێوە کاربکەم، بۆیە لای ئەوم بەجێهێشت». بەڵام من دەمزانی کەوانیە، ڕاستە نێوانی حزب و موقەدەم عەزیز خۆش نەبوو، بەڵام موقەدەم پێاوێکی دڵسۆزو پاک بوو.
عەریف عەزیز، لە لایەن حزبەوە گومان لێکراو بوو، بەڵام کوڕەکەی بەدڵسۆزی هاتبوە ناو شۆڕش. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٤ عەریف عەزیز کوژرا.

قادر حەمەد بلەیی

من لە نزیکەوە قادر بلە ناناسم، ئەوەی لێرە دەینووسمەوە تەنها بۆ ئەوەی بتوانم تیشک بخەمە سەر گۆشەیەکی لاپەڕەی مێژووی کوردایەتی و تێکۆشەرانی.
جەلال ڕەشید، کە بەڕپرسی ڕێکخستنی شارۆچکەی هەریرو ئەندامی ناوچەی شەقڵاوە بوو، وە من بەڕپرسی ناوچەی شەقڵاوە

بووم، لە رێگای ڕاپۆرتەکانی ئەوەوە کە بەرزی دەکردەوە بۆ ئیمە، بەو شێوەیە باسی کاک قادر بلەی دەکرد: کە پێاوێکی تێگەیشتوو دڵسۆزی کوردستانە، وە باوەڕی بە حزبایەتی هەیە، وە لە «دۆڵی ئالانە« بیروباوەڕی حزبایەتی بڵاو دەکاتەوە. هەر بە هۆی چالاکیەکانی، پیاوەکانی حکومەتی عیراق لە شەقلاوە، خانوەکەیان سووتاندو زیانێکی مادی زۆریان پێ گەیاند.

قادر بلە، ئەندامی پارتی بوو، وە لە گەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول فەرمانی گرتنی لەلایەن حکومەتەوە بۆ دەردەچێت، بەڵام توانی ڕابکات و بگاتە ناوچە ئازادکراوەکان و دەست بە خەبات بکات، وەپەلێکی چەکدار لە سەر مەسرەفی خۆی دروست بکات. بەشداری شەڕی دژ بە سوپای عێراق کرد لە کاتی هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەی «گەلی عەلی بەگ» کە ئەو سەردەمە دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو لە ناو خەڵکدا.

عەلی شەعبان بەرپرسی سەربازی ناوچەی بێتواتە و دۆڵی بالیسان بوو، سەردەستەی مەفرەزەیەکی هەبوو ناوی جەعفەر بارزانی بوو، هەر چەندە خۆی شکاک بوو، بەڵام کاتی خۆی لە گەڵ مەلا مستەفا چووبوە یەکێتی سۆڤیەت بۆیە ئەو نازناوەی دابو بەخۆی.

لە نێوان جەعفەر و قادر بلەدا ناخۆشی و گرژی دروست دەبێت، کاتێک قادر بلەو جەلال ڕەشید، دەیانەوێت ڕێکخستنی حزب لە دۆڵی ئالانە دروست بکەن، جەعفەر ڕێگریان لێدەکات. جەعفەر، دەچێتە لای عەلی شەعبان، شکایەتیان لێدەکات و دەڵێ ئەو دوو کەسە دۆڵی ئالانەیان تێکداوەو خەریکی دروستکردنی ڕیکخستنی پارتین.

عەلی شەعبان لە قادر بلە تۆڕە دەبێت، وە دێتەخوارەوە بۆ گوندی «بناو» و بۆ نانی نیوەڕو میوانی مالّی مستەفا ئاغا دەبێت، وە دەنێری بەدوای قادر بلەدا لە گوندی «بلەی سەرو»، قادر، لە هۆکاری بانکردنەکە تێدەگات، بۆیە مەفرەزەیک لە خزمە چەکدارە

ئازاکانی خۆی پێکدەهێنێت، هەموشیان چەکدار بە تفەنگی برنو دەبن، تەنها ئەحمەدی برای قادر بلە چەکێکی ستێرلینگی لە دەست دەبێت، وە دەچێتە لای عەلی شەعبان لە گوندی بناو، کە دەگاتە گوندەکە چەکدارەکانی لە شوێنە ستراتیجیەکانی ناو گوند دابەش دەکات، تەنها ئەحمەدی برای لەگەڵ خۆی دەبات و لەبەر دەرگای ژوورەکەی ڕادەوەستێت.

کاتێک قادر، دەچێتە ژوورەوە ئەوان خەریکی نانخواردن دەبن، ئەویش سڵاو دەکات و دادەنیشی. کە لە نانخواردن تەواو دەبن، ڕوودەکاتە عەلی شەعبان و دەڵێ کاک عەلی بەدوای منت دا ناردبو، ئەویش دەڵێ ناوت چیە! دەڵێ، قادر بلە. گوایە عەلی شەعبان قسەی ناشیرینی پێ دەڵێت، قادر بلەش قسەکانی پێ دەڵێتەوە. عەلی شەعبان، دیەوێ بیگرێ و ئیهانەی بکات، بەڵام ئەحمەدی برای دێتە ژوورەوەو میلی تفەنگەکەی ڕادەکێشێت و دەنگیان دەدا کە هەرکەسێ ببزوێ دەکوژرێت، کە جەماعەتەکەی عەلی شەعبان لە ئامادەکاریەکانی قادر بلە تیدەگەن هێور دەبنەوە، هەروەها ریشسپیەکانی گوندەکەش دەکەونە نێوانیان و لێناگەڕێن کێشەکە لەوە گەورەتر بێت.

عەلی شەعبان دەگەڕێتەوە بۆ بێتواتە، لەوێ وەش بۆ لای مەلا مستەفا بۆ شکایەت کردن. قادر بلەش دەچێتە لای تەمری ئەحمەد شاباز کە باوکی دۆستێکی نزیکی مەلا مستەفا دەبێت، کە دەچن مام جەلال یش لەوێ دەبێت، هێشتان نێوان مەلا مستەفا و مام جەلال ناخۆشی تێ نەکەوتبو. مام جەلال و تەمر دەچنە لای مەلا مستەفا، ئەویش هەردوولا ئاشت دەکاتەوە. لە دوای دروست بونی دووبەرەکی لە ناو شۆڕشدا، پیاوەکانی عەلی شەعبان دەست بەسەر سەیارەیەکی لاندرۆڤەری ستێشن قادر بلە دادەگرن و دەیبەن بۆ عەلی شەعبان، بەڵام فارس باوە دەچێتە لای مەلا مستەفا و سەیارەکەی بۆ وەردەگرێتەوە.

لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کورێکی قادر بلە دەگرن بۆ ئەوەی قادر یارمەتی شۆڕش بدات، لەو کاتەدا من بۆ ئیش و کاری خۆم چووبومە «بالیسان» وە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە دانیشتبوم، کە زانیم ئێستا کوڕەکەی لای ئەوان دەستبەسەرە، بۆیە من بەسەرهاتی پێشمەرگایەتی قادر بلەم بۆ گێڕانەوە. سابیر ڕەسوڵ و برادەرانی تر کە گوێ بیستی قسەکانی من بون، زۆر دڵیان بە گێڕانەوەکەم خۆشبو، گوتیان زۆر سوپاس بۆ ئەو زانیاریانە، بەڕاستی ئێمە شتێکی ئەوتۆمان لە سەر خەباتی ئەو پێشوە نەدەزانی.

ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی

شەو کاتژمێر ٩ لە حوزیرانی ١٩٦٣، حاجیکی بەرگدروو هاتە لام لە بارەگا، وە داوای نامەیەکی لێکردم بۆ ئەوەی بچێتە لقی٢ لە گوندی قۆیتەراس، بۆ داواکردنی یارمەتی. ئێمە لەمەوپێش لە لایەن لقەوە ئاگادارکرابوینەوە کە پارەیان نیەو کەسیان بۆ نەنێرین بۆ یارمەتیدان. منیش بە حاجیم گوت: کە ناتوانم نامەی بدەمێ. بەڵام حاجی ئەوەندە پارایەوە، منیش لەڕووی مرۆڤایەتیەوە نەم توانی داواکەی ڕەتبکەمەوە و ناچار بووم نامەیەکی بۆ بنووسم، بۆ ئەوەی بەیانیەکەی بەرێ کەوێت بۆ لقی٢.

بەیانی کاتژمێری ٦ برادەرێک هاتە لام، من تازە لە خەو هەڵسابووم، دوای چاک و چۆنی برادەرەکە گوتی: کاک ئەحمەد حاجی فلانت نەدیتیە! گوتم ؛ دوێنی شەو هاتە لام و مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە. برادەرەکە زۆری پێ ناخۆش بوو عادز بوو، گوتم: باشە چی بووە! بۆ وا عادز بووی! گوتی: مەسەلەکە شەڕەفە و تەعەدای لە ژنێک کردوە، منیش دەستبەجێ مەفرەزەیەکم بە بەرپرسیاریەتی «زاهیر شەنگە« نارد بەرەو قەیتەراس بۆ ئەوەی لق٢ لە کردەوەکەی

حاجی ئاگادارێکەمەوە و بیگرن.
بەر لەوەی مەفرەزەکە بگات حاجی لق٢ بەجێهێشتبوو بەرەوە گوندی سماقولی سەروچاوە، وە دەچێتە مالی کێخوا عەزیز بەبێ ئەوەی بزانێت کە کێخوا عەزیز بە تاوانەکەی زانیوە. دوای بەخێر هێنان و نانخواردن، مام کێخوا لێی دەپرسێ کە لە کێوە دێو بۆ کوێ دەچی! حاجیش دەڵێ بریاری گواستنەوەم دەرچووە و دەچمە قەلادزێ بۆ لای حزبییەکان. مام کێخوا دەڵێت: سوپاس بۆ خوا وام زانی هاتوی بۆ لای من و خۆت هاوێشتوتە مالەکەم، وەدەڵێ: بیگرن، حاجی دەڵێ: بۆ چیی بووە! کێخوا: دەڵێ ژنێک لەسەر تۆ کوژراوە. حاجی دەڵێ: ئەگەر هەر دەمگرن مەبەنەوە هیران بۆ شوێنێکی تر بمبەن، کێخوا عەزیزیش دەینێریتە بێتواتە لای عەلی شەعبان و زیندانی دەکەن تاکو لێکۆڵینەوەی تەواو دەبێت، دوای ئەوە دادگا سزای کوشتنی بۆ دەردەکاو گولە باران دەکرێت.
کاتی خۆی باسی ئەوەم کرد کە پەیوەندی نێوان من و مام کێخوا عەزیز ساردی تێ کەوتبوو، لە سەر هەلوێست وەرگرتن لە مام حەمەد ئاغای مێرگەسوور. مام کێخوا دەیویست ئەو نامەیەی کە من دابومە حاجی بۆ یارمەتی وەرگرتن لە لقی٢، بکاتە بەڵگە و لە دژی من بەکاری بهێنێت لە لای موقەدەم عەزیز، وە زۆریشی هەوڵدا بەڵام موقەدەم عەزیز گوتبوی ئەوە گوناحی کاک ئەحمەد نیە، ئەوان وەک حزب مانگانە دەیان نامە دەدەنە خەڵکی بۆ یارمەتی، هەروەها کابرای تاوان باریش بەسزای خۆی گەیشتوە، ئیتر کێشەکە کۆتایی هاتووە.

چوونی موقەدەم عەزیز بۆ مەکتەبی سیاسی

لە ساڵی ١٩٦٣ بروسکەیەک لە مەکتەبی سیاسییەوە بۆ موقەدەم عزیز هات وە داوای لێکرا کە بچێتە مەکتەبی سیاسی بۆ کاری

پێویست. موقەدەم عەزیز گوتی: کاک ئەحمەد، حەز دەکەم تۆش بۆ ئەم سەفەرە لەگەڵم بێت ، منیش ڕەزامەندیم نیشاندا.
ڕۆژی دوایی بەڕێکەوتین بەرەو قەڵادزێ لەوێشەوە بۆ ماوەتان بە ڕێگای دەشتێوو گناو تاکو گەیشتینە دەو زێ، وە بە قایغ پەرینەوە (کە چەندین تەختەدار لە ١٥-٢٠ بەرمیلیک قایم کرابون، وە سیمێکی ئەستور لە ئەستونگەیەکی ئەوبەرو ئەوبەری ئاوەکە بەسترابۆوەو قایەغەکەش بە هۆی بەکرەیەکەوە لە سیمەکە بەسترابۆوە، وە بە فشاری شەپۆلی ئاوەکە قایەغەکە دەجولایەوەو بەکرەکەش دەخزی و دەچووە پێشەوە، وە لە هەر کاروانێکی پەرینەوەشدا ٢٠ کەسێکی دەپەڕاندەوە). دوای ئەوە بە چیایەکی سەخت سەرکەوتین، کە تەنها تولە ڕێیەکی هەبوو بۆ سەرکەوتن. بەهەر حاڵ بۆ دوای نیوەڕۆ گەیشتینە مەکتەبی سیاسی لە گوندی ژاژلەی سەر بە شارۆچکەی ماوەت. لە میوانخانەی مەکتەبی سیاسی دابەزین، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە دووڕەوە هاتە پێشوازیمان و چاک و چۆنیەکی گەرمی لەگەڵدا کردین، بە هۆی ئەوەی لەمەوپێش موقەدەم عەزیز لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی دلگیربوو، وە بۆ ئەوەی ئاشتی بکەنەوە و وەک ڕێزلێنانێک، ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد موقەدەم عەزیزی بردە لای خۆی. منیش لەمەوپێش «عەلی مام ڕەزام» دەناسی کە بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی بوو، شەو لای ئەو مامەوە. بە عەلی مام ڕەزام گوت: بەڵکو خواردنێکی باش بدەنە موقەدەم عەزیز، کاک عەلی گوتی: کاک ئەحمەد، لای ئێمە بەرنامە بۆ خواردنی ڕۆژانە هەیە، ئەمڕۆ لە بەختی ئێوە شلەساوەرمان هەیە، وە تەنها ڕۆژانی هەینی برنج و گۆشتمان هەیە.
مەکتەبی سیاسی زیندانێکی هەبوو بۆ تاوانباران، ئەو زیندانیانەی کە تاوانەکانیان سووک بوایە، ئیشیان پێ دەکردن. ئەو ئێوارەیە هەر زیندانێک قاپێک شلەساوەری بە دۆشاوی تەماتەیان وەرگرت لەگەڵ ١٥٠ گرام نان. دوو زیندانی خواردنیان بۆ ئێمە هێنا، یەکێکیان

گوتی: مامۆستا ئێوە لە کوێ هاتوون، منیش گوتم: خۆشناوەتی، زیندانیەکە گوتی: ئاخ بۆ خۆشناوەتی، گوتم: وادیارە خەڵکی خۆشناوەتی، گوتی: نا وەڵا خەڵکی گوندێکم نزیک خۆشناوەتی ناوی «کۆرەکی گەورە»یە، کە وای گوت بە بیرم هاتەوە کە لەکاتی خۆی عوسمان کۆرەکی لەگەڵ قادر شۆڕش دا هەوڵی زۆریان دابو بۆ ئازادکردنی ئەم پیاوە بەڵام ئەنجامی نەبوو.

گوتم: ناوت چیە و لەسەر چی گیراوی!

گوتی: ناوم مەجید حەمەد مستەفایە، تەنها ١٠ ڕۆژ بوو چەکم وەرگرتبوو کە گیرام.

گوتم: کەواتە ببویە جاش.

گوتی: وەڵاهی ڕاستە ببومە جاش.

گوتم: ئەی باشە ئێستا پەشیمان نی!

گوتی: بەری وەڵا تاکو بڵێی پەشیمانم، بەڵام چارەچیە...!

گوتم: ئەگەر بەڵێن بدەی جارێکیتر هەڵەی وا دووبارە نەکەیتەوە، ئەوە من هەوڵت بۆ دەدەم بەڵکو ئازاد بکرێت. کەوام گوت زۆر دڵخۆش بوو، گوتی: ئەگەر ئەم جارە ئازادم بکەن، بەژیانی خۆم هەڵەی واناکەمەوە.

دوای نانخواردن، چومە لای عەلی مام ڕەزا و باسی مەجیدم بۆ کرد، گوتی: کاک ئەحمەد، ئێمە زۆرمان پێ ناخۆشە کوڕە کوردێک زیندانی بکەین، وەمەمنون دەبین ئەگەر ئەو کەسە بتوانێ هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوەو تۆبە بکات، ئەگەر تۆش دەیناسی و دەبیە کەفیلی ئەوە من هەر ئێستا دەچمە لای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئازادکردنی.

کاک عەلی، چوو بۆ لای مامۆستا ئیبراهیم و پێی گوت: کاک ئەحمەد، دەبێت بە کەفیلی مەجید، مامۆستاش یەکسەر تەلەفۆنی بۆ موحسن دزەیی کرد کە دادوەری شۆڕش بوو لە ماوەت، پێی گوت زیندانی مەجید حەمەد شەش مانگە زیندانیە، ئێستا ئەو ڕ تاوانێکی لەسەرە!

موحسن دزەیی گوتی: تا ئێستا دوو جار نوسراومان بۆ لقی۲ ی هەولێر کردوە، ئەگەر داوایان لەسەر مەجید هەبێت، بەڵام وەڵامیان نەدایتەوە، وە ئێمە هیچمان لەسەری نیە.
مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: بڕۆن کەفالەتێکی بۆ بکەن و ئازادی بکەن، منیش کەفالەتنامەیکم نووسی و هەر خۆشم بوومە کەفیلی و ئازادکرا، وە لەکاتی گەڕانەوەشمدا لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە هیران.

ساختەچیەکی بێ ویژدان

لە ساڵی ١٩٦٣ پێاوێک فێربیو دەچوە لای کەس و کاری ئەو کەسانەی کە پێشمەرگەبوون، خۆێ دەناساندو دەیگوت من ئەحمەد بێکەس م، ئەگەر هەر شتێکتان هەبێت بۆ پێشمەرگەکەتان ئەوە دەیگەێنم، یان دەچووە ماڵێ پێشمەرگەکەو دەیگوت کورەکەتان یان مێردەکەت سڵاوتان لێ دەکات و داوای ئەوەندە پارەی کردوە، ئەوانیش ئەگەر پارەشێان نەبوایە، دەچوون قەرزیان دەکردو دەیاندایێ. دوای ئەوە پێشمەرگەکان دەهاتنە لام و دەیانگوت کاک ئەحمەد تۆ ئەمانەتێکت بۆ ئێمە هێناوە بەڵام بەدەستمان نەگەێشتوە. دوای ئەوەی پرسیارم سەبارەت بە کەسەکە لێ دەکردن، بۆیانم ڕوون دەکردەوە کەوا کەسێکی ساختەچی پەیدا بووەو خەریکی دەستبڕینی کەس و کاری پێشمەرگەیە بە ناوی من.
چەند نموونەیەکی ساختەچیاتی ئەو دەستبڕە: ڕۆژێکیان ئەمجەدی مستەفا فەندی لە هیران هاتە لام و گوتی: کاک ئەحمەد، کاتێک سەردانی هەولێرت کردبوو ڕادیۆیەک و ٨ دینارت لە ماڵی ئێمە وەرگرت بوو، بەڵام تا ئێستا بەدەستم نەگەێشتوە. کابرایەکی تر بە ناوی ئەنوەر گوتی من ئەسپێکم بە ڕێگای تۆ بۆ فەرهادی ئیبراهیم ئەفەندی ناردووە. لە هەمووی ناخۆشتر چووبوە ماڵی

پێشمەرگەیەکی زۆر هەژار کە شەهیدیش ببو، داوای پارەو گۆریەی لێ کردبوون، بەڵام ژنەکە هیچ پارەی نابێت دەچێت نیو دینار لە دراوسێیەکەین قەرز دەکات و لە گەڵ جوتێک گوریە، دەیداتە دەست کابرای ساختەچی. ئەوەی باش بوو کابرای ساختەچی، ج لە بەژن و بالا، یان ڕووخسار زۆر لە من جیاوازتر بوو، بۆیە خەڵکەکە یەکسەر دەیانزانی ئەوە من نیم.

دوای ئەوە زانیاری تەواوم کۆکردەوە، ئاشکرابوو ئەوە کەسێکە بە ناوی «ئەحمەد قیرژەیی» دانیشتوی خەڵکی گوندی «هەنارەیە» و زەلامێکی دڕێژەو کاتی خۆی دەموچاوی توشی نەخۆشی خوریکە بووەو شوێنەواری نەخۆشیەکەشی تا ئێستا بەدەموچاویەوە دیارە. بە حوکمی جەولەکانی من لە دێهات و سەردانی ناو شار بەنهێنی کە زۆربەی جار بە گوندی هەنارە دا هاتوچوم دەکرد، ئەو ساختەچییە من ناسیە، بۆیە دەرفەتی دەهێنا دەچووە ناو شارو دەستی کەس و کاری پێشمەرگەی دەبڕی.

من حەمەد ئاغای میرگەسوورو عەولا ئاغام لێ ئاگادارکردەوە وەدوای ئەوانیش موقەدەم عەزیز یشم لێ ئاگادارکردەوە، ئەوانیش بروسکەیان بۆ هەموو هێزەکانی ئەو ناوچیە کرد، بەمەبەستی دەستگیرکردنی، بەڵام تا ئەو کاتەی من لە ناوچەی خۆشناوەتی بووم دەستگیر نەکرابوو.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە دوای ٣٤ سال، کاتێک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕێگای سوپای صدام حسین لە ٣١ ئاب دا هەوڵێری گرتەوە، ڕۆژێکیان دوو چەکداری پارتی، حوسێن ی برامیان بەزەبری چەک لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، لە دەرگای ماڵەکەی منیان دا، کاتێک دەرگام کردووە، گوتم: فەرموون چیتان دەوێت! گوتیان تۆ کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٦٥ جەلالی بوی و تفەنگێکی ئێمەت بردووە، گوتم: من تفەنگی ئێوەم بردوە! گوتیان :بەڵێ، گوتم: وەرنە ژوورەوە، هاتنە ژوورەو

دانیشتن. گوتم ئێوە ئەو کەسە دەناسن کە تفەنگی ئێوە بردوە! گوتیان: بەڵێ، گوتم: باشە باسی کابرام بۆ بکەن، ڕەنگ و ڕووی، بەژن و بالای! گوتیان: بالای بەرزەو دەموچاوی توشی نەخۆشی خوریکە بوە، گوتم: ئەوەی ئێوە وەسفتان کرد هیچی لە من دەچێت! گوتیان: وەلا نازانین، گوتم: ئەوە، ئەو سەردەمە پێاوخراپێک هەبوو، بە ناوی من دەیان کاری خراپی کردوە، وە ناوی ئەحمەد قیرژەییە، ئیستا لە گەڕەکی «بەستەپیازە« دوکانی هەیە، ئەو تفەنگەکەی ئێوەی بردوە، نەک من. ئیتر قەناعەتیان هێناو ڕۆیشتن، بەڵام نازانم لە گەڵ کابرای ساختەچیی چیانکردەوە.

سەڵەڕێکی ناوچەی مەنتکان

لە ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نووسراوێک ئاگادارکراینەوە کە لە کاتی دیاریکراودا لە گوندی پەلکانەی ناوچەی مەنتکان بۆ کاری پێویست ئامادەبین. ئێمەی ئەندامانی ناوچە لە هیران کەسمان شارەزای ناوچەی مەنتکان نەبووین. بۆیە برادەرێک «فەقێ خدری مەنتیکیان» بۆ دەستنیشان کردین وەک چاوساغ لەگەڵم بێت. ناردم بە دوای فەقێ خدر و پرسیارم لێکرد ئەگەر شارەزایەو دەتوانی یارمەتیم بدات! گوتی: بەڵێ شارەزامەو گوندی پەلکانە هی سەیدەکانەو دەکەوێتە دەو شەرغەو لە نزیک گوندی قەشقەو خورخورە، وە بەچاوان دەتوانم لە گەڵت بێم. گوتم باشە، کەواتە بەیانی کاتژمێر ٧ ی بەیانی دەکەوینە ڕێگا.

بەیانی لە کاتیی دیاریکراودا کەوتینە ڕێگا بەرەو ناو مەنتکان. وە بەڕێگای کرۆژو جەلیدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە دەو ئاوەکەی کرۆژ، کە ئاوێکی بەخورو فێنک بوو، ئاوەکە ڕەنگی سپی بوو لە ماستاو دەچوو هەمووی گۆگردە ئاوبوو، وە ئاشگێڕیک دەبوو، وە لە ناو

زورگەکانی بەرامبەر کرۆژ دەهاتە دەرەوە، وە بەهۆی فێنیکی دەو ئاوەکە، ٤-٥ پیستە پەنیری مەنتکانی لێ حەشاردرابو بۆ زستان. لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکە ئەو شوێنەیان بە پیرۆز دەزانی کەس پیستە پەنیرەکانی نەدەدزی، وە لە لایەن خاوەن پیستە پەنیرەکانەوە رێگا درابوو بە هەر رێبوارێک کە لێی بخوات. ئێمە نزیکە کاتژمێرێک لەوێ حەساینەوە دوای ئەوە کەوتینەوە رێگاو بەرەو گوندی «گۆمەشین» کە گەیشتینە گوند میوانی ماڵە جوتیارێک بوین، ماڵە جوتیارەکە ویستیان بۆ ئێوارە خواردنی پڵاوساوارمان بۆ ئامادەبکەن، بەڵام من داوام لێکردن کە نان و دۆیەکمان بدەنێ، چونکە زۆر تامەزرۆی دۆو ماستاو بووین، وە ئەم ناوچەیەش بە بەرهەمی ماست و دۆ بەناوبانگە، دوای خواردنی نان و ماست ودۆ و کەمێک حەسانەوە، دنیا تاریک داهاتو ئێمەش خەوتین. بەیانی بەرێکەوتین بەرەو گوندەکانی باییزئاغاو جل بەسەر، لە رێگا بیستمان کە هێزەکانی حکومەتی بەعس کە پێکهاتبو لە سوپاو حەرەس قەومی و جاش پەلاماری گوندی «پەلکانە»و دەوروبەریان داوەو پێشمەرگەش لێیان هاتۆتە دەست و شەڕێکی قورسە لە نێوان هەردووڵادا. ئێمە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن وەکاتێک لە گوندی «بەردی سپی» نزیک بوینەوە، دەنگیان داین و گوتیان ئێوە کێن! منیش گوتم: خۆمانین، یەکێک گوتی: کاک ئەحمەد ئەوە تۆیی، گوتم بەڵێ، هێشتان لێیان دوورنبوین گوتم ئەی ئەتۆ کێی! گوتی من «عەلی دکتاریوفم»، کەوای گوت من ناسیم و گوتم: کاک عەلی ئەوە چ دەکەیت لێرە! گوتی لەشەڕ بووین و هێزی پێشمەرگە توشی شکست بوو و پاشەکشەمان کرد. دایکم و داپیرم بەدوای هەواڵی مندا هاتون بۆیە نەم توانی بەجێیان بهێڵم، بەڵام بەیانی ئەڕۆم. منیش شەو لەگەڵ ئەوان لەدەرەوەی گوند مامەوە بەبێ ئەوەی هیچ پێخەفێکمان هەبێت و لەسەر زەویەکە ڕاکشاین، بەڵام لەبەر زۆری ئێشوئە، شەو خەوم لێ نەکەوت هەر چەندە جامانەکانمان بەخۆدا

دابو بەڵام سوودی نەبوو. پێش ڕۆژ هەڵات بە کاتژمێرێک گوێمان لە گڕەگڕی ماشینێک بوو، عەلی دکتاریۆف گوتی: هەڵسن بابڕۆین بەڵکو فریای ئەو ماشینە بکەوین کە لە ناو بەستەکە ئەڕۆیشت، بەروەو ڕوی ماشینەکە ڕۆیشتین، کە گەیشتە نزیک ئێمە وەستاو شوفێرەکە هاتە خوارەوە کە دیقەتم دا ناسیمەوە کە برادەرێکی خۆمەو کاتی خۆی لە کۆمپانیای دەربەندیخان کاریدەکرد ناوی «موحەمەد بەربەیاد» بوو، کە چاوی بەمن کەوت، گوتی: کوڕە کاک ئەحمەد ئەوە تۆ هەرماوی! گوتم: بەڵێ هەر ماوم، گوتی: ئەی ئەوە چی دەکەیت لێرە! گوتم: خەریکی کوردایەتیم و بەکاروباری حزب هاتومەتە ئێرەو توشی ئەو هەراوهۆریایە ئێرە هاتوم. گوتی: باشە بۆ کوێ دەچی! گوتم: بۆ لای برادەرانی لقی دووی پارتی دەچم. گوتی: وەرن سواربن، ئێمەش لە گەڵی سواربووین و بەرەو گوندی «بانی بوردە« کەوتینە ڕێگا.

ئەگزۆزی ماشینەکە شکابو و لە زەویەکەی دەداو دەخشی وەدەنگێکی گەورەیی لێدەهات، ئێمە لە ناو بەستەکە دەڕۆیشتین جێگای ئێمە قوڵ بووو کەس ئێمە نەدەدیت تا نەگەیشتباینە گوندەکە. هەستم کرد کە ئێستا خەڵکی گوند گویان لەو دەنگەدەنگەیەو وادەزانن ئەوە دەنگی دەبابەی سوپای عێراقە، بۆیە زوو لەگەڵ برادەرێکی تر دابەزین و بەپێ سەرکەوتین و بەرەو گوندەکە چوین، گوتمان نەبادا تەقەمان لێبکەن، کە نزیک بووینەوە دەنگمان دان کە خۆمانین و تەقە نەکەن. چۆن مەزەندەمان کردبو ئەوها دەرچوو، خەڵکی گوندی بە ژن و منداڵ و پیاو بەرەو بەرزایەکان دەڕۆیشتن، پێمان گوتن ئەوە ماشینەو ئەگزۆزەکەی شکایە، ئیتر خەڵکەکە گەڕانەوە بۆ ناو گوند.

پرسیاری برادەرانی لقمان کرد، گوتیان: لەگەڵ پێشمەرگەکان لەودیوی ئاوایین، کە چووین دیتم وەزعیان زۆر خراپ بوو، دوای چاک چۆنی وە لەگەڵیان دانیشتم و ئیشوو کارەکانی حزبمان

تەواوکرد.
دوای تەواوکردنی کاروبارەکانمان بەرێ کەوتین بەرەو خۆشناوەتی، وە لە رێگادا لامانداید گوندیک بۆ حەسانەوە. «ڕەشید ئاغای عەلی مەحمودی کاکەخان» لە گەڵ حسامی برای لە گوندەکانی ئەو دەوروبەرە دەسورانەوە، کە بیستبویان ئێمە لێرەیەن، هاتنە لامان، دوای چاک و چۆنی، ڕەشید گوتی: کاک ئەحمەد ئێمە حەزدەکەین بێن بۆلای خۆشناوەتی، ڕەئیت چییە! گوتم: هەر کاتێک دێن بەخێر بێن، ئێمەش پێمان خۆشە، بەڵام دوای ئەوە نەهاتنەوە. منیش لەگەڵ فەقێ خدر کە لەم سەفەرە بۆم دەرکەوت پیاوێکی دنیا دیدەو قسەخۆشە، گەڕاینەوە بەرەو هیران.

ڕێککەوتنی مەلا مستەفا و موشیر عارف

لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ڕێککەوتنێک لە نێوان مەلا مستەفای ڕەحمەتی و سەرۆک کۆماری عێراق موشیر عەبدولسەلام عارف ئەنجامدرا بە بێ ئەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی ئاگاداری هیچ شتێک بێت سەبارەت بەو ڕێککەوتنە. ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە بە زمانی عەرەبی لە ئێستگەی ڕادیوی بەغدا خوێندرایەوە، ئەمەش دەقی ڕاگەیاندنەکەیە بە زمانی عەرەبی:

«بیان»

بناءا على مقتضيات المصلحة العامة والاستجابة لاخواننا الاكراد كما جاء من نداء الملا مصطفى البارزانى ورغبة من في اعادة الحياة الطبيعية الى الجزء الشمالي من وطننا الحبيب وقمع المحاولات الاستعمارية واذنابه، وتلبية لمصلحة الوطن العليا قررنا:

١- اقرار الحقوق لاخواننا الاكراد ضمن العراق من وحدة وطنية واحدة متآخية وتثبيت ذلك في الدستور المؤقت.

٢- اطلاق سراح المعتقلين والمحتجزين والمحكومين بسبب حوادث الشمال واصدار العفو العام.
٣- رفع الحجز عن الاموال المنقولة عن الاشخاص الذينسبق حجز اموالهم واعادن الادارة المحلية الى المناطق الشمالية.
٤- اعادة الموظفين المستخدمين الى وظائفهم.
٥- رفع القيود المفروضة على تسويق المواد المعاشية وعلى اختلافها.
٦- الشروع باعادة تعمير المنطقة الشمالية فورا وتسهيل اللجان المختلفة لتذليل الصعوبات التي تعترضها بالاعمال الروتينية مع ملاحظات.
٧- تعويض المتضررين اصحاب الاراضي الذين غمرت اراضيهم من جراء سد دوكان و دربنديخان تعويضا عادلا.
٨- تتخذ التدابير بما يضمن اعادة الامن والاستقرار.
٩- على كافة الوزارات ذات العلاقة اصدار المراسم والاوامر والتعليمات المقتضية والتنفيذ ماجاء في البيان.

التوقيع
عبدالسلام عارف
رئيس الجمهورية

هەروەها ئیستگەی رادیۆی بەغدا دەقی ڕاگەیاندنەکەی مەلا مستەفای بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە:
واذاع السيد مصطفى البارزانى البيان التالي:
تلبية لرغبة السيد رئيس الجمهورية بالمحافظة على وحدة الصف الوطني وحقن الدماء البريئة وانهاء اقتتال الاخوة واثبات حسن النية عند السلطة الحاكمة، قررنا المبادرة الى ايقاف اطلاق النار والطلب الى اخوانى العودة الى محلات سكناهم والانصراف الى اعمالهم

الحرة الكريمة وبهذا يفسح المجال للسلطة الوطنية للمبادرة الى اتخاذ الخطوات الكفيلة باعادة الحياة الطبيعية والامن والاستقرار الى المنطقة وانتهاز الفرصة واقرار الحقوق القومية للمواطنين الاكراد ضمن الشعب العراقي في وحدة وطنية واحدة وارساء الاخوة العربية الكردية على ( ) القوعد بما يخونها من الوطن ويحصنها من دسائس المستعمرين والمتصيدين والطامعين وليعلم الجميع ان سيادة القانون وتأمين الامن والنظام كفيل بحل كل معضلة مهما كانت مستعصية فليسدد الله خطى المخلصين ويكلل جهودهم بالنجاح فيما يريدونه للشعب والوطن من وحدة وسؤدد وازدهار والله من وراء القصد.

توقيع

البارزاني مصطفى

کۆنفرانسی ماوەت

کە مەکتەبی سیاسی گوێبیستی بەیاننامەکەی حکومەتی عێراقی و مەلا مستەفا بوون، تۆشی سەرسوڕمان بوون، چونکە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەو ڕێککەوتنە ئاگادار نەکرابونەوە. ئیبراهیم ئەحمەدو نوری شاوەیس لە کۆنفرانسی ماوەت بەو شێوەیە باسیان لە بەیاننامەکە کرد:

ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: کاتێک هەواڵی ڕێککەوتنەکەمان بیست، ئێمە وەک مەکتەبی سیاسی بڕیارماندا کۆنفرانسێک ببەستین و قسەی لەسەر بکەین و بتوانین بڕیاری لەسەر بدەین.

ئەوەبوو لە ڕێککەوتی ١٩٦٤/٤/٤ لە ماوەت کۆنفرانس بەسترا، کە بە کۆنفرانسی ماوەت ناسراوە. سەرەتا مامۆستا «ئیبراهیم ئەحمەد» سەبارەت بە گفتوگۆی نێوان مەلا مستەفا و سەرۆک وەزیرانی عێراق تاهیر یەحیا قسەی کرد، دوای ئەوە باسی ڕێککەوتننامەکەی کردو گوتی: لەڕێککەوتننامەی هیچ مافێکی سیاسی بۆ کورد دەستەبەر

نەکراوە، تەنها قسەی گشتی و ئیعلامی سەر کاغەزە، چونکە هیچ زەمانەتێکی تێدا نیە کە مافی کورد بپارێزرێت.
دوای ئەو «نوری شاوەیس» باسی ڕێککەوتننامەکەی کردو گوتی: ئێمە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسین لە خەڵکمان زانیوە کە لە شارۆچکەی «ڕانیە« گفتوگۆ هەیە. کاتێک ئەو هەواڵم بیست پەیوەندیم بە «جەلال تالەبانی»یەوە کردو گوتم بیستومە لە ڕانیە مفاوەزاتە، تۆ هیچ بیستوە! گوتی بەڵێ منیش لە خەڵکم بیستوە گوایە گفتوگۆ هەیە لە نێوان بەغداو مەلا مستەفادا. گوتم باشە نەچینە لای ڕانیە بۆ ئەوەی بزانین ئەو مفاوەزاتە چیە! جەلال، گوتی: دەچین بابچین. نوری شاوەیس گوتی: لەگەڵ مام جەلال ڕۆیشتین بەرەو ڕانیە، وەدیمان مەلا مستەفا لەسەر ڕێگای سولەیمانی ڕاوەستاوەو چاوەڕوانە. گوتمان: ئەزبەنی، خێرە لێرە ڕاوەستاوی! گوتی: حکومەتی عێراق داوای مفاوەزات دەکات وە بڕیاریداوە وەفد بنێری، ئێمەش چاوەڕێی وەفدەکە دەکەین بۆ پێشوازی.
کاک نوری گوتی: پێم گوت، سەرۆک وەفدەکە کێیە کە دێت! مەلا مستەفا گوتی: وەزیری ئەوقافە. منیش گوتم: مادام وەزیری ئاوقاف دێت تۆ بۆ هاتوی بۆ پێشوازی! تۆ کاتێک سەرۆک کۆمار دێت وەرە بۆ پێشوازی، ئەندامێکی لێژنە مەرکەزی با بێت بۆ پێشوازی وەزیری ئاوقاف. نوری شاوەیس گوتی: بارزانی گوتی، قەیدی نیە، خۆم حەز دەکەم پێشوازی لێ بکەم. ئێمەش ناچاربوین لەگەڵی ڕاوەستین، ئەوەندەی پێ نەچو، دیتمان مودیری ئاوقافی سولیمانی لە جیاتی وەزیری ئاوقاف گەیشت.
دوای سڵاوکردن، مودیری ئاوقاف بە مەلا مستەفای گوت: سیادەتی موحافزی (پارێزگار) سولەیمانی سڵاوو ڕێزی هەیە بۆتان و دەڵێ، بەڕێز وەزیری ئاوقاف نەی توانی بێت بۆ لاتان، بەڵام من خۆم بەیانی دێم بۆ لاتان.
مەلا مستەفا بۆ بەیانی دیسان چوە سەر ڕێگای سولەیمانی،

ئێمەش لەگەڵی چوینە پێشوازی. پاش ماوەیەک پاریزگار (مەحمود عەبدوالرەزاق) گەیشت وە شێخ ئەحمەدی بارزانیشی لە گەڵ خۆیدا هێنابو بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر مەلا مستەفا. دوای چاک و چۆنی بەرێککەوتین بەرەو شوێنی دیاریکراوی دیدارەکە کە بارەگای بارزانی بوو. دوای گەیشتن دەست کرا بە گفتوگۆ. کاک نوری گوتی: ئەو ژوورەی ئێمەی لێبوو گوایە تەرخان کرابوو بۆ گفتوگۆ، بەڵام جمەی دەهات لە دانیشتوانی ناوچەکە، زۆربەیان کێشەو داواکاری تایبەتی خۆیان هەبوو باسیان لێدەکرد، یەکێک دەیگوت زەویەکانم بەر ئاوی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان کەوتوەو داوای تەعویزی دەکرد لە حکومەت، یەکێکیتر ئەی گوت: تۆتنەکەم فەحس نەکراوەو ئەمەوی بۆمی فەحس بکەن، تاکو مام جەلال خۆی لێیان تورەکردو گوتی: ئەو داواکاریانەی ئێوە هەمووی پەیوەندی بە حکومەتی مەحلیەوە (خۆجێی) هەیە، کە حوکمی زاتی وەرگیرا ئەو داواکاریانەی ئیوە هەموو جێبەجێ دەکرێت. نوری شاوەیس گوتی: خەڵکەکە تارادەیەک بێ دەنگ بوون و منیش بە بارزانیم گوت: ئەم ژوورە لە هی گفتوگۆ ناچێت لە دیوەخانەی ئاغایەک دەچێت، با بچینە ژوورێک حەرەسی لەبەردەرگا بێت بۆ ئەوەی کەس نەێتە ژوورەوە، وەجەنابیشت ئەو کەسانە دەستنیشان بکە بۆ گفتوگۆیەکە کە خۆت دەتەوێ. مەلا مستەفا ژوورێکی دیاریکردو خۆی و پارێزگار چوونە ژوورەوەو بە من و جەلالیشی گوت، ئێوەش وەرن. زۆری پێ نەچو شێخ ئەحمەدی یش هاتە ژوورەوە، دوای ئەو هەر یەک لە هەباس ئاغای سەرکەپکان، سمایلی سوار ئاغا و شێخ حوسێن بۆسکێنی و ئیتر پڕبوو لە ئاغاوات.

دەستکرا بە گفتوگۆ، ئێمەش لەگەڵ «جەلال»ە کەتینە قسەکردن لەگەڵ پاریزگار سەبارەت بە حوکمی زاتی (خودموختاری) بۆ کوردستان و دیموکراتیەت بۆ عێراق، پاریزگار دەیویست ئێمە لەو

بابەتە دوورودرێژەکە، وە لەئەنجامدا لەگەڵ مام جەلال تێکگیران لەسەر دەستەواژەی حوکمی زاتی و دیموکراتیەت. پارێزگار هەڵچوو توڕە بوو بە مام جەلالی گوت: (انت، شنو مچلب بالدیمقراطیة خ..... بالدیمقراطیة. تۆ، بۆ هەر باسی دیموکراتیت دەکەیت گ.....بە دیموکراتیەت). مام جەلال توڕە بوو بە پاریزگاری گوت.. اتحداک.. اتحداک .. اسحب کلامک! نوری شاوەیس گوتی: پارێزگار، بە مام جەلالی گوت: (اگلک کلمة وحدة، نحن و ویا سیادة بارزانی متفقین، انت لاتسیر سبب الاقتتال. من یەک قسەت پێ دەڵێم، ئێمەو جەنابی بارزانی رێککەوتوین، تۆ مەبە هۆی شەڕکردن). مام جەلال گوتی: ئێوە ریککەوتن لەگ بارزانیە! پارێزگار گوتی: بەڵێ، مام جەلال گوتی: ئێمە بەبێ وەرگرتنی حوکمی زاتی رێککەوتنەکەی ئێوە پەسند ناکەین. پارێزگار گوتی: تۆ وەک شۆڕشگێرێک بەردەوام بە. مام جەلال گوتی: پەنا بەخوا ئێمەو هەموو حزب بەردەوام دەبین لە خەبات تا حوکمی زاتی بۆ کوردستان وەردەگرین. نوری شاوەیس گوتی: دوای ئەوە مام جەلال هەڵساوەو تۆقەیەکی لە گەڵ پارێزگار کردو گوتی: خێرێ لێ ببینن، وەئێمە چوینە دەرەوەو کۆبونەوەکەمان بەجێهێشت، وە مەلا مستەفا هیچ قسەیەکی نەکرد نە لە کاتی گفتوگۆکەمان و نە لە چوونە دەرەوەمان، وە ئیمەش گەیشتینە قەناعەت کە رێککەوتنەکە تەنها لەگەڵ مەلا مستەفایە.

دوای نوری شاوەیس، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە سکرتێری حزب بوو کەوتە قسەکردن و گوتی: ئێمە سێ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، من و عومەر دەبابەو سەید عەزیزی شەمزینی بەسەردان لە دەرەوەی وڵات بووین بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد بە دنیا بناسێنین و کۆمەکی بۆ کۆبکەینەوە، کاتێک لە ئیتالیا بووین و نزیکەی دەهەزار دیناریکمان لە پارت و رێکخراوەکانی ئەوێ کۆکردبۆوە بۆ شۆڕش، لە هەمان کاتدا داوای قیزەی ئەمریکامان کردبوو، بەڵام مانگێک بەسەر داوانامەکەمان تێپەڕی کردبوو،

هیچ وەلامێک نەبوو. ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە چوینە لای سەفیر ئەمریکی، پێی گوتین ئێمە داوای هەر ڤیزەیێک بە ماوەی هەفتەیک دەگەڕێتەوە بە بوون یان نەبوون، بەڵام وادیارە ئێوە خەڵکانێک هەنە رکابەری ئێوەن و بەربەستان بۆ دروست دەکەن.

ئەو قسەیە زۆر ڕاست بوو، چونکە ئێمە هێشتا لە ئیتالیا بووین کە لە ئیستگەی رادیۆی بەغدامان بیست، گفتوگۆ هەیە لە نێوان حکومەتی عێراق و مەلا مستەفادا، گوتی: سەیرە سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئاگاداری هیچ شتێک نین و هیچ پرسێکیشمان پێ نەکراوە، بۆیە بە پەلەپەل گەڕاینەوە بۆ کوردستان و دەستبەجێ چوینە لای مەلا مستەفاو پیمان گوت: بیستومانە گفتوگۆت هەیە لەگەڵ حکومەت! بارزانی گوتی: بەڵێ، گوتمان: ئەی چۆنە! گوتی، ئێمە شەڕ ڕادەگرین و حکومەتیش حەقی کوردان دەدات، وە دەتوانی بەیاننامەکە بخوێنیتەوە. گوتم باشە هیچ زەمانەتێک هەیە بۆ ئەوەی میللەتەکەمانی پێ بپارێزین! وەئەگەر ئەو هێزی چەکدارەی هەیتمان بڵاوەی پێ بکەینەوە میللەتەکەمان ترسی لە ناوچونی دەکەوێتە سەر. مەلا مستەفا گوتی: ئیبراهیم ئەحمەد، پێشمەرگە ماندیە و هیلاکە و پارە نیە، تۆ هەتە مانگێ ٢ ملیۆن دینارم بدەیێ! بێ پارە شەڕ ناکرێت. گوتی پێم گوت، ئەوە ئێمە چوار ساڵە بەبێ پارە شەڕ دەکەین وە تەنها پشتمان بە میللەتەکەی خۆمان بەستوە. ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: بەهەر حاڵ توانیمان بارزانی رازی بکەین کە بیرخەرەوەیکی تر بنووسین کە داواکاریەکانمان باشتر بێت، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت زەمانەتێک مسۆگەر بکەین بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژدا تێدا نەچین. گوتی، شەو تا بەیانی نەخەوتین بۆ نووسینەوەی بیرخەرەوەکە، وە ئەگەر ئێستا ناوەڕۆکەکەتان بۆ بخوێنمەوە ئەوە ئێوە بەو مافەی تێیداهاتوە ڕازی نابن. دوای ئەوەی ئێمە بارزانیمان بەجێهێشت و چووین بۆ نووسینی بیرخەرەوەکە، عەقید «کافی نەبەوی» چووبوە لای و پەشیمانی کردبۆوەو پێی گوتبو، تۆ لەگەڵ

حکومەت رێککەوتوی چۆن پەشیمان دەبیەوە.
بەیانی بیرخەرەوەکەمان بردو چوینە لای مەلا مستەفا بۆ ئیمزا کردن، گوتی، من ئیمزای ناکەم، وەعدم بە حکومەتی عێراق داوەو پەشیمان نابمەوەو ئیمزای ناکەم. ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: پێم گوت، باشە هیچ مانعێکت هەیە ئەگەر ئیمە بیبەین بۆ بەغدا! بارزانی گوتی: نەخێر. ئیمەش بیرخەرەوەکەمان لە گەل سەیدا «سالح یوسفی» نارد بۆ بەغداو دایە دەست سەرۆک وەزیرانی عێراق تاهیر یەحیا، دوای ئەوەی خوێندیەوە، تاهیر یەحیا سەرێکی باداو گوتی: ئێوە بۆ دەبنە هۆی شەڕو کوشتنی خەڵک! ئیوە بڕۆن من دوای وەڵامتان ئەدەمەوە. ئەوە بوو سەیدا سالح یوسفی و وەفدەکەی گەڕانەوەو تاکو ئێستاش وەڵاممان وەرنەگرتۆتەوە.
سەیدا سالح یوسفی، بە هۆی نەخۆشی نەیتوانی بەشداری کۆنفرانس بێت، بەڵام نامەیەکی ئاراستەی بەشداربوانی کۆنگرە کردبوو. وە نامەکە بۆ ئامادەبوان خوێندرایەوەو کە نووسیبوی ئیبراهیم ئەحمەد وەکیلی منە و هەر قسەیەک ئەو بیکات ئەوە قسەی منە.

کاردانەوەی مەلا مستەفا بەرامبەر بە کۆنفرانس

لە کاتێکدا هێشتا کۆنفرانس کۆتایی پێ نەهاتبوو، وە ئەندامانی کۆنفرانس خەریکی هەڵسەنگاندنی گفتوگۆ بوون، مەلا مستەفا وەک کاردانەوەیەک چەند فەرمانێکی سەربازی دەرکرد، ئەمەش دەقکەیتی:
١- بڕیارماندا بە لێبوردنی جەلال تاڵەبانی لە فەرماندەیی هێزی ڕزگاری و دانانی تەها بامەرنی وەک جێگرەوەی.
٢- بڕیارماند بە لێبوردنی عومەر موستەفا ناسراو بە عومەر

دەبابە لە فەرماندەیی هێزی کاوە و دانانی موقەدەم عەزیز ڕەشید عەقراوی بە جێگرەوەی.
٣- بڕیارماندا بە لێبوردنی عەلی عەسکەری لە فەرماندەیی هێزی خەبات و دانانی عەقید نوری مەعروف بە جێگرەوەی.
پێویستە لە سەرکەسانی پەیوەندیدار ئەم بڕیارانە جێبەجێ بکەن.

بارزانی مستەفا
فەرماندەی هێزی چەکداری کوردستان
١٩٦٤/٤/٣

بە بیستنی ئەو بڕیارانەی مەلا مستەفا، ئەندامانی کۆنفرانس لە ١٩٦٤/٤/٤ بە زۆرینەی دەنگ و وەک کاردانەوەیەک دژ بە بڕیارەکانی مەلا مستەفا بڕیاریاندا بە لێبوردنی مەلا مستەفا لە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان. بەو بڕیارەش پارتی بە ڕێکخستن و پێشمەرگەوە بە تەواوەتی دابەش بوون بە سەر هەردوو بەرەی مەلا مستەفاو بەرەی مەکتەبی سیاسی، ئا لێرەوە دەستەواژەی مەلای و جەلالی دروست بوو، لە ناو ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی مام جەلال لە هەموویان چالاکتر بوو بۆیە باڵەکە بە ناوی ئەوەوە ناسرا.
عەلی عەبدوڵڵا ئامادەی کۆنفرانس بوو، ئەرکی بەرێوەبردنی دانیشتنەکانی پێ سپێردرا، وە لە زۆر بابەت کە پێویستی بە هەڵوێست و ڕادەربڕین هەبوو خۆی دوور ڕادەگرت. هاشم عەقراوی نەهات بۆ کۆنفرانس. هەروەها وەک ئاماژەم پێدا سەیدا سالح یوسفی پش نەهاتە کۆنفرانس.
دوای ٤ ڕۆژ کۆنفرانس (٤/٤ تاکو ١٩٦٤/٤/٨) بە چەندین بڕیارو ڕێنمایی کۆتایی بە کارەکانی هێنا، ئەندامانی کۆنفرانس هەر کەسە گەڕایەوە بەرەو شوێنی کاکردنیان، ئێمەی شاندی پارێزگای هەولێر

لە بەر ئەوەی گفتوگۆ هەبوو لە نێوان بارزانی و حکومەت بە ئوتۆمۆبیل بە ڕێگای دوکان دا گەڕاینەوە، وە لە سەر داوای کاک «کەمال محی الدین» نانی نیوەڕۆمان لە مالی ئەوان لە شاری کۆیە خوارد.

پەلاماری بنکەکانی ڕێکخستن

دوای نیوەڕۆ، ئێمە گەڕاینەوە بنکەی حاجی قادر و قۆیتەراس وە بۆ خەوتن شەو لە قۆیتەراس ماینەوە لای برادەرانی ڕێکخستنی لقی۲ میوان بووین. پێشمەرگەکانی لقی۲ لە بنکەی حاجی قادر بوون وە سەرلقکەی «مەلا غەریب شەقلاوەیی» بوو، هێزەکە خۆی لە ژێر فەرماندەی لق و ڕێکخستن بوون. بەڵام لە لایەن بارەگای مەلامستەفاوە فەرمانیان پێکرابو کە شەو لە گەڵ ٣٠-٤٠ چەکدارێک بە سەرپەرشتی «عەلی شکاک» کە ناسراو بوو بە عەلی بارزانی، پەلاماری ڕێکخستنی قۆیتەراس بدەن و چەکیان بکەن. ئەوەبوو هاتنە سەر ڕێکخستن و ٢-٣ تفەنگی بێکەڵکیان هەبوو و بردیان، کەواتە ڕێکخستنی لقی۲ ی قۆیتەراس چەک کرا. ئێمە زۆر هەوڵماندا کە چەکەکان نەبن بەڵام هیچ سوودی نەبوو، وێستیان جەمال تاهیر بگرن بەڵام جەمال توانی خۆی دەرباز بکات. من شەوم لەوێ بەسەربرد، هەر چەندە بۆ ئێمەی ئەندامان و بەرپرسانی ڕێکخستنی حزب ڕەوشەکە زۆر خراپ و مەترسیدار بو، بە تایبەت بۆ من کە «موقەدەم عەزیز» لە هیران بوو دژایەتیەکی تەواوی ئەندامانی حزبی دەکرد، (موقەدەم عەزیز وا تێگەیشت بوو کە دەبێ ڕێکخستنەکانی حزب تەنها لەو شوێنانە هەبێت کە لە ژێر دەسەڵاتی دوژمن دایە، وە هەر شوێنێک ڕزگارکرا ئەوە دەبێ حزب خۆی حەل بکات و تەنها هێزی پێشمەرگە دەسەڵاتی هەبێت)، ئەوەش بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئێمەی ئەندامانی حزب بوو. بەڵام بەیانی

گەرامەوە ناحیەی هیران کە بارەگای ناوچەی لێ بوو، هەروەها «ئەحمەد شەریف» یش بەرەو گوندی شاخەپیسکە گەڕایەوە کە بارەگای ناوچەی هەولێر لێ بوو.
ئیوارە کە گەیشتم هەر ئەو شەوە لێژنەی ناوچەم کۆکردەوەو لە بارەی بڕیارەکانی کۆنفرانس و رووداوەکان قسەم بۆ کردن، هەروەها ئاگادارم کردنەوە کە ئالوگۆر بەسەر بەرپرسی ناوچەکان و کادیرەکان دا دەکرێت، وە پێم گوتن کە من بڕیاری گواستنەوەم بۆ هەولێر دەرچووە وە لە شوێنی من «سەعید قادر» کە کارگێڕی ناوچە و یاریدەدەری منە بەرپرسیارەتی بە شێوەیەکی کاتی وەردەگرێت تاکو حزب بەرپرسێک دەنێرێت، وە هەر لەوێ دەورو تەسلیمم لە گەڵ کرد.
دوای دەستنیشان کردنی سەعید قادر وەک بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە بە شێوەیەکی کاتی کۆتاییم بە کۆبونەوەک هێنا. لە دوای من «شێخ کەریمی» برای کاکی هیران بو بە بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە.
بۆ بەیانی من گەڕامەوە هەولێر و دوای چەند ڕۆژێک بەرپرسیارەتی ناوچەی جوتیارانی هەولێر یان پێ سپاردم، ئەوە بو زۆری نەخایاند کۆنفرانسێکی مەحەلی لە هەولێر سازکرا لە گوندی «قونیان» لە مانگی ١٩٦٤/٦ بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەندامانی ناوچەی هەولێر من بە ئیحتیات دەرچووم و هەمان بەرپرسیارەتی ناوچەی جوتیارانیان پێ ڕاسپاردمەوە.
دنیا هاوین بوو، ئێمە بە نهێنی کاری حزبایەتیمان دەکرد، لە لایەک، خۆمان لە هێزەکانی حکومەت حەشاردەدا و لە لایەکی تریش لە هێزەکانی مەلا مستەفا، ڕەوشێکی ناخۆشبو، بەڵام هەڵانی خەباتی ژێرزەمینیم بە وەریەکی کوردانەی بەرزەوە کاریان دەکرد.
ئێوارە بوو، لە حەوشەی ماڵەکەی خۆم، کە خانوێکی دوو ژوور لە خشتی قوڕ دروست کرابو، وە بە پارەی زێڕی ژنەکەم کاتی خۆی

لە دەربەندیخان وەزعی ئابووریم باشبوو، بۆم کڕیبو، لە گەڕەکی تەیراوەی نزیک گۆڕستانی «شێخ مەلا ڕەشید»، لە گەڵ خێزان و منداڵەکانم خەریکی نانخواردن بووین، لە پڕ لە سێ لاوە لە سەر دیوارە نزمەکانی خانوە بە قوڕەکەم لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی ئێمە کردو دەگیان دام «نەبزووی کوڕە، کوژرای» کە تەماشام کرد دەرفەتی هیچم نیەو ژیانی منداڵەکانیشم لە مەترسی دایە و منیش بێ چەک بووم، جگە لەوەی من هیچ گوناح و تاوانێکم بە خۆم گومان نەدەبرد، جگە لەوەی کە کوردێکی دڵسۆزم، لەو چەند چرکە ساتەدا دەرگای حەوشەیان شکاندو هاتنە ژوورەو منیان بە پاڵدان برد، وێستم پێڵاوەکەم لە پێبکەم، بەڵام نەیان هێشت، خێزانەکەم پتر لە ١٥٠ مەتر بەدواماندا هات بۆ ئەوەی پێڵاوەکەم بداتێ، بەڵام قەبوڵیان نەکرد، لە بەر ئەوە داوام لێکرد کە بگەڕێتەوە، ئەویش لەسەر داوای من گەڕایەوەو منیش تەنها بە گوریەوە بە پێشیان کەوتم تا گەیشتینە لای پیکابەکە، کە دیقەتم دا دیتم «موحەمەد...» کە ناسراوبوو بە حەمە سوور لە ناو پیکابەکە بوو، ئەویشیان بە نەعل و بێجامەی خەوتن هێنابوو.

پاشان تاقمە چەکدارەکە چوونە سەر مالی «مستەفا مامە» بەڵام دەرگای ماڵەکەیان داخرابو و کەس لە مال نەبوو، بۆیە گەڕانەوە و بەرەو گوندی بنەسڵاوە بەڕێ کەوتن. کە لە بنەسڵاوە دابەزین، مامۆستای ئاینی گوندەکە، کە ناوی «مەلا موحەمەد» بوو کاتێک منی بە بێ پێڵاو دیت، یەکسەر پێڵاوەکانی خۆی لە پێکردەوەو دای بە من، هەروەها دینارێکیشی پێدام، هەر چەندە گوتم پێویستم بە پارە نیە.

هەر مامۆستا مەلا موحەمەد یش وەڵامی بۆ خێزان و کەس وکارەکەم ناردبوو کە تاکو لای ئەوان من لە ژیاندا مابووم و نەکوژراوم، ئەوەش ببوە مایەی دڵخۆشیان.

لە بنەسڵاوە، من و حەمە سووریان بردە ڕانیە بۆ لای موقەدەم

عزیزو ڕەشید عەقراوی، وەئیمەیان لە زیندانی تاوانی ئاسایی بەند کرد، وەک ئەشکەنجەو ئیهانەیەک بۆ ئیمە، لەوێ چاوم بە جەلال کەریم، ناسراو بە جەلال ئەبو شوارب کەوت کە کادیرێکی ئازاو دڵسۆزی حزبی شوعی بوو، وە لە ساڵی ١٩٦١ ئەندامی لێژنەی ناوچەیان بوو لە دەربەندیخان.

(لە ساڵی ١٩٧٣ ڕۆژێکیان جەژن بوو، بۆ جەژنانە چوومە تەکیێەی شێخ عەبدوالکەریمی دارە خورما لە هەولێر، بۆ لای شێخ لەتیف و کوڕەکانی شێخ عەبدوالکەریم، دیتم موقەدەم عەزیز لای شێخ لەتیف ە، وەدوای جەژنانە کردن، شێخ لەتیف بە موقەدەم عەزیزی گوت: ئەوە کاک ئەحمەدە ئەیناسیتەوە! گوتی، بەڵێ دەیناسمەوە. شێخ لەتیف گوتی: کاتی خۆی نێوانتان خۆش نەبوو. موقەدەم عەزیز گوتی: ڕاستە، نێوانی ئیمە لەسەر تەنزیمات بوو، ئەو باوەڕی بە ڕێکخستن هەبوو منیش بە پێچوانەوە، ئەویش ڕاست بوو من هەڵە بووم. منیش گوتم: باشە ئێستا بروات بە تەنزیم هەیە! موقەدەم عەزیز گوتی: ئەرێ وەڵڵا ئەوەل تەنزیم ئاخیر تەنزیم).

من و حەمە سوور بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لە زیندانی تاوانە ئاساییەکان مایئەوە، تا چەند ڕۆژێک موقەدەم عەزیز بەسەفەر چوو بۆ لای مەلا مستەفا، وەجێگرەکەی ڕائید مەحمود سامی، کە بە ئەبو عیماد ناسراوبو، لە شوێنی ئەو دەست بەکاربو، ئیمەش سکالایەکمان نووسیو کە بمان گوازیتەوە بەندیخانەی زیندانە سیاسیەکان، ئەوە بوو ڕائید سامی ڕەزامەندی دەربڕی بڕیاریدا بە گواستنەوەمان بۆ لای بەندە سیاسیەکان.

کە ئیمەیان برد زیاتر لە ٦٠ کەسی لێبو، لەوانەی من دەمناسین (کەمال محی الدین، مەحمودی حاجی تۆفیق، وەستا سەمیعی فیتەر،مەولود ڕۆژباش، حەمید عوسمان کە دوای بوو بە ئەفسەر لە سوپای عێراق، عەلی سۆری قازیخانە کە پێاویکی زۆر ئازا بوو وە لە ریزەکانی شۆڕشی نوێ کوردستان شەهید بوو)، هەروەها

ژمارەیەکی زۆری تێکۆشەری تری دەڤەری سولێمانی لە بەندیخانە بوون کە من پێشتر نەم دەناسین.
ڕەوشمان لەو بەندیخانەیە لە هەموو ڕوێکەوە زۆر باشتر بوو بە بەراورد لە گەڵ بەندیخانەی پێشتر، وە تا ڕادەیکی باش ڕێزیان لێ دەگرتین. بەڵام ئەو وەزعە بەردەوام نەبوو، فەرمانێک هات کە مێ و کەمال محی الدین وحەمە سوورو وەستا سەمیع لە ژوورێک زیندانی بکرێن و دەرگامان لە سەر دابخرێت، وە سەردان و هاتوچومان لێ قەدەغەکرا، ئەو ڕەوشە یەک مانگی خایاند، دوای زانیمانەوە کە بەیانیان لەسەر ئێمە دەرکردوەو داوایان لە جەماوەری کوردستان کردوە ئەگەر هەر کەسێک بیەوێ داوامان لەسەر تۆمار بکات، یاخود شتێکیان هەبێت، بێن شاهیدیمان لەسەر بدەن. بەڵام دوای تیەڕبونی مانگێک کەس هیچی داوایەکی لەسەر ئێمە نەبوو، بۆیە دووبارە دەرگاکەیان کردەوە.
هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوە مەحمود حاجی تۆفیق کە بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بوو لە گەڵ ئێمە زیندانی بوو، بەڵام دوای ماوەیەک گواستیانەوە بۆ بەندیخانەی سەنگەسەر بۆ لای عەلی حەمدی بەرپرسی لقی٤ی سلێمانی، هەروەها شاعیری بەناوبانگ عوسمان عوزیریش لەوێ زیندانی کرابوو، هەواڵەکان وا گەیشتن کە هەردووکیان لەوێ کوژراون.
دوای ماوەیەک لە زیندانی کردنمان ئەوەی واسیتەیەکی باشی هەبوایەو هیچ داوایەکی لەسەر نەبوایە ئەوە ئازاد دەکرا، منیش خزمێکم کە قایمقامی قەڵادزێ بوو «ئەحمەد شێخ عەبدوالقادر نەقشەبەندی» کە ئاشنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیەکان هەبوو، داوای لە «مەلا مستەفا» کرد کە ئازادم بکەن. دوای ٣ مانگ و ١١ ڕۆژ لە زیندان بە بڕیاری مەلا مستەفا ئازاد کرام، بەڵام موقەدەم عەزیز ٥ ڕۆژ بوو بڕیارەکەی لای خۆی ڕاگرتبو، تاکو مەلا مستەفا لێی دووبارە کردەوە، ئینجا ئازادی کردم.

که ئازاد کرام گەڕامەوە هەولێرو چوومە لای شێخ ئەحمەد و سوپاسی زۆرم کرد. هەروەها سوپاسی زۆری ماندبوونی «شەهید سەدرەی ماتۆرچیم» کرد، که قەت لە بیری ناکەم چەندین جار بە ماتۆرەکەی خۆی مامەڵەی ئازادکردنی منی لە قەلادزێ وە دەهێنا بۆ لای هێزی موقەدەم عەزیز.

عەقید کافی، کێیە؟

عەقید کافی ئەفسەرێکی بەرەگەز عارەبەو لە دێر زەمانەوە بنەماڵەکەی نیشتەجێی شاری هەولێرە. لە دوای شۆڕشی ١٤ تەممووز ئەویش وەکو خەڵکانیکی زۆری عێراق ببوە دۆستی حزبی شوعیی عێراق. هەموو ئەو ئەفسەرانەی لە پیلان گێڕیەکەی عەقید «عەبدوالوەهاب شەواف» دژی بە عەبدوالکەریم قاسم لە شاری موسڵ سالی ١٩٥٩ بەشداربوون، دوای لە ناوبردن و سەرکوتکردنی پیلاگێڕان زۆربەیان گیران و درانە دادگای سەربازی.
عەقید کافی موحەمەد بوو بە شاهید لە سەر «داود خەلیل» و جەماعەتەکەی کە ئەفسەرێکی سوپای سەر بە حزبی بەعس و بەشدار بوو لە پیلانگێڕیەکەی شەواف بوو.
لە ٨ی شوباتی سالی ١٩٦٣ کە حزبی بەعس کودەتایی دژ بە عەبدوالکەریم قاسم ئەنجامداو دەسەلاتیان گرتە دەست، هەولیاندا هەموو ئەو کەسانە بگرن کە دژی پیلان گێڕیەکەی شەواف وەستابونەوە، ئەوانەی دەستگیرکران، درانە دادگای سەربازی زۆربەیان بە ئیعدام حوکم دران، بەڵام «کافی» نەکەوتە دەست و توانی ڕابکا و خۆیی بگەیێنتە کوردستان. هەر چەندە وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردوە کە «کافی» دۆستی حزبی شوعیی بوو، بەڵام کە هاتە کوردستان پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کرد نەک حزبی شوعیی عێراقی، وە خۆیی گەیاندە لای مەلا مستەفا

و بوو بە یەکێک لە ڕاوێژکارانی بارزانی و توانی تا ڕادەیەک ڕۆڵ ببینێت لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٦٤ لە نێوان مەلا مستەفاو حکومەتی عێراقی و نێوەندگیری بکات، هەرچەندە گفتوگۆکە سەری نەگرت و لە ساڵی ١٩٦٥ شەڕ دەستی پێکردەوە. عەقید کافی توانی سوود لە نێوەندگیریەکی خۆی وەربگرێ و لێبوردن و پاداشت بۆ خۆی مسۆگەر بکات و تەسلیم بە حکومەت ببێتەوە. بیستم دوای تەسلیم بونەوەکەی حکومەتی عێراقی لە پاداشتی خزمەتەکەی کردیان بە مولحەقی سەربازی لە وولاتی هیندستان.

شێخ محەمەد هەرسینی

محەمەد هەرسینی، لە دەربەندیخان کۆگایەکی کەمالیاتی هەبوو بە ناوی «مەخزەن جەنەڕال»، دوای ئەوە ناوەکەی گۆڕی کردی بە «مەخزەن نەغەدە» لەبەر ئەوە ماوەیەک بە «شێخ محەمەد نەغەدە» ناسراو بوو، پاشان ناوەکەی گۆڕی بو بە «مەنوچەر». دوای ئەوە دیسان ناوی کۆگاکەی گۆڕی کردی بە «مەخزەن هەرسین»، ئیتر دوای ئەوە بە نازناوی «شێخ موحەمەد هەرسینی» ناسرا.
هەر وەک پێشتر باسم کردوە، کاتێک چوم بۆ دەربەندیخان، یەکەم شانەی ڕێکخستنی پارتیم دامەزراند، ئەو بەڕێزانە ئەندام بوون (عومەر موحەمەد زێوەیی، کەریمی وەستا مەحمود ناسراو بە کەریمی حەمامچی، خەلکی هەڵەبجە بوو، حەمامێکی کاتی هەبوو لە دەربەندیخان، شێخ جونید دارتاش، عومەر حەسەن تروانیش ناسراو بە عومەرە ڕەش) هەروەها «عەبدوالقادر مەلا سەعیدی ئەنی ساردە« هاوکاری زۆری منی دەکرد لە دەستنیشان کردنی ئەو کەسانەی کە دۆستی پارتی بوون.
ئەو کات محەمەد هەرسینی خەریکی کاسبی بوو، هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە ئیمەی پارتیەوە نەبوو، لە دوای شۆڕشی ١٤ی

تەموز لقی٤ی پارتی ئاگاداریان کردینەوە کە پەیوەندی پێوە بکەێن. ئێمەش پەیوەندیمان پیوە کردو بە ئەندام وەرمان گرت. ئەو پیاوێکی بە توانا بوو لە قسەکردنا، بۆیە دوای ماوەیەکی کەم کردمان بە ئەندامی ناوچە، بەڵام پاش تەنها چەند مانگێک زانیمان کە پەیوەندی بە رێکخراوی «کاژیک»ەوە کردوەو لە دژی پارتی قسە دەکات، وە بە خاین ناوی پارتی دەبات و دەڵێ ئەوانە شوعین، هێرش دەکاتە سەر ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی و بەتایبەت سکرتێری پارتی «ئیبراهیم ئەحمەد» کە ئەوانە شوعین و حەقی کوشتنیان هەیە.

ئێمە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەمان لە بابەتەکە کرد، بۆمان دەرکەوت کە بەرێگای رەفیق چالاک، رێکخستنێکی دروست کردوە لە دەربەندیخان. ئێمە سەرەتا وەک ناوچە ئاگادارمان کردەوە کە بەبێ رەزامەندی حزب نابێ بە گەل هیچ لایەنێک بکەوێ، بەڵام هیچ سوودی نەبوو سوور بو لەسەر هەڵوێستی خۆی، بۆیە ئێمە لە لێژنەی ناوچەی دەربەندیخان لە ساڵی ١٩٥٩ کۆبوینەوەو بڕیارماندا سێ مانگ لە ئەندامەتی سڕی بکەێن. دوای سێ مانگەکە داوامان لێکرد بە راپۆرتێک هەڵوێستی خۆی ڕابگەێنی، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، بۆیە داوامان لە لێژنەی مەرکەزی کرد کە لە پارتی بەیەک جارەکی دەری بکەن.

دوای لێکترازانی پارتی لە ١٩٦٤ مەلا مستەفا کۆنگرەی ٦ی لە قەڵادزێ بەست، وە محەمەد هەرسینی بوو بە ئەندامی کۆنگرە، وە بوو بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی. تاکو ساڵی ١٩٧٤ ئەو هەر ئەندامی لێژنەی مەرکەزی بوو، هەرەها بەرپرسی بازرگانی گشتی شۆڕش بوو.

مانگێک بەر لەوەی من لە زیندانی مەلا مستەفا لە ڕانیە ئازاد بکرێم، ڕۆژێکیان محەمەد هەرسینی هات بۆ لام، پاش چاک و چۆنی، گوتی ئەوە چی ئەکەی لێرە! ئێرە شوێنی تۆ نیە، چۆن گیراوی! گوتم: وا گیراوم بڵێم چی. گوتی من چوم بۆ لای سەرۆک بارزانی

و پێم گوت: ئەم ئەحمەد بێکەس ە نازانم چۆن گیراوە، خۆ برادەری خۆمانە. شێخ محەمەد گوتی: بارزانی گوتی، دەبڕۆ بزانە ئیشمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی بەری بدەین! گوتی : تۆ ئەڵێ چی، مەکتەبی سیاسی بە خاین ئەزانی! گوتم: نەک هەر بە خاینیان نازانم، بەڵکو بە نیشتمان پەروەریان دەزانم، ئەوانە سالەهای سالە کوردایەتی دەکەن، پاش ئەو هەموو خەبات و ماندو بونەیان بە خاینیان بزانم! شێخ محەمەد گوتی: ئینجا چی تێدایە کاتی خۆی فلان کە دامەزرێنەری حزبی جەبهەی جەزائیری بو بەڵام لە دوایدا خیانەتی کرد. منیش پێم گوت: بەڵگە چیە ئەو کەسە خیانەتی کردوە کێ دەڵێ ڕکابەرەکانی بۆختانیان بۆ دروست نەکردوە! هەرسینی گوتی: ئەی ڕاستە ئەڵێن بارزانی کوردستانی بە سێوو پرتەقاڵ فرۆشتوە! گوتم: نەخێر ڕاست نیە، کەسیش ئەم قسەی نەکردوە، من خۆم گوێم لەم قسەیە بووە لە کۆنفرانس، بەڵام بەو شێوەیە نیە. کاتی خۆی ئەندامانی کۆنفرانس گفتوگۆیان لە سەر مەسەلەی وتوویژە دەکرد، ئایا چەند مافی میللەتەکەمان دەستەبەر دەکات! یەکی دەیگوت ماف وەرگیراوە، یەکیکی تر دەیگوت نەخێر هیچ وەرنەگیراوە، ئبراهیم ئەحمەد یش گوتی: تا ئێستا هیچ مافێک وەرنەگیراوە، تەنها کە شاندەکەی حکومەت هات بۆ ڕانیە دوو قەفەس سێوو پرتەقاڵیان لە گەڵ خۆیاندا بە دیاری هێنابو، ئەو قسەی مامۆستا برایمیان دەستکاری کردوەو گوایە گوتیەتی مەلا مستەفا کوردستانی بە سێوو پرتەقاڵ فرۆشتوە. کەوام گوت، شێخ محەمەد زۆر توڕە بو خەریک بو قورگم بگرێت، بەرپرسی حەرەسەکان کە ناوی «سادق ئاکرەیی» بو گوتی، ڕێگام پێ بدە با دارکاری بکەین، بەڵام شێخ محەمەد نەیهێشت.

دوای ئەوەی قسەیەکی زۆرمان کرد، من لە ناو زیندان و هەرسینیش لە دەرەوە، گوتی: گرنگ ئەوەیە لە قسەی خۆت پەشیمان نەبیەوە، منیش گوتم: سیاسەت قەناعەتە، هیچ قەناعەتێکیش بۆ هەتا هەتایە

نامێنێ، بەڵام باوەڕی ئێستام بەم شێوەیە کە بۆم باسکردی. ئیتر هەرسینی بە تورەیەوە ڕۆیشت، بێ ئەوەی خواحافیزی بکات.

ڕۆژگار هاتو ڕۆی، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ کاتێک لەگەڵ زۆرینەی میللەتەکم چوومە دەرەوە بۆ شۆڕش، ڕۆژێکیان زۆر نەخۆش بوم، لە چۆمان، چومە نەخۆشخانەی ناوپردان بۆ لای دکتۆر، هێشتا دکتۆر نەهاتبو منیش چومە دیوی پشتەوەی نەخۆشخانەکە لە بەرخۆرهەتاوەکە لە نزیک جادەکە دانیشتم و چاوەڕێ دکتۆرم دەکرد، دیتم زەلامێک زۆر بە کەشخەو سەڵتەنەتەوە لە جادەکە بە چەند چەکدارێکەوە بەرەو شوێنەکەی من دەهات، زەلامەکە هەر تەماشەی منی دەکرد منیش تەماشای ئەوم کرد، هەستم کرد ئەو پیاوەم دیوە، بەڵام نەم ناسیێەوە، لە من تێپەڕی، بەلام بۆ لای من گەڕایەوەو سڵاوی کردو گوتی: تۆ کاک ئەحمەدی دەربەندیخان نی! گوتم، بەڵێ، گوتی، ئەی نامناسیێەوە! کە وای گوت ئینجا هاتەوە یادم و گوتم، تۆ کاک شێخ محەمەد نی، گوتی، بەڵێ، ئەی ئەوە خێرە لێرە دانیشتوی! گوتم، چاوەڕێی دکتۆرم. گوتی، ئەی هیچ ئیشێکت نیە! گوتم: نەخێر سوپاست دەکەم. گوتی، ئەگەر هەر ئیشێکت هەبوو، ئەوە من لە فلان شوێنم، منیش زۆر سوپاسم کرد. ئیتر ئەوە دوا دیداری من بوو لەگەڵ ئەو پیاوە، وە لە خەڵکم بیستەوە لە دوای تێکچونی شۆڕش لە ١٩٧٥ لە تاران فرۆشگایەکی گەورەی دامەزراندبو. بەداخەوە هەواڵی کوژرانی ئەوم بیست، کە گوایە لە تاران کوژراوە، بەڵام نەمزانی چۆن کوژراوەو لەسەر چی، وە کوڕەکانیشی تا ئێستای لەگەڵ دابێت هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نەداوە؟

دوای ئازادکردنم ، دریژەدان بە خەبات

پاش ئازادکردنم، ڕاپۆرتێکم بۆ حزب نووسی دەربارەی گیران و ئازادکردنەکەم، وە بە نهێنیش لە گەڵ برادەرانی ناوچە لە هەولێر

کۆبونەوەمان کرد و بە درێژی باسی هەموو شتێکم بۆ کردن، هەر لەو کۆبونەوەیەدا بەرپرسیارەتی ناوچەی جوتیارانی هەولێریان پێ سپاردم.

هەتا لە گەل مەلا «حوسێنی قەڵەمان» کادیری ناوچەی بەرانەتی سەردانێکی ناوچەکەمان کرد، هەروەها لە گوندەکانی (گەزنە، سێبیران، قەڵانچۆغان، دارەبەن، سەیدان، تۆپزاوە و جدیدە) بڵاوکراوەکانی پارتیمان بۆ جوتیاران دەخوێندەوەو هەڵوێستی نوێی حزبمان بۆ روون دەکردنەوە. لە سەرەتادا زۆرینە جوتیاران لە گەل ئێمە بوون، بەڵام هەڕەشەی چەکدارەکانی مەلا مستەفا لە لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی و جێ گۆڕکێی کادیرانی ناوچەکە، بووە هۆی دوورکەوتنەوەی جوتیاران لە ئێمەو بە گەل باڵەکەی مەلا مستەفا دەکەوتن.

وە لەگەل کاک «تۆفیق عومەر»ی کادیر، ناسراو بە «ئازاد» هەموو گوندەکانی (شاوێس، پیرزین و بەحرکە) و دەوروبەریانمان بەسەرکردەوەو لە هەڵوێستی حزب ئاگادارمان کردنەوە، هەروەها سەردانی گوندەکانی ناوچەی «شەمامک»یشمان کرد. لە گەل کاک «قادر بەردی سپیی» کادیری ناوچەی قەرەچوغ گوندەکانی ئەو سنورەمان بەسەرکردەوە، هەر لە گوندی (کوشاف و شارۆچکەی مەخمور تا گوندی گرداوی دەو زێی پردێ)، کۆبونەوەمان لە گەل هەموو لێژنەی ئەو گوندانە کردو باسی زروفە نوێیەکەمان بۆ کردن. سالی ١٩٦٥ تازە کۆتایی بە مفاوەزاتی مەلا مستەفاو حکومەت هاتبوو شەڕ دەستی پێکردبۆوە، ئێمەش زۆر بە نهێنی لە گوندەکان ئەسوراینەوە، چونکە لە لایەن هەردوو هێزەکانی حکومەتی عێراق و مەلا مستەفا داواکراوبوین. کاتێک لە گەل قادر بەردی سپی لە ناوچەکە دەسوراینەوە، گوتی، ئەمسال هیچ گەنمێکم نیە لە زەویەکانی خۆم بچینم، منیش گوتم: یەک عەلبە گەنمم هەیە بۆ ئاردم داناوە، ئەگەر دەڵێی دەدەمێ

بە نیوەی بیچینە، گوتی زۆرباشە. لە کاتی بردنی گەنمەکە بۆ گوندی گردە سپی، پێشمەرگەکانی سەر بە مەلا مستەفا کە دەزانن گەنمی قادرە، دەستی بەسەر دادەگرن و لە زەویەکانی خۆیاندا دەیچێنن، تاکو ساڵی ١٩٦٩ کە باڵەکەی مەکتەبی سیاسی ووتوویژێکی کاتیان دەبێت لە گەڵ حکومەتەکەی عەبدوالرەحمان بەزاز و کەمێک دەسەلاتیان دەبێت لە کوردستان، ئەو کاتەش کاک «سەید مەجید» لە مەخمور بەرپرس دەبێت.

قادر بەردی سپی، لە مەخمور شکایەت لەو کەسە دەکات کە گەنمەکەی بردوە. دوای لێکۆڵینەوە بڕیار دەدەن سێ عەلبە گەنم بدەنە «قادر»ی لە جیاتی عەلبە گەنمەکەی. من ئەو کاتە بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی ئیعاشەی شاری موسڵ دامەزرابوم و ئاگاداری هیچ شتێک نەبووم، بەڵام شەهید «مەحمود سەلمان» کە کادیرێکی دلسۆزی حزب بوو لە مەسەلەکە ئاگاداربو، هەر ئەویش سەید مەجیدی ئاگادار دەکاتەوە کە لە کاتی خۆی گەنمەکە هی من بووە، بۆیە سەید مەجید پارەی یەک عەلبە گەنم لە قادر بەردی سپی وەردەگری کە ئەو کاتە دەکاتە ١٠ دینار، وە دەیداتە شەهید مەحمود سەلمان و ئەویش هینایە موسڵ و دایە من.

مەحمود سەلمان، کادیرێکی لاوی دلسۆزی ئازای کورد بو لە گەڵ باڵەکەی مەکتەبی سیاسی خەباتی دەکرد، وە لە ساڵی ١٩٧٠ دەستی ڕەشی تاوان شەهیدی دەکەن و تەرمەکەشی فڕێ دەدەنە ناو زێی پردێ، شەهید کردنی مەحمود سەلمان خەموو پەژارەیەکی زۆری خستە ناو دەروونی هاوڕێیەکانی، وە لە دوای خۆی دوو کوڕی بچووکی لە پاش بەجێما، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی کاکە مەحمود و هەموو سەربازانی وونی ڕێگای کوردایەتی.

حوسێن شەمامەری کادیر

حوسێن عومەر، خەڵکی گوندی شەمامەر بوو لە دەشتی شەمامک و نزیک گوندی تۆغەران و پێمەپەبڕ، لە لایەن حکومەتی عێراقی زیندانی کرابوو لە ساڵی ١٩٦٥ ئازادکرا.
بەر لە گیرانی کاکە حوسێن پەیوەندی رێکخستنی بە برادەرێکی منەوە هەبوو کە بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە، بەهەر حاڵ دوای ئازاکردنی، داوا لەو برادەرە دەکات کە بەرپرسێکی حزب ببینێت، ئەو کاتەش من بەرپرسی جوتیاران بووم و لە ناو شاری هەولێر، بە نهێنی کارمان دەکرد. لە گەڕەکی سێتاقان خانوێکم بە کرێ گرتبو مانگانە بە سێ دینار، دراوسێی ماڵی ئەندامێکی دڵسۆزی حزب بووم، هەر ئەویش خانوەکەی بۆم بە کرێ گرتبو، وە ناوی «ئیسماعیل نادر»ە و برای شەهیدی نەمر «سەباح نادر»ە کە لە قەسابخانەکەی زیندانی موسڵ لە لایەن حکومەت عێراقەوە لە ساڵی ١٩٦٥ لە سێدارە درا.
ئێمە لە لێژنەی جوتیاران بڕیارماندا کە حوسێن شەمامەری ئامادەی کۆبونەوەی مانگانە بێت. ئەوە بوو کاک حوسێن لە کات و شوێنی دیارکراو لە کۆبونەوەکەماندا ئامادەبو، دوای ئەوەی خۆی ناساند بە کورتی باسی لە چۆنیەتی دەستگیرکردنەکەی خۆی کرد، دوای ئەوەش بە راپۆرتێکی دوورودرێژ مەسەلەی دەستگیرکردن و ئازاکردنەکەی ئاگاداریکردینەوە. لە کۆتایی قسەکانی دڵسۆزی و ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ درێژدان بە خەبات و تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی بۆ خاک و گەلەکەی.
لە کۆبونەوەکە، بە تێکرای دەنگی لێژنە جوتیاران بڕیارماندا کە حوسێن عومەر شەمامەری بکرێت بە کادیری جوتیارانی دەشتی شەمامک، هەر بۆ ئەو مەبەستە راپۆرتێکمان دا بە ناوچەی هەولێر، ئەوانیش پەسندیان کردو بەرزیان کردەوە بۆ لقی٢ ئەوانیش بە

هەمان شێوە ڕەزامەندیان نیشانداو حوسێن شەمامەری بەفەرمی بو بە کادیری جوتیارانی دەشتی شەمامک لە ساڵی ١٩٦٥.
کاکە حوسێن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی زۆر دڵسۆز بوو، ئەو سەردەمە ئەو بە تەواوەتی هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی دەکرد، چونکە دانیشتوانی گوندەکەی «شەمامەر» ئەو سەردەمە لە کوردو عەرەب پێکهاتبو. لە سەردەمی دەسەلاتی «صدام حسین»دا گوندەکەیان بەر شاڵاوی ڕاگواستن و بەعەرەب کردن کەوت و خانوو زەویەکانیان هەموو داگیرکراو بەسەر عەرەبەکان دابەش کرا، کوردەکان لەسەر زێدی خۆیان ئاوارەبون، دوای ئەوە عەرەبەکانیش گوندەکەیان بە جێهێشت، بەشێکیان لە ترسی تۆلەکردنەوەی پێشمەرگە و بەشێکیشیان خاوەن وێژدان بون و نەیانتوانی لەسەر زەوی کوردەکان دریژە بە ژیانیان بدەن، دوای ئەوە حکومەتی عێراقی گوندەکەی کرد بە سەربازگە. بە درەنگانێکەوە بیستمەوە کە کاکە حوسێن شەمامەری بە نەخۆشی دل کۆچی دوایی کردوە، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی کاکە حوسێن و سەرجەم تێکۆشەرانی گەلەکەمان، کە بەدەست و دڵێکی پاکەوە خزمەتی پرسە ڕەواکەی میللەتەکەیان کرد.

وازهێنانم له حزبایەتی و دامەزرانم وەک کارمەند

لە ساڵی ١٩٦٨ دەستم لە کاری حزبایەتی هەڵگرت و لە ماڵەکەی خۆم دانیشتم، ئەو سەردەمە گفتوگۆی مەکتەبی سیاسی ساڵی ١٩٦٦ لە گەڵ حکومەت بەردەوام بوو، وە تاڕادەیەکیش زروفە سیاسیەکە بە گشتی هێمن بوو. من هەستم بە ماندووبون دەکرد، هەروەها دووبەرەکی نێوان تێکۆشەرانی کوردستان بە گشتی باریکی دەرونی خراپی لەسەر خەڵکە تێکۆشەرەکەی دروست کردبو، بۆیە بڕیارمدا کە واز بێنم و دانیشم.

ئەو سەردەمە زۆر بێ ئیش و کار بووم، وە خاوەنی پێنج منداڵ بووم، بیرم لە بژیوی ژیان دەکردەوە. ڕۆژێکیان چاوم بە برادەرێکی ئازیزی خۆم کەوت بە «ئەحمەد پاسکیلچی» ناسراو بوو، ئەویش کادیرێکی عەسکەری بو، تازە وازی لە حزبایەتی و پێشمەرگایەتی هێنابوو لە شاری بەغدا فرێنکی سەمونی دانابو. کاک ئەحمەد، بەسەردان گەڕابۆوە هەولێر، کە وەزعی منی بینی زۆری پێ ناخۆشبو، کە دەچێتەوە بەغدا، مامۆستا «عەونی یوسف» لە وەزعی من ئاگادار دەکاتەوە، مامۆستا عەونی، ناردی بەدوامە، منیش چوومە بەغداو لە گەڵ ئەحمەد پاسکیلچی سەردانی کاک عەونی مان کردو باسی وەزعی خۆم بۆ کرد.

بۆ بەیانی کاک عەونی بە ئوتۆمبێلەکەی خۆی منی برد بۆ لای بەڕێوەبەری گشتی ئیعاشە، کە لیوا «یعقوب عبداللطیف» بو، پێشوازیەکی گەرمی لێکردین، دوای بەخێرهێنان، کاک عەونی داوای لێکرد وەک چاودێری سەر نانەواخانەکان دابمەزرێم، ئەو کاتە دامەزراندن ڕاوەستابوو تەقەشوف بوو لە وەزارەت و دەزگاکانی دەوڵەت، گوتی: باشە بە چاوان من دایدەمەزرێنم بە مەرجێ تۆ ڕەزامەندی وەزارەتی دارایم بۆ بێنی، کاکە عەونی گوتی: باشە ئەوە ئاسانە.

هەر کە لای بەڕێوەبەرمان بە جێهێشت یەکسەر چوین بۆ وەزارەتی دارایی و بۆ لای وەکیل وەزیرو نامەی وەزارەتی دارایمان وەرگرت. بۆ دامەزراندنەکەم داوای هەندێ بەڵگەنامەی کەسێتی منیان کرد، منیش یەکسەر گەڕامەوە هەولێرو بەڵگەنامەکانم لەگەڵ خۆم بردو گەڕامەوە بەغدا. ئەمری ئیداری دامەزراندنەکەم لە ١٩٦٨/٢/١٢ دەرچو وەک چاودێری سەر نانەواخانەکان، وەلە سەر داوای خۆم لە بەڕێوەبەرایەت نانەواخانەکانی شاری موسل لە ١٩٦٨/٢/١٣ دەست بەکاربوم، بەهۆی ڕەوشی سیاسی هەولێرو دووبەرەکی نەمویست لە هەولێر دابمەزرێم، هەر چەندە بۆ من و خێزانەکەم

زۆر قورس بوو کە لە موسڵ دەست بەژیان بکەینەوە، بە تایبەت هەردوو کوڕەکەم (دارا ، دلێر) لە هەولێر بە کوردی دەیان خوێند وەدەبێ لە موسڵ بە زمانی عەرەبی بخوێنن.
دەبوایە بەیانیان کاتژمێر ٢ تاکو ٦ چەند نانەواخانەکی دیاریکراوم بەسەرکردباوەو کۆنترۆڵی کێشی نان و بڕی ئاردو پاک و خاوێنیم بکردبایە، ئەو دەمە فرۆشتنەوەی ئارد بۆ فڕنیچیەکان قازانجی زۆری هەبوو، چونکە حکومەت ئاردەکەی زۆر بە هەرزانتر لەوەی لە بازار هەیە دەیفرۆشتنی، تاکو ئەوانیش بەو نرخەی کە حکومەت بۆ نان دیاریکردوە بیفرۆشنە هاوولاتیان، من ڕۆژانە بە ڕاپۆرت بەڕێوەبەرم لە کارەکانی خۆم ئاگادار دەکردەوە، وە جاربەجار توشی کێشە دەبوم لە گەڵ هەندێ لە فڕنیچیە ساختەچیەکان لەسەر سەرپێچی کردنیان لە ڕێنمایەکان، زۆربەی بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگاکانی شاری موسڵ ئەو ئەفسەرانە بوون کە دوورخرابونەوە لە سوپا، بەڵام لەگەڵ ئینقلابی بەعسیەکان لە تەموزی ١٩٦٨ زۆربەی ئەوانە گەڕانەوە سوپاو پلەکانی خۆیان وەرگرتەوە تەنها ئەوانە نەبێت کە سەر بەعسی سوریا ناسراوبون. یەکێ لەوانەی گەڕایەوە سوپا بەڕێوەبەرەکەی ئێمە بوو بە ناوی «طارق حسین زیاد» وە پلەکەی مولازم ئەوەل بوو.
من بە تەنها کورد بوم لە بەڕیوەبەرایەتیەکە، قەومەچیەکانی عەرەب حەزیان لە بونی من نەدەکرد لەوێ، زۆر جار لەسەریان دەنووسیم بۆ ئەوەی بگوازرێمەوە هەولێر، بەڵام خەڵکی باشیشی تێدا بوو کە حەزی لە دۆستایەتی کورد دەکرد، وەک موحاسیبی بەریوەبەرایەتیەکە کە ناوی «ئەحمەد جارووللا» بوو.
لەو کاتەی من لە هیران بوم، مەکتەبی سیاسی بە نوسراوێکی تایبەت بریارێکی بۆ ناردین بە ناوی « محي‌الدين علي اسلام» وەتێیدا هاتبوو، ئیشی پێ بکەن و سوود لە تواناکەی وەربگرن هەر چەندە ئەو ئەندامی پارتی نیە. محي‌الدين ، خەڵکی موسڵ بوو، وە

لە دوای شۆڕشی ١٤ تەموز پەیوەندی بە حزبی شوعیەوە کردبو، وە لە پیلانگێڕیەکەی شەواف یش دژی پیلانگێڕە قەومەچیەکان وەستابۆوە. دوای ئەوە موسل جێ دەهێلیت و دێتە ناو شۆڕشی کوردستان. ئەو دەیگوت من کوردم بەڵام کەس بڕوای پێ نەدەکرد، بە هەر حاڵ من زۆر ڕێزم لێدەگرت، چونکە غەریب بو لە ناو ئێمەدا.

لە دوای لێدانی بەعسیەکان لە لایەن عبدالسلام عارف وە لە ١٩٦٤، محيالدين ژێربەژێرەوە پەیوەندی بە حکومەتەوە کردۆوە، ئەوەبو حزبی شوعی نامەیەکیان لێگرتبو کە داوای لێبوردنی لە حکومەت کردبو، شوعیەکان وێستیان بێگرن، بەڵام مام حەمەد ئاغای مێرگەسور ڕێگای نەدان و گوتی، خۆ سیخوڕی لە سەر کەس نەکردیە تەنها وێستیتی عەفو بکرێ و بچێتەوە ناو کەس و کارەکەی لە موسل.

دوای کەرت بونی حزب لە ١٩٦٤و گیرانی من لە لایەن مەلا مستەفاوە، محيالدين بەبێ ئەوەی ئەندامی حزب بێت بوو بە ئەندامی ناوچەی شەقلاوەو هەڵوێستی زۆر خراپ بو بەرامبەر بە ئێمەی لاینگرانی مەکتەبی سیاسی وقسەی لە دژمان دەکرد، بۆیە من لە زیندانی ڕانیەوە نامەیەکی هەڕەشە ئامێزم بۆ نارد، دوای دوو ڕۆژ محيالدين هات بۆ لام لە زیندان و گەڵێک پاکانەی کردو داوای لێبوردنی لێکردم. منیش گوتم ئەگەر لە دژی من قسەت کردبێ ئەوە من لێم بوردی، بەڵام بە ناحەق لە دژی کەس قسە مەکە، دوای ئەوە نەم بیستەوە محيالدين قسەی کردبێت.

کاتێک لە ساڵی ١٩٦٨ لە موسل دامەزرام ڕۆژێکیان لە بازاری سەراج خانە پیاسەم دەکرد، یەکێک دەستی خستە سەر شانم و گوتی، مەرحەبا کاک ئەحمەد، کە دیم محيالدين بو، من دلنیا بوم کە محيالدين پەیوەندی بە دەزگای ئەمنەوە هەیە، بۆ ئەوەی خۆم لە خراپەکاری ئەو بپارێزم، دەبوایە کەمێک بیترسێنم، توند

زهن‌دەی دەستیم گرت و گوتم ها «موتەمەرد»، ئەوە چی دەکەی لێرە! محي‌الدین زۆر ترسا، وای ئەزانی من نەم زانیوە کە تەسلیمی حکومەت بۆتەوە، گوتی: تۆ دەستم بەردە من بەڵگەنامەکانی دادگات نیشان ئەدەم کە تەسلیم بە حکومەت بومەتەوە، ئەو وای دەزانی کە من ئیستاش لە گەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی ئیش دەکەم، کە ئەو کات ئەوان گفتگۆیان هەبو لە گەڵ حکومەتدا، هەروەها ئەو کاتە مەلا مستەفاش گفتوگۆی هەبو. دوای ئەوە بۆم دەرکەوت کە ڕاستەوخۆ ئیش بۆ «سالم الطائي» دەکات کە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی (عضو القيادة القطرية) حزبی بەعس و بەرپرسی موسڵ بوو. گوتم: محي‌الدین، من وازم لە حزبایەتی هێناوە بۆیە بە هیچ شێوەیەک باسی سیاسەت لای من مەکە، ئیتر لەو ڕۆژەوە تەنها چاکوچۆنیمان هەبوو، تا ئەو ڕۆژەی گەڕامەوە هەولێر.

بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و گەڕانەوەم بۆ هەولێر

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئینقلابەکەی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ وە گفتوگۆیان لە گەڵ حکومەتی عێراقی یەک لە دوا یەکەکان هەبوو، لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف، عەبدولڕەحمان عارف، تاکو هاتنە سەر حوکمی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن لە ١٩٦٨، دوای ئەوە لە ١٩٦٨/١١/١٠ شەڕیان دەست پێکردەوە کە نزیکەی یەک ساڵی خایاند، تەنها لە زستانەکەدا شەڕ سست ببو، بەڵام لە مانگی ١٩٦٩/١٢ حکومەت بەعس بە داواکاریەکی باڵی (مەلای) مەلا مستەفا ڕازی بوو، کە زۆر کەمتر بوو لە داواکاریەکەی باڵی (جەلالی) مام جەلال. ئەوەبو حکومەت شاندێکی نارد «ناوپردان» بۆ گفتوگۆ، دوای چەند دانیشتنێک لە بەغداو کوردستان باڵەکەی مەلا مستەفا لە گەڵ حکومەت گەیشتنە ڕێککەوتن.

بە مەبەستی پشتگیرکردن لە مافەکانی کوردو نەهێشتنی هیچ کارتێکی فشار لەدەستی حزبی بەعس دژ بە رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠، چونکە زۆر جار حکومەتی بەعس بە مەلا مستەفای دەگوت، ئەگەر بەوە رازی نەبن ئەوە باڵەکەی تری پارتی پێی رازیە، لە حوزەیرانی ١٩٧٠ باڵی مام جەلال کۆنگرەی هەشتیان بەست و بڕیاریاندا کە پارتەکەیان هەلوەشاندەوە. مەلا مستەفا پێشتر «فاخیر میرگە سوری» ناردبوە لایان و بەڵێنی یەکگرتنەوەی پێدابون.

رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری نێوان حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دەسەڵاتداری عێراق و مەلا مستەفا بە بەیانێکی هاوبەش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاگەێندرا، بەیانەکە تا ڕادەیەکی باش جێگای ڕەزامەندی گەلی کوردستان بوو لەو سەردەمە، بەڵام ئەوەی ببوە مایەی نیگەرانی وگومان لای خەڵکە سیاسی و ڕۆشنبیرەکە، ئەو ماوە درێژە بوو کە دیاریکرابو بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە کە چوار ساڵ بو.

کاتێک رێککەوتنی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، لە نێوان حکومەتی عێراق و مەلا مستەفا ڕاگەێندرا، من بیرم لە گەڕانەوە بۆ هەولێر کردەوە. بۆ ئەم مەبەستەش داوام لە «محەمەد خەیاتی» برام کرد کە قسە لە گەڵ کاک «حەسەن حاجی یابەی» گوێڕ بکات بۆ ئەوەی داوا لە دکتۆر «عومەر ڕەشید» گوێڕی بەڵکو هەوڵێکم بۆ بدا لە بەغدا و وەزیفەکەم بگوازرێتەوە بۆ هەولێر. ئەوەبو لە سەرەتای مایسی ١٩٧٠ بڕیاری گواستنەوەکەم دەرچوو.

ڕۆژی دوای دەرچونی بڕیارەکە، ئوتۆمبێلکم بەکرێ گرتو ماڵ و منداڵەکەم هێنایەوە هەولێر. لە بەریوەبەرایەتی ئیعاشە (بژێویی) دەستم بە کارکرد، تاکو پرسی هەڵبژاردنی سەندیکاکانی کریکاران هەولێر هاتە پێشەوە. شەهید «عەلی هەژار» داوای لێکردم و گوتی، دەبی خۆت بپاڵیوی بۆ سەندیکای کریکارانی کارگەی جگەرەو

کەرستەی خواردەمەنی، منیش ڕەزامەندیم نیشاندا. جگە لە لیستی کرێکارانی سەر بە پارتی هیچ لیستی تر نەبو، بۆیە لیستەکە بە تەزکیە دەرچو، دوای ئەوە من بە سەرۆکی مەکتەبی سەندیاکا هەڵبژێردرام لە ١٩٧٠/١٢/١٥ وە بەرپرسیارەتی سەندیکام وەرگرت تاکو ١٩٧٤/٣/١١، ئەو بەڕێزانەش بون بە ئەندامی مەکتەب:

١- حاجی حەمەدئەمین عەزیز / جێگری سەرۆک
٢- سادق / سکرتێر
٣- نەسرەالدین / ژمێریار
٤- وسوو خدر / ئەندام
٥- کەریم یونس / ئەندام
٦- یاسین نانەوا / ئەندام

دوای چەند مانگێک گۆڕانکاری بەسەر مەکتەب داهاتو، کاک سادق و یاسین دوورکەوتنەوەو لە جیاتی ئەوان هەرێەک لە سابیر موحەمەد حوسێن بەقاڵ و ئەحمەد حوسێن بوون بە ئەندام.

توانیمان لەو چەند ساڵەی تەمەنی خزمەتمان لە سەندیکا ڕۆڵیکی باش ببینین لە جێبەجێ کردنی یاسای کاری ژمارە ١٥١ی ساڵی ١٩٧٠ ، هەروەها یاسای خانەنشینی کرێکارانی ژمارە ١٥٠ی ساڵی ١٩٧١، هەردوو یاسا لەو ڕۆژگارەدا لە بەرژەوەندی چینی کرێکار دابو، زۆر جار لە گەڵ خاوەن کارگەکان و فەرمانگەکان توشی گیروگرفت دەبوین لە سەر جێبەجێ کردنی یاسا و مافی کرێکاران. لە فەرمانگەکان «لێژنەی کاری هاوبەش» کە بە عەرەبیەکەی پێان دەگوت «لجنة العمل المشترک» هەبوو بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و لێکۆڵینەوە لە ناحەقی بە رامبەر بەکرێکاران، وە هەفتەی جارێک کۆدەبوینەوە و زۆرجار سەرۆکی سەندیکا دەبوە سەرۆکی لێژنەکەو بەرێوەبەری فەرمانگەو یەکی لە فەرمانبەرەکان دەبونە ئەندام.

پاریزگاری هەولێر، عەبدولوەهاب ئەتروشی

بە حوکمی کارەکەم وەک سەرۆکی سەندیکا، ئەندامی لێژنەی مواڵەت دانی نانەواخانەکان بووم، کە پیان دەگوت (لجنة المنح والغاء)، کە پاریزگار عەبدولوەهاب ئەتروشی سەرۆکی لێژنەکە بوو و بە ئەندامێتی بەریوەبەری بژێوی (اعاشة)ی هەولێر. یەک لەو مەرجانە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، پێویست بوو سەرەتا سەندیکا دەستنیشانی کردنەوەی هەر نانەواخانەیک بکات بە حوکمی پسپۆری و تایبەتمەندی، جگە لە مەرجی تەندروستی بە نووسراوێکی فەرمی لە لایەن دەزگای تەندروستی پشت ڕاست بکرێتەوە، دوای ئەوە لە لایەن لێژنەی مۆڵەت فەرمانی کارگێڕی بۆ دەربچێت، کە ئێمە بە سەرۆک و دوو ئەندامەوە دەبێ ئیمزای بکەین.

عەبدولوەهاب ئەتروشی هەموو مۆلەتەکان بە بڕیاری خۆی دەیدا وە بەبێ ئەوەی هیچ بۆچونێکی ئێمە وەربگرێت، وە تەنها بۆ ئیمزاکردن دەینارد بۆ لای ئێمە. ڕۆژێکیان ئێمە داوای مۆڵەتی یەک فەردە ئاردی نانمان بۆ کرێکارێکی نانەوای هەژار کرد، بەڵام ئەتروشی پەسەندی نەکردو نەیدایێ، کە ئەو کرێکارە زۆر موستەحەقیش بوو.

ناچاربوم لەم بارەیەوە بیرخەرەوەیک بدەمە پاریزگارو لەو وەزعە ئاگاداری بکەمەوە هەرچەندە دەمزانی هەوڵەکە بێسوودە بەڵام دەمویست وێژدانی خۆم ئاسودە بکەم.

عەبدولوەهاب ئەتروشی دەسەلاتیکی ڕەهای پێدرابو لە لایەن بارزانیەوە، تەنانەت ئەندامانی لقی٢ نەیان دەتوانی ڕەخنەی لێبگرن، وە ئەگەر هەر داواکاریەک و ئیشێکیشیان هەبوایە ئەوە دەبو بە کاکە کاکە لێی بچنەپێش و تکای لیبکەن تا بۆیان جێبەجێ بکات، نەک وەک هەڤاڵێکی حزب بتوانن بێترس و سەربەستانە بتوانن قسەی لە گەڵ بکەن.

بیرخەرەوەیەکەم بە نووسراوێکی تایبەت بۆ جەنابی پارێزگار بەرزکردەوە، ئەمەش دەقی بیرخەرەوەکەیە:

بەڕێز پارێزگاری هەولێر
سلاوێکی گەرم
بەڕێزتان کە سەرۆکی منح و الغائی اجازەی فڕن و نانەواخانەکانی پارێزگای هەولێرن و ئێمەش ئەندامی لێژنەی ناوبراوین، تاکو ئێستا هەر مۆڵەتێک درابێت بێ ئاگاداری و وەرگرتنی ڕەئیی ئێمە بووە، تەنها بۆ ئیمزاکردن دێت بۆ لای ئێمە، بە دەیان مۆڵەت دەدرێ بەبێ ئەوەی مەرجی نانەوای تێدابێت، بۆیە داوا لە بەڕێزتان ئەکەم کە لە ئەندامێتی ئەم لێژنەیە بمان بورن، ئەگینا بە داوای لیبوردنەوە ناتوانم ئیمزای بکەم
ئێتر زۆر سوپاس

ئیمزا
ئەحمەد حەمەد فەقێ
سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی کارگەی
جگەرەو کەرەستەی خواردەمەنی

وێنەیەک بۆ/
لقی٢ی هەولێر/ بۆ ئاگاداری تکایە
نووسینگەی کرێکارانی هەولێ/ بۆ ئاگاداری تکایە

کە بیرخەرەوەکە گەیشتە دەست پارێزگار، بەڕێوەبەری تەحریراتی پارێزگا بە ڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە بەڕێوەبەری بژێوێی دەکات و پێی دەڵێ کە ئەحمەد فەقێ ی سەرۆکی سەندیکا بنێرن

بۆ پاریزگا، بەڵام من ئەو ڕۆژە نەچوبومە دائیرە، بۆیە ڕۆژی دووەم دوای ئەوەی ئاگادار کرامەوە چووم بۆ پاریزگا بۆ لای بەڕێوەبەری تەحریرات، جەودەت ئەحمەد ناجی و خۆم پێ ناساند، گوتی، کاک ئەحمەد ئەوە لە کۆیی، پاریزگار داوات دەکات و لێت توڕەیە، چیت کردوە! گوتم، پێم گوتیە شتێک ئیمزا ناکەم ئەگەر ئاگاداریم لێی نەبێت، کاک جەودەت گوتی، خۆ تۆ لەو خەڵکە زیاتر نیت بۆ ئمزا ناکەیت! گوتم: هەر کەس لە خۆی بەرپرسە.

دوای ئەوەی پاریزگار لە هاتنم ئاگادار کرایەوە، گوتی با بێتە ژوورەوە، منیش چومە ژوورەوە بە پۆلیسەکەی گوت: دەرگاکە داخە و با کەس نێتە ژوورەوە! دوای ئەوە گوتی: فەرموو دانیشە، منیش دانیشتم، دەست بۆجەکمەجەی مێزەکەی خۆی بردو، بیرەخەرەوەکەی منی دەرهێنا، پیشانی منی داو گوتی: ئەمە هی تۆیە! گوتم: بەڵێ هی منە. گوتی: کەواتە دان بەوەدادەنێی کە تۆ ئەمەت نووسیوە! گوتم: خۆ بە نهێنی نەم نووسیوە، ئەوە بۆ تۆم نووسیوەو بە ناوو ئیمزای خۆمە.

گوتی ئەوانەی نووسیوتە راستە! گوتم: بەڵێ ڕاستە.

گوتم: ئێمە نەقابەێن (سەندیکاین) تاکو ئێستا دەسەلاتی دانی مۆڵەتی یەک فەردە ئاردتان نەداوە بە ئێمە، کەچی بە دەیان مۆڵەتان داوە بە کەسانێک کە هەر نانەوا نین و کە ئاردەکە وەردەگرن، هەر لە هەولێر دەیفرۆشنەوە.

گوتی: نیو فەردە ئاردیشتان نادەمێ، من پاریزگارم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیم و وەکیلی سەرۆک بارزانیم. ئێوە کێن! من ئیمزا بکەم، تۆ چۆن ئیمزا ناکەیت!

گوتم: منیش نوینەری ١٤٠٠ کریکارم، بەرپرسیارەتیم وەرگرتوە بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی ئەوان بکەم، وەهەروەها من بۆ چەند دینارێک ئۆبالی کرێکاران ناخەمە ئەستۆی خۆم.

پاریزگار گوتی: تۆ ئیمزا بکەی نەکەی کارەکە هەر ئەڕوات.

گوتم: کەواتە ئیمزایی منی بۆ بۆچیە، گوتی: ئەمە تەنها رۆتینە.
گوتم: من بە رۆتینی نازانم.
عەبدولوەهاب ئەتروشی گوتی: تۆش مەبە بە «رەحمانە شەل»، فەوزا دروست مەکەن.
گوتم: من فەوزەوی نیم، بەڵام بەڕاستی نازانم ئیمزای بکەم.
گوتی: ئیمزای نەکەی، لە سەندیکا دەرت ئەکەم، هەروەها لە حزبیش، وە بڕیاری گواستنەوەشت دەدەم بۆ کۆیسنجەق.
گوتم: کەیفی خۆتە بەرێزتان هەر بڕیاریک ئەدەن، بەلام بە راستی نازانم و ئیمزای ناکەم.
گوتی: ئیستا ئیمزای دەکەی یان نا! گوتم: نەخێر.
پاریزگار، زۆر تورە بوو، گوتی: زۆر باشە هەڵسە بڕۆ، منیش ڕۆیشتم.
تەنها بۆ مەسەلەی گواستنەوەکەم بۆ کۆیێ پێم ناخۆش بوو، چونکە منداڵەکانم لەبەر خوێندن بوون و نەم دەتوانی بێانگوازمەوە، موچەکەشم زۆر کەم بوو بەشی دوو مەسرەفی نەدەکرد، بۆیە بریارمدا بچمە لای برادەرانی لق.
کە چومە بارەگای لق، عەلی هەژار، مەلا محەمەدی مەلا قادر، سەلیم ئاغۆک و خورشید شێرە لە وێبوون. پێیانم گوت، وێنەی بیرخەروەیەکی کە ئاڕاستەی پاریزگارم کردبو دابوم بە ئێوە، بەدەستان گەیشت!
خورشید شێرە، گوتی: بەڵێ بیرەخەرەوە جوانەکەمان بەدەست گەیشت.
منیش گوتم: ئەی ناشیرنەکەی چی بوو!
خورشید گوتی: کەس بەم شێوەیە بۆ پاریزگار شت دەنووسی!
سەلیم ئاغۆک گوتی: زۆر توندت نوسیوە.
گوتم: هیچ توندم نەنوسیوە، گوتمە: من وەک ئەندامی لێژنەکە هیچ پرسم پێ ناکرێت تەنها بۆ ئیمزا دێتە لای ئێمە، بۆیە ببورن

ناتوانم ئیمزای بکەم. عەلی هەژار گوتی: با بیرخەرەوەکە بێنین و بیخوێنینەوە. چوینە ژوریکی تایبەت، لەو دەمەدا پۆلیسێک هات و بڕیارەکانی پارێزگاری هینابو، کە وەک هامش لەسەر بیرخەرەوەکەی نووسیبوی، کە لە حزب و سەندیکا دەربکرێم و بگوازرێمەوە کۆێسنجەق.

کاک عەلی، کە خوێندیەوە زۆری پێ ناخۆشبوو، گوتی: کاک ئەحمەد ئیشەکە گەورە بوە پێویستە کۆبونەوەیەکی بە پەلە بکەێن. منیش گوتم: کاک عەلی زۆر سوپاس بەڵام پێویست بەوە ناکات خۆتان ئەزیەت بدەن، بۆیە من دەڕۆم، ئیتر کاک عەلی هەژام بەجێهێشت.

کاک عەلی، پێاوێکی دڵسۆزو خاوەن پرنسیپ بوو، بڕوای بە حزبایەتی هەبوو، بۆیە شەو لە گەڵ چەند برادەرێکی تر چوبونە لای پاریزگار، لە یانەی فەرمانبەران و قسەیەکی زۆریان دەبارەی رابوردوی خەباتی مندا لە گەڵدا کردبو، چونکە پاریزگار منی نەدەناسی.

بۆ بەیانی چوومە، بەریوەبەرایەتی بژێویی بۆ ژوورەکەی خۆم، عەبدولوەهاب ئەتروشی کاتژمێر ٨،٣٠ هاتە لامان، وەک پیشەی رۆژانەی هەر رۆژەو سەردانی فەرمانگەێکی دەکرد وەک کۆنترۆل. کە هات چوو بۆ ژووری بەرێوەبەر، لە کاتی رۆێشتن، بەشی ئێمەی بەسەرکردەوەو، کە چاوی بەمن کەوت گوتی: ئەوە لێرەی! گوتم، بەڵێ.

گوتی: چی ئەڵێ بتگوازمەوە بۆ کۆێی! گوتم: ئارەزووی تۆیە، من ئامادەم.

گوتی: نا نا... تۆ کوردێکی دڵسۆزی. وە بە عبدالله حاجی سەلیم ی (بەرێوەبەری بژێویی) گوت: هاوکاری کاک ئەحمەد بکە لە کارەکانی. بەو شێوەیە کۆتایی بەو کێشەیە هات لە گەڵ پاریزگار. کاتی خۆی بەڕیوەبەری گشتی بژێویی لە بەغدا بڕیاری چۆنیەتی دروستکردنی لێژنەی مۆڵەتی کردنەوەی نانەواخانەکانی دەرکردبو.

دوای ئەوەی بەڕێوەبەری بژێوی هەولێر گواستراوە بۆ بەغدا وە لە شوێنی ئەو شەفیق محەمەدئەمین کرا بە بەڕێوەبەر، باسی دۆخەکەم بۆ کرد ئەویش چووە بەغداو بەڕێوەبەری گشتی ئاگادارکردەوە، بۆیە بڕیارێکی نوێیان دەرکرد کە لێژنەی مۆڵەت سەر لە نوێ دروست بکرێتەوە لە بەڕێوەبەری بژێوی هەولێر، وەک سەرۆک، سەرۆکی سەندیکا وەک ئەندام و فەرمانبەرێکی پارێزگاش وەک ئەندام. بە ڕادەیەکی کەم کارەکان باشتر بون، بەڵام زۆربەی مۆڵەتەکان هەر لە لایەن پارێزگارەوە دەدران.

بۆ میژوو عەبدولوەهاب ئەتروشی پیاوێکی بەتواناو و ئیشکەربوو، وە جێگای متمانەی مەلا مستەفا بو، کاتی خۆی بەرپرسیارەتی هێزی خەباتی پێ سپاردبو.

ئێمە کاتی خۆی دەمان بیستەوە کە «عەبدولوەهاب ئەتروشی» ڕۆڵێکی خراپی هەبووە لە کوشتن و گرتن و تەحویل دانەوەی تێکۆشەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە وەک پەنابەری سیاسی لە کوردستانی عێراقدا دەژیان، بە تایبەت باڵە شۆڕشگێڕو پێشکەوتوخوازەکەی ئەو سەردەمەی حیزبی دیموکرات، کە شەهید سوڵەیمانی موعینی و شەهید سمایلی شەریف زادە و حەمەدەمین سیراجی و سەعید کۆیستانی و چەندان تێکۆشەرانی تر ڕابەرایەتیان دەکرد.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کوردستانی باشورو ئازادبونی ناوچەکە، بیروەری چەندین سیاسەتمەدارو تێکۆشەری گەلەکەمان کە لە ئەورۆپا چاپکرابوو بڵاوببۆوە ، گەیشتە دەستی خەڵکی کوردستان، وە ئەوەی ئێمە تەنها بەزارەکی گوێ بیستی ببوین، بە دۆکومێنت کەوتە بەر دەستی خوێنەری کوردستان.

یەکی لەو سەرچاوە باوەرپێکراوانە، بیرەوەریەکانی «کەریمی حیسامی»یە، چونکە ئەو لە چەندین لاپەڕەی کتێبەکانیدا لا یەنگیری خۆی بۆ مەلا مستەفا ئاشکرا کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرگی

سێیەمی بیرەوەریەکانی خۆیدا چەندین نامەی ئەو تێکۆشەرانەی کە لەسەرەوە ناوم هێناون بلاوکردۆتەوە، وە بە ئاشکرا نووسیویانە کە بە بڕیاری مەلا مستەفاو ئیدریس بارزانی، عەبدولوەهاب ئەتروشی چەندین کاری تاوانکاریی دەرهەق بە تێکۆشەرانی حزبی دیموکرات کوردستانی ئێران ئەنجامداوە.

کاک کەریمی حیسامی لە بەرگی سیەمی بیرەوەریەکانی لاپەرە ٧٠ ئەمەی بلاوکردۆتەوە:

((لە لایەکی ترەوە نامەم بۆ هات کە عەبدولوەهاب ئوتروشی ئامیر هیزی خەبات شەش ئەندامی حیزبی دیموکراتی لە تەوێلە گرتوە. مەلا رەحیمی وردی ناسراو بە میرزا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژیراوی کۆنگرەی دوو، کاتێک ویستویانە بیدەنەوە بە حکومەتی ئێران ئیعتیرازی گرتوە، عەبدولوەهاب ئوتروشی ئەمری کردوە تەقەی لێ بکەن و کوشتویانە. پێنج کەسەکەی دیی بە ناوانی ئەسکەندەر عەلی، محەمەد موئمنی، توفیق مستەفا، حەبیب ئەبابەکر، جەعفەر ئەبابەکر تەسلیمی حکومەتی ئێرانی کردونەوە)).

رەوشی کوردستان لە چوار ساڵی ڕێککەوتندا

هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوە، کە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار تا ڕادەیەک میللەتەکەی دڵخۆشکرد، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ناکۆکیەکان دەردەکەوتن، حکومەتی بەعس بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا سوود لەو چار ساڵە وەربگرێت و خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕی کورد، وە بەرنامەی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماتی دارشتبو بۆ ئەو مەبەستە.

مەلا مستەفا «حەبیب محەمەد کەریم»ی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی ببێ بە جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، حزبی بەعس داوایان کردبو یەکێ لە کورەکانی خۆی «ئیدریس یان مەسعود»

بۆ ئەو وەزیفە بەرزە دەستنیشان بکات، بەڵام بە هەر هۆیەک بێت مەلا مستەفا نەیکرد، حزبی بەعسیش پێشنیارەکەیان ڕەتکردەوە، ئەوەش سەرەتای بێ متمانەیی هەردولاو جدیەتی ڕێککەوتنەکەی نیشان دەدات.

حزبی بەعس چەندین شارۆچکەی سەر بە پارێزگای کەرکوکی کە دانیشتوانەکەی کوردبون قرتاندو خستیە سەر سلێمانی، وەک کەلارو کفریی و چەمچەماڵ بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە کەرکوک، وەدەرکردنی هەزاران خێزانی برا کوردە فەیلیەکانمان لەو ڕۆژگارەدا بە بیانۆی ئەوەی گوایە ئەوانە تەبعیەی ئێرانین. هەروەها ئەنجامدانی پیلانێکی گەورە بۆ لەناوبردنی مەلا مستەفا بارزانی لە بارەگای بارزانی لە قەسرێ، بەڵام ئەوەشیان سەری نەگرتو هەموو پیلان گێڕەکان کۆژران. لە میدیاکان بڵاوی دەکردەوە کە مەلا مستەفا نایەوەی ڕێککەوتنی ئادار جێبەجێ بکرێت، وە بە بەکرێگیراوی ئێران تاوانباریان دەکرد، ڕۆژنامەکانی بەعس دژی مەلا مستەفاو پارتی ڕۆژانە بابەتیان دەنووسی وە ڕۆژنامەکانی پارتیش وەڵامیان دەدانەوە، تا دەهات حزبی بەعس پاشەکشەی دەکرد لە بەڵێنەکانی.

ڕەوشی ئەمنی شاری هەولێر ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبو، چەندین بۆمب لە چێشتخانە و چایخانەو شوێنە گشتیەکانی هەولێردا تەقینەوەو خەڵکیکی زۆری بێ گوناح بونە قوربانی. خەڵکیک لە ناو شاری هەولیر کۆژران، وەک «محەمەد حاجی» خەزوری فارس باوە، کە لە ناو دادگای هەولێر کۆژرا لە کاتی ڕووبەڕوبونەوەی لە گەڵ چەند پۆلیسێکی ئەمندا.

خەڵکی ئەو تاوانانەی بە زۆری لە پیاوانی بەعسی دەزانی، بەڵام بە دڵنیایەوە پێاوانی سەر بە دەزگا سیخوریەکانی ئێران، دەوریان هەبو لە ئاڵۆزکردنی وەزعەکە، ئێران دەیویست شەڕی عێراق بە کورد بکات، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی، هەر واشبو، دوای

ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ نێوان عێراق و ئێران، کۆتاییان بە شۆڕشەکەی کوردیش هێنا.

شەوی ١١ی ئاداری ١٩٧٤ شاری هەولێر

دانیشتوانی شاری هەولێر لە شەوی ١١ی ئاداری ١٩٧٤ دەستیان کرد بە کۆرەو شاریان بە جێهێشت و ڕوویان کردە ناوچە شاخاویەکان، ئەوانەی فەرمانبەربون سەیارەی حکومەتیان لابو لە گەل خۆیاندا هێنایانە ناوچە ئازادکراوەکان. من ڕۆژی پێشتر هەموو کەل و پەلی سەندیکام تەسلیم بە سکرتێری سەندیکا سابیر محەمەد کرد.

منیش لە گەل، محەمەد و حوسێنی برام شارمان بە جێهێشت و کاتژمێر ٨ی شەو گەیشتینە گوندی سماقولی سەروچاوە، خەلکێکی ئیجگار زۆری شار گەیشتبونە سماقولی، بەڵام خەلکی گوندەکە وەک نەریتی دەیان ساڵەیان لە خزمەتکردنی شۆڕشی میللەتەکەیان بەگەرمی پێشوازیان لە خەلکەکە دەکردو بەسەر ماڵەکاندا دابەشیان دەکردن، ئێمە پێنج کەس بوین بەر ماڵی کاک «مەغدیدی» ئامۆزای کێخوا عەزیز کەوتین، هەر چەندە وەزعی مادیی باش نەبوو بەڵام زۆر بەڕوێکی خۆشەوە ئێمەی وەرگرت و خزمەتی کردین.

لە سماقولی، برادەرانی لقی٢ کۆبونەوەیەکی فراوانیان بە خەلکەکرد و داوایان لێکردن ئەوەی مەترسی لەسەر نیە با بگەڕێتەوە، بەڵام خەلکی سادەی ئێمە وایان دەزانی کە بەیانی حکومەت دەرووخێ و ئەوانیش بە پاداشتەوە دەگەڕێنەوە، بۆیە کەس نەگەڕایەوە.

خزمێکمان لە گوندی نازەنین کە دەبیستی ئێمە لە گوندی سماقولین کۆڕێکی خۆی بە دوای ئێمە داناردو ئێمەش چوینە لای ئەوان. چەند شەوێک لە نازەنین ماینەوە وە پاشان بریارماندا محەمەدی برام بگەڕێتەوە هەولێر، چونکە هیچ مەترسی لەسەر نەبو، من و

حوسێن ی براشم چوینە ناحیەی هیران، لەوێ شوێنی تایبەت بۆ ئەندامانی لێژنەی سەندیکاکان دیاریکرابو.
خەڵکەکە هەموی بەرەو شارۆچکەی چۆمان سەر دەکەوت. منیش لە ١٩٧٤/١١/١٧ بریارمدا بەرەو شارۆچکەی رواندز بروێن. لە گەڵ حوسێن ی براو و چەند کەسێکی تر رێگا شاخاویەکانمان گرتە بەر، تا گەیشتینە چیای دەرەشیر، بە ماندوبونێکی زۆرەوە سەرکەوتین بەرەو گوندی مەلەکان ڕۆیشتین بۆ نیوەڕۆ گەیشتین، پاش نانخواردنی نانی نیوەڕۆ، هاتینە گوندی گەرەوانی سەرەوە، شەو لەوێ ماینەوە، خەڵکی شار هەموو دێهاتەکانی کوردستانی پڕکردبو، هەموشی بەرەو سەرەوە دەڕۆی کەسیش نەیدەزانی چ شتێک چاوەڕوانی دەکات! وە هیچ بەرنامەیەکیش بۆ خەڵکەکە باس نەدەکرا.
بەهەر حاڵ گەیشتینە رواندوز، پاشان بە سەیارە بەرەو چۆمان کەوتینە ڕێگا. لە چۆمان چەند شەوێک لە چایخانەیەک دەخەوتین، شەوی بە ١٠٠ فلس. پاشان لەسەر داوای «عەبدوڵڵا رەوف شوانی» من چومە لای ئەو کە بەڕێوەبەری شارەوانی چۆمان بو، بە سوپاسەوە چەند شەوێکیش لای ئەو مامەوە.
لە گەڵ چەند برادەرێک ژووریکمان لە خزمێکی کاک عەبدوڵڵا شوانی بۆ ماوەی سێ مانگ بە کرێ گرت، بەڵام ئەویش هەر ڕۆژەو بە بیانویەک دەیویست ژوورەکە بەجێ بهێلین.

دوا دیدارم لە گەڵ مام حەمەد ئاغای میرگەسۆر

ڕۆژێکیان لە چۆمان بە ڕێککەوت مام «حەمەد ئاغای میرگەسور»م بینی، کاتی خۆی لە خۆشناوەتی نێوان من و مام حەمەد ئاغا زۆر باش بوو و دۆست بۆین، ڕێزی تایبەتیمان بۆ یەکتر هەبوو، کە لە چۆمان یەکترمان بینی هەردولامان زۆر پێ دڵخۆش بوین،

پرسیاری لێکردم چی دەکەم و لەکوێ دەژیم! منیش بۆم باسکردو، لە وەڵامدا گوتی: ڕوی ئەو دنیایە ڕەشبێت کە ئەحمەد بێکەس لە چۆمان بێت و من نەتوانم پێی بڵێم فەرموو بچینە لای من، وە گوتی: کاک ئەحمەد من و کوڕەکانم لە ژێر چادێری پاراستنین و دەستبەسەرین نازانم چارەنووسمان چی دەبێت! بەداخەوە ناتوانم میواندریت بکەم و خزمەتت بکەم، تکایە پرسیارم مەکەو لێم نزیک مەبەوە با توشی کێشەو ئەزیەت نەبی لەسەر من، ئیتر کەمێک وەستاین و خواحافیزیمان لە یەکتر کردو ڕۆیشتم. ئەوە دواجاربوو مام حەمەد ئاغا ببینم، بەداخەوە دوای ئەوە بیستمەوە کە لە گەڵ هەرسهێنانی شۆڕشدا لە ئاداری ١٩٧٥ ئەو بنەماڵە کورد پەروەرەش هەموویان لەناوبران.

هێنانی خێزان و منداڵەکانم بۆ ناوچە ئازادکراوەکان

من لەو کاتەدا بڕیارمدا بچم مـاڵ و منداڵەکانم بێنمە ناوچە ئازادکراوەکان، بە سـورای لاندرۆڤەرێک ڕۆیشتین بـەرەو بلە و بـارزان، کە گەیشتینە دەشتی دیانە سوپای عێراق بە تۆپی دوورهاوێژ لە چیای کوڕەکەوە بوردومانی کردین، گولە تۆپێک لە نزیک ئێمە بەرزەوی کەوت بەڵام زیانی نەبو. دوای ماوەیەک گەیشتینە شارۆچکەی بلە، پاش کەمێک حەسانەوە، کەسێکمان وەک چاوساغ بەگەر کەوت و بۆ شەو گەیشتینە گوندی «سەفتێ» ویستمان دابەش بین بەسەر ماڵەکاندا، بەڵام دانیشتوانی گوند کەسیان وەرنـەگرت، گوتیان: شێخ عوسمانی شێخ ئەحمەدی بارزان ئاگاداری کردوین کە هیچ میوانێک وەرنەگرین بە تایبەتی پێشمەرگە، ناچارماین لەسەر پوشەکان خەوتین، بەیانی بەبێ نانخواردن کەوتینە ڕێگا بەرەو گوندی «ئامادان» لەوێش بۆ گەلی

زینتان و بۆ گوندی «بجیل» شەو لەوێ خەوتین.
بەیانی بە کەلەک لە زێی گەورە پەڕینەوەو گەیشتینە گوندی «چامە». شەو لە چامەی خوارو خەوتین. بەیانی ویستمان بە سەیارەی گوندی چامە بڕۆین بەرەو هەولێر بەڵام شوفێرەکە لە حکومەت دەترسا و نەیدەویست هەڵمان بگرێت. بە شوفێرەکەم گوت، عەبدوللە ی شێخ تەها و حاجی عەبدولرەحمانی برای دەناسی کە لە گوندی «قەفەر» دادەنیشن! گوتی، ئەرێ وەللە من زۆر باشیان دەناسم، گوتم: ئەوانە ئامۆزای منن. گوتی: مادام ئامۆزای ئەوانی، ئەگەر لەسێدارەشم بدەن دەتگەێنم، فەرمو سواربە. منیش سواربوم بەرەو هەولێر. بۆ بانگی نیوەڕۆ گەیشتمە شارو لە شەقامی شەست مەتری دابەزیم و چومە مالّی برایەکەم، کە شەو داهات ناردم بەدوای خێزانەکەم و پێم گوت: هاتیمە ئیوەش لەگەڵ خۆمدا ببەمە ناوچە ئازادکراوەکان، من لەسەرتا پێشبینیم دەکرد کە پێان ناخۆشبێت، بەڵام وادەرنەچوو، زۆریان پێخۆش بو. خێزانەکەم گوتی: زۆر باشە، چونکە حیزبی بەعس ئێستا کەس و کاری ئەو کەسانە دەگرێت کە چونەتە دەرەوەو وە زۆر خراپەکاری دەکەن دەرهەق بەو خیزانانە.
برادەرێکم ڕاسپارد کە سەیارەیەکمان بۆ ئامادەبکات بۆ گەیاندنی خێزانەکەم بۆ گوندی چامە، وە پێم گوتن: من لە گوندی قەفەر چاوەڕێتان دەکەم. پاشان من دەرچوم بەرەو گوندی قەفەر و لەوێ چاوەڕێم کردن، ڕۆژی دوای بۆ نیوەڕۆ گەیشتن و منیش لە گەڵیان سواربوم و کەوتینە ڕێگا و بە گوندەکانی (قەپەکیان و کودەریان) تێپەڕین بۆ پاش نیوەڕۆیەکەی گەیشتینە گوندی چامە، شەو ماینەوە، بەڵام پێشولەی ئەوەندە زۆر بوو خەومان لێ نەدەکەوت.
بەیانی لە گوند دەرچوین بۆ دەو زێی، بە هەمان شێوەی هاتنم بە کەلەک (کە بریتیە لە چەند چوپێکی تراکتۆر بە دار لێک بەسترابون) پەڕینەوە ئەو بەر لە نزیک گوندی «گەویلان»ی شێخ ئەحمەدی

سورچی. منداڵەکانم لەوێ بەجێهێشت خۆم چومە ناو گوندو دوو ولاغدارم بە پارە بە کرێ گرت بۆ ئەوەی بمان گەیەنە ناحیەی «بجیل»، کەل و پەلەکانمان بارکرد و کەوتینە ڕێگا، کە گەیشتینە نزیک گوندی گەویلان دایک خۆشکی ولاغدارەکان هاتن گوتیان: تۆپبارانە لە بجیل نابێ بچن، ئەوەندی داوام لێکردن و پارەی زیاترم پێدان، بەڵام بی سوود بوو کەل و پەلی ئێمەیان داگرت و ڕۆیشتن. ئێمەش لەو ناوە ماینەوە.

ماڵێکی پێشمەرگەی خەڵکی شاری هەولێر لە گوندی گەویلان بون، ئەوانیش وەک ئێمە دەربەدەر بون بەڵام ئەوان دەمێک بو لەوێ بون، کە وەزعی ئێمەیان بینی هاتنە لامان و کەل و پەل و منداڵەکانیان بردە ماڵەکەی خۆیان و نانی نیوەڕۆیان بۆ ئامادەکردین. ژنی ماڵەکە بە خیزانەکەمی گوت: بڕۆ لای خێزانی شێخ یان کچەکەی ئەوان وڵاغتان بۆ دابین دەکەن.

لەسەر قسەی ماڵەکە، خێزانم چوە ماڵی شێخ و خێزانەکەی لە وەزعی ئێمەی ئاگادار کردەوە، خێزانی شێخ زۆر بەگەرمی پێش وازی لێکردبوو هەر ئەودەم دوو وڵاغداری بۆ پەیداکردین، ئێمەش کەلوپەلەکانمان لێ بارکردو ڕۆیشتین بەرەو بجیل کە گەیشتین بۆ کرێکەیان (دینارو نیوەکیان) لێ وەرگرتین و گەڕانەوە.

قوتابخانەیەک لە بجیل چۆڵ کرابو لە ترسی بۆردمانی فڕۆکەکانی حکومەت، ئێمەش چوین لە یەکی لە ژوورەکانی دابەزین. شەو سوپای عێراق لە لای شارۆچکەی ئاکرێ وە بجیلی تۆپباران کرد، وە دوو گولە تۆپ لە نزیک ئێمە کەوتە خوارەوە، بۆیە بەپەلە شوێنەکەمان چۆڵکردو چوینە شوێنێکی پارێزراوتر کە تۆپی نەدەگرتەوە. چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە لە چاوەروانی ماڵی کاک محەمەد شێخە کە هاوڕێی سەفەرەکەم بو.

پاش ئەوەی گەیشتن، چەند وڵاغیکمان بەکرێ گرت و خواردن و خواردنەوەمان هەڵگرت، وە لە ترسی بوردمانی تۆپەکانی سوپای

عێراق لە سەری ئاکرێ وە، ئیوارەکەی پێش ڕۆژ ئاوابون کەوتینە ڕێگا، وە وێستمان زۆر بە خێرای ئەو ڕێگایە ببڕین تا دەگەینە ناو گەلی زینتان کە تۆپ باران نایگرێتەوە.

لە ڕێگا تۆپبارانیان کردین، بەڵام هەمومان سەلامەت بوین و گەیشتینە ناو گەلی زینتان وە مەترسیمان لەسەر نەما. مالی محەمەد شێخە کچی بەریوەبەری پۆلیسی شاری کۆیی یان لەگەڵ بو، کچەکە قوتابی پۆلی پێنجی ئامادەیی بو، لە ناو شار مابۆوە لەگەڵ باوک و دایکی دەرنەچوبو تاکو تاقیکردنەوەکانی سەری سال تەواو بکات. خاوەن وڵاغی کچەکە، کورێکی سورچی بوو، لە ترسی تۆپباران زۆر بە خێرای دەڕۆیی و ئێمەی بەجێهێشت دوورکەوتەوە. محەمەد شێخە کە کچەکە ئامانەتی ئەو بو، زۆر مشەوەوش بو، وە بە غاردان بەدوایان کەوت، ئەوە بو لە ناو گەلیەکە گەیشتەوە ئەوان، وە زۆر سەرکۆنەی کابرای کرد بۆ دابڕانی لە ئێمە.

بەردەوام بوین لە ڕۆیشتن تا گەیشتینە گوندی «ئامادان» کە دانیشتوانەکەی چۆڵیان کردبو، شەو لە گوند مایندوە. بەیانیەکەی کەوتینە ڕێگا بۆ بلێ و بارزان. کوڕیکی تەمەن چار ساڵەم هەبوو کە بە زگماک میشکی گەشەی نەکردبوو هەروەها پەرکەمی یشی دەگرت ناوی «هیوا» بو، وە کچێکی ٥ سالانیشم بە ناوی شیلان بو، ئەوانە منداڵ بون نەیان دەتوانی بە پێ بڕۆن، بۆیە هەر یەک لەوانم خستبوە ناو لا تێڕێک لە سەر پشتی گوێدرێژێک، لە کاتی ڕێکردندا تێڕەکە دەدرا بە داریک یان بەردی شاخێک، کورەکەم ئەزیەتی دەخواردو لە داخان لە خوشکەکەی خۆی دەدا، تاکو گەیشتینە سەر ڕووباری بلێ هەردووکیان زۆر ئەزیەتیان خوارد. کە گەیشتینە ڕووباری بلێ نیوەڕۆ بو، وە پردی پەڕینەوە لەسەر نەبو، وە لە ترسی بوردمانی فڕۆکەکانی ڕژیمی بەعس، پەڕینەوە بە قایەغ تەنها دوای ڕۆژ ئاوابون هەبوو. ئیوارە پەڕینەوە بۆ

شارۆچکەی بلێ و شەو لە خەستەخانە خەوتین، بەڕۆژەکەش چوینە ناو باخەکان لە ترسی بوردمان کردن. بلێ کەوتبوە نێوان دوو ڕووبار کە هەر دووکیان دوو لقی یەک زێ بون، دەبوایە لە ڕووباری دووەمیش بپەڕینەوە کە لە وەی یەکەم گەورەتر بو. بۆ خواردنی نیوەڕۆ چومە لای قەسابێک کە کاوریکی کوشتبۆوە وە چەند کیلۆ گۆشتێکم لێکری و کردمان بە چێشت.

ئێوارە بە سواری (جێبێک) چوینە سەر ڕووبارەکە، پردێکی لێبو بەلام بوردمان کرابو، سەیارە نەی دەتوانی بەسەریدا بڕوات، بۆیە لەوێش بە کەلەک پەڕینەوە. لەو بەر لۆری و قەلابە وەستابون بۆ گواستنەوەی خەلک، لە گەل چەند خێزانێک سواری لۆریەک بوین و بەرەو «چۆمان» کەوتینە ڕێگا، پێش ڕۆژهەلات گەیشتینە دەشتی دیانا لەوێ وەش بۆ چۆمان.

لە چۆمان خانو دەست نەدەکەوت، ئەو شارۆچکەیە بە دەیان هەزار کەس ڕووی تێکردبو، دنیا هاوین بو، بۆیە ئێمەش لە ژێر دارگوێزێکی زۆر جوان لە دەو ڕووبارێکی دڵڕفێن جێگامان خۆشکردو کەل و پەلەکانمان دانا، دوای ئەوە یەک دوو خێزانی ناسیاریش هاتنە لامان.

من لە فرۆشگای شۆڕش کاریان پێ سپاردبوم، بەرپرسیارەتی پێویستیە سەرەکیەکانی خواردەمەنیم وەرگرتبو، ڕۆژانە بە لۆری لە ئێرانەوە، ئارد، ڕون، شەکر و چا دەهات بۆ فرۆشگاو من وەرم دەگرت.

ئێمە ڕۆژانە گوێمان لە دەنگوباسەکانی ڕادیۆی دەنگ کوردستان دەگرت، بۆ ئەوەی ئاگاداری وەزعەکە ببین. بە پێی ئەو دەنگوباسانە ڕۆژانە تا دەهات هێزەکانی سوپای عێراق پێشڕەویان دەکرد لە بەرەکانی جەنگ و هێزی پێشمەرگەش لە پاشەکشەدابو. خەلکەکە بە تایبەت ئەوانەی خێزاندار بون، بەرە بەرە دەستی بە ڕۆیشتن کرد بەرەو ئێران، بۆیە منیش بڕیارمدا لە گەل خێزانەکەم بچینە

ئێران، بە تایبەت پڕۆسەی ئاودیوبون بۆ ئێران چەند حەفتەیەکی دەخایاند هەروەها وەرزی هاوین لە کۆتایەکەی نزیک دەبۆوەو بەرەو وەرزی زستان دەچوین.
سەرەتای مانگی ٩ی ١٩٧٤ کەل وپەلەکەمان کۆکردەوەو چوینە حاجی ئۆمەران، خزمێکم بە ناوی «جەلال شێخ سانی شێخ ئەسعەد» لە لێژنەی بەڕێکردنی سەر سنور ئیشی دەکرد، بە گەیشتنمان دەستبەجێ مامەڵەی چونە ئێرانی بۆ کردین و لەگەڵ چەند خێزانێکی تر سواری ئۆتۆمبیلی کردین، کەوتینە ڕێگا بەرەو ئێران.
کاتێک گەیشتینە ناو خاکی ئێران، ماشینی ڕێکخراوی « شێرو خورشید» چاوەڕییان دەکردین، سواری ماشینەکە بوین، هەر خێزانیش دەستەیەک هێلکەی کوڵاو کێسەیەک خورماو نانیان پێداین، پاش کەمێک ڕۆیشتین بەرەو شارۆچکەی پیران شەهر «خانێ». لەوێ وەش چوینە شارەکەی قازی «مەهاباد»، هەموو ماشینەکان لە دوەرەوەی مەهاباد وەستابون بۆ ئەوەی بەیەکەوە دەربچن.
زۆری نەخایاند بەسەدان کورو کچی نەوەی شەهیدی پێشەوا «قازی محەمەد» ڕۆڵە ئازاو خوێن گەرمەکانی مەهاباد، بۆ لای کاروانی ماشینەکان هاتن و هەمویان کیسەی خواردن و خواردنەوەو شیرینی ومیوەیان پێ بوو هەوڵیان دەدا بیدەن بە خەڵکەکە، بەڵام پیاوانی ساواکی ئێرانی هەوڵیاندا ڕێگریان لێبکەن، بەڵام لە کۆتاییدا خۆیان لە بەردەمی هەوڵەکانی ڕۆڵەکانی مەهاباد نەگرت و بەناچاری ڕێگایان پێدان دیاریەکانیان بدەنە ئاوارەکان.
پاش ئەوە، بەڕێکەوتین و لە شاری میاندوئاب تێپەڕین و گەیشتینە شاری مەراغا، شەو لە هۆڵی شەمەندەفەری «مەراغا» خەوتین. ڕۆژی پاشتر بۆ نیوەڕۆیەکە سواری شەمندەفەر بوین و بەرەو تاران کەوتینە ڕێگا. هەر لە ناو شەمەندەفەرەکەشدا چێشتمان دەخوارد،

وە نەوەستا تا گەیشتینە شاری «ئەندیمشک» کە سەر بە پارێزگای ئەهوازە. خەڵکەکەیان دابەزاند و سواری ماشێنی سەربازی ئێرانیان کردو ئێمەیان بردە ئۆردوگای «بابک»، کە گوندێکی سەردەمیانە نموونەیی بو، قوتابخانەو مزگەوتو خەستەخانەی هەبو، لەگەڵ چەندین پرۆژەی ئاودان، کە بۆ جوتیارانی ناوچەکە دروستکرابو، بەڵام ئێمەی ئاوارەیان تێدا نیشتەجێ کرد.

بە گەیشتنمان ژوورێکی سەربەخۆی گەورەیان بە ئێمەدا، وەرێکخراوی «شێروخورشید» خواردنیان بە سەر خەڵکەکە دابەشکرد کە نزیکەی ١٧٠٠٠ کەس دەبوین. دوای ئەوە ئەرزاقیان دەداێنێ وە بۆ خۆمان چێشتمان دروست دەکرد. منداڵەکان چونە قوتابخانەو دەستیان بە خوێندن کرد. ئۆردوگاکە هەموو خزمەتگوزاریەکی پێویستی لێ بو.

دەتتوانی مانگانە مۆڵەت لە شێرو خورشید وەربگری و سەفەری کوردستان یان هەر شارێکی تر بکەی.

بەو شێوەیە لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٤ تاکو مانگی نیسانی ١٩٧٥ ئێمە لەو ئۆردوگایە ژیانمان بەسەربرد. رێککەوتنە شومەکەی نێوان شاهنشای ئێران و سەدام حوسێن بە هاوکاری سەرۆکی جەزئیر هواری بومیدیان لە ٢٥ ئاداری ١٩٧٥ کۆتایی بە شۆڕشی کوردستان هێنا.

رێککەوتنی ئێران - عێراق و گەڕانەوەمان بۆ کوردستان

بە رێکەوتنی ئێران وعێراق شۆڕشی کورد کۆتایی پێهات، چونکە رێککەوتنەکە وابو ئەبێ صدام حسین واز لە نیوەی شط العرب بێنێ بۆ ئێران وە شای ئێرانیش بەرامبەر ئەوە کۆتایی بێنێ بە شۆڕشی کورد. بۆیە شای ئێران ئاگاداری بارزانی کردو ووتی: ئێمە لە گەڵ عێراق پێک هاتین بەرامبەر ئەوەی کۆتایی بە شۆڕشی

کورد بێنین، بارزانیش داواکاریەکەی شایی قەبول کرد، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی خۆیان لێ بێدەنگ کرد، هەرچەند ئەو تێکدانی شۆڕشەشیان بە دل نەبو.

ئەوەبو بارزانی ڕەحمەتی «شەفیق لاینی» بە نوێنەرایەتی خۆی نارد بۆ ئۆردوگاکان و بە ناوی بارزانی کۆتایی هێنانی شۆڕشی کوردستانی بە کوردانی دانیشتوی ئۆردوگاکان ڕاگەیاند.

شەفیق لاین، هاتە ئۆردوگای بابک، زۆربەی دانیشتوانی ئۆردوگا کۆببونەوە، شەفیق لاین، بە خەڵکەکەی گوت: من بە ناوی بارزانی پێتان ڕائەگەینم کە شۆڕشی کورد نەما، هەر یەکێک دەگەڕێتەوە عێراق بابگەڕێتەوە، وە هەر یەکێک ناچێتەوە بۆ عێراق، لە ئێران لە سەر شارەکان دابەش ئەکرێ، وە هەر شوێنێک حکومەتی ئێران خۆی بیەوێ ئەینێرێتە ئەوێ، تەنها کوردستان نەبێت، کەس نانێرێتە کوردستان.

وەکو بیستم بۆ هەمان مەبەست، بارزانی نوێنەری خۆی نارده ناو هێزەکانی پێشمەرگە وە ئاگادار کرانەوە کە بە ئەمری بارزانی شۆڕش کۆتایی هات، هەر کەسێکیش دەگەڕێتەوە بۆ عێراق ئازادە، عێراق بڕیای لێبوردنی دەرکردوە، وە ئەوەی ناچێتەوە بۆ عێراق دەرگای ئێران کراوەیە.

بەڵام پاش هاتنی شەفیق لاین، مەلا محەمەد مەلا قادر، ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی، هات بۆ ئۆردوگاو لە گەڵ چەند کەسانێکی کەم کۆبونەوەیەکی نیمچە نهێنی کردو داوای لە خەڵکەکە کرد نەگڕێنەوە بۆ عێراق وە جارێ لە ئێران بمێنێنەوەو بزانن وەزع بەچی ئەگات، بەڵکو ئەم زروفە بگۆڕێت. بەڵام خەڵکەکە زۆر ناڕازی بون لە سیاسەتی قیادەی پارتی چونکە کەسیان هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەیان نەبو، وەهیچ جۆرە بەرهەڵستێکی نەبوو دژ بە ڕێککەوتنەکەو کۆتایی هێنان بە شۆڕشەکە.

وەکو بیستم تەنها چەند بەرپرسێک وەک، عومەر دەبابە و عەلی

عەسکەری و دکتۆر خالید و فارس باوەو ڕەشید سوندی چەند کەسانێکی تر نەبێت کە دەیان ویست بە شەڕی پارتیزانی دژێژە بە شۆڕش بدەن. بەڵام حکومەتی ئێرانی بە ڕێگای بارزانی ئاگاداری کردنەوە کە وازبێنن، ئیتر ئەوانیش نەیانتوانی هیچ شتێک بکەن.

ئێمە لە لێبوردنی دووەمی حکومەتی عێراقی لە ١٩٧٥/٤/٢٠ لە ئۆردوگای بابک سواری پاسە گەورەکان بوین و هەویەی ئیقامەیان لێ وەرگرتینەوەو بەڕێکەوتین بەرەو عێراق، پاش نیوەڕۆ گەیشتینە خوسرەوی، وە لەوێ هەر کەسێک پارەی ئێرانی لابو بە پارەی عێراقی گۆڕیەوە. پاش ماوەیەک گەیشتینە ناو خاکی عێراق، نوینەرانی عێراق ئێمەیان لە ئێرانیەکان وەرگرتەوە. پۆلیسە ئەمنەکانی عێراقی و شوفێرەکان لێمان کۆببونەوەو دڵنەوای ئێمەیان دەداوە. خەڵکەکە بە گشتی وەرەی روخابو، یەکێک لەوانە لە بەردەمی ئەمنەکان خاکی عێراقی ماچ دەکرد، وە بە ئەمنەکانی دەگوت، من دەچمەوە عەسکەری و بەس خزمەتی عێراق دەکەم... خەڵکی نەیان دەزانی چارەنوسیان چی دەبێت، بە تایبەت پێش ئێمەو لە لێبوردنی یەکەمی حکومەتدا خەڵکانێک گەڕابونەوە عێراق بەڵام کەس نەی دەزانی چیان بەسەر هاتیە، بۆیە خەڵکی بە گشتی دەترساو خۆی تەسلیمی قەزاو قەدەر کردبو.

دوای ئەوەی هەموومانیان ناونوس کردو لیستیان دروست کرد، ئێمەیان سواری چەند پاسێک کردو بەرەو شاری «بەعقوبە» ڕۆیشتین، لە شارۆچکەی خالیس وەستان بۆ حەسانەوە، لە مالێکی نزیک جادەکە دەست و دەم و چاومان شوشت، خاون مالەکە سینێکی گەورە نان و چایان بۆ هێناین، وادیار بو کەسانی باش بون. کە گەیشتینە شاری بەعقوبە چەند کەسانێک کە ژمارەیان زۆر کەم بو چەپڵەیان لێ ئەدا بۆ گەڕانەوەی ئێمەو سەرکەوتنی حکومەت.

ئێمەیان بردە شوێنێک کە بە حەسیر هەندێ کەپری لێ دروست

کرابو، لەوێ ئەمنی بەعقوبە خێزان بە خێزان بانگیان دەکردین و لاپەرەی تۆماریان بۆ دەکردینەوە، کە چەند پرسیارێکی لە خۆگرتبو وەک (ناو، ڕۆژی دەرچوون، شوێنی دانیشتن..). بڕیاربو ناوی خێزانەکان بنێرن بۆ بەغدا بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ گەڕانەوەمان بۆ شارەکانی خۆمان. بۆ بەیانی بڕیارێکی حکومەتی عێراق هات، تێیدا هاتبو کە پێویست بە وەرگرتنی ڕەزامەندی ناکات، وە هەر کەسێک دەگەڕێتەوە یەک سەر بینێردرێتەوە بۆ شارەکەی خۆی. ئێمەش ئەو ڕێگای شاری کەرکوک گەڕاینەوە شاری هەولێر و لە گۆڕەپانی پارێزگای هەولێر دایان بەزاندین.

خەڵکی هەولێر ڕۆژانە دەهاتنە بەردەمی پارێزگا، بۆ پرسینی سۆراغی کەس و کاریان، بۆیە خەڵکەکەیان لەو شوێنە بەرچاو گشتیە دادەنا، تاکو بە خەڵکی بڵێن ئەوە خەڵکی هەموی دەگەڕێتەوە ڕیزی نیشتمانی.

کە گەیشتینە هەولێر، کەس و کارمان چاوەڕێیان دەکردین و بەیەک شاد بوینەوەو، ئێمەش چوینەوە ماڵەکەی خۆمان. منیش داواکاریەکم بۆ پارێزگاری هەولێر نووسی و داوام کرد بگەڕێمەوە بەڕێوەبەرایەتی بژێویی هەولێر. دوای چەند ڕۆژێک چومە سەر وەزیفەکەی پێشوم و برادەرانی ئیش زۆر بەگەرمی بەخێر هاتنەوەیان کردم، بەڵام بۆمن لە لایەنی دەرونیەوە زۆر قورس و زەحمەت بو کە بەو شێوەیە گەرامەوەو سەرکەوتو نەبوم لە خەباتەکەم. بەعسیەکان لەگەڵ هەندێ لە تروکمانەکان شکستی کوردیان زۆر پێ خۆش بو. خەڵکی هەبو تانەو پەلاریان لێ دەدا‌ین بە تایبەت هەندێک لە برادەرانی حزبی شوعی کە ئەو کاتە لە یەک بەرەدابون لە گەڵ حزبی بەعسدا، ئەندامانی پارتیان ئیستفزاز دەکرد، لە جیاتی ئەوەی لێمان نزیک ببنەوەو دڵنەوایمان بدەنەوەو بۆ لای خۆیان رامان بکێشن.

سیاسەتی حزبی بەعس بە پێچەوانەی برادەرانی حزبی شوعی بو،

ئەوان لەبەر بەرژەوەندی حزبەکەیان بە بەرنامە لە خەڵکەکە نزیک دەبونەوەو هەوڵیان دەدا بیان کەنە دۆستی خۆیان.
پاش نسکۆی شۆڕش و روخانی وڕەی زۆربەی خەڵکەکە، حزبی بەعس فشاری زۆری دەهێنا سەر میللەتی کورد بەمەبەستی بە بەعسی کردنیان، وەجۆرەها شێوازی بە کار دەهێنا، ئەو کاتە بەعسیەکان بە بەردەوامی و بۆ هەر بۆنەیەک خۆپیشاندانیان سازدەکردو بە زۆرەملی خەڵکەکەیان بەشداری پێدەکرد، من زۆر توشی کێشەو گرفت بوم لەو ماوەیەدا، بەڵام هەندێ لە برادەرانی ئیشەکەم زۆر یارمەتیان دەدام و فریام دەکەوتن لە کێشەکان رزگاریان دەکردم.
دوای تێکچونی شۆڕشی ئەیلول حزبی بەعسی دەسەڵاتدار بە تەواوی کۆنترۆڵی هەموو کوردستانی کردبو، گوند نەمابو، چیا نەمابو ئالای عێراق و دروشمەکانی حزبی بەعسی لێ نەبێت، ناو شارەکان دەسەلاتی تەنانەت بەڕێوەبەرایەتیەکی بچوکیش لە دەست عەرەبی بەعسی بو، هەوڵێر هەر هەموی لە دەست عەرەبە بەعسیەکانی حەویجەو مەخمور گوێڕو شەرگات بو، تەنانەت بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئێمەش، بەڕێوەبەرەکەی عەربێکی بەعسی بو، بەرپرسی حزبی بەعسیش عەرەب بو کوڕی پلکی مودیر ئەمنی هەوڵێر بو، لە قوتابخانە پەیمانگاو زانکۆکاندا سیاسەتیکی بە بەعسی کردنی زۆر ترسناک بەڕێوەدەچوو، ڕ بە خۆشی یان بەزەبرو زەنگ و هەڕەشە بێت، وە سیخوری لە هەموو شوێنیکی ئەو کوردستانە دروست کردبو، خەڵکی کوردستان.لە دەست ئەو وەزعەیە زۆر بێزارو داخ لە دل و تورە بوو.
ئەو ڕەوشە خراپەی خەڵکی کوردستان وای لە ڕۆلە تێکۆشەرەکانی کرد کە جارێکیتر بیر لە ڕێگا چارەیەک بکەنەوەو خۆیان ڕێکبخەنەوەو پەنا بەرنەوە بەر شاخەکانی کوردستان و دەست بەخەبات بکەنەوە. ئەوەندەی نەبرد تەنانەت دوای کەمتر لە ساڵێک دوای هەرەس،

کۆمەڵی تێکۆشەر چ ئەوانەی لە ناو شارەکانی کوردستان بون، یان ئەوانەی دوورخرابونەوە بۆ ناوەڕاست خواروی عێراق جارێکی تر توانیان بە هاوئاهەنگی لە گەڵ تێکۆشەرانی دەرەوەی کوردستان خۆیان بگەێنە چیا سەر بەرزەکانی کوردستان و شۆڕشی نوێ گەلی کوردستان ڕابگەێنن.

ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١

دوای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١٩٧٥و ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە ١٩٧٦، گیانی کوردایەتی و فیداکاری و خۆراگری ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی دەسەند، شۆڕشی نوێی گەلەکەمان توانی بەخوێنی هەزارەها شەهید چالاکیەکانی خۆی بگەێنتە زۆربەی شارو دێهاتەکانی کوردستان ، بەتایبەتی دوای پەلاماردانی ئێران لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٨٠ و دروستبونی شەڕی ٨ساڵەی نێوان هەردوو وڵات. تاکو بڵێسەی شۆڕشی نوێ گەلەکەمان گەشتر دەبۆوە، ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار دڕندانەتر پەلاماری خەڵکی کوردستانی دەدا، دەرەنجامەکەی خاپورکردنی پتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردستان و کارەساتی هەڵەبجەو شاڵاوی بەدناوی ئەنفال کە سەدان هەزار قوربانی لێ کەوتەوە، بەڵام سەرەڕای بەکارهێنانی ئەو هەموو زەبروزەنگە و چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی، حکومەتەکەی بەغدا بەسەرکردایەتی دکتاتۆر صدام حسین نەیتوانی چۆک بە تێکۆشەرانی گەلەکەماندا بدات، ئەوەبو لە دوای گرتنی کوێت لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ و دروستبونی شەڕی نێوان هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا کە توانیان هێزەکانی سوپای عێراق تێک بشکێنن و لە کوێت دەریان پەڕێنن، وە ڕێکەوتنێکیش مۆر بکەن، تێیدا عێراق

ملکەچ بکەن کە ٥٠ ملیار دۆلار قەرەبوی زیانەکانی کوێت بداتەوە هەروەها دیلەکانیش ئازاد بکات، وە چەکە کۆمەڵ کوژەکانیشی لەناو ببات، لە گەڵ چەندین مەرجی تر.

دەرەنجامی شەڕەکە، ڕاپەڕینی شیعەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق و خەڵکی کوردستانی لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٩١ لێ کەوتەوە. ڕاپەڕینی شیعەکان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە، کە دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی سەرکوت کرا.

لە کوردستانیش، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە گەڵ بەرەی کوردستانی توانیان شارەکانی ڕانیە، قەڵادزێ، کۆیە، شەقڵاوەو ڕەواندوز ڕزگار بکەن وە ڕۆژی پاشی توانیان شاری سلێمانی، شاری هەڵەبجە و قوربانی بە چەند سعاتێک ڕزگار بکەن، هەرووەها شاری هەولێر، شاری قەڵاو منارە بە سێ کاتژمێرو نیو ئازادکرا، واتە لە ١١ ئاداری ١٩٩١ کەوتە ژێر کۆنترۆڵی میللەت، پاشان هەموو شارۆچکەکانی تر ئازاد کرا.

هێزی جەماوەر بە پاڵپشتی پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی پەلاماری شاری کەرکوکیان دا، وە لە ٢١ ئاداری ١٩٩١ پاش شەڕێکی قورس و شەهیدێکی زۆر توانرا وە بۆ یەکەم جار شاری کەرکوک ڕزگار بکرێت، وە هێرشەکە بەردەوام بوو تاکو هەمو شارو شارۆچکەکانی سەر بە کەرکوک ڕزگار کران، وەکو دوزخورماتو، کفری و کەلار، هەروەها جەلەولاو باوەنور و خانەقین.

دوای چەند ڕۆژێک بەسەر ئازادکردنی شاری کەرکوک، ڕۆژانە بەسەر پشتی چەندین سەیارەی لۆری بارهەڵگری گەورەوە دەمانبینی بە ڕێگای مەسیف و گەڕەکی شۆڕش بارزانیە ئاوارەکانی ئێران دەهاتن بۆ هەولێر، وە پەنجەی سەرکەوتنیان بەرز دەکردەوە، وەبەتایبەت دەچوون بۆ شارۆچکەی قوشتەپە بۆ لای ئەو کەس و کارانەیان کە ڕژێمی صدام پیاوەکانیان ئەنفال کردبون.

پاش ڕزگارز کردنی ئەو شارو شارۆچکانە، بەرەی کوردستانی

شەڕی ڕاگرت، ئەو شەڕ ڕاگرتنە بوە هۆی ژیانەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق. وە توانی پاش ڕێککەوتنی لە گەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانان هێزەکانی خۆی ڕێکبخاتەوەو پەلاماری شارەکانی باشووری عێراق بداتەوەو لە ژێر کۆنترۆڵی جەماوەرو حزبە ئیسلامیەکان وەربگرێتەوە، دوای ئەو بە هێزێکی یەکجار زۆرەوە بە پاڵپشتی موجاهیدی خەلقی ئێران پەلاماری کوردستانی دایەوە، وە بە بەکارهێنانی تۆندوتیژی و خوێن ڕێشتنێکی زۆر توانی کوردستانی ئازاد لە دەست جەماوەری کوردستان وەربگرێتەوە.

کۆڕەوی جەماوەری کوردستان

جەماوەری کوردستان لە ترسی ئیبادەو ئەنفال کردن لە لایەن حزبی بەعسەوە بەناچاری شار و گوندەکانی کوردستانیان چۆڵ کردو وازیان لە هەموو ماڵ و سامانیان هێناو ڕوویان کردە سنووری وڵاتە دراوسێکانی کوردستان بە مەبەستی ڕزگارکردنی گیانی خۆیان، وە زیاتر لە دوو ملیۆن کوردستانی ئاوارەی ئێران و تورکیا بون.
میللەتی کورد لە کوردستانی ژێر دەستی ئێران و تورکیا زۆر دڵسۆزانە بە هانای ئیمەی ئاوارەوە هاتن، بە تایبەت کوردەکانی کوردستانی ئێران کە خەڵکێکی ئێجگار زۆر ڕوی تێکردبون، وەدەستی ڕێکخراوە خێرخوازیەکانی جیهانی بە زەحمەت دەگەیشتە ئەو ناوچانەی کە ئاوارەکانی لێبون.
من لەگەڵ خێزان و منداڵەکانم لە ٣٠-٣-١٩٩١ هەندێ نان و ئاوو خواردەمەنیمان پێچایەوەو دەوروبەری کاتژمێر ٩ ی بەیانی خواحافیزیم لە (دارا)ی کوڕم کرد، کە لەگەڵ چەندین لاوی گەڕەکی شۆڕش بڕیاریاندابوو لە ناو شار بمینێنەوەو بەرگری بکەن، لە ماڵ دەرچوین وە بە پیادە بەرێ کەوتین بەرەو هاوینەهەواری پیرمام (سەلاحەدین)، لە گەڕەکی شۆڕش بە ڕێگای سەرەکی کە بەڕێگای شەقڵاوە ناسراوە بەڕێ کەوتین، بەسەدان هەزار کەس ملیان دابوە ئەو ڕێگایەو شاریان لە ترسی هێزەکانی بەعس

جێدەهێشت، خەڵکانێک بە ئوتۆمبێل دەڕۆیشتن، هەندێ کەس منداڵی ساوایان خستبوە سەر عارەبانەی دەستی، تەنانەت چەند نەخۆشێک بە سەر عارەبانەی نەخۆشخانەو بون و کەس و کاریان پاڵیان بە عارەبانەکان وەدەنا، دیمەنەکان زۆر سەیر بوون، ئەو خەڵکە بە تەواوی شڵەژابوون و سەریان لێ شێوابو. بە تایبەت کە بەعسیەکان و سیخورەکانیان لە ناو شار بۆ تۆقاندنی خەڵک بەبەردەوامی دەنگۆی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە هێزەکانی حکومەت هاتن و هانی خەڵکیان دەدا بۆ هەڵاتن، هەر چەندە تاکو ئەو کاتە هێشتا لە دەوروبەری هەولێر هێزی پێشمەرگەو جەماوەر بەرگریان دەکرد.

پاش ئەوەی شاری هەولێرمان جێهێشت، بە درێژای ڕێگا فڕۆکەکانی بەعس بەسەرمانەوە بون، وەهەندێ جار گوێمان لە دەستڕێژی گوللەی فڕۆکەکان دەبوو، وەکو بیستمەوە لە ئەنجامی دەستڕێژی گوللەیی فڕۆکەکان لە خەڵکەکە چەندین کەس ببونە قوربانی، هەروەها تانکەکانیش لە دوورەوە دەنگیان دەهات و دەمان بینین، بەڵام وادیار بوو ئەوان تەنها مەبەستیان بوو چواردەورەی شاری هەولێر بگرن، بۆیە کە لە شار دوورکەوتینەوە تەنها دەنگی فڕۆکەکانمان دەبیست.

ئێمە لەگەڵ سەدان هەزار کەسی تر بەردەوام بوین لە ڕۆیشتن تاکو گەیشتینە شارۆچکەی شەقڵاوە و لە مالی ناسیاوێک دوو ڕۆژ حەسایینەوە، وەخەمی چارەنووسی (دارا) کوڕم بوو، بەڵام خۆشبەختان دوای دوو ڕۆژ ئەویش گەیشتە لامان. لە ترسی پێشڕەوی هێزەکانی عێراق بە لۆرێکی بار هەڵگر لە گەڵ چەند خێزانێکی تردا بەڕێکەوتین و چوینە قەزای سۆران، شەومان لە کۆلیتی مالێک بەسەربرد بە بێ ئەوەی بتوانی بخەوین، چونکە کۆلیتەکە زۆر گچکە و پیس بوو یەک مەتر بە دوو مەتر بوو، ئێمەش هەشت کەسی گەورە بوین، دوو کوڕو چوار کچ.

بۆ ڕۆژی دوایی گواستمانەوەو چوینە قەزای ڕەواندوز، لە گەڵ ٤-٥ خێزانی تر لە هۆڵێکی گەورەی قوتابخانەیک بوین، شەو لەبەر قەرەباڵغی و دەنگە دەنگ نەما ن دەتوانی بخەوین، بە تایبەت من کوڕێکم بە زگماکی مێشکی

گەشەی نەکردبوو بەردەوام هاتوهاوری دەکرد بەڵام دەستی نەدەوەشاند، وە ئەو خەڵکەی دەهاتنە ژوورەکەی ئێمە کە ئەویان دەبینی نەدەمانەوەو دەڕۆیشتن، هەر چەندە پێمان دەگوتن کە کورەکە جێگای مەترسی نیەو دەست ناوەشێنێ، بەڵام خەڵکەکە دەترسان و دەڕۆیشتن.

کێشەی هەرە گەورەی ئەو خەڵکە لەو ڕۆژگارەدا، نەبونی جێگای حەوانەوەو خواردەمەنی و سەرما بو، کە ئەو خەڵکە هیچ شتێکی شک نەدەبرد بۆ ئاگرکردنەوە تەنها کورسیەکانی خوێندنی قوتابخانەکە نەبێت، پارە هەبو بەڵام هیچ خواردەمەنیەک لە بازاردا نەبوو، تەنانەت کێک و پسکویتیش نەمابو، ئێمە ترسی برسیەتیمان هەبوو بە تایبەت ئەگەر وەزعەکە وا بڕوات، خەڵک بە لێشاو بێتن و خواردەمەنیش نەگات، وە ڕێگای سنوری ئێرانیش بەفر داپۆشتبوو وە بەهۆی چونی سەدان هەزار سەیارەی خەڵکی کۆڕەوکە بەرەو ئێران ڕێگاکە بەتەواوی گیرابو.

لە ڕەواندوز لەگەڵ مالی قادر شۆڕش ی ڕەحمەتی خەزورم بەیەک گەیشتینەوەو خۆشحاڵ بوین کە لەو وەزعە ناخۆشەدا یەکترمان دیتەوە. شەو، پشتیوان قادر شۆڕش، فەردەیەک ئاردی بۆ پەیدا کردین بە ٦٠ دینار کە ئەو ڕۆژگارە بە ٥٠٠ دیناریش دەست نەدەکەوت، ئێمەش بەشی یەک دوو مانگمان لێدا کە هیچ ئازوقەیەکیان نەمابو، ژنەکان دەستیان کرد بە نان دروستکردن و هەموومان تێر نانی گەرمان خوارد.

کەش و هەوا سارد بوو، ڕێگا هەمووی بەفر بوو، وە بە سەدان هەزار کەس ڕێگای سنوری ئێرانیان بە سەیارەو پیادە گرتبوە بەر، کە بیرمان لێکردەوە ئەو هەموو خەڵکە بەرەو ئێران دەچێت، دەبێ لە وێ وەزعی خەڵکەکە چۆن بێت! ئەی بڕینی ئەو هەموو ڕێگایە بەو سەرمایە! بۆیە بڕیارماندا بچینە سنوری تورکیا، چونکە لە قەزای سۆرانەوە خەڵکێکی زۆر کەم بەرەو تورکیا دەچون، هەر وەها پێویستی بە پسولەیەکی پارتی هەبوو، کە ئەویش بە زۆری دەیاندا بە تورکمانەکان، داوام لە دارای کورم کرد کە لەگەڵ شاخەوان ی خاڵی بچن بۆ هەردوو لامان پسولەی پەرینەوەی تورکیامان بۆ پەیدابکەن، ئەوانیش چون کە گەڕانەوە، دارا، بەو شێوەیە

باسی لە وەرگرتنی پسولەکەی بۆ کردم: (لە گۆڕەپانی قەزای سۆران کابرایەک کە جامانەیەکی سووری لەسەر بوو، دیاربو کە بارزانی بوو، پسولەو مۆری پارتی لابو بە سەیارەیەکی جۆری بەڕازیلی کۆن وەستابو لەگەل نەفەرێکی تر کە شوفێر بو ، دوو سێ کەس دەچون بۆ لای و داوای پسولەیان لێدەکرد، ئەویش دەیپرسی، تە تروکمانی! خەڵکەکەش بە ناچاری دەیانگوت بەڵێ، کابراش لەسەر بۆنیتی سەیارەکە مۆری بۆ لێدەدان، لە کاتی مۆرلێدانەکە بە کوردی جونێکی بە کابرای بە ناو تورکمان دەدا، کابراش کورد بو تێدەگەی بەڵام دڵنیام ئەویش لە دڵی خۆی بە دەبارە جونەکەی پێ دەداوە، بەهەر حاڵ ئێمەش هیچ چارەمان نەبوو بە هەمان شێوەی خەڵکەکە وەرمانگرت. کابرای بارزانی پسولەی دەدا بە دوو سێ کەس و سواری سەیرەکەی دەبوو دەچو دووسەد مەترێک لە خەڵکەکە دوور دەکەوتەوە، بە هەمان شێوە خەڵکەکە بەدوای دادەچون، تاکو ئێمە لەوێ بوین بەو شێوەیە پسولەیان دەدا خەڵکی)، لەوە دەچو کە پارتی دەیویست خەڵکەکە بچن بۆ ئێران و نەچنە تورکیا.

لە قەزای سۆرانەوە بە سواری ئۆتومبیلی کۆستەر نەفەری بە ٥٠ دینار لە گەڵ منداڵەکانی قادر شۆڕش چوین بۆ چامە، لە ڕووباری چامە پەڕینەوە لەوێ ئۆتومبیلەکە گەڕایەوە، ئاردێکی زۆرمان مابوو، هەندێکمان بۆ خۆمان گێڕایەوە ئەوەی تریشمان بە شوفێرەکە فرۆشتەوە. کە لە ئۆتومبیلەکە دابەزین چەندین قاچاخچیمان لێ کۆبۆوە، بۆ ئەوەی بە پارە بمان بەن بۆ ناو تورکیا، وە نەفەری داوای ٥٠٠ دیناریان دەکرد، ئەوەش پارەکی زۆر بوو، بۆیە ئێمەش بڕیارماندا لە گەڵیان نەچین، پێمان وتن ئێمە خۆمان بە پێیان دەچین، بەڵام قاچاخچیەکان هەوڵیان دەدا ئێمە بترسێنن کە گوایە ناوچەکە مین ڕێژکراوەو ئێمەش شارەزانین، بەڵام ئێمە گوێمان لێ نەگرتن و بە ڕێگای قاچاخچیەکان بەرەو سنور بەڕێ کەوتین، پاش کەمتر لە سعاتێک ڕۆێشتن بە پیادە گەیشتینە سنوری تورکیا، نیشانەی سنوری عێراق و تورکیا مان بە جێهێشت، کە لەسەر کێلە بەردێک بەهەر سێ زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی نوسرابو. پاش ٥ کاتژمێر لە ڕۆێشتن

یەکەم گوندی کوردستانی تورکیا بە ناوی (مومسک).
یەکەم بنکەی سەربازی تورکیا لەسەر سنور بوو فەسیلێک سەربازی لێ بو، سەربازەکان لێنەدەگەڕان ئاوارەکان بچنە ناو گوندەکە، وەمانگی سوری تورکی لێ بو کە کەمێک خواردنیان بەسەر ئاوارەکان دابەش دەکرد، هەروەها چەند چادرێکیشیان دا بەخەڵکەکە، بەڵام ژمارەی زۆر کەم بو بەشی هەموو خەڵکەکەی نەدەکرد، بەڵام ئێمە چادرێکمان دەستکەوت، شەو ماینەوە، بەیانی ڕێگا کرایەوەو بە ڕێکەوتین بەرەو تورکیا بە قوڵای ٤٠ کیلومەتر، وە گەیشتینە سەر ئاوی (ڕووبارۆک)، کە پردێکی لەسەر بوو وە هێزێکی سەربازی، بازگەیەکیان لەسەر پردەکە دانابو وە نەیان دەهێشت ئاوارەکان بپەڕنەوە ئەوبەر.
لەبەری لای ئێمە، نزیکەی ٣٠٠ چادرێک هەڵدرابو بۆ ئاوارەکان، بەڵام دیسان چادرەکان بەشی نیوەی خەڵکەکەی دەکرد، کەشێکی باراناوی بو، نیوەی خەڵکەکە لەبەر باران دانیشتبون لە دەوری ئاگرێکداو چاوەڕێ ڕەحمەتی خوایان دەکرد، ئێمەو مالی شاخەوان یش لەبەر باران بوین. بۆ ڕۆژی دووەم لە ڕووبارۆک، فڕۆکەی هاوکاری ئینگلیزی پێویستیە گرنگەکانیان بۆ خەڵک فڕێدەدا خوارەوە (بەتانیە و خواردەمەنی قتوکراو)، ئاوارەکان کە گویان لە دەنگی فڕۆکەکان دەبو ڕایان دەکرد بۆ ئەوەی یارمەتیان دەست بکەوێت. هەروەها کوردپەروەرانی ئەو دەڤەرە هەوڵیان دەدا بەنهێنی یارمەتی بگەێنن بە ئاوارەکان، وە لە دێهاتەکانی دەوروبەر نانی دەکردو بە مندااڵەکانیان بۆ خەڵکەکە دەیان نارد، هەروەها لە دەڤەری شەمزینان و شارۆچکەکانی دەوروبەر هاوکاریان کۆدەکردەوەو بە ئۆتومبیل دەیان نارد. یارمەتیەکی زۆر دەهات، بەڵام ئەفسەر تورکەکان و خاچی سووری تورکی وەک پێویست یارمەتیەکانیان نەدەگایندە خەڵکەکە، بۆ نموونە ئێمە لە یەکەم ڕۆژی جەژندا بە ١٣ کەس ٧ سەمومان وەرگرت. تا ئەو کاتەی ئەفسەرە ئینگلیزەکان و خاچی سووری نیو دەولەتی سەرپەرشتی ئاوارەکانیان گرتە دەست، ئەو کاتە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەوشی خەڵکەکە لە ڕووی ئازوقەوە باشتر دەبو.

ڕۆژێکیان سەرۆمێریەکی ئاوارەکانیان کرد، هەر وەها پرسیاریان دەکرد ئایا داوای پەناهەندەیی دەکەی! وە لە کام وڵات! ئایا پاسپۆرتت هەیە! ئێمەش وەکو هەموو خەڵکانی تر ناوی خۆمان نووسی. ئەوانەی ناوی خۆیان دەنووسی دەیانگواستنەوە بۆ کەمپێکی نەتەوەیەکگرتوەکان لە شاری شەمزینان.

لەسەروبەندی ناو نووسینەکەدا بوو، حکومەتی بەغدا بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرکرد، وە دەنگوباس بڵاوبۆوە گوایە وەزعی هەولێرو شارەکانی تر باش و ئارامە. منیش دوای ئەوەی لە گەڵ خێزان و کوڕو کچەکانم قسەم کرد بریارمدا سەردانێکی هەولێر بکەم بۆ ئەوەی ئەگەر وەزعەکە باش بێت ئەوە بگەڕێتەوە هەولێر. هاتمە سەر سنور لای بازگەی جەندرمەکانی تورک، گوتیان بۆ کوێ دەچیت! گوتم منداڵیکمان لە رەواندوز جێماوە، دەچم دەیهێنمە لای خۆمان، گوتیان باشە بڕۆ. هاتمە دەو ڕووباری چامە، لەوێ بە سواری کۆستەرەیک، نەفەری بە ٣٠ دینار هاتمە قەزای سۆران، لەوێ چاوم بە ناسیاوێک کەوت کە تازە لە هەولێر هاتبو، گوتی: ئێستا وەزعی هەولێر ئارامەو باشە، هێزەکانی حکومەت خواخوایانە خەڵکەکە بگەڕێتەوە شارەکان، چونکە وەزعی حکومەت لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق زۆر خراپە. ئەوە بو هاتم بۆ شەقڵاوە چونکە ئۆتومبێل تاکو شەقڵاوە دەهات، وە هێزی سەربازی عێراق لە دەربەندی گوندی کۆڕێ توشی شکستێکی سەربازی گەورە ببو لە گەڵ هێزی پێشمەرگە، بۆیە لە کۆڕێ زیاتر نەیتوانی پێشڕەوی بکات وە دەربەندی کۆڕێ ببوە سنوری نێوان پێشمەرگەو هێزەکانی حکومەتی بەغدا. شەو لە مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە مامەوە، بەیانی بە ئوتۆمبێل تاکو دەربەندی کۆڕێ هاتم، لە وێ وە بە پیادە بەرەو ناو گوند هاتم، گەیشتمە سەربازگەی عەسکەری عێراقی، دوای ئەوەی ناسنامەیان لێوەرگرتم و هیچ پرسیاریان لێ نەکردم، سواری ئوتۆمبێل بوم بەرەو هەولێر کەوتینە ڕێگا، شەوێک لە ماڵی حەسەن ی برام لە هەولێر مامەوە، کە ئاگاداری هەموو وەزعەکە بوم، هاتمەوە قەزای سۆران و بەرەو سنوری عێراق تورکیا، ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتین،

شەو لە ناو ئۆتومبێلەکە ماینەوەو خەوتین. بەیانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات بەرەو ناو خاکی تورکیا هاتم، بۆ دەوروبەری نیوەڕۆکە گەیشتمە لای منداڵەکانم. خێزانەکەم گوتی: ڕێکخراوی خاچی سور وێستیان بمان بەرن بۆ ئۆردوگای شەمزینان، بەڵام پێمان گوتن کە ئێمە چاوەڕێی تۆین.
باسی وەزعی هەولێرم بۆ کردن کە بەرەو باشە دەچێت، وە گوتم: پێم باشە بگەڕێنەوە، ئەوەبو ڕۆژی دوایی لەگەڵ منداڵەکانی قادر شۆڕش بەرەو سنور بەرێی کەوتین و هاتینە قەزای سۆران، شەومان لەوێ بەسربرد. بەیانی بەرەو دەربەندی کۆڕێ بەڕی کەوتین و گەیشتینە بازگەی سەربازی عێراق، ئێمە ڕاگرت و چەند پرسیارێکیان لێ کردین، ئێمەش بە پێی پێویست وەڵاممان دانەوە، پاشان ناوی هەموانیان نووسی و منیشیان بەسەرۆک خێزان نووسی، بازگەکە کەمێک هەڕەشەیان لە شاخەوان شۆڕش کردو ناسنامەکەیان لێ وەرگرت، کە گوایە دەبوایە ئێستا ئەو سەرباز بوایە، منیش بە کوردی بە شاخەوانم گوت، ناتوانن هیچ شتێکت لە گەڵدا بکەن چونکە بڕیاری لێبوردنی گشتی حکومەتی عێراق هەیە، دوای کەمێک ناسنامەکەیان بۆ شاخەوان هێنایەوەو گوتیان، ئەوە لێرە ڕزگارت بوو بەڵام لە بازگەی داهاتو چی دەکەی! فەرموو بڕۆن.
بەڕێکەوتین بەرەو هەولێر، وە تاکو گەیشتینە ناو هەولێر هیچ بازگەیەکی تر ڕاینەگرتین. هەر کەسەو چوینەوە ماڵی خۆمان.
ئەو کاتە وتوویژ لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەت بەغدا دەستی پێکردبو، هەروەها هەموو میدیاکانی ڕۆژئاوا باسی وەزعی کوردی دەکرد، ئەو کۆڕەوە ملیۆنیەی میللەتەکەمان سەرنج و سۆزی دونیای بەلای خۆیدا ڕاکێشابو، حکومەتەکەی صدام حسین وەزعی لە هەموو ڕوێکەوە زۆر خراپ بو ، پێشمەرگەو حزبەکانی بەرەی کوردستانی هاتنەوە ناو شارەکان، بە تایبەت دوای دەرچونی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش و دیاری کردنی زۆنی ئازاد لە سنوری هێلی ٣٦ وکشانەوەی سوپای عێراق لەو زۆنەدا. دوای ئەو بڕیارە میللەتەکەمان کەمێک حەسایەوە و لە مەترسی دوورکەوتەوە، هەر چەندە سیخورو پیاوەکانی ڕژێم بەتایبەت هەندێ لە

کۆنە ئامیر مەفرزەی ئەمن و ئیستخباراتی کورد بەردەوام بون لە پیلان گێڕی و کوشتنی دڵسۆزان و مامۆستایانی زانکۆو زانایانی میللەتەکەمان و ڕۆژنامەنوسانی بێگانە، بۆ نمونە وەک (دکتۆر موحەمەد باجەلان، دکتۆر نافیع ئاکرەیی، دکتۆرە نازدار بامەرنی، مامۆستا عەبدولرەحمان ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، مامۆستا عەبدولرەحمان گوتاربێژی مزگەوتی عومەری کۆڕی خەتاب، ئەو دوو مامۆستا بەڕێزە هەڵوێستی کوردانەیان هەبوو لە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شەڕی ڕزگارکردنی کەرکوک، وە لە بڵندگۆی مزگەوتەکەیەوە داوای لە خەڵک دەکرد کە یارمەتی کۆبکەنەوە بۆ پێشمەرگەکانی شەڕی کەرکوک).

هەروەها دائیرەی ئەمن و ئیستخبارات درێغیان نەکرد لە تی ئێنتی تەقاندنەوە، ڕۆژ نەبو لە شاری هەولێر یان سلێمانی ماشینێکی مەلغومکراو بە تی ئێنتی نەتەقێتەوەو چەندەها کەس نەکوژرێن، وە چەندەها بینایە بەسەر یەکدا نەڕوخێ و زەرەرێکی زۆری بە دانیشتوانی شاری هەولێر ئەکەوت، وە هەر نووسەرێک ئەگەر لە بەرژەوەندی کورد قسەی بکردبایە وە یا شتێکی لەبەرژەوەندی کورد بنوسیبوایە لە لایەن ئەمن و موخابەراتی عێراقی ئیفتیال دەکرا، وەکو، ڕۆژنامەنوسی بەریتانی «گارد گوروسی» کە بەشداری کرد لە شەڕی ڕزگارکردنی شاری کەرکوک وە زانیاری باشی بڵاوئەکردەوە، وە بڵاوکراوەکانی لە بەرژەوەندی کورد بو، ئەویش وەکو پێشمەرگەیک لە بەرەی شەڕی ڕزگارکردنی شاری کەرکوک شەهید بو، وە پەیکەرێکیان بۆ خۆی و حیمایەکەی دارشت لە ناوەندی جادەی شەست مەتری بەرامبەر بە چێشتخانەو هوتێلی قەسری شیمال، بەڵام بەداخەوە کە برادەرانی پارتی لەگەڵ سوپای عێراق لە ٣١ی ئاب هەولیریان داگیرکرد، پەیکەری حیمایەکی گارد گوروسی یان شکاند چونکە پێشمەرگەیکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بو. هەروەها ڕۆژنامەنوسی ئەڵمانی خاتو سیزان، کە دۆستێکی میللەتی کورد بو تیرۆر کرا.

پەراوێزەکان:

(١) هەرشەم گوندێکە لە بناری چیای پیرمام سەر بە ناحیەی سەربەنە (مەسیف سەلاحەدین)

(٢) یەک کیلۆ شەکری سپی بە ١,٢٥٠ دینار و کیلۆی شەکری زەرد ٧٥٠ فلس بوو.

(٣) حکومەت یەک عەلبەی گەنمی بە ٦ دینار لە فەلاح دەکریەوە، بەلام لە بازار عەلبەی گەنم بە ٣٠ دینار بوو.

(٤) لە ساڵی ١٩٨٦ حکومەتی عێراق دەستی کرد بەدەرکردنی کوردەکانی ناو ناحیەی گوێر و گوندە کورد نشینەکانی دەوروبەری ، هەرچی ماڵ و مولکیان هەبو لێیانی داگیرکرد و ناوچەکەشی تەعریب کرد، ئیستا تاکە تاکە کورد لە گوێر ماون.

(٥) میللەر ئەفسەرێکی مخابەراتی ئەڵمانی بوو لە گەڵ رەمزی نافع ئاغاو دوو ئەفسەری تر، بە پەڕەشوت لە فڕۆکەیەکی ئەڵمانی بە هەڵە لە سەرەوەی شاری موسڵ خۆیان فڕێ دایە خوارەوە لە جیاتی ناوچەی بیتوێن، بۆ ئەوەی بە هاوکاری سوار ئاغای بلباس بگەنە لای شێخ محمود بە مەبەستی هاندانی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی کوردی و دامەزراندنی حکومەتی کوردی بە پشتگیری دەوڵەتی ئەڵمانیا. لە شوێنی هاتنە خوارەوەیان بە پێ خۆیان دەگەیینە گوندی تەرجان کە هی نافع ئاغای باوکی رەمزی بوو، لە وێش نافع ئاغا دەیانگوازتەوە بۆ هەولێر چەند شەوێک لە قەسری نافع ئاغا دەمێنێنەوە، پاشان نافع ئاغا دەیان باتە گوندی بیوکە و ماوەیەک لەوێ دەمێنێنەوە.

(٦) دۆنکی : خوترمە.

(٧) قشلە: وشیەکی تورکیە بەمانای مەرکەزی پۆلیس دێت.

(٨) بەگوێرەی گرانی ئەو کاتە یەک سەمون بە ١٠ فلس هەرزان بوو.

(٩) نابلس شارێکی فەڵەستینی یە.

(١٠) سپێر لیدان: سەنگەر لیدان.

(١١) گۆرەپانی لای نافورە کە بە ناوی (ئاوی کەسک و سۆر) ناسرابو، شوێنی ئیستای هوتێل زەیتونە بەرامبەر هۆڵی میدیا و هوتێل شیراتۆن.

(١٢) ئاوی مەخمور تاڵ بوو نەدەخورایەو، ئاویان لە زێیەوە بە تانکەر بۆ دەهات، ماڵەکانیش بە پارە دەیان کڕیەوە.

(١٣) ئەندامە دیارەکانی(ی.ق.ک) ئەو سەردەمە کە ئامادەبوون بەشداری لە خۆپیشاندانەکە بکەن، ئەوانە بوون: ١- شمس لدين مفتي ٢- حيدر همزه ٣-

رمزی سعید ٤- مأمون دباغ ٥- احمد شیخ تاهیر نقشبندی ٦- کاکە رەش نقشبندي ٧- عمر مولود میران بەگی ٨- عدنان نقشبندي ٩- عبدالرحمن گۆمەشینی ١٠- احمد شریف علي ١١- حسام دباغ، هەروەها بەدەیان ئەندامی تر بوون بەڵام داخەکەم ناوەکانیانم لە یاد نەماوە بۆ ئەوەی وەک ئەرکێک ناویان بخەمە ناو ئەو چەند لاپەرە میژووەی خەباتی سیاسی تێکۆشەرانی شاری هەولێر.

(١٤) تێکستی پاکانەکەش بەم شێوە بوو: (وابڵاوە گوایە من لە عناصری مبادیء الهدام)م واتە لە ریزی حزبی شوعیی کاردەکەم. وەمنیش بەدرۆی دەخەمەوە و بڵاوی دەکەمەوە کەوا لە هیچ حزبێکی ئاشکراو نهێنی نیم و من دڵسۆزم بۆ نیستمان و پادشای خاوەن شکۆ فەیسەڵی دووەم). .....ناوی تەواوی کەسەکە....

(١٥) هێزە دیارەکانی ئەو ڕۆژە، حزبی شوعیی عێراقی، حزبی وەتەنی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی کامل جادرچی، حزبی ئیستقلال و پارتی دیموکراتی کوردستان.

(١٧) ئەم پەیمانە بە حلفی (سنتو) ناسرابوو کە لە نێوان تورکیا و عێراق و پاکستان و بەریتانیا بەسترابوو بەمەبەستی ڕێگرتن لە تەشەنە کردنی کۆمۆنیزم و بیری کوردایەتی.

(١٨) لوتفی بەکر سدقی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو، کەسێکی سەربەخۆی چەپ بوو، کوردو خەڵکی کەرکوک و کوڕی گەورە ئەفسەرو سیاسەتمەدار بەکر سدقی یە (دارا).

(١٩) ڕۆشنبیرو شاعیر «کاظم السماوي» بەر لە کۆچی دوایی لە شاری ستۆکهۆڵم دەژیا، پەیوەندیەکی باشمان هەبوو، ڕۆژێکیان وەسیەتنامەکەی خۆی داپێم و گوتی بینێرە بۆ مام جەلال، منیش وتم «ئەبو ریاض» ئەمە چیە! وتی: داوام لە مام جەلال کردوە کە مردم لە کوردستان بمنێژن. وەسیەتنامەکەم بە ڕێگای د. مۆفەق دەرگەڵەی بۆ مام جەلال نارد. لە ساڵی ٢٠١٠ کە مرد تەرمەکەی بەڕێزەوە گواستراێەوە بۆ کوردستان و لەوێش بە ڕێورەسمێکی شکۆدار لە شاری سلێمانی بە خاکسپێردرا (دارا).

(٢٠) دایکی ئەمین کاتی خۆی لەگەڵ باوکی ئەمین لێک جیابونەوە و باوکی لە شاری سەقزی کوردستانی ژێر دەستی ئێران دەژیا.

وێنەو دۆکیومێنتەکان



ئەحمەد بێکەس لەگەڵ خانەوادەکەی



ئەحمەد بێکەس لەگەڵ خانەوادەکەی



ئەحمەد بێکەس لەگەڵ هاوڕێیەکیدا



ئەحمەد بێکەس، دەربەندیخان



ئەحمەد بێکەس لەگەڵ هاوڕێیەکیدا



وێنەی پردی قەشان (ماوەت) لە ١٩٦٤/٤/٤ لە ڕۆژنی کۆنفرانسی ماوەت
لە ڕاستەوە / ئەحمەد بێکەس، شێخ کەریم هیرانی، توفیق عومەر ناسراو بە ئازاد



ئەحمەد بێکەس، دەریاچەی دەربەندیخان



وێنەی زیندانی ڕانیە ٢٣/١١/١٩٦٤ - ئەندامانی حزب هەولێر
ئەحمەد بێکەس (ریزی دانیشتوان سێیەم کەس لە دەستە ڕاستەوە)، وەستا سەمیع، موحەمەد مەنگوڕی، کەمال محي الدين، مەولود ڕۆژباش، عەلی سۆر، حەمە سوور - ئەندامانی حزب سولێمانی - ناویان نیە



خانەوادەی ئەحمەد بێکەس



ئەحمەد بێکەس و هاوڕێکانی



ئەحمەد بێکەس و هاوڕێکانی



ئەحمەد بێکەس و هاوڕێکانی



ڕەوانشاد ئەحمەد بێکەس



و ئەحمەد بێکەس



سەید مەجید گردعازەبانی و ئەحمەد بێکەس



ڕەوانشاد ئەحمەد بێکەس



پەوانشاد ئەحمەد بێکەس





دەستخەتی بیرەوەریەکانی نەحمەد بێکەس بە لەتەمی خۆی



دەستخەتی بیرەوەریپەکانی نەحمەد بینکەس بە قەڵەمی خۆی



دەستخەتی بیرەوەرییەکانی ئەحمەد بێکەس بە قەڵەمی خۆی



دەستخەتی بیرەوەریيەکانی نەحمەد بێکەس بە قەڵەمی خۆی



دەستخەتی بیرەوەرییەکانی نەحمەد بێکەس بە لەتەمی خۆی



دەستخەتی پیرەوەریپەکانی نەحمەد بێکەس بە لەتەمی خۆی



دەستخەتی بیرەوەرییەکانی نەحمەد بێکەس بە لەتەمی خۆی



دەستخەتی پیرەوەریپەکانی نەحمەد بێکەس بە لەتەمی خۆی



دەستخەتی پیرەوەرییەکانی نەحمەد بینکەس بە لەتەمی خۆی



دەستخەتی بیرەوەریيەکانی نەحمەد بێکەس بە لەتەمی خۆی



دەستخەتی پیرەوەرپیەکانی ئەحمەد بێکەس بە ئەلفبێی خۆی